براین ماگی

# فەیلەسوفە مەزنەکان

## ئاشنابوون بە فەلسەفەی خۆرئاوا

و/ بۆ فارسی: عیزەتوڵڵای فولادوەند

و/ بۆ کوردی: محەمەد کەریم

کتێبی یەکەم

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)
سلێمانی . گەڕەکی ئاشتی . ١٠٤
شەقامی ئاشتی .٣٢ . ١٠٣٢
ژ.خانوو . ٦٢

www.hoshyari.com
govarynovin@yahoo.com

# پێڕست

| ناوەڕۆک | لاپەڕە |
|---|---|
| وتەیەک........................................................................ | |
| قسەیەک لەلایەن وەرگێڕی فارسییەوە........................................ | |
| پێشەکی......................................................................... | |
| ئەفلاتون (گفتوگۆ لەگەڵ مایلز بیورنییت ـ دا)............................... | |
| ئەرستۆ(گفتوگۆ لەگەڵ مارتا نۆسباوم ـ دا).................................. | |
| فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست (گفتۆگۆ لەگەڵ ئەنتۆنی کێنی ـ دا)....... | |
| دیکارت (گفتوگۆ لەگەڵ بێرنارد ویلیامز ـ دا)................................ | |
| سپینۆزاو لایبنیتس (گفتۆگۆ لەگەڵ ئەنتۆنی کوینتۆن ـ دا)................. | |

## وتەیەك

وەرگێڕانـــی ئـــەم کتێبـــە بریتییـــە لـــە پرۆژەیـــەکی گـــەورەی وەرگێـــڕان کـــە هەردووکتێبـــی (فلاسفه بزرگ و مردان اندیشه) لەخۆی دەگرێ و ماوەیەکی زۆرە دەستمداوەتێ، بەڵام لەبەر ئەوەی وەرگێڕان لەبواری فیکرو فەلـسەفەدا کـارێکی قورسەو ماندووبوونی زیاتری دەوێ، نەمتوانیووە بەبەردەوامی کاری تێـدا بکـەم و ناوبەناو کـارم تێـدا کـردووە، ئەمـەش ماوەیـەکی زۆر دەخایـەنێ و خوێنـەرو ئەوکەسانەش کـە بەتایـەتی بایـەخ بەمێـژووی فەلـسەفە دەدەن لەچاوەڕوانیدا دەهێڵێتەوە، بۆیە پێمباشبوو، هـەرکاتێ بەشـی کتێبـێکم تـەواوکرد چـاپی بکـەم بۆئەوەی بەکۆکراوەیی لەبەردەستی خوێنـەردا بێـت و لەگۆڤارەکانـدا بەپـەرش و بڵاوی نەمێنێتەوە، دواتر ئەگەر پرۆژەکە تەواوبوو وەکو دووکتێبە فارسیەکە سەراپای وەگێرانەکە دەکەم بەدوو کتێب. سەبارەت بە بایەخی ئەم وەرگێڕانە ڕەنگە هێندە بەسبـێ کەبزانین کتێبخانەی کوردی لەبواری فیکرو فەلـسەفەدا چـەند هـەژارە؟ کەچی سیخناخە بەشیعرو شیعری وەرگێڕراو. بەوئومێدەی مەرگ مەودا بدات ئـەم پرۆژەیە تەواو بکەم.


وەرگێڕی کوردی





من ئەم کتێبەم بە نیازی ئەو کەسانە وەرگێڕاوە کـەوەکو سـوکرات باوەڕیـان وایە ژیان هەتا لەتەرازووی عەقڵدا تاوتوێ نەکرێ، بەهای ئەوەی نییە تیابژیت، ئەم وەرگێڕانە پێشکەش دەکـەم بەهاوسـەرەکەم (سەوسـەن) کەهەمیـشە لـەم سـاڵە سەختانەدا یارمەتیدەرم بووە و توانای بەرگەگرتنی ئازارو ناڕەحەتیـەکانی لەمنـدا زیاد کردووەو بەو عەشقەی کەخۆی بۆ فەلسەفە هەیـەتی ئـەو بـاوەڕەی لای مـن تۆکمە تر کردووە کەرۆژگاری ئێمە بۆ کەسێ کەبیەوێ لەفەلسەفەدا کار بکات پـڕ شەوق و زەوقتریـن سـەردەمە لەسـەراپای مێـژووی فەلـسەفەدا، و هـەتا ڕەخنـەو مامەڵەکردن و دیالۆگی بیرو باوەڕو بۆچوونەکان لـەئارادا نـەبێت، مـرۆڤ چـاوی بەڕوخساری رۆژانی خۆش ناکەوێت.

عیزەتوڵڵای فولادوەند




عیزەتوڵڵای فولادوەند

## قسەیەك لەلایەن وەرگێڕی فارسییەوە

فەلسەفەی خۆرئاوا بەو مانایەی کە لە دووهەزارو پێنج سەد ساڵ لەمەوبەرەوە ناسراوەو جیهانی خستۆتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە لەپێش سوکراتەوە دەست پێدەکات. سەرقافڵەی ئەم فەلسەفەیە فەیلەسوفانی پێش سوکرات بوون و ئاسایی پێشەنگی ئەم فەیلەسوفانە لە(تالیس)ەوە دەناسرێت واتە لە(سەدەی شەشەمی پێش زاینەوە).

زۆر بەداخەوە، ئەوەی ئەمڕۆ لەبەرهەمی ئەم مەزنانە لەبەردەستماندایە، وێڕای بەڵگەی بێچەندو چۆنی گەورەییان لەنەخشەی بیردا، زۆر کەمەو جاریوایە لەچەند دێڕێك تێپەڕ ناکات. یەکێك لەفەیلەسوفانی هاوچەرخ وتویەتی دەمەوێ بزانم لەنێو ئێمەدا کێ هەیە دووهەزارو پێنج سەد ساڵی تر تەنها چەند ڕستەیەك لەنووسینەکانی بمێنێتەوەو هەموو جیهان لەبەرامبەریدا سەری ڕێز دانەوێنن و کاریگەریی بیرو بۆچوونەکانی ئەویان لەسەربێت؟

بەهەرحاڵ، لەدوای ئەم کۆمەڵە فەیلەسوفە سەرەی سوکرات هات. بەڵام سوکرات، وەك هەموومان دەزانین هەتا لەژیاندا بوو هەرگیز هیچی نەنووسی. ئەندێشەکانی ( یان بەهەرحاڵ، ئەو بیروبۆچوونانەی کەدەوترێت هی ئەون) لەڕێگەی بەناوبانگترین قوتابی خۆی و یەکێك لەسەرسوڕهێنەرترین بلیمەتەکانی هەموو چاخ و سەردەمەکانەوە، واتە (ئەفلاتون)، بەئێمە گەیشتوون. ئەفلاتون یەکەم فەیلەسوفە کەنووسینەکانی بەتەواوی لەدوای بەجێماوە. ئەم بەرهەمانەی ئەفلاتون هەموویان بەشێوەی قسە یان دیالۆگن.





سەبارەت بەگرنگی و کاریگەریی ئەفلاتون لەسەر جیهان هەرچەندە بڵێین کەممان وتوە. (ئەلفرێد نورس وایتهاید) فەیلەسوف و بیرکارییزانی ئینگلیز باوەڕیوایە کەسەراپای فەلسەفەی دوای ئەفلاتونی خۆرئاوا جگە لەمشتێ پەراوێز نووسین بۆ ئەفلاتون شتێکی دیکە نەبووە. (جۆرج سانتایانا) ی فەیلەسوفی ئەمریکایی دەڵێت دەچمەوە سەر هەر سووچێکی مێشکم، دەبینم پێشان ئەفلاتون لەوێدا هەبووە. کۆمەڵێ لەنەیارانی باوەڕیان وابووە کاریگەریی بێوێنەی ئەفلاتون لەماوەی ئەو بیستو پێنج سەدەیەدا بەهۆی سیحری قسەکانییەوە بووە، نەك بەهۆی ناوەڕۆکی بیروبۆچوونەکانییەوە، بەهەرحاڵ، خاڵی گرنگ لەڕوانگەی ئێمەوە ئەوەیە کەئەفلاتون ڕەنگە نەك هەر گەورەترین فەیلەسوفی خۆرئاواو سەرقافڵەی هەموو فەیلەسوفان بێت، بەڵکو دەشێ هەندێ جار یەکێك بێت لەو هونەرمەندە مەزن و بەهادارانەی کەتا ئێستا دیومانن، کەئەوەی دیاریکردبوو باشترین و شایستەترین قاڵب بۆ دەربڕینی بابەتی فەلسەفی گفتوگۆیە. و دوورنییە ئەم کاریگەرییە بێوێنەیەی لە هەڵبژاردنی ئەم شێوازەوە سەرچاوەی گرتبێ.

بەداخەوە، لەدوای ئەفلاتون، فۆرمی گفتوگۆ لەفەلسەفەدا تەقریبەن وازی لێهێنراو جگەلە ژمارەیەك کەلە پەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکەن، باقی فەیلەسوفەکان– ڕەنگە لەبەر ئەوەی کە لێهاتوویی هونەریی ئەویان نەبوو– وایان پێباشبوو بەشێوەی لێکۆڵینەوە لە فەلسەفە بدوێن. فۆرمی دیالۆگ چەند سیفەتێکی باشی هەیە لەوانە: یەکەم، ئەو کەسانەی گفتوگۆ دەکەن بەشێوەیەکی سادەتر قسە دەکەن کە زیاتر

قابیلی تێگەیشتنە. دووەم، لەگفتوگۆدا سەرو بنی مەسەلەکان باشتر شیدەکرێنەوەو بیروڕا کۆك و ناکۆکەکان باشتر ڕوون دەبنەوەو کاریگەرییان زیاتر دەبێت و لەبنەڕەتدا دەرفەت بۆ دەرکەوتنی بیروڕا جیاوازەکان دەرەخسێ. سێیەم، کەسێك کەدیالۆگێك دەبیستێ یان دەقەکەی دەخوێنێتەوە خۆی بە بەشداری کێشەو دیالۆگەکە دەزانێت و حەزو ئارەزووی بۆ سوود وەرگرتن لەبابەتەکە زیاتر دەبێت. چوارەم، لەبەر ئەو سێ خاڵەی باسکران، هەمووان سوودێکی زیاتر لەزانست وەردەگرن و بەری داری زانست باشترو ئاسانتر بەخەڵکی دەگات.

سەدان کتێبی مێژووی فەلسەفە بەشێوەو قەبارەی جۆراوجۆرو لەڕوانگەی جیاوازەوە بەزمانی جیاواز هەن کەچەند بەرگێکیان لێکراوە بەفارسی کەلەپەنجەکانی دەست تێپەڕناکات. بەڵام ئەوەی ئەم کتێبە دەکات بەشتێکی نایاب و منی هانداوە بۆ وەرگێڕانی، چۆنیەتی دەربڕینی بابەتەکەیە. ئامادەکاری کتێبەکە (براین ماگی) دەربارەی هەر فەیلەسوفێك، لەگەڵ فەیلەسوفێکی هاوچەرخدا قسە دەکات کەلە ناوەندی زانستیی و زانکۆیی خۆرئاوادا وەکو پسپۆڕی بابەتەکە، ناسراوە. هەربۆیە بابەتەکە لەدوو لایەنەوە مایەی سەرنجە: هەم ئەو فەیلەسوفەی کەقسەی لەبارەوە دەکرێ و هەم ئەو کەسەش کەقسەی لەسەر دەکات، بۆ نموونە، ئێمە نەك تەنها دەمانەوێ بزانین کە دیکارت ، هیوم ، شۆپنهاوەر ، روسێل، ڤیتگنشتاین فیکریان چی بووەو لەبەر چی لەجیهاندا هێندە بەناوبانگن، بەڵکو حەز دەکەین بزانین کەکەسانێکی دیاری وەکو بێرنارد ویلیامز و جۆن پاسمۆرو ڤارناك و





کۆپلیستۆن و ئیرو سێرل، لەفەلسەفەی هاوچەرخدا چییان لەبارەوە دەڵێن؟

لەمەش بترازێ، هەروەکو دەبینین، بەشداری خودی ماگیش زۆر جار لەهی ئەوانە کەمتر نییە کە دیالۆگیان لەگەڵدا دەکات و زۆر خاڵی ئاڵۆز بەروونکردنەوەکانی و هەندێ جار بەرەخنەکانی ماگی باشتر بۆ خوێنەر ڕووندەبێتەوە. هەڵبەتە جگە لەمە لەکەسێکی وەکو ماگی چاوەڕوان ناکرێت. براین ماگی لە ساڵی ١٩٣٠دا لەلەندەن لەدایکبووە. لەگەنجیدا لەزانکۆی ئۆکسفۆرد خوێندویەتی و هەر لەوێش لەبواری مێژوو، فەلسەفە، زانستە سیاسییەکان و ئابووریدا پلەی باڵای بەدەست هێناوە. ماوەیەك لەزانکۆی گەورەی (ییل) لەئەمریکا مامۆستا بووە. پاشان بەشێوەیەکی سەربەخۆ دەستیکرد بەنووسین. لەساڵی ١٩٧٠ دا گەڕایەوە بۆ ناو جیهانی زانکۆ و لەکۆلیژی بەناوبانگی بیلیڤل لەئۆکسفۆرد دەستیکرد بەدەرس وتنەوەو بەئەندامی دەستەی زانستی کۆلیژی ئۆڵ سۆڵز All Souls لەهەمان زانکۆ هەڵبژێردرا. بەدرێژایی ئەم ساڵانە لەڕادیۆو تەلەفیزیۆندا بەرنامەی زانستیی و فەلسەفیی هەبوو، و لەڕۆژنامە ناودارەکاندا لەوانەش تایمز و گاردیان بەردەوام وتاری دەنووسی و لەهەمان کاتدا پەیوەندی خۆشی لەگەڵ ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی دنیادا دەپاراست. لەساڵی ١٩٧٩دا لەپاداشتی ئەو خزمەتانەدا کە لەپێناوی بایەخدان بە ئەندێشەی بیریارە مەزنەکانی مێژوو و روونکردنەوەی بیری هەمووان‌دا پێشکەشی کردبوو، میدالی وەرگرت. ماگی لەساڵی ١٩٨٤ەوە توێژەری باڵا بووە لە مێژووی فیکردا لەزانکۆی لەندەن، هەروەها چەند کتێبێکی بەسوودی نووسیوەو

درێژەی بەبڵاوکردنەوەی بیری فەلسەفی داوە. کتێبە جیاجیاکانی لەوانیش – فەلسەفەی مۆدێرنی بەریتانیا (Modern British Philosophy)، پۆپەر (Popper)، پیاوانی ئەندێشە (Men of Ideas)، فەلسەفەی شۆپنهاوەر (The Philosophy of Schopenhauer)– هەتا ئێستا بۆ بیست زمان تەرجومە کراون.

ڕەنگە ئەو شتەی لەبواری فەلسەفەی هاوچەرخدا ماگی کردووە بە ڕاڤەکارێکی بێوێنە، توانای بێت لە نواندنەوەو وتنەوەی ئەندێشە تەمومژاوییەکان بەزمانێکی ڕەوان و شیرین، بەبێ لابردنی ناسکی و جوانکاریی بیری فەیلەسوفان. ئەو کەسانەی کە کتێبەکەی تری ماگی واتە (پۆپەر) یان خوێندۆتەوە کە خوا لێخۆشبوو (مەنوچەهری بزورگمیهر) کردویێتی بەفارسی، بێگومان ئاشنای شێوازی نووسینی ماگین و هیوادارم بەخوێندنەوەی ئەم کتێبە، باشتر لەشێوازی شیرینی ماگی تێبگەن و بایەخی پێبدەن.

خاڵێکی دیکەی باشیی ئەم کتێبە، ئاشنابوونی خوێنەرە لەرێگەی ئەم کتێبەوە بەدوا مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا لەفەلسەفەی هاوچەرخدا،و لەراستیدا، خوێنەر بەشەپۆلێکی تازەی بیری جوان لە فەلسەفەدا ئاشنا دەبێت. بۆنموونە دەربارەی ئەرستۆ هەتا ئێستا گەلێ کتێب نووسراوەو ڕاڤەکارانی بەرهەمەکانی لەنێو فەیلەسوفانی کۆن و نوێدا کەم نەبوون.و (زۆریان پێیانوابووە و پێیانوایە کەمامەڵەی ئەوان لەگەڵ تیۆرەکانی یەکەم مامۆستادا "واتە ئەرستۆ" دوا قسەیە لەم بوارەدا ). بەڵام کاتێ خوێنەر گفتوگۆی ماگی لەگەڵ یەکێك لەنەوەی گەنجی مامۆستا دیارەکانی فەلسەفە لەم کتێبەدا دەخوێنێتەوە، ئەگەر





بەبێ مەبەست لەباسەکە بڕوانێت، دیسان خاڵی تازەو بەسوودی دێتەڕێ. یان لەباسی ڤیتگنشتایندا، ڕەنگە تەنانەت هونەرمەندان چەند شتێ لەقسەکانی جۆن سێرل فێربن کەتا ئێستا بیریان لێنەکردبۆوە.

خاڵێکی دیکە کەپێشتریش لەباسەکەدا سەبارەت بە باشیی دیالۆگ ئاماژەمان بۆکرد و بێگومان دەبێ بایەخی پێبدرێ، (بەجەماوەریبوونی) زانست و ڕۆشبیرییە لەجیهانی ئەمڕۆدا. لەدنیایەکدا کەپەیوەندی و هاتوچۆ بەخێراییەکی سەرسوڕهێن لەپێشکەوتن و فراوانبوونداییەو چیتر، بەپێچەوانەی جارانەوە، کێشەکان لەسنووری هیچ ناوچەیەکی تایبەتدا نین و هەر ڕۆژەی مەسەلەو باسی نوێ دێنە ئاراوەو دووری کەمتر دەبێتەوە، چیتر نابێ چاوەڕێی ئەوە لەخەڵك بکەیت کەبۆ ئاشنابوون بەهەر لقێکی زانست ساڵەها لای مامۆستا بەسەربەرن. دەبێ بەرایی و بنچینەکان بەزمانێکی ڕوونترو بەبەکارهێنانی هەموو هۆکارەکان بخرێنە بەردەستی خەڵك. ڕۆژگاری (زانست بۆ دەستەبژێران) بمانەوێ یان نەمانەوێ، کۆتایی هاتووە. وێڕای ئارەزووی ناخی دڵی کەللەڕەق و هەست ناسکەکان، ئەمڕۆ دەرگاکان لەبەردەمی هەمووواندا ئاواڵەیەو هەموو ئەو کەسانەی کەتوانایان هەیە نەك هەر تەنها تینووی زانستن، بەڵکو سوود وەرگرتن لە میراتی فیکریی و هونەریی بەشەر بەمافی خۆیان دەزانن. لەم حاڵەتەدا، بەتایبەتی لەوڵاتی ئێمەدا(ئێران) بەم کۆمەڵگا گەنجەوە کەڕوو لەزیادبوونە، دەبێ بەشوێن ئەو کەسانەدا بچین کەسەرمایەی فیکری ڕۆشن و توانای دەربڕینی ڕەوانیان هەیە و دەتوانن بابەتی ئاڵۆز بەبێ ڕۆچوون بۆ تەڵەزگەی قسەی بازاڕی، بەزمانێکی ڕەوان بۆ کەسانی تر

دەربڕن کە ئەگەر کەسێك هۆش و جدیەتی پێویستی هەبێت، بەهەوڵی مەعقول لەو مەسەلانە تێبگات کەقسەیان لەسەر دەکرێ. وڵاتێك کەزۆربەی خەڵکەکەی لەبنەمای فیکری بەشەر بێئاگابن، درەنگ یان زوو دەبێت مل بۆدیلی و سەرشۆڕیی بدات.

دەزانین- ئەگەر کەسانێ هەبن کەنازانن، دەبێ بزانن- فیکری فەیلەسوفانی جیهانی زانستت و هونەر گەنجینەیەك نییە کەسەرپەرشتیاران قفڵ لەدەرگاکەی بدەن و کلیلەکەی بخەنە گیرفانیان و تەنها جار بەجارێ بوار بدەن دەستەبژێرانی هاوبیر و (بەتایبەتی کۆنەپەرستان) لەدرزی دەرگاکەوە تەماشایەکی بکەن. شاکاری فیکری و ئەدەبی و هونەری میراتی هاوبەشی سەراپای ئینسانەکانەو هەمووان ئەو مافەیان هەیە- دەبێ- لەهەر نەوەیەك بن سەرلەنوێ توێژینەوە لەومیراتەدا بکەن و کێشەکانی خۆیان کەتایبەتە بەخۆیان و نەوەکانی پێشوو لێی بێئاگابوون، جارێکی تر بەپێودانی ئەو فیکرو بەرهەمانە هەڵبسەنگێنن.

بەهەرحاڵ، مەبەست لەباسی فەلسەفی لەبیستوپێنج سەدە بەرلەئێساوە تا ئەمڕۆ ( لای تاریك بیران نەبێت) بۆ هێنانە جۆش وخرۆشی فیکرو هەڵسەنگاندنەوەی بیری باو بووە. رەنگە وەبیر هێنانەوەی ئەو مانایە بێهوودە نەبێت کە یەکێك لە سەرمایە گەورەکان لەجیهانی بیردا جۆش وخرۆش و سەربەخۆیی فیکری و حەزو ئارەزووی زانینە (یان بەلای کەمەوە داننانە بەنەزانیندا)، بەتایبەتی لەفەلسەفەدا کە (بەقسەی یەکێك لەوانەی گفتوگۆیان لەگەڵ کراوە لەم





کتێبەدا) بریتییە لەجوڵانەوەی فیکر تیایدا بەلای کەمەوە بەقەد ئەوئەنجامانەی کەبەدەست دێن بایەخی هەیە.

عیزەتوڵڵای فولادوەند


مایسی ١٩٩٣

بەهۆی هەستکردن بە سەرسامی و سەراسیمەییەوە بوو کەمرۆڤان لەسەرەتادا ڕوویان لەبیرکردنەوەی فەلسەفی کردو ئێستاش رووی تێدەکەن.

ئەرستۆ

نیشانەی فەیلەسوف هەمان هەستی سەرسامی و سەراسیمەییە. فەلسەفە هیچ سەرچاوەیەکی تری نییە

ئەفلاتون



**براین ماگی**

## پێشەکی

**براین ماگی**

لەجیهانی ئینگلیزی زماندا، فەلسەفە بەشێك نییە لەپایە فیکرییەکانی زۆربەی خەڵك، تەنانەت زۆربەی ئەوانەش کەزانکۆیان تەواو کردووە. پێموایە زۆربەی ژنان و پیاوانی هۆشیار، جگەلەوەی خوێندویانە، چیرۆك و ڕۆمان دەخوێننەوە و شانۆنامە دەبینن، بەقەد خوێنەرانی ڕۆژنامە، بایەخ بەسیاسەت دەدەن و لەم ڕێگەیەوەو لەڕێگەی ئەزموونی کارکردنەوە کەمێك بەئابووری ئاشنا دەبن و زۆر کەسیش تەنانەت ژیاننامە دەخوێننەوە و لەو ڕێگەیەوە کەمێك مێژوو فێردەبن. بەڵام بێئاگان لەفەلسەفە، هەڵبەتە مەگەر ئەو کەسانە بچنە ناو لێکۆڵینەوەی فەلسەفییەوە. یەکێك لەهۆیەکانی ئەم مەسەلەیە ئەوەیە کەفەلسەفە لەسەدەی بیستەمدا بووە بەکارێکی پیشەیی و هونەری. هۆیەکی تر، پسپۆڕیبوونی لەڕادەبەدەری هەموو بوارەکانە. بەتایبەتی پەروەردەو فێرکردن لەبەریتانیا، ئەمڕۆ لەبەردەم ئەو ڕەخنەیەدایە کە زانیاری گشتیی بەڕادەی پێویست بەرز ناکاتەوە. هۆی سێیەم شانازیکردنی خەڵکی وڵاتانی ئەنگلۆساکسۆنە بەوەوە کەزۆر سەروکارییان لەگەڵ وێناکردنە (ئەبستراکتەکاندا) نییە. بەهەرحاڵ.





هۆی تەواو هەرچی بێت، لەوڵاتانی ناوبراودا زیاتر ئەو خەڵکەی کەکتێب دەخوێننەوە لە ژیانیاندا لەوکاتەوە دەگەنە تەمەنی باڵغبوون، بەناوی فەیلەسوفە مەزنەکان ئاشنادەبن بەبێ ئەوەی بزانن بنەمای ناوبانگی ئەم فەیلەسوفانە چییە و بۆچی ناوێکی بڵندیان بەدەست هێناوە.

لەزیاتر لەدووهەزار ساڵ بەر لەئێستاوە هەتا ئەمڕۆ ، بۆچی ناوی ئەفلاتون و ئەرستۆ لەناو هەموو خێزانێکدا بیستراون؟ دەتوانرێ هەمان پرسیار سەبارەت بە هەندێ لەفەیلەسوفانی سەردەمانی دواییش بکرێ. ئاشکرایە وەڵام ئەوەیە کەکاری ئەم فەیلەسوفانە بەشێك بووە لەبنەمای ڕۆشنبیریی و شارستانی خۆرئاوا. چۆن؟ ئەم کتێبە سەرە داوێك بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بەدەستەوە دەدات.

تۆش ئەگەر بڕیاربوایە لەزانکۆ فەلسەفە بخوێنیت، بێگومان دەتبینی کە بنچینەی بەرنامەی دەرس وتنەوە، بریتییە لەمەسەلەی ماهیەت و دامێن و سنووری زانینی مرۆڤ ، واتە ئەوەی کەبەپێی زاراوەی یۆنانی (episteme – زانین یان مەعریفە) یەو ئەمڕۆ بە (epistemology – ئیپستمۆلۆجیا یان مەعریفەزانی) ناودەبرێت. بەدرێژایی بەشی زۆری مێژووی فەلسەفە– بەهەرحاڵ لە سەدەکانی ئەم دواییەدا– ئەم بابەتە لەهەر شتێکی دیکە زیاتر مێشکی فەیلەسوفانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، هەربۆیە، لەبەرنامەی دەرس وتنەوەی زانکۆکان و لەم کتێبەشدا لەپێش هەموو بابەتەکانەوەیە. بەڵام ڕەنگە لقە لاوەکییەکانی فەلسەفەش زۆر سەرنجڕاکێش بن. بەڕای هەندێ خەڵك، ئاکار و فەلسەی سیاسی لەهەموویان سەرنج ڕاکێشترن، بەڵام ئیستاتیکاو لۆجیك و فەلسەفەی زمان و فەلسەفەی زیهن و

فەلسەفەی زانست و فەلسەفەی ئاین و زۆر لقی تریش هەن. دەربارەی بەشێك لەمانە لەم کتێبەدا بەگشتی قسەکراوە، بەڵام بێگومان لەتوانادا نەبووە کە لەدەرفەتێکی وا دیاریکراوا وەکو خۆیان هەق بەهەموو باسەکان بدرێ. هەربۆیە، بۆ ئەوەی ڕوونیی بابەتەکان لەدەست نەچێت، هەوڵی من بۆئەوە بووە کە لە بەدواداچوونی ڕەوتی گشتیی بابەتەکە لانەدەم و هەتا کۆتایی درێژە بەو ڕەوتە بدەم و تەنها کاتێ بایەخ بە لایەنە لاوەکییەکانی بابەتەکە بدەم کە بواری خۆلێلادان نەبێت. بەربەرەکانێ لەبەردەم کەڵکەڵەی خۆلێلادانەدا ئاسان نەبوو، چونکە زۆر شت هەبوون کەحەزم دەکرد بیانخەمە ناو باسەکانەوە. بەڵام ئەفسوس کەنەدەگونجان.

بنەمای ئەم کتێبە زنجیرە بەرنامەیەکە کەساڵی ١٩٨٧ لەتەلەفزیۆنی (بی بی سی-BBC ) بڵاوکرایەوە. بەڵام باسەکان کتومت هەمان دەقی بەرنامەکان نین. دەقی بەرنامەکان و بەشداری کەسەکانمان کردووە بە بنەمای کارەکەو وەکو یەکەمین ڕەشنووسی هەر نووسینێکی تر، بەبێ ترس کەوتینە گیانی. خاڵی سەرەکی کەمن وەکو ڕێکخەری کتێبەکە جەختم لێدەکردەوە ئەوەبوو کەدەبێ کتێبەکە بەجیا لەبەرنامە تەلەفزیۆنییەکان ژیانێکی سەربەخۆی هەبێت، هەربۆیە، پێویست بوو ئەو سەختییە بۆ خۆمان ئاسان بکەین کەبەبێ خۆ قەتیس کردن لەناو ئەوقاڵبەدا کەلەتەلەفزیۆندا وتبوومان، هەتا ئەو شوێنەی کەدەتوانین کتێبێکی باشی لێبەرهەم بێنین. بەشداران سەبارەت بەهیچ دەسکاری کردنێك کە بەخەیاڵیاندا دەهات- لەجوانکاریی لاوەکییەوە هەتا گۆڕینی بنەمای سەرەکی- لەوەڵامدانەوەی داواکارییەکانی مندا دریغییان نەکرد. لەو لایەنەوە کەپێویست بوو کتێبەکە هاوزەمان لەگەڵ





دەسپێکردنی پەخشی بەرنامەکاندا بڵاوبێتەوە، دەستنووسی تەواوی دەبوو بەزوویی لەدوای تۆمارکردنی دوا بەرنامە (واتە ئەو گفتوگۆیەی سەبارەت بەفەیلسوفە پراگماتیستە ئەمریکاییەکان بوو) بدرێ بەناشر. ئەم ڕێکخستنە بەتایبەتی بۆ میوانی ئەو بەرنامەیە کەدەیەویست سەراپای قسەکانی لەقاڵبێکی دیکەدا دابڕێژێ، کێشەی دروستدەکرد، لەبەرئەوەی دەرفەتی تەواو لەبەر دەسدا نەبوو. ئەو لەنیویۆرك بوو منیش لە لەندەن دەبوو بەبێ کات بەفیڕۆدان دەستنووسەکە بەچاپخانە بگەیەنم. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو لەو ڕێگا دوورەوە سەنج و تێبینی دوورو درێژی ناردو ڕێنمایی پێویستی کردم و منیش ئەوەی پێمکرا کردم، ئەمە تەنها بەشی ئەم کتێبەیە کەهەردووکمان حەزمان دەکرد دەرفەتێکی باشترمان هەبێ بۆ بایەخپێدانی.

ئامادەکردن و تۆمارکرنی بەرنامەکان دووساڵ و نیو درێژەی کێشا، بەڵام گرنگترین بڕیار -دەربارەی بەش بەشکردنی بابەتەکەو هەڵبژاردنی بەشداران- دەبوو لەسەرەتادا بدرێت. دەربارەی هەردوو مەسەلەکە وەڵامی جیاواز هەبوون کە هەموویان وەك یەك جێگەی بایەخبوون. لەگەڵ ئەوەشدا، چەندین جار ئەو بڕیارانەم گۆڕی کەپێشان دابووم. بانکێکم لەچەند مێشکێکی بیرکەرەوە پێکهێنابوو، لە بێرنارد ویلیامز و سێر ئایزایا بێرلین (Sir Isaiah Berlin) و ئەنتۆنی کۆینتۆن و جۆن سێرل. بەدرێژایی ئەو ماوەیە بەردەوام پرسوڕام پێدەکردن. جاریوابوو ئەم چوارکەسە چوار ڕای جیاوازیان هەبوو کەپێکەوە کۆنەدەکرانەوە هەڵبەتە ئەمە بۆخۆی بەڵگەی بێگوناهی ئەوانە سەبارەت بەو بڕیارانەی کەسەرئەنجام دراون. لەگەڵ ئەوەشدا، یارمەتی ئەوان هێندە پڕ بەها بوو کەناکرێ بەهاکەی دیاری بکرێ. هەر پێشنیازێ دەبوو بەرلەوەی

یەکلایی بکرێتەوە، دەبوو لای کەسێکی تر لەمەحەك بدرێ و هەڵبسەنگێنرێ و لەگەڵ بەشەکانی تردا بەراورد بکرێ. زۆر زۆر سوپاسی یەکەیەکەیان دەکەم. هەروەها دەبێ سوپاسی ئامادەکاری بەرنامە جیل داوسۆن (Jill Dawson) بکەم کە بەرپرسی ڕێکخستنە دوورودرێژە ئیدارییەکان بوو و جگە لەوەش لەزۆربەی بەرنامەکاندا بەڕێوەبردنی تیمی ستۆدیۆ و کامێراکانی لەئەستۆدا بوو. سەرنجام دەبێ سوپاسی سوزان کاولی (Susan Cowley) بکەم کە دەستنووسەکەی تایپکرد وێڕای سوپاسم بۆ دەیڤید میلەر (David Miller) لەزانکۆی ۆرویك (Universty of Warwick) کەئەرکی خوێندنەوەی تایپکراوەکەی لەئەستۆ گرت و زۆر پێشنیازی بەسوودی دامێ .

براین ماگی Bryan Magee

مارتی ١٩٧٨



**مالیز بیورنییت**

# ئەفلاتون

## گفتوگۆ لەگەڵ مایلز بیورنییتدا



فەیلەسوفە مەزنەکان

## پێشەکی

ماگی: هەموو هەوڵێك بۆ گێڕانەوەی حیکایەتی فەلسەفەی خۆرئاوا دەبێ لە یۆنانی کۆنەوە دەست پێبکات کە نەك تەنها فەیلەسوفەکانی سەرەتا، بەڵکو هەندێ لە گەورەترین فەیلەسوفانی خۆرئاواش لە ناو ئەوانەوە سەریان هەڵدا. ئەو کەسەی کە ناوی لە هەموویان دیارترە سوکراتە کە لە ساڵی ( ٣٩٩ پ.ز) کۆچی دواییکرد. بەڵام بەر لەویش کۆمەڵێ فەیلەسوفی دیار لە یۆنان هەبوون، وەکو فیساگۆرس و هیراکلیتۆس، کە زۆر بە ناوبانگن، هەروەها ژمارەیەکی تر کە بەهیچ جۆرێ لەوان کەمترنین. پێشڕەوی هەموویان تالیس بوو کە لە سەدەی (شەشەمی پ.ز ) دا ناوبانگی پەیدا کرد.

فەیلەسوفانی بەر لە سوکرات هەموویان ئەو غەمەیان هەبوو کە دەیانەویست چەند بنەمایەکی سەرەتایی بۆ ڕاڤەکردنی سروشت بە گشتی بدۆزنەوە. بە زمانی ئەمڕۆ، بەشێوەیەکی یەکسان لە "جیهانناسی- کۆسمۆلۆجی" یان "زانست" لە لایەك و لە "فەلسەفە" یان لەلایەکی ترەوە دەڕوانی. سوکرات بە ئیرادەو داناییەوە لێیان ڕاپەڕی، چونکە باوەڕی وا بوو ئەوەی کە ئێمە لە هەرشتێ زیاتر پێویستمان بە زانینی هەیە ئەوەیە کە خۆمان دەبێ چۆن بژین نەك ئەوەی سروشت چۆن کاردەکات، بەمپێیە پێویستە لە پێش هەموو شتێکداو لە سەرو هەموو شتێکەوە بایەخ بە مەسەلە ئەخلاقییەکان بدەین. هەتا ئەو شوێنەی کە ئێمە دەیزانین، سوکرات هەرگیز هیچی نە نووسی و هەموو زانیارییەکانی خۆی بە دەمی ڕادەگەیاند. نووسینی





هیچ یەکێ لە فەیلەسوفەکانی پێش سوکرات ڕاستەوخۆ بە ئێمە نەگەیشتووە. زانیارییەکانی ئێمە سەبارەت بە هەموو ئەو فەیلەسوفانەی کە تا ئێستا ناوم هێناون، لە سنووری سەرچاوەی دووەم و لە ڕێگەی بەرهەمی کەسانی ترەوەیە، هەرچەندە دەبێ تەئکید لەوە بکەمەوە کە لەناو ئەم سەرچاوانەدا چەند بەشێك یان چەند پوختەیەکی تاڕادەیەك درێژ و هەندێ قسەش ڕاستەوخۆ لە زمانی ئەوانەوە بەدی دەکرێ. ئەفلاتون یەکەم کەسەکە ئەمڕۆ نووسینەکانیمان لەبەر دەستدایە. ئەفلاتون قوتابی سوکرات بوو، لە ڕاستیدا زانیارییەکانی ئێمە دەربارەی سوکرات زیاتر لە نووسینەکانی ئەفلاتونەوە وەرگیراون. بەبێ هیچ دوودڵییەك ئەفلاتون یەکێکە لە فەیلەسوفە مەزنەکانی هەموو سەردەم و چاخەکان و بە باوەڕی هەندێك گەورەترین فەیلەسوف بووە. لەم ڕووەوە، ئەگەر بمانەوێ بە دڵی خۆمان سەرەتایەك بۆ ئەم چیرۆکە زنجیرەییە هەڵبژێرین کە هەمیشە بەردەوام بووە، ساڵی ( ٣٩٩پ.ز)- واتە ساڵی مردنی سوکرات و دەست پێکردنی نووسینەکانی ئەفلاتون- خاڵێکی باشە. کەواتە مۆڵەتمان بدەن با لەوێوە دەست پێبکەین.

کاتێ سوکرات مرد، تەمەنی ئەفلاتون سی و یەك ساڵ بوو و هەشتاو یەك ساڵ ژیا. لەو نیو سەدەیەدا، دەستی کرد بە دامەزراندنی قوتابخانە بەناوبانگەکەی لە ئەسینا کە بە (ئەکادیمیا) ناو دەبرێ و یەکەم نموونەی شتێکە کە ئێمە ئەمڕۆ پێیدەڵێین زانکۆ، هەروەها لەو ماوەیەدا بەرهەمەکانی خۆی نووسی. تەقریبەن ئەم بەرهەمانە هەموویان بەشێوەی گفتوگۆ یان دیالۆگ نووسراون و بەڵگەی جیاجیا

لە زمانی کەسانی جۆراو جۆرەوە دەبیسترێ کە تەقریبەن هەمیشە یەکێك لەو کەسانە سوکراتە. زیاتر –بەڵام نەك هەموو– گفتوگۆکان بە ناوی کەسانێکەوەیە کە قسە لەگەڵ سوکراتدا دەکەن و لێرەوە یەکێکیان ناوی فایدۆنەو ئەوی تریان لاخیس، سێیەم ئۆسۆفرون، چوارەم سیای تەتوس، پێنجەم پارمنیدس، شەشەم تیمایوس و بەم جۆرە هەتا کۆتایی وێرای هەموو ئەمانە، ئەمڕۆ زیاتر لە بیست دیالۆگ لە بەردەستدایە کە درێژی هەندێکیان بیست لاپەڕە و هەندێکیان هەشتا لاپەڕەو یەك دوانێکیان تەنانەت دەگاتە ٣٠٠ لاپەڕە. بەناوبانگترینیان (کۆمار و خوان)ە و ئێستا بەرهەمەکانی ئەفلاتون بە تەرجومە کراوی و تەجلید کراوی لە بەردەستی خوێنەرانی دنیادایە. کتێبە دیارەکانی ئەفلاتون نەك تەنها لە فەلسەفەدا بەرهەمی گەورەن بەڵکو لە ئەدەبیشدا وەکو شاکار لە قەڵەم دەدرێن. ئەفلاتون هەم بیریار بوو هەم هونەرمەند. نووسینەکانی شێوەی هونەری و بەهای دراماتیکییان هەیە و زۆر لە هەڵسەنگێنەرانی پەخشان باوەڕیان وایە کە هیچ کەسێك هەرگیز بەو نایابی و جوانیە پەخشانی یونانیی نەنووسیووە.

بۆ قسەو باس دەربارەی بەرهەمەکانی لەم بەرنامەیەدا، یەکێك لە پڕمتمانەترین ئەفلاتون ناسانم لە جیهانی ئینگلیزی زماندا داوەتکردووە کە ئەویش پرۆفیسۆر (مایلزبیورنییت Myles Burnyeat)ە کە مامۆستای فەلسەفەی کۆنە لە زانکۆی کەمبریج.





### کرۆکی باسەکە

ماگی: دەزانم تۆ باوەڕت وایە سەرەتای داهێنانی فەلسەفی ئەفلاتون مردنی سوکرات بوو. دەکرێ داوات لێبکەم ڕوونی بکەیتەوە کە چۆن ئەوە ڕوویدا؟

بیورنییت: بەڕای من مردنی سوکرات لە ساڵی (٣٩٩ پ.ز)، بەلای زۆربەی خەڵکەوە گورزێکی دەروونی قورس بوو. سوکرات ساڵانێکی زۆر لە ئەسینا کەسێکی سەر سوڕهێنەر و ئەفسوناوی بوو کە هەم زۆریان خۆشدەویست و هەم زۆر لێی بێزار بوون. لە یەکێك لە ئاهەنگە گشتیەکاندا لەبەرچاوی هەموو خەڵکی ئەسینا لە شانۆگەرییەکی کۆمیدیدا دایانشۆری بوو. پاشان لەناکاو ڕۆژێك ئەو کەسە ناسراوە ون بوو، هۆی ونبوونەکەشی ئەوە بوو کە بە تاوانی خۆنەپارێزی و خراپکردن و تێکدانی ڕەوشتی لاوان بە مەرگ حوکم درابوو. بەلای ئەو کەسانەوە کە خۆشیاندەویست هۆی مردنەکەی تەنانەت لە خودی مردنەکە ناخۆشتر بوو. سوکرات ژمارەیەکی زۆر مرید و دڵسۆزی هەبوو، هەندێ لەوانە، وەکو ئەفلاتون دەستیان کرد بە نووسینی دیالۆگی سوکراتی، واتە ئەو گفتوگۆ فەلسەفیانەی کە تیایاندا سوکرات ڕێنمایی باسەکەی دەکرد. وەکو ئەوە وا بوو کە گروپێك لە هەمنیشینان ڕوو بە ڕووی ئەسیناییەکان هاوار و بانگیان کردبێ کە: (بڕوانن، سوکرات نەڕۆیشتووە. هێشتا لێرەیەو بە پرسیارەکانی تەنگەتاوتان دەکات و بە بەڵگەکانی بەزەویتاندا دەدات ) هەڵبەتە لەو گفتوگۆ سوکراتیانەدا داکۆکی لە ناوی سوکرات دەکرا و ئەوە دەسەلمێنرا کە

بە ناحەق حوکم دراوەو مامۆستای گەورەی لاوان بووە نەك ئەو کەسەی ویسبێتی خراپیان بکات.

ماگی: مەرگی سوکرات شتێك نەبوو کە تەنها مێشکی ئەفلاتون بخاتە کارو پاشان لە بیر بچێتەوە. وانییە؟ بە واتایەك، سەرانسەری ژیانی فیکری ئەفلاتون دەبێت – یان بەلای کەمەوە دەتوانرێ – بە گەڕانەوەی بۆ لای سوکرات ئاڕاستە بکرێ.

بیورنییت: بەڕای منیش وایە. بە زیندوویی هێشتنەوەی ڕۆحی سوکرات بەلای ئەفلاتونەوە بەو مەعنایە بوو کە دەبوو ئەویش بە هەمان ئەو شێوەیەی کە سوکرات لە فەلسەفەدا کاری کردبوو، درێژە بە کاری خۆی بدات. یەکەمین بەرهەمی ئەم کارە، کۆمەڵێ دیالۆگی سەرەتاییە کە گرنگترینیان بریتییە لە: بەرگریینامە[1]، کریتۆن، ئوسوفرون، لاخیس، خارمیدس، پروتاگوراس، گۆرگیاس کە تیایاندا سوکرات دەبینین دەربارەی ئەو جۆرە مەسەلانەی کە حەزی لێیان بووە –واتە مەسەلە زۆر فراوانە ئەخلاقییەکان– قسە دەکات. بەڵام لەبەر ئەوەی فەلسەفەی کارکردن بە شێوەی سوکراتی بە مەعنای بیرکردنەوەی سەربەخۆی فەلسەفییە، ئەم ڕەوتە وردە وردە ئەفلاتون بەرەو جێگایەك دەبات کە لە ئەخلاق و باقی بوارە فەلسەفیەکاندا فیکری خۆی

---

١– Apology لە وەڕگێڕانەکەی (لطفی)دا ناوی ئەم نامەیە بە تەلەفوزە فەرەنسیەکەی واتە (ئەپۆلۆژی) هاتووە. جگە لە (کۆمار و خوان) لەم کتێبەدا ناوی نامەکانی ترمان بە تەلەفوزە ئەسڵیە یۆنانیەکەی هێناوە. بۆ ئاگاداریی لە جیاوازی شێوەی نووسینی ئێمە و (لطفی) بڕوانە: کارل پوپر، جامعە باز و دشمنان آن، ترجمە عزت الله فولادوند، ج١ ، ص٦١–١٦١ (و.فارسی).





پەروەردە بکات. بەمپێیە، لەو وێنەیەدا کە بۆ سوکرات دەکێشرێ، جۆرێك ڕەوتی کامڵ دەبینین، لە دیالۆگە سەرەتاییەکاندا، سوکرات ئەو مێشەکەرانەیەیە[2] کە دەست لە پرسیار کردن هەڵناگرێ بەڵام وردە وردە دەبێت بە کەسێك کە روو لە تەرحکردنی تیۆری گرنگ لە سیاسەت و میتافیزیك و میتۆدۆلۆجیادا دەکات. ئەمەش ئەو سوکراتەیە کە لە دیالۆگەکانی قۆناغی ناوەڕاست – واتە لە مەنون و خوان و فایدۆن و کۆمار دا هەیە.

ماگی: بە کورتیەکەی لە دیالۆگەکانی سەرەتادا، ئەفلاتون مامەڵە لەگەڵ ئەو مەسەلانەدا دەکات کە سوکرات حەزی پێیان بووەو بە شێوەی خودی سوکرات دەربارەی ئەو مەسەلانە قسە دەکات و بێگومان زۆر جار کۆمەڵێ شت لە زمانی سوکراتەوە دەڵێت کە دەزانێت بیروڕای ئەو بوون. بەڵام دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵێك ئەو جووڵە سەرەتاییە، ئەفلاتون بەرەو قسە کردن لەسەر ئەو بابەتانە دەبات کە خۆی حەزی پێیانە و بەشێوەی خۆشی قسەیان لەسەردەکات و بیرو باوەڕی خۆی دەردەبڕێ، بەڵام هێشتاش زیاتر لە زمانی سوکراتەوە.

---

٢– gadfly ئاماژەیەکە بۆ ئەو باسەی کە سوکرات لە کاتێکدا بە تۆمەتی خراپ کردنی لاوان ڕاپێچی دادگا دەکرێ، بۆ بەرگریکردن لە خۆی لە دادگادا بە ئەسینایيەکان دەڵێت ئێوەی خەڵکی ئەم شارە وەکو ئەسپێکی تەمەڵ وان بۆ ئەوەی بکەونە ڕێ پێویستتان بە مێشەکەرانەیەك هەیە بۆ ئەوەی جار بە جارێ بتانگەزێ، من وەکو ئەو مێشەکەرانەیە وابووم کە گازم لێدەگرتن و هانم دەدان بۆ ئەوەی بیر بکەنەوە، ئێستا ئەگەر من بکوژن، کەسێکی تری وەکو منتان دەستناکەوێ. (و. فارسی).

بیورنییت: پێموایە ڕاستە. لە هەر جێگایەکدا توانای عەقڵێکی پەسەند هەبێ ئەفلاتون بیرو بۆچوونەکانی وەکو بەرجەستە بوونی بیرو بۆچوونەکانی سوکرات لە زمانی ئەوەوە دەخاتە ڕوو. بەڕای من، سەنجدانی ئەو خاڵە زۆر گرنگە کە ئەفلاتون لەسەر واقیعی مێژوویی کەسێتی سوکرات بانگەشەی ئەوە دەکات کە سوکرات پیاوێك بووە بەشێوەیەکی سەربەخۆ بیری کردۆتەوە و خەڵکیشی فێر کردووە بەشێوەیەکی سەربەخۆ بیر بکەنەوە بەمپێیە، قسەی ئەفلاتون ئەوەیە کە ئێوەش ئەگەر دەتانەوێ پەیڕەوی سوکرات بکەن، دەبێ سەربەخۆ بیر بکەنەوە و لە کاتی پێویستدا، دەبێ تەنانەت ڕێشتان لە بیر و زەمینە تایبەتیەکانی سوکرات جیابکەنەوە.

ماگی: ئەو دیالۆگە سەرەتاییانەی کە سوکرات تیایاندا سەبارەت بە مەسەلە ئەخلاقیەکان قسە دەکات، هەمیشە نموونەیەکی دیاری کراویان هەیە. سوکرات لەگەڵ کەسێکدا دەکەوێتە قسە کە دڵنیایە لەوەی ئەو مەعنای زاراوەی ئاسایی وەکو "خۆشەویستی" یان "ئازایەتی" یان "خواپەرستی" دەزانێ. پاشان سوکرات دەستدەکات بە تاقیکردنەوەی ئەو کەسە و پرسیاری لێدەکات، واتە دەیخاتە بەردەم "پرسیاری سوکراتیانەوە، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە بۆ خودی ئەو کەسە و لە هەمووی گرنگتر بۆ ئەو کەسانەی کە ئامادەن بسەلمێنێ کە بە هیچ جۆرێ بە تەواوی بەسەر ئەو چەمکەدا زاڵ نین، کە پێیانوابوو بەسەریدا زاڵن. ئەم میتۆدە خۆی لە خۆیدا لەو کاتەوە هەتا ئێستا هەمیشە لە فەلسەفەدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە. وانییە؟





بیورنییت: بە تەواوی وایە. هێشتا لە خوێندنی فەلسەفەدا بۆ ناساندنی فەلسەفە بەو کەسانەی کە دەیانەوێ شتێکی لە بارەوە بزانن، بەشێوەیەکی فراوان سوود لەو بەرهەمانە وەردەگیرێ. لە یەکێك لە چەمکە گرنگ و باوەکانەوە کە هەمیشە لە ژیاندا دەورێکی گرنگی هەیە دەست پێدەکەیت و خەڵك تێدەگەیەنیت کە چەند کێشەیەکی تێدایە. خەڵك هەوڵدەدەن دەربارەی ئەو چەمکە بیر بکەنەوەو دواجار وەڵامێك دەدەنەوە. سوکرات ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەو وەڵامە بەس نییە. سەرەنجام وەڵامی بێ چەند و چوون دەدەنەوە، بەڵام ئەم جارە بە باڵا دەستی و تێگەیشتنێکی زیاترەوە لەوەی رابردوو. زیاتر لەوەی وەکو خوێنەرێك لە سەدەی بیستەمدا بیت یان لە ڕۆژگاری کۆندا، بە هەرحاڵ ڕووبەڕووی مەسەلەیەك بوویتەوەو وەڵامت دەوێ و هەست دەکەیت کە ڕەنگە تۆش بتوانیت بە دەوری خۆت یارمەتی چارەسەرکردنی بدەیت.

ماگی: دەبێ دان بەوەدا بنێین کە ئێمە دوای زیاتر لە دوو هەزار ساڵ هێشتا دەربارەی مەعنای "جوانی" و "ئازایەتی" و "خۆشەویستی" و باقی زاراوەکانی دیکەی لەو بابەتە سەرسامین و بەدوای وەڵامدا دەگەڕێین. ئایا هیچ پێشڕەوییەکمان کردووە؟

بیورنییت: پێموایە وەڵامی ئەم پرسیارە هەم پۆزەتیف و هەم نێگەتیڤ بێت. تۆ پێتوانییە؟ بە ڕای من، ئەگەر ئێستا ئەفلاتون خۆی بمایە، تەئکیدی لەوە دەکردەوە کە ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارانەشی بزانیایە و پێشی بوتینایە، بۆ ئێمە سوودی نەدەبوو. مەبەستی من لەوەیە کە، بەپێی سروشتی ئەم جۆرە پرسیارانە، دەبێ بە شێوەیەکی

سەربەخۆ بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانەدا بگەڕێی. وەڵامێك كە لە ئەنجامی بیرکردنەوەی خۆتەوە بە دەست نەهاتبێ، بێبەهایە. لەبەر ئەوەیە کە ئەم دیالۆگانە بەو شێوەیە بەلای فەلسەفەدا بەکێشت دەکەن.

**ماگی: لەم دیالۆگانەی سەرەتادا "کە بە خێرایی هێشتا قسەمان لەسەر ئەوانەیە"، یەکێك لەو شتانەی کە سوکرات هەمیشە دووبارەی دەکاتەوە ئەوەیە کە خۆی تیۆرێکی ئامادە و پڕۆژەتیڤی نییە و تەنها پرسیار دەکات. بەڕای من وا دیارە کە بڕێك ڕەندی و پەنهانکاری لەم بانگەشەیەدا خۆی حەشارداوە، چونکە پێموایە دواجار هەندێ بیرو بۆچوونی بێ چەند و چون لە ژێر سەربانی ئەم دیالۆگانە دەچۆڕێتەوە. ئایا تۆ لەگەڵ ئەم ڕایەدایت؟**

بیورنییت: هەڵبەتە هەندێ بیروبۆچوون دەردەکەون، بەڵام ژمارەیان زۆر نییە. بۆ نموونە کۆمەڵێ بیری پڕ مەعنا و گرنگ لە "بەرگرینامە"دا دەردەکەون کاتێ سوکرات بانگەشەی ئەوە دەکات کە نابێ هیچ جۆرە زیانێك بە مرۆڤی باش بگات، چ لەم دنیایەدا و چ پاش مردن، یان لە گۆرگیاسدا کە سوکرات بە دوور و درێژی بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە کە زۆرداریی زیان بە خودی زۆردار دەگەیەنێ و دادپەروەریی قازانج بە خودی دادپەروەر دەگەیەنێ. مەبەستی سوکرات ئەوەیە کە تەنها هێدمە و زیانی ڕاستەقینە ئەوەیە کە بەر ڕۆحی مرۆڤ بکەوێ. تۆ ڕەنگە هەرچی پارەیەکت هەیە لە دەستی بدەیت یان لە ئەنجامی نەخۆشیدا، ئیفلیج بیت، بەڵام هەموو ئەمانە بە بەراورد بەو زیانەی کە ئەگەر لە ژیاندا زوڵم بکەی، کە زیانێکە خۆت لە خۆتی دەدەی، هیچە. بەپێچەوانەی ئەمەوە، هیچ سوودێ بە قەد ئەو سوودە نییە کە مرۆڤی





باش لە ئەنجامی کارکردنی بەشتە باشەکان لە ژیانیدا بە دەستی دەهێنێ و بەمپێیە، هیچ زیانێ بەڕای سوکرات زیانی ڕاستەقینە نییە جگە لە لەدەستدانی چاکە.

دەربارەی ئەم ئەندێشانە، سوکرات زۆر بە دڵنیاییەوە قسە دەکات و تەنانەت باس لەوە دەکات کە ئاگای لە کۆمەڵێ مەسەلە هەیە سەبارەت بەو ئەندێشانە، لەم بوارەدا ئەفلاتون هەرگیز دەستبەرداری قسەی سوکرات نابێت و هێشتا باوەڕی تەواوی بە ڕاستی ئەو مەسەلەیە هەیە کە زوڵم زیان بە زۆردار دەگەیەنێ و دادپەروەریش سوود بە دادپەروەر دەگەیەنێ.

**ماگی: بەمپێیە، ئەگەر ڕۆحت بە پاکی و دەست لێنەدراویی بمێنێتەوە، لەم دنیایەدا ڕووداوی ناخۆش ناتوانێت هیچ جۆرە زیانێکی قووڵ و بەردەوامت پێبگەیەنێ.**

بیورنییت: بەڵێ، ڕاستە. بەڵام کۆمەڵێ ئەندێشەی تر هەن کە سوکرات لە بارەیانەوە بانگەشەی ئاگاداریی لێیان و بە باشی لێ تێگەیشتنیان ناکات و سەرئەنجام ئەفلاتون بە ناوی ئەوەوە دەیانڵێت و هەموویان لەم ڕستەیەدا کورت دەبنەوە کە چاکە بریتییە لە مەعریفە (زانین). لەو دیالۆگە سەرەتاییانەدا، کاتێ لە یەکێ دەپرسن "ئازایەتی چییە؟" "خواپەرستی چییە؟" "دادپەروەریی چییە؟" درەنگ یان زوو دواجار ئەوە ئاشکرا دەبێ کە ئەو چاکەیەی قسەی لێدەکرێ —لە سەرروو ئازایەتی یان خواپەرستییەوەیە و— دەبێ وەکو بەشێك لە زانین یان مەعریفە لێك بدرێتەوە. ئەم قسەیەش وەکو ئەندێشەکانی کۆمەڵی یەکەم، تۆکمەیە بەڵام بە ڕووکەش هەڵەیە، چونکە هەستی ئاسایی —

هەم لەو کاتەدا و هەم ئەمرۆش- وا حوکم دەکات کە دانایی و زانایی پێویست بۆ زانینی ئەوەی لە هەر جێگایەك دا باشترین کار چییە، شتێکە و ئازایەتی پێویست بۆ کردنی ئەو کارە هەتا ئەگەر دژواری و مەترسیشی تێدا بێ، یان دان بە خۆدا گرتنی پێویست بۆ تەسلیم نەبوون بە دڵە ڕاوکێی هەڵبژاردنی ڕێگای ئاسانتر، بە تەواوی شتێکی دیکەیە. دانایی و زانایی لە سیفەتە باشەکانن لە هەر مرۆڤێکدا، ئازایەتی سیفەتێکی دیکەیە و دان بە خۆدا گرتن لە هەردوکیان جیایە. یەکێك ڕەنگە تەنها یەکێ لەم سیفەتانەی تێدابێ یان هەر یەکێ لەم سیفەتانە بە ڕادەی جیاواز بەکار بێنی. بەڵام ئەگەر ئازایەتی زانینی باشترین ڕێگەبێ، ئەو بەشەی جیاوازی و ناکۆکی هەرگیز نایەتە ئاراوە. بەڵام، بەڕای ئەفلاتون، ئەگەر ئەو کارەی کە من کردوومە ڕاست نەبووە، ناشێ هۆکەی ئەوە بێ کە دەمزانی دەبێ چی بکەم بەڵام ئازایەتی پێویستم نەبووە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە. ئەگەر ئازایەتیم نەبووە، تێگەیشتنیشم نەبووە و نەمزانیووە کاری ڕاست چییە. بەمپێیە هەر کارێکی ناڕاست بکەم لە رووی نەزانیەوە کردوومە، لەبەر ئەوە کردوومە کەنەمزانیووە باشترین کار کە دەبێ بیکەم چییە. بەڵام هەر کارێ کە یەکێك لە ڕووی نەزانیەوە بیکات، بەبێ ئەوەی بیەوێ لە خۆیەوە کردوویەتی. بەمپێیە، بۆ ئەوەی پوختەی بابەتەکە لە قاڵبی دروشمە بەناوبانگەکەی سوکرات دا دەربڕین دەبێ بڵێین: "هیچ کەسێ لە ڕووی ویست و خواستەوە کاری نابەجێ ناکات".

+ماگی: بۆ ئێمە کە لە سەردەمی دوای فرۆیددا دەژین، باوەڕکردن بەو گۆتەیە تەقریبەن کاری کردەنییە کە هەموو سەرچاوەکانی






ئیشەکانی ئێمە لە هەست (شعور)دایە یان سەرچاوەی کار - بەپێی بنەماش بۆ ئەوەی لای بکەر بناسرێتەوە - لەبەر دەستی هەستدایە. بەمپێیە، پێموانییە لە مرۆدا هیچ کەسێ بتوانێ باوەڕ بەو تیۆرە تایبەتەی سوکرات بکات.

بیورنییت: بڕوانە، بەڕای من، یەکەم شت کە دەبێ بگوترێ ئەوەیە کە زۆربەی خەڵك هەتا لەو کاتەشدا باوەڕیان بەو تیۆرە نەدەکرد. پروتا گۆراس تەنانەت دەڵێت کە باوەڕی سەبارەت بە ئازایەتی بە پێچەوانەی باوەڕی هەموو مرۆڤێکەوەیە. بەڵام ڕووەکەی تری دراوەکە ئەوەیە کە ئەمڕۆش هێشتا کۆمەڵێ فەیلەسوف هەن بەڵگەی ئەوە دەهێننەوە کە تەنها فاکتەرێك کە دەشێ، وەك دەڵێن، ئێمە بخاتە کار، بیرورامانە دەربارەی چاك و خراپ و ئەگەر ئەم بیروڕایانەش هیچیان لە دەست نەیەت، شتێکی دیکە نامێنێتەوە. کەسانێك هەن کە هێشتا ناتوانن باوەڕ بەوە بکەن کە جگە لە هێزی زانین، چەند مەسەلەیەکی دیکەی وەکو ئیرادە یان هێزەکانی دیکەش ڕەنگە لە کارەکانی مرۆڤدا کاریگەرییان هەبێ.

ماگی: قاڵبی دیالۆگ کە ئەفلاتون بۆ نووسینی هەڵبژاردووە، دوو مەسەلەی گرنگ بەڵام ڕەنگە لە چارەسەرکردن نەهاتوو بخاتە ڕوو. یەکەمیان ئەوەیە کە تا چ ڕادەیەك ئەو سوکراتەی کە تیۆرەکانی دەدرێ بە ئێمە، سوکراتە راستەقینەکەیە و تا چ ڕادەیەکیش ئەو کارەکتەرە دراماتیك و خوڵقێنراوەی ئەفلاتونە؟ چونکە ناکرێ نکوڵی لەوە بکرێ کە یەك بەیەکی ئەو دیالۆگانە دوای مردنی سوکرات نووسراون. دووەمیان ئەوەیە کە تیۆرەکانی خودی نووسەر چییە؟ چونکە هەموو بیروڕاکان لە زمانی کەسانی غەیری ئەفلاتوونەوە دەردەبڕێن.



**سوکرات (دەوروبەری ٤٦٩ ـ ٣٩٩ پ.ز)**

بیورنییت: پێموایە بە مەفهومێك پێویستە نیگەرانی ئەم مەسەلانە بین و بەمەفهومێکی تر، پێویست نییە. نیگەرانی بەم مەفهومە پێویست نییە کە ئەفلاتون لە وێنەیەکدا کە بۆ سوکرات ڕەسمی کردووە دەیەوێت بڵێت کە سوکرات بەشێوەیەکی سەربەخۆ بیری دەکردەوە. خەڵك لە کۆنەوە بە چەند ئەنجامێك گەیشتبوون و ئەم ئەنجامانە زۆر لەلایان ئازیز بوون. ئەفلاتون دەڵێت سوکرات ئەو دەسەڵاتەی هەبوو کە واز لەو ئەنجامانە بێنی و کەسانی دیکەشی فێر دەکرد کە ئەو کارە بکەن. بەمپێیە، ئەگەر دەبینین ئەفلاتون ئەو ئەنجامانە بە دەست دەهێنێ کە زانین گرنگترین فاکتەرە لە فەزڵدا، بەڵام فەزڵ لە زانیندا کورت نابێتەوە – هەروەکو چۆن لە ڕاستیشدا دەگاتە ئەنجامێکی لەو جۆرە – دەبێ ئاگامان لەوە بێ کە ئەفلاتون بە تەواوی لەڕێی پەیڕەوی کردنی ڕێنماییەکانی سوکراتەوە ئەو تیۆرەی– کە سەبارەت بەوەیە کە فەزڵ خودی مەعریفەیە– دەخاتە لاوەو لە کۆماردا تیۆرێکی باشتر دەخاتە ڕوو. لە لایەکی دیکەوە ئەو نیگەرانیە دەربارەی ئەو مەسەلانەی کە تۆ تەرحت کرد بەو مەفهومە پێویستە کە دەبێ ئاگامان لەوەبێ و بزانین چی ڕوویداوە کە سوکرات لە کۆماردا شتێك دەڵێت کە لەگەڵ ئەوەدا کەلە پروتاگۆراس دا وتوویەتی، ناکۆکە. گرنگ ئەوەیە کە ئاگامان لەوە بێ لە کۆماردا ڕووبەڕووی بۆچوونێکی نوێ بووینەتەوەو بزانین کە ئەو بۆچوونە چۆن لەگەڵ مەسەلەکانی دیکەدا کەتیایاندا کتێبەکە بۆتە مایەی سەرنج گرێدەدرێ. دەبێ بزانین فێرکردن و پەروەردەکردنی ئەخلاقی چۆن لە ئەنجامی ئەو بۆچوونە تازەیەدا لە رابردوو ئاڵۆزتر دەبێ و چۆن وێنەیەکی نوێی کۆمەڵگایەکی سیاسی ئایدیایی بە دەست دێت. ئەوەی گرنگە شێوەی گەڕان و ڕەوتی





لێکۆڵینەوەیە دەبێ بە هۆشیارییەوە بە دوای ئەم ڕەوتەدا بچین و بزانین لە کوێوە دەستمان پێکردووە و بە کوێ گەیشتووین.

ماگی: بە دەربڕینێکی تر، لەوێوە کە گریمانە و بیرو باوەڕەکانی ئێمە هەمیشە جێگای گومان و پرسیارن، "ئەنجامەکانمان" هیچ پێگەیەکی تایبەتیان نییە و تەنها ڕێگە بەرەو لێکۆڵینەوەی باشتر نیشان دەدەن.

بیورنییت: بەڵێ، پێموایە ئەفلاتون زۆر باوەڕی بەم بابەتە هەبوو.

ماگی: زۆر باوەڕی بەوە هەبوو و دەیویست بەو میتۆدەی لە کارکردندا بەکاری دەهێنا، ئەوە بۆ ئێمەش بسەلمێنێ.

بیورنییت: کتومت وایە، و پێموایە دەکرا بانگەشەی ئەوە بکات کە بە زیندوویی هێشتنەوەی ڕۆحی سوکرات بەو مەعنایەیە.

ماگی: هەڵبەتە ئەم کارە سەبارەت بە هونەرمەندە داهێنەرەکان لە فەیلەسوفەکان زیاتر باوە، بەڵام بەرهەمەکانی ئەفلاتونیش بۆ سێ قۆناغی سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی دابەش دەکەن. هەتا ئێستا ئێمە باسەکەمان لە سنووری دیالۆگەکانی سەرەتادا بوو. ئێستا ئیدی ئەگەر بەرەو پێشەوە بچین و بگەینە قۆناغی ناوەڕاست، دەبینین ئەفلاتون بۆ یەکەمجار لە لای خۆیەوە چەند ئەندێشەیەکی ئامادە و پۆزەتیڤ دەردەبڕێ و هەڵبەتە بەرگری لەو ئەندێشانەش دەکات. بەرای تۆ گرنگترین ڕێنماییە پۆزەتیڤەکانی ئەفلاتون کامانەن؟

بیورنییت: پێموایە دەبێ زیاتر حساب بۆ دوو تیۆر بکرێ و لە باقی تیۆرەکانی دیکە جیا بکرێنەوە. یەکێکیان تیۆری نموونەکانە[٣] وئەوی

٣- نموونەکان (مُثل) کۆیە و تاکەکەی نموونە (مثال)ە بە ئینگلیزی Theory of Forms یان Theory of Ideas پێدەوترێ (و. فارسی)

تریان ئەو باوەڕەیە کە فێر بوون بە مەعنای بەبیر هاتنەوە یان بە یاد هێنانەوەیە: واتە کاتێ تۆ شتێ فێر دەبیت، لە ڕاستی دا ئەو زانینە لە زەینت دەردەهێنی، کە لە پێش لە دایك بوونەوە هەتبووە.

ماگی: با یەکەمجار بچینە سەر دووەم. زۆر خەڵك کاتێ یەکەم جار ئەوە دەبیستن کە ئێمە بە یەدەکێك زانستەوە دێینە دنیاوە، ئەم قسەیەیان بە سەیر و پێکەنین هێنەر دێتە بەرچاو. بەڵام هەمیشە لە رووناکبیری خۆرئاوادا، چەند ئەندێشەیەکی زۆر پەیوەست بەم فیکرەوە هەبووە. فەیلەسوفە ئایدیالیستە تازەکان یان ئەو فەیلەسوفانەی مانا بە ڕەسەن دەزانن"واتە ماناگەران" بەڵگەیان هێناوەتەوە کە دەبێ مەعریفەی خۆڕسك"زگماك" یان وێنا کردنی خۆڕسك لە ئێمەدا هەبێ. بەڕای من، پەیڕەوانی زۆربەی ئایینە گەورەکانیش باوەڕیان بەشتێکی لەم جۆرە هەیە. ئەمڕۆ هەتا بیریارێکی دیاری وەکو (چۆمسکی – chomsky)یش بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە کە کاتێ ئێمە لە دایك دەبین، سەراپای ڕێزمانێك لە مێشکماندا بەرنامە ڕێژی کراوە. بەمپێیە، باوەڕێکی لەم جۆرە، ئەگەر لە بارەیەوە بەجدی لێکۆڵینەوە بکرێ، بەڕاستی دەبێ حسابی جدی بۆ بکرێ. ئەو فۆرمەی کە ئەفلاتون بەم مەسەلەیەی بەخشیوە چییە؟

بیورنییت: ئەفلاتون دەیوت کە زانین یان مەعریفە بەشێکە لە سروشتی زاتی خودە. خودی تۆ بەر لەوەی بێیتە دنیاوە ئەو مەعریفەیەی هەبووە. (ئەمە لە قۆناغێکدا بوو کە ئەفلاتون باوەڕی وا بوو خود پێش لە دایك بوونیش بوونی هەیە و جێکردنەوەی ئەو مەعریفەیە لە بەدەندا لەم دنیایەدا، یەکێکە لەبەرجەستە بوونە





بەردەوامەکانی). بەڵام بەڕای من، بۆ تێگەیشتن لە تیۆری بە یاد هێنانەوە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ خودی دیالۆگە سەرەتاییە سوکراتیەکان دەربارەی پێناسەی چەمکە ئەخلاقیەکان.

بۆ نموونە با نامەی لاخیس لەبەرچاو بگرین کە ئەم پرسیارەی تێدا دەخرێتە ڕوو کە (ئازایەتی چییە؟) لاخیس سەردارێکە کە سوکرات داوای لێدەکات لە ڕێگەیەوە پێناسەی ئازایەتی بکات. لاخیس لە وەڵامدا دەڵێت ئازایەتی جۆرێکە لە پایەداریی. پاشان سوکرات وەکو هەمیشە کە کەسێ شتێ پێناسە دەکات، دیسان چەند پرسیارێکی دیکە دەکات و دەپرسێت: "ئایا ئازایەتی هەمیشە و بەبێ بواردن سیفەتێکی پەسەند کرا و وستایشکراوە؟" لاخیس دەڵێ بەڵێ و پاشان سوکرات چەند بەڵگەیەك بۆ پایەداریی دەهێنێتەوە تا دواجار لاخیس بە ناچاری دان بەوەدا دەنێ کە پایەداریی بە هیچ شێوەیەك سیفەتێکی پەسەند کرا و نییە، بەڵکو کەللە ڕەقی و گێلییە.

ماگی: یان کەرێتییە...

بیورنییت: بەڵێ، کەرێتییە، یان دەشێ لە ڕووی ئەخلاقیەوە نەباش بێت و نەخراپ، بۆ نموونە وەکو سەڕافێك کە دەست لە پارەدان هەڵناگرێ لە تەحەمول کردنی زیانەکاندا پایەداری دەکات "بەردەوام دەبێت" چونکە دەزانێت دواجار قازانج دەکات. کەواتە ئەگەر پایەداری دەشێ ناپەسەند بێ، یان نە باش بێت و نە خراپ، لە کاتێکدا کە ئازایەتی هەمیشە باشە، ناکرێ وا بزانین ئازایەتی یەکسانە بە پایەداریی، تەنانەت یەکسان نییە بەو بەشەی پایەدارییش کە مەعریفە بکاتە ڕێنمای خۆی. ئەمە نموونەی باوی دیالۆگی سوکراتییە.

بەڵام تەنیا شتێك كە بەپێی لۆجیك سەلمێنراوە ئەوەیە كە بیرو باوەڕەكانی لاخیس لەگەڵ یەكتری دا ناكۆكن، ئەگەر بە گشتی وەڵامەكانی لەبەرچاو بگرین، دەبینین لەگەڵ یەكتری ناكۆكن. یەعنی لە یەك كاتدا ناشێ هەموویان ڕاست بن. دواجار ئەم مەسەلەیە خۆی لە خۆیدا پێمان ناڵێت كە كام لە وەڵامەكانی لاخیس لەگەڵ واقیع دا نایەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، سوكرات وەكو شتێكی ئاسایی وا خۆی دەنوێنێ كە ئەو پێناسەیەی كە بەرامبەر پێشنیازی كردووە — یەعنی لەم بارەیەوە، پێناسەكەی لاخیس كە ئازایەتی وەكو بەشێك لە پایەداریی پێناسە دەكات– بە تاڵە و درۆكەی سەلمێنراوە. بەمپێیە، بەكردەوە وەڵامە لاوەكی و فەرعیەكانی لاخیس بەڕاستگۆ دەناسێنێ یان، بەهەرحاڵ، بە ڕاستگۆتر لە پێناسەی پێشنیاز كراوی دادەنێ و ئەم وەڵامانە دەكات بە بنەما بۆ بەتاڵ كردنەوەی پێناسەكە و دەڵێت "ئەم وەڵامە (یەعنی پێناسەكە) لەبەر ئەوەی لەگەڵ واقیعدا نایەتەوە دەبێ بخرێتە لاوە.

ماگی: ئەو خاڵەی كە ئێستا باست كرد، لە ڕوانگەی هەر بیریارێكی جدییەوە گرنگیەكی لە سڕینەوە نەهاتووی هەیە. هەمووومان پێمانوایە كە ڕەنگە بە دیالۆگ بگەینە ڕاستی. بەڵام دیالۆگ توانایەكی لەو جۆرەی نییە. دیالۆگ لەوە زیاتری لە دەست نایەت كە ئەوەمان پێ نیشانبدات ئەنجامی قسەكەمان بۆ ئەو پێشەكیەی كە دامانڕشتووە پێویست دەبێ یان نا. بەڵام بەو گریمانەی كە پێویستیش دەبێ، پێویست نییە بێگومان ڕاست بێت.

بیورنییت: پێموایە هەمووومان شەیدای ئەو بیرەین كە بە دیالۆگ دەتوانین بگەینە ڕاستی، لە كاتێكدا كە ئەگەر بە ڕاست و دروستی ئەمە





هەڵبسەنگێنین، دەبینین ئاراستەكردنی ئەو بیرە زۆر سەختە. سوكراتیش بە نیازی ئاراستەكردنی نییە. تەنها پرسیار دەكات و وەڵامەكان لە جێگایەك كۆ دەكاتەوە بۆ ئەوەی ناكۆكی نیشان بدات و پاشان ئیدیعای ئەوە دەكات كە پێناسەكەی بە تاڵ كردۆتەوە. ئەگەر بمانەوێ تیۆرێك دەربارەی میتۆدی كاری سوكرات بخەینە ڕوو، دەبێ فكرێكی وەك ئەوەی هەردوكمان ئاماژەمان بۆ كرد بخەینە ڕوو، بەو مەعنایەی كە بڵێین هەموو كەسێ دەتوانێ بەو ئامرازانەی كە خۆی بیریان لێدەكاتەوە، هۆكاری سەركەوتنی ڕاستگۆیی بەسەر درۆدا فەراهەم بكات. ئەمەش ڕاست ئەو كارەیە كە ئەفلاتون لە (مینون)دا دەیكات . تیۆرێك دەربارەی شێوازی دیالۆگی فەلسەفی یان دیالۆگی سوكراتیانە دەخاتە ڕوو و دەڵێت زانینی وەڵامی ڕاستی پرسیاری وەكو "ئازایەتی چییە؟". "دادپەروەریی چییە؟" بەشێوەیەكی نادیار لە زیهنی هەمووماندا هەیە. ئەم زانینەی كە بە قووڵی لە ناخی ئێمەدا خۆی حەشار داوە ڕاستەوخۆ لەبەردەستماندا نییە، توانای ئەوەمان دەداتێ كە وەڵامە ناڕاستەكان ڕەتبكەینەوە و ئەوە نیشان بدەین كە ناڕاستن. لە بەشێكی دیالۆگی سوكرات دا لەگەڵ لاخیس، بە پشت بەستن بە هەندێ لە گۆتەكانی خودی لاخیس ئەوە دەسەلمێنرێ كە گۆتەكانی دیكەی وەكو پێویست لەگەڵ واقیعدا نایەتەوە. ئەو زانینەی كە ئاماژەمان بۆ كرد لە هەمان بەشدا كەم كەم دێتە دەرێ.

ماگی: لەو گفتوگۆیانەی كە پێشان كردمان دەزانم كە بە باوەڕی تۆ، ئەو تیۆرەی كە شیتكردەوە بنەمای تیۆرێكی گرنگی دیكەیە كە پەیوەستە بە قۆناغی ناوەڕاستی ئەفلاتونەوە، یەعنی تیۆری نموونە كە

لە هەموو تیۆرەکانی دیکەی ئەو زیاتر نفوزی هەبووە، بە جۆرێ کە زاراوەی "فەلسەفەی ئەفلاتون" بەشێوەیەکی سەرەکی بە یەکسان بەو تیۆرە دادەنرێ. دەکرێ لەم بارەیەوە روونکردنەوەیەکمان بدەیتێ؟

بیورنییت: میحوەری ئەو دیالۆگە سوکراتیانەی کە لە بارەیانەوە قسەمان دەکرد، گەڕان بوو بەدوای دۆزینەوەی پێناسەکاندا. پرسیار ئەوە بوو کە پێناسەی ئازایەتی چییە. پێناسەی جوانیی چییە؟ پێناسەی دادپەروەریی چییە؟ ئەگەر وایدابنێین کە زانینی وەڵامی راستی ئەم پرسیارانە بەشێوەیەکی شاراوە لە ناخی ئێمەدا هەیە و ئەم زانینەمان بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە جیهانی هەست و ئەزموون و لە پێش ئەوە دا هەبووە – یەعنی هەمان ئەو جیهانەی کە تیایدا دەژین و هەستەکانمانی تێدا دەخەینە گەڕ و تیایدا، بەملاو بەولادا دەچین – بە دەربڕینێکی دیکە ئەگەر زانینی ئێمە بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە هەموو ئەو شتانە و لە پێشیانەوە هەبێ، لەو حاڵەتەدا گومان لەوەدا نییە کە ئەوەی دەیزانین – یەعنی ئەوەی لە بارەیەوە زانینمان هەیە، وەکو دادپەروەریی و جوانیی و ئازایەتی – خۆشی دەبێ لەم دنیایەدا کە تیایدا دەژین سەربەخۆ بێ و لەم دنیایە کۆنتر بێ. بنەمای تیۆری نموونە هەمان ئەم مەسەلەیەی دواییە، بەم مەعنایە کە دادپەروەریی و جوانی و غەیری ئەوەو بوونیان سەربەخۆیە لە هەمووکارێکی دادپەروەرانەو هەموو کەسە دادپەروەرەکان و هەموو شتەکان و هەموو وکەسێکی جوان کە ڕەنگە لە جیهانی هەست پێکراوادا بیاندۆزینەوە و لە پێش هەموو ئەمانەوەیە. جوانی و دادپەروەریی بوونێکی جیا و سەربەخۆیان هەیە. ئەمەش یەعنی تیۆری نموونە.





ماگی: ئەو باوەڕەی کە جیهانێکی دیکەی غەیری ئەم دنیایە هەیە – جیهانێکی نموونەیی یان ئایدیایی – کە هەر بەهاو مەعنایەك بە دنیای ئێمە بدات، لەو جیهانەدا هەیە، کاریگەریی و نفوزێکی بێسنوور و حسابی لەسەر تاسەری ڕۆشنبیریی ئێمەدا هەبووە، وانییە؟

بیورنییت: چۆن وانییە، وایە.

ماگی: بۆ نموونە – بۆ ئەوەی گرنگترین نموونەمان لەبەرچاو گرتبێ – لە ئایینی مەسیحیدا فەلسەفەی ئەفلاتون کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لەسەر مەسیحیەت.

بیورنییت: بەڵێ، ڕاستە، بەڵام، بەڕای من، دەبێ لە بەکارهێنانی دەستەواژەی وەکو "جیهانی نموونە" یان "جیهانێکی دیکە"دا وردبین. ئەفلاتون ئەم دەستەواژانەی بەکار دەهێنا، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەوە کە دەشێ ئێمە بیری لێبکەینەوە، مەبەستی لەو ناکۆکیە نییە کە لە نێوان کۆمەڵێ شتی تایبەتی و کۆمەڵێ شتی دیکەی کوتومت وەك ئەوانەدا هەیە، لە کۆتاییدا بەشێوەیەکی کامڵتر و ئەبستراکت تر لە جێگایەکی دیکەدا، ئەو ناکۆکیەی ئەفلاتون مەبەستێتی بۆ نموونە لە جێگایەکی وەکو ئاسماندا بریتییە لە ناکۆکی نێوان گشت و تایبەت. پرسیارێکی لەو بابەتەی "دادپەروەریی چییە؟"، "جوانیی چییە؟" و غەیری ئەمانە، پرسیارێکە گشتی، پرسیارێکە دەربارەی دادپەروەریی و جوانی و بەشێوەیەکی گشتی پرسیارێك نییە دەربارەی شتێکی تایبەتی هەر ئێستا و لێرەدا. دەبێ ئەو ناکۆکیە لەبەر چاو بگیرێ.

لە نامەی (فایدۆن) و لە جێگایەکدا سوکرات دەڵێت کە کارکردن لە فەلسەفەدا یەعنی مەشق کردن بۆ مەرگ. باواز لەوە بێنین کە کارکردن لە فەلسەفەدا لە راستیدا یەعنی مەشق کردن بە مردوویی (ئەوانەی لەوێن پێدەکەنن) چۆن سوکرات قسەی وا دەکات؟ لەبەر ئەوەی مردن یەعنی جیابوونەوەی رۆح لە لەش، و کاتێ تۆ لە فەلسەفەدا کاردەکەی، هەتا ئەو شوێنەی دەتوانیت ڕۆحت لە لەشت بە دوور دەگریت چونکە لە بیری ئێستا و ئەوە دانیت کە لەشت هەیە. کاتێ دەپرسیت "دادپەروەریی چییە؟" مەبەستت لەوەیە کە دادپەروەریی لە هەر کات و شوێنێکدا خۆی لە خۆیدا چییە، مەبەستت لەوە نییە کە "ئەمڕۆ یان دوێنێ کێ زوڵمی لە من کرد؟" کاتێ دەپرسی "جوانی چییە؟" مەبەستت لەوە نییە کە "جوانترین کەس لەم ژوورەدا کێیە؟" بەمپێیە، ئەگەر لە بیری ئێرە و ئێستادا نەبیت، بەو مەعنایەی ئەفلاتون مەبەستێتی ئێستا لێرە نیت. لەو شوێنەی کە رۆحتی لێیە– هەڵبەتە نەك لەو لایەنەوە کە لە جێگایەکی تایبەتی ترو باشتری، بەڵکو لەو ڕوانگەیەوە کە بەو مەعنایە لە هیچ کوێ نیت. لە شتە گشتیەکاندا نقوم بوویت. ئەنجام ئەوەیە کە، بەکارهێنانی دەستەواژەی "جیهانی نموونەکان" کێشەیەکی تێدا نییە بەو مەرجەی کە ئاگامان لەوە بێ مەبەست لەو دەستەواژەیە، قەڵەمڕەوی شتە گشتیە جێگیرەکانە کە گۆڕان قبوڵ ناکەن.

ماگی: ئەو دیالۆگانەی قۆناغی ناوەڕاست کە ئێستا قسەی لەسەر دەکەین واتە – مینون و فایدۆن و کۆمار و خوان و فایدروس – لە کاتێکدا نووسراون کە ئەفلاتون لە لوتکەی بە تواناییدا بوو. لەبەر ئەوە، پێموایە خراپ نییە کەمێك لەسەریان بوەستین و چاوێك بە چۆنایەتی





ئەدەبی و باقی چۆنایەتیەکانی دیکەیاندا بخشێنین لە ڕووی هونەرییەوە، بۆچی کەسانێك ئەم نامانە بە چەند شاکارێ دەزانن لە بالاترین رادەی هونەری ئەدەبیدا؟

بیورنییت: لەبەر ئەوەی هێندە زیندوون چەند فەیلەسوفێکی دیکەش وەکو کسنوفون و سیسرون و ئۆگەستین و بارکلی و هیوم، چ لە سەردەمی کۆن و چ لە سەردەمی نوێدا، هەوڵیانداوە بابەتەکانیان لە قاڵبی دیالۆگ یان گفتوگۆدا بنووسن. بەڵام تەنها کەسێك لەو لیستەدا کە دەشێ تەنانەت کەمێك لەگەڵ ئەفلاتوندا قابیلی بەراوردکردن بێ هیوم–ە، و بەڕای من، لەبەرئەوەی کە ئەویش وەکو ئەفلاتون، بەلای کەمەوە بەقەد ئەو ئەنجامانەی بە دەست دەهێنرێن گرنگی بە جوڵەی بیری فەلسەفی دەدات. لای کسنوفون و بارکلی ئەوە ئاشکرایە کە ئەوەی نووسەر گرنگی پێدەدات وەڵامەکانە، نە ئەو جوڵە و سەفەرەی کە دەبێ بەرەو ڕوویان بکرێ. سەبارەت بە ئەفلاتون، دەبێ مامۆستاییەکەشی لە قسەکردندا بخەینە سەر ئەوەی لە بارەیەوە وتمان: یەعنی ئەو زمانەی کە لایەکی شەپۆلی وەسفی درێژ و خەیاڵ ئەنگێزە و لاکەی تریشی بریتیە لە شیکردنەوەی جدی و لە هەموو باق و بریق و شاخ و گوێیەك پاك کراوەتەوەو تیایدا قسەی خۆش و وەڵامی حازر بە دەستی ناسکیش بەدی دەکرێ. پاشان دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەفلاتون بە چ شارەزاییەکەوە تەنانەت تەم و مژاویترین و ئاڵۆزترین ئەندێشە وەکو ڕۆژی رووناك، روون دەکاتەوە. ئەگەر بمانەوێ درێژەی بدەینێ، دەبێ هەروا بەردەوام شتی تازەی بخەینە سەر و دواجار بڵێین کە ئەفلاتون، هەم لە هونەردا سەرسوڕهێنەرەو هەم لە فەلسەفەدا کەسێکی بلیمەتە.

ماگی: لە کۆنەوە باوەڕ وابووە کە شاکاری ئەفلاتون "کۆمار"ە ئایا تۆش هەمان باوەڕت هەیە؟

بیورنییت: بەڵێ، هەمان باوەڕم هەیە.

ماگی: بۆچی؟

بیورنییت: لەبەر ئەوەی پێموایە ئەفلاتون لە کۆماردا زیاتر لە هەر نووسینێکی دیکە ئەم باوەڕەی خۆی دەسەلمێنێ کە هەر مەسەلەیەک بە مەسەلەیەکی دیکەوە گرێدراوە. لێکۆڵینەوە هەرگیز نابێ بوەستێ لەبەر ئەوەی "هەر ئەنجامێکمان کە بەدەست هێناوە" بەرەو مەسەلەی دوای خۆی بەکێش دەکرێ. ئەفلاتون لە پرسیاری سوکراتیانە و سادەی هاوڕێکی باوەوە دەست پێدەکات و دەپرسێت "دادپەروەریی چییە؟" ئەم پرسیارە پرسیارێکی دیکەی لێدەکەوێتەوە کە "ئایا داد پەروەریی سوود بە کەسی دادپەروەر دەگەیەنێ؟" گرنگترین کاری کە کۆمار دەبێ بیکات ئەوەیە کە نیشانی بدات دادپەروەریی سوود بە خودی کەسی دادپەروەر دەگەیەنێ و تۆ بۆ ئەوەی بەختەوەر بی، زیاتر لە هەر شتێکی دیکە پێویستت بە دادپەروەریی هەیە، و بە پێچەوانەی ئەمەوە مرۆڤی زۆردار بەدبەختترین و بێنەواترین بوونەوەرە. ئەفلاتون دەبینێ بۆ سەلماندنی ئەم بابەتانە، دەبێ تیۆرێک سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ بخاتە ڕوو. خود دابەش دەکات بۆ سێ بەش و لە هەمان شوێندا لە قسەکەی سوکرات دەکشێتەوە کە دەیوت فەزڵ یەعنی مەعریفە. بەرەبەرە ئەوە ئاشکرا دەبێ کە فەزڵ جگە لە مەعریفە و زانست شتی دیکەشی لە خۆ گرتووە، هەرچەندە دەبێ جڵەوی هەموو کاروبارەکان بە دەست مەعریفەوە بێت. بەڵام خودی ئەو بیرەی کە دەڵێ جڵەوی فاکتەرە دەروونییە غەیرە عەقڵییەکان دەشێ و دەبێ لە دەستی





مەعریفەدابێ، ڕێگا بۆ بیرێکی دیکە دەکاتەوە کە دەڵێ لە کۆمەڵدا دەبێ زانست و مەعریفە فەرمانڕەوا بن. بەمپێیە لە زانستی سیاسەتدا دەگەینە تیۆرێک کە شێوەیەکی تازەو باشتر لە کۆمەڵدا بۆ ژیان ڕەسم دەکات. لە هەمان کاتدا، ئەو تەئکیدەی کە لەسەر ئەو ئەندێشەیە بنیات نراوە کە زانست دەبێ جڵەوی کاروبارەکان بگرێتە دەست، ئەم پرسیارە دەخاتە ڕوو کە: "چ زانستێ دەبێ جڵەوی کارەکانی لە دەستدابێ و لە بنەڕەتدا زانست چییە و بۆچی لە زەن و گومان باشترە؟" بەمپێیە دەگەینە تیۆرێک دەربارەی مەعریفەزانی کە کەم کەم فراوان دەبێ و دەبێتە لێکۆڵینەوە لە ناو زانستەکاندا. باسێکی ئاسان سەبارەت بە بیرکاری دێتە پێشێ. بە چاوی دڵ دەبینین کە تێگەیشتنی تەواو لەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژین یەعنی چی و ئەمە بۆ سەلماندنی ئەو ئیدیعایەیە کە ئەو تێگەیشتن و دەرککردنەی مەبەستمانە هەمان ئەو شتەیە کە دەبێ بەسەر خۆماندا چ وەکو تاک و چ وەکو کۆمەڵ — باڵ بکێشێ، چونکە سوودەکانی دادپەروەریی، هەم وەکو تاک و هەم وەکو کۆمەڵ بەر ئێمە دەکەوێ.

دوای ئەو هەموو ئەنجامەی کە لەو پرسیارەوە — واتە "دادپەروەریی چییە؟" — دەسدەکەوێ، بێگومان تەنیا ئەنجامێک کە دەشێ بە دەست بهێنرێ بریتییە لە بوونی ژیانی ئەو دنیا و ئەفسانەی "ئەر – myth of Er"ە لە کۆتایی کتێبەکەدایە. ڕەنگە بشێ بگوترێ کە کۆمار ئەو باوەڕە دەگەیەنێتە قۆناغی پراکتیک کە باس و لێکۆڵینەوە هەتا کاتی مردن کۆتایی نایەت.



ئەفلاتون (دەوروبەری ٤٢٧ ـ ٣٤٧ پ.ز)

ماگی: کۆمار بەڕادەیەك دەوڵەمەند و پڕ مانایە کە لەم باسەدا لە توانادا نییە لە هەموو تان و پۆکانی بکۆڵینەوە. بەڵام بێگومان یەکێك بووە لە کتێبە بە نفوزەکان لەسەراپای مێژووی رووناکبیریی ئێمەدا و هیوادارم لای هەندێ کەس پاڵنەری خوێندنەوەی دروست بووبێ.

بابچینە سەر دوا قۆناغی دیالۆگەکانی ئەفلاتون. بە هەمان شێوە کاتێ لە دیالۆگەکانی قۆناغی سەرەتاوە بەرەو قۆناغی ناوەڕاست دەچووین، گۆڕانکاریمان بینی، کاتێ لە قۆناغی ناوەڕاستیشەوە دەچینە سەر دوا قۆناغی دیالۆگەکان، گۆڕانکارییەکی دیکە دەبینین. لەناکاو چۆنێتی ئەدەبی و دراماتیکی و دڵگیری دیالۆگەکان کەم دەبێتەوە و بە قسەی هاوچەرخەکان زیاتر ڕووبەڕووی چەند نامەیەکی شیکاریی و هەتا زانکۆیی دەبینەوە. ئەمە بۆچی وایە؟

بیورنییت: من باوەڕم وانییە کە چۆنێتی دراماتیکی کەمتر دەبێتەوە. مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەو تەنز و خۆگێل کردن و مەجاز و وشەکاریی و باقی ئەو ڕێو شوێنە هونەرییانەی کە لە بەرهەمەکانی پێشوودا بۆ ڕەسم کردنی روخساری ئەو کەسانە تەرخان دەکرا کە لە دیالۆگەکاندا بەشداری دەکەن، لێرەدا بۆ ئەوە تەرخان دەکرێ کە ئەندێشە و بەڵگەهێنانەوەکان بەشێوەیەکی زیندووتر بخاتە ڕوو. زۆر کات، بەڵگە و ئەندێشەکان ئەوانەن کە لە نووسینەکانی پێشووی ئەفلاتوندا، وەکو کۆمار یان فایدۆن، پێی ئاشنا بووین. سەرسووڕهێنەرترین مەسەلە لای ئەفلاتون ئەوەیە کە پەیوەندیی لەگەڵ خوێنەرەکانیدا دروست دەکات بەشێوەیەك کە لە هەر نووسینێکدا دەتوانێت بەراستی ئەوە بزانێت کە خوێنەر بەرهەمەکانی پێشتری





ئەوی خوێندۆتەوە. پێموایە لە مێژوودا ئەفلاتون یەکەم کەسە کە لەم کارەدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا بێ. ئەفلاتون ئەو پەیوەندییە بەکار دەهێنێ بۆ ئەوەی بتوانێ بە تەلمیح هەندێ شت بڵێ و شەپۆڵ و دەنگدانەوەیەکی زیاتر بەڕیتمی قسەکەی بدات و کاتێ دەیەوێ بە پێچەوانەی چاوەڕوانی خوێنەرەوە شتێك بڵێت، خوێنەر غافڵگیر بکات. بەڵام لە جێگایەکدا بە باشترین شێوەو بەکارامەیی تەواوەوە ئەم شێوەیە بەکاردەهێنێ کە بیەوێ لەبەرچاوی هەمووان بۆ خۆی لە مەسەلەکە بکۆڵێتەوەو بە دڵنیاییەوە لەوەی کە خوێنەر بە ئەندێشەکانی پێشووی ئەو ئاشنایە، بیەوێ دووبارە لەو ئەندێشانە بکۆڵێتەوەو بە تەلمیح بە خوێنەر بڵێ: "ئەوەندەش بۆ فایدۆن و کۆمار خۆت مەبووڕێنەرەوە. ڕاستە زۆر جوان بوون، بەڵام ئەو ڕاستیانەی لەوێدا وتومن – ئەگەر بکرێ ناویان بنرێ ڕاستی – ئەگەر لە بەرامبەر رەخنەدا قابیلی داکۆکی لێکردن نەبن بۆ منیش و بۆ تۆش بەهایان نابێت. ڕەنگە لە بنەڕەتدا هیچیان راستییان لە خۆ نەگرتبێ. ڕەنگە هەموویان هەڵەبن. کەواتە بیەڵە با هەندێ لەوانە هەڵبژێرین و بەڕاستی بیخەینە بەر ڕەخنە و شیکردنەوەیەکی توندەوە.

ماگی: ئەگەر بتویستایە یەکێك لە دیالۆگەکانی قۆناغی کۆتایی لەوانی دیکە جیا بکەیتەوەو پەسەند بکرێ، کامیانت هەڵدەبژارد؟

بیورنییت: باشترین نموونە نامەی – پارمنیدس –ە کە تیایدا وەزعی سوکرات پێچەوانە دەبێتەوە. سوکرات لێرەدا دیسان تیۆری نموونە شیدەکاتەوە کە پێشان لە فایدۆندا باسی کردووە. بێگومان تیۆرەکە هەر تیۆرەکەی فایدۆنە، نەك تەنها لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، بەڵکو

هەروەها لە ڕووی دەنگدانەوەی وشەکانی فایدۆنیشەوە، لەم دیالۆگەدا ئەفلاتون بە ئاشکرا دەیەوێ خوێنەرانی دەستنیشان بکات و بەسەراسیمەییەوە بە خۆی بڵێ "سەیرە! ئەمە هەر سوکراتەکەی فایدۆنە کە ئەم جارە لە جیاتی ئەوەی پرسیار بکات، دەبێ وەڵام بداتەوە" ئەو کەسەی کە لەم دیالۆگەدا بە پرسیار سوکرات دادەگرێتەوە، پارمنیدسی پیرە کە بە زنجیرەیەك ڕەخنە و نارەزایی و دژواری دروستکردن وەها تیۆری نموونەکەی سوکرات دادەگرێتەوە کە زۆر لە فەیلەسوفەکانی دوای ئەرستۆ باوەڕیان بەوە هێناوە کە ئەو ڕەخنانە ڕوخێنەرن. بەڵام ئەفلاتون وەڵامی مەسەلەکە بە ئێمە ناڵێ. لە زمانی پارمنیدسەوە دژوارییەکان باس دەکات و لێدەگەرێ ئێمە خۆمان بڕیار بدەین کە ئایا نارەزاییەکان هەن یان نین، ئەگەر هەن ئێمە چۆن مامەڵە لەگەڵ تیۆری نموونەدا بکەین.

ماگی: ئەو نامەیەی کە هەندێك پێیان وایە لە دوا قۆناغدا نووسراوە و هەندێکی تر باوەڕیان وایە پەیوەندی بە قۆناغی ناوەڕاستەوە هەیە، (تیمایوس)ە کە لەگەڵ تەواوی دیالۆگەکاندا جیاوازی هەیە، یەکێ لە جیاوازییەکان لەو ڕووەوەیەکە بابەتەکەی زیاتر جیهانناسی (کۆسمۆلۆجی) و زانستە تا فەلسەفە، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی لەبەر ئەوەیە کە ئەفسانەیەکی شاعیرانەی لە خۆ گرتووە دەربارەی خوڵقاندن کە لە (سفر تکوین- کتێبی دروسبوون) ی کتێبی پیرۆز دەچێ. لە بنەڕەتدا ئەفلاتون بۆچی شتێکی وای نووسیوە؟ مەبەستم لەم پرسیارە زیاتر ئەوەیە کە ئایا، بەڕای ئێوە، کە بەڕاستی ئەفلاتون کوتومت باوەڕی بەو ئەفسانەیە هەیە کە دەربارەی خوڵقاندن دروست



فەیلەسوفە مەزنەکان

کراوە؟ واتە بەهەمان شێوەی کە دەبێ وایدابنێین جولەکە کۆنەکان باوەڕیان بە (سفرتکوین) هەبوو؟

بیورنییت: بیرو بۆچوونی خودی خۆم ئەوەیە کە ئەفلاتون لەسەدا سەد باوەڕی بە (سفرتکوین) نەبووە. ئەم مەسەلەیە لە سەردەمی کۆندا جێگای مشتومڕ و ناکۆکی بوو، نزیکترین یاران و هاوکارانی ئەفلاتون قسەیان ئەوە بوو کە حیکایەتی تیمایوس سەبارەت بەو دروستکەرەی کە ڕەگەز پەرێشانی و بێ سەرەو بەرەیی دەگۆڕێ بە نیزام، لە ڕاستیدا شیکردنەوەی بیرو بۆچوونەکانی ئەفلاتونە دەربارەی بنەمای بنچینەیی گەردون، بە زمانێکی ئەوپەڕی زیندوو وپڕ وێنە. بۆچوونی ئەفلاتون ئەوە بوو کە سەراپای دنیا بەرهەمی بەرێساییکردنی بێڕساییە و مەبەستی لە ڕێسا، بە پلەی یەکەم ڕێسای بیرکاری بوو، هەڵبەتە ئەمە لەگەڵ (سفر تکوین)دا جیاوازی زۆرە. خودای خوڵقێنەر لای ئەفلاتون عەقڵێکی بیرکارییە کە لەسەر جیهان ئیش دەکات.

ماگی: بەمپێیە، ئەوەی لەم نامەیەدا دەیخوێنینەوە بریتییە لە دەربڕینی ئەو مەسەلەیەی کە جیهان کە لە کۆنترین ڕۆژگارەوە بۆ هەموو مرۆڤێکی خاوەن بیر لە ناو پەردەی نهێنیدا خۆی حەشار داوە، لە ڕاستیدا بە هێزی عەقڵ قابیلی لێ تێگەیشتنە؟ لە کۆتاییدا ئەوەیە کە ئەم مەسەلەیە بە زمانێکی شیعریی بەیانکراوە؟

بیورنییت: ڕێك وایە. هەڵبەتە مەسەلەکی وا بەو گشتێتییە کە لەسەر ئەوە بنیات نرابێ کە سەراپای گەردون بەرهەمی بە ڕێساییکردنی بێڕێساییە، شتێك نییە کە نەبە شێوەیەکی گشتی قابیلی سەلماندن بێ نە بەشێوەیەکی تایبەتی و بەش بەش. ئەفلاتون بە

تەواوی ئاگاداری ئەم خاڵە بوو هەر بۆیە، وێڕای لایەنەکانی تر، مەسەلەکەی لە بەرگی ئەفسانەدا تەرحکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ لێکۆڵینەوە لە شتێك ئیلهامی لەو ئەفسانەیە وەرگرت کە زۆر بە جدی لێکی دەدایەوە، واتە ئەو بەرنامە توێژینەوەییەی کە دیارترین بیرکاری زانانی سەردەمی خۆی لە ئەکادیمیاکەیدا بۆ جێبەجێ کردنی دامەزراند. هەر پێشکەوتنێ لە ئەندازیاریی و ئەستێرە ناسی بیرکاریی و هارمۆنیك لە بیرکاریدا و تەنانەت هەر پێشکەوتنێ لەو تیۆرە پزیشکییەدا کە نەخۆشی و تەندروستی ئەنجامی هاوسەنگی و گونجاوین لە بەشەکانی میزاجدا، هەریەکە لەم هەنگاوانە بەڵگەیەکی ترن بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئەفلاتون بایەخی پێدەدا، یەعنی ئەو بیرەی کە دەبێ لە ڕێسا و هاو ئاهەنگی و گونجاویی بیرکارییدا بۆ هۆی شتەکان بگەڕێین. وێرای ئەمەش، لەوێوە کە ئەم هاوئاهەنگی و گونجاویە بیرکاریانە بەرای ئەفلاتون باشترین نموونەی چاکی و جوانین، بەرنامەی توێژینەوەیی ئەفلاتون بەشێوەیەك بەرنامە ڕێژیکراوە کە نیشانی بدات فاکتەری بنچینەیی لە دۆزینەوەی هۆکار لە سەراپای جیهاندا، بریتییە لە چاکی و جوانی.

ماگی: ئەم مەسەلەیە لەگەڵ کۆماردا چۆن دێتەوە؟ لەبەرئەوە دەپرسم کە یەکێ لەو خاڵانەی خۆت چەند دەقەیەك بەر لە ئێستا لە باسی کۆماردا بە جوانی روونت کردەوە ئەوە بوو کە کۆمار بە مەعنایەك فەلسەفەیەکی کاملی لە خۆگرتووە. ئەگەر وایە، ئەوەی ئەفلاتون لە تیمایوسدا دەیڵێت چۆن لەگەڵ کۆماردا دێتەوە؟





بیورنییت: بەڕای من، لەگەڵ کۆماریشدا کوتومت دێتەوە. لە کۆماردا هێڵە سەرەکیەکانی بەرنامەیەکی زانستی — و لە قۆناغی یەکەمدا بەرنامەیەکی زانستی بیرکاریی — بۆ تێگەیشتن لە جیهان ڕەسمکراوە. لە تیمایوسدا ئەفلاتون دەست بە جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە و جێبەجێکردنی پشکەکەی خۆی دەکات. ئەوەت لە یاد نەچێ کە هەم لە سەردەمی کۆن و هەم تاماوەیەکی زۆر دوای ئەوە، کاتێ خەڵك دەیانەویست فەلسەفەی ئەفلاتون لە زمانی خۆیەوە بخوێننەوە، دەگەڕانەوە بۆ تیمایوس و تاڕادەیەك تا ئەم دواییانە، تیمایوس بە بەرهەمی سەرەکی ئەو دەزانرا نەك کۆمار.

ماگی: بەمپێیە، کۆسمۆلۆجی و ئەو زانستەی کەلە تیمایوسدا هاتووە، بەر لەوەی بە کردەوە باس بکرێ و بخەملێ، لە مەیدانی ئیمکاندا لە کۆماردا پێشبینی کراوە؟

بیورنییت: بەڵێ لە بەشی بەرایی دیالۆگی تیمایوسدا، وەکو باسێ دەناسێنرێ کە لە ڕووی دراماتیکییەوە، درێژەی باسی کۆمارە. ئەو بیرکاریزانانەی کە ئەفلاتون لە ئەکادیمیاکەیدا کۆی کردبوونەوە، پێشنیازەکانی کۆمار — یان بە قسەی من، بەرنامەی توێژینەوەییان — بۆ پێش خستنی زانستە بیرکارییەکان جێبەجێ کردبوو بۆ ئەوەی هێزو و سنووری ڕێسای بیرکاریی جێگیر بکەن. زۆر لە سەرکەوتنە گەورەکانی یۆنانیەکان لە زانستی بیرکاریدا تا سەردەمی بەتلیمۆس، لە هەوڵ و کۆششی ئەو بیرکاریزانانەوە سەرچاوەی گرتبوو. گرووپی بەتلیمۆسی ئەنجامی کۆتایی ئەو توێژینەوانەیە کە بە پێی پێشنیازەکانی ئەفلاتون سەبارەت بە زانستەکان لە ئەکادیمیاکەیدا

ئەنجام دەدرا. لەوێوە کە ڕێسای بیرکاری گوزارشتی تایبەتی ئەفلاتونە بۆ چاکە و جوانی، ئەو زانستانەی باسکران لە کاتێکدا کە ئەوە نیشان دەدەن جیهان لە ڕووی بیرکارییەوە قابیلی لێ تێگەیشتنە، زانستی بەهاکانیش لە کارەکە دێنە دەرێ بەمپێیە، لایەنە فەلسەفیەکانی کۆمار — واتە هەموو ئەو شتانەی کە فەرمانڕەوای دانا دەبێ لێیان تێ بگات — لە هەمان کاتدا بنەمایەك دەهێننە ئاراوە بۆ شێوازێکی تازەی سیاسەتی ڕادیکاڵ. ئەوەی کە فەرمانڕەواکان دەبێ بەر لە فەرمانڕەوایی کردن هەموومانی پێ فێر بکەن، ئەو زانستانەیە کە بابەتی بەخششیان هەم بەهاکان و بوونە.

ماگی: دیارە کە پسپۆڕیی تۆ لە یەکێك لە دیالۆگەکانی دوا قۆناغ، واتە لە (سیای تەتوس)دایە. چۆن ئەو بایەخە تایبەتیەت بەو بابەتە لا دروست بووە؟

بیورنییت: لەبەر ئەوەی سیای تەتوس بەڕای من لە ڕادەبەدەر هەژێنەرە و هەرگیز نەمتوانیووە بگەمە کۆتاییەکەی و هەر جارێ کە دووبارە دەچمەوە سەری و دەبینم چەند شتێکی تر هەن کە پێشان نەمدۆزیوونەتەوە. ئەمە هەمان ئەو نامەیەیە کە لایب نیتس تەرجومەی کردووە و بارکلی —ش زۆر شتی لە بارەیەوە نووسیوە و ڤێتگنشتاین وەکو سەرچاوە بەکاری هێناوە. نامەیەکە کە هەمیشە بۆ فەیلەسوفەکان بزوێنەر و هەژێنەر بووە.

ماگی: دەربارەی چییە؟

بیورنییت: ئەو پرسیارەی کە دەکرێ ئەوەیە کە "زانین چییە؟" سیای تەتوس —یش دیالۆگێکە بە هەمان شێواز و سیاقی دیالۆگی





سوکراتی کە لە دیالۆگەکانی پێشوودا هەبوو، بە کورتی بە پێودانێکی گەورەتر و فراوانتر. سێ وەڵام پێشنیاز دەکرێ: زانین واتە هەستکردنی حسی، زانین واتە داوەریی ڕاستگۆ، زانین واتە داوەریی ڕاستگۆ لەگەڵ باسکردنی هۆکاردا. هەموو ئەم وەڵامانە یەکەیەکە بە شێوازی سوکرات ڕەت دەکرێنەوە. ئەگەرچی تەنانەت لە کۆتاییشدا پێمان ناوترێ کە ئەفلاتون خۆی پێیوایە زانین چییە، بەڵام دەبینین دەربارەی مەسەلەکە و لق و پۆپەکانی ئەوەندە شتی تازە فێر بووین کە هەست دەکەین زانیاریمان لەو بارەیەوە دەوڵەمەند تر بووە نەك هەژار تر.

ماگی: هەڵبەتە هەتا ئەمڕۆ یەکدەنگی سەبارەت بە ماهیەتی وردی زانین وجودی نییە، بەڵام پێم وایە بۆچوونێك هەیە کە تەقریبەن هەمووان قبوڵیانە زیاتر لەوەی کە تۆ وتت نزیك دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو داوەرییانەی کە پشتگیریی لە زانین یان مەعریفە دەکەن دەبێ تا ئەوپەڕی لە دەرککردنی حسیەوە وەرگیرابن بەڵام لە ناوەڕۆکدا دەبێ بتوانین بە پێی عەقڵیش ئەو داوەرییانە ئاراستە بکەین.

بیورنییت: ئەوها، تۆ هەر ئێستا ڕێگە چارەیەکی سەرنجڕاکێشت دۆزییەوە بۆ ئەوکێشەیەی کە لە کۆتایی سیای تەتوسدا، لە دوای ڕەتکردنەوەی هەموو وەڵامەکان، هێشتا وەکو خۆی ماوەتەوە. سوکرات هەر سێ تێزەکەی بە تاڵ کردۆتەوە: یەکەمیان ئەوەیە کە زانین هەر دەرککردنی حسیە، دووەمیان ئەوەیە کە داوەریی ڕاستگۆیە، سێیەمیان ئەوەیە کە داوەریی ڕاستگۆیە لەگەڵ باسکردنی هۆکاردا. ئێستا تۆ ڕای خۆت دەردەبڕی کە ڕەنگە بە کۆکردنەوەی بنەماکانی هەرسێ پێناسەکە لە پێناسەیەکدا، بکرێ زانین پێناسە بکرێ و ڕەنگە پێناسەی زانین، لە

میتۆدۆلۆجیاوە بەدەست بێت. وەڵامی تۆ بۆ ئەم بەشەی نامەکە، وەڵامێکی زۆر شایستەیە، واتە ئەوەی کە کەسێك لەسەر بنەمای ئەوەی کە لە خودی نامەکەوە فێری بووە، بەشێوەیەکی سەربەخۆ پێناسەیەك پێشنیاز دەکات.

ماگی: بەر لە تەواو بوونی ئەم باسە، دەبێ دەربارەی مانەوەی ئەندێشەکانی ئەفلاتون لە قۆناغەکانی دوایشدا شتێك بڵێین، چونکە بێگومان فەلسەفەکەی ئەو لە ڕووی نفوز و کاریگەرییەوە لە سەرانسەری مێژوودا لە هیچ فەلسەفەیەکی دیکە کەمتر نەبووە. دەکرێ ئاماژەیەك بە هێڵە سەرەکیەکانی کاریگەریی ئەفلاتون بکەیت؟

بیورنییت: نابێ ئەوەمان لەیاد بچێ کە لە دنیای کۆندا دوو فەلسەفەی دژ بە ڕێبازی مادی یان (ماتریالیزم) هەبوون. خودی ڕێبازی مادی بەشێوەی ئەتۆمیزم یان (باوەڕ گەردیلەی لە بەشکردن نەهاتوو)ی لێهات کە دیموکریتوس و ئەپیکوروس هەردووکیان باوەڕیان پێی هەبوو. ئەفلاتون و ئەرستۆ هەردوکیان فەیلەسوفی دژی مادین و دژی ئەو بۆچوونەن کە هەموو شتێ — لە ژیان و ڕێکخستن و دەروون و شارستانیەتەوە بیگرە هەتا هونەر و سروشت — دەکرێ بە ئەنجامی جووڵەی گەردیلە مادییەکان بزانرێن کە تەنها یاساکانی جووڵە و سروشتی خۆیان بەسەریاندا زاڵە. دژایەتی ئەرستۆ بەڕادەیەك توند و قووڵە کە هەڵکردنی فەلسەفەکەی لەگەڵ زانستی نوێدا کە ئەو هەموو بابەتەی دەربارەی ئەتۆم و جووڵەی گەردیلە مادیەکان و شتی لەو بابەتەی تێدا هاتووە، زۆر دژوارە. بەرێکەوت نەبوو کە زانستی نوێ لە سەرەتای کارکردنیدا یەکەم دەبوو فەلسەفەکەی ئەرستۆ کە لە





سەدەکانی ناوەڕاست دا باڵا دەست بوو، لەسەر ڕێگەی خۆی ڕامالێ. بە پێچەوانەی ئەمەوە سازانی فەلسەفەکەی ئەفلاتون لەگەڵ زانستی نوێدا ئاسانترە و ، بەڕای من، فەلسەفەکەی ئەو بەو هۆیەوە توانی لە دوای مردنی فەلسەفەکەی، دیسان لە سەردەمی ڕێنیسانس و پاش ئەوەش درێژە بە ژیانی خۆی بدات. ئەگەر یەکێك بیەوێ ئەوە نیشانبدات چۆن دەتوانرێ بەها زانستی و ڕۆحانیەکان پێکەوە بگونجێنرێن، هەم دەتوانێ فەلسەفەکەی ئەفلاتون بەکار بێنێ و هەم بکەوێتە ژێر کاریگەرێتیەکەیەوە. ئەگەر یەکێك بیەوێ بەو شێوەیەی کە شایانێتی حەق بە ئاڵۆزیی و بەرزی و نزمیەکان بدات و باوەڕی بەوە هەبێ کە ڕێبازی مادی مەسەلەکان زۆر بە سادەیی دەخاتە ڕوو، ئەو فەیلەسوفەی کە دەبێ بۆ تەیار کردنی ئامراز و پێویستیەکانی و یارمەتی لێداواکردن بگەڕێتەوە بۆ لای ئەفلاتونە.

ماگی: بەلای ئێمەوە کە خەڵکانی سەدەی بیستەمین، بە تایبەتی ئەو ڕاستیە ڕەنگ و بۆی هاوچەرخی پێوەیە کە فەلسەفەکەی ئەفلاتون لەو بەرنامەیەدا کە بۆ تێگەیشتن لە جیهان ڕێکیخستووە، گرنگترین پایە بۆ فیزیای بیرکاری تەرخان دەکات.

بیورنییت: بەڵێ، وایە ئەوەی لە زانستی نوێدا چۆتە قۆناغی پراکتیکیەوە هەر ئەو شتەیە کە ئەفلاتون ئارەزووی ئەنجامدانی دەکرد. بەمپێیە، لە نێوان ئەو دوانەدا، جۆرێك لە هاوخەمی و سازان هەیە کە سەبارەت بە فەلسەفەکەی ئەرستۆ ڕاست نییە.



مارتا نوسباوم

# ئەرستۆ

# گفتوگۆ لەگەڵ مارتا نوس باوم ـ دا

## پێشەکی

ماگی: بیرو بۆچوونی ئێمە سەبارەت بە فەلسەفەی جیهانی کۆن لە ژێر کاریگەریی توندی دوو فەیلەسوفدایە: ئەفلاتون و ئەرستۆ. ئەفلاتون یەکەم فەیلەسوفە کە بەرهەمەکانی بەو شێوەیەی کە لە قەڵەمەکەی خۆی چۆڕاوەتەوە بە ئێمە گەیشتووە. ئەرستۆ دیارترین قوتابی ئەفلاتون بوو. ئەو زنجیرەیەی کە لێرەدا ڕووبەڕوومان بۆتەوە، ناوازە و نائاساییە. ئەرستۆ قوتابی ئەفلاتون بوو، ئەفلاتونیش قوتابی سوکرات. گومان هەیە سەبارەت بەوەی کە هەتا ئەمڕۆ فەیلەسوفێ هەبووبێ کە نفوز و کاریگەریی لە هەر کام لەم سێ فەیلەسوفە زیاتر بڕی کردبێ.

ئەرستۆ کوڕی پزیشکی دەرباری پاشای مەکدۆنیا بوو. ساڵی (٣٨٤ پ.ز) لە "ستاگیرا" هاتە دنیاوە و بۆ خوێندن نێردرا بۆ ئەسینا و لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا چووە ریزی قوتابییەکانی ئەفلاتونەوە لە ئەکادیمیاکەی و هەتا کاتی مردنی مامۆستاکەی لە ساڵی (٣٤٧ پ.ز)دا، بیست ساڵ لەوێ مایەوە. پاشان ئاوارە بوو و لەبەر هۆکاری سیاسی دوانزە ساڵ دوور لە نیشتمانەکەی ژیا. لەم ماوەیەدا زیاتر سەرقاڵی بایۆلۆجی بوو و "ماوەیەکی کەمیش مامۆستای ئەسکەندەری گەورە بوو". پاشان گەڕایەوە بۆ ئەسینا و قوتابخانەیەکی بە ناوی (لوکیڤن)ەوە دامەزراند و دوانزە ساڵ لەوێ مایەوە. بەڵام دیسان ناچار بوو بارگەو بنەی سەفەر بپێچێتەوە دوای ئەوە بە ساڵێك لە ساڵی (٣٢٢ پ.ز)دا، لە تەمەنی (٦٢) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.





تەنها دوو لەسەر پێنجی بەرهەمەکانی ئەرستۆ ماونەتەوە، بەڵام ئەم بڕەش دوانزە بەرگ دەبێت و هەموو زانیارییەکانی سەردەمی ئەرستۆ لە خۆی دەگرێ. بۆ بەدبەختی هەموو ئەو بەرهەمانەی کە ئەرستۆ خۆی بۆ بڵاوکردنەوە ئامادەی کردبوون لە سەراپای ڕۆژگاری کۆندا بەهۆی جوانی ستایلی نووسینیەوە مایەی ستایش بوون، لەناوچوون. ئەوەی ئەمڕۆ لەبەردەستماندایە کۆمەڵێ یاداشتە کە ئەرستۆ بۆ وانەکانی ئامادەکردووە و بە گشتیی ئەو هونەرە ئەدەبییەی تیا نییە کە لە نووسینەکانی ئەفلاتوندا بەدیدەکرێ کە لەبەردەستدان. بەم حاڵەوە، گومانێك سەبارەت بە چۆنێتی ناوەڕۆك و کاریگەریی ئەم نووسینانە لە ئارادا نییە. ئەو کەسەی کە بۆ قسە و باس لەم بوارەدا لێرە ئامادەیە، خانمی پرۆفیسۆر مارتا نوس باوم ( Martha Nussbaum ) ە کە مامۆستای زانکۆی براونە–Brown لە ئەمریکا کە زۆر زوو لە ژیانیدا ناوبانگێکی پتەوی سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی ئەرستۆیی بەدەست هێنا.

## کرۆکی باسەکە

**ماگی: ڕەنگە باشترین ڕێگە بۆ دەستپێکردنی باسەکە ئەوە بێت کە تۆ بە خێرایی نەخشەیەکی ئەو بوارانەمان بۆ ڕەسم بکەی کە بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمەکانی ئەرستۆ دەیانگرێتەوە.**

نوس باوم: سەروکاریی ئێمە لەگەڵ ئەرستۆدا لەگەڵ دەسکەوتێکی فەلسەفی زۆر بەرفراوان و ئاڵۆزدایە – واتە کارە بنچینەییەکان لە لۆژیك و گشت زانستەکانی ئەو سەردەمەدا، وەکو بایۆلۆجیا کە تا هەزار ساڵ لە بەرهەمەکانی دوای ئەودا بێوێنە بوو. پاشان کۆمەڵێ کارمان لەبەردەستدایە دەربارەی بنەما گشتیەکانی دۆزینەوەی هۆی زانستی، کۆمەڵێ کاریتر دەربارەی شتە گشتیەکانی زانستی سروشتی، کۆمەڵێ کار لە میتافیزیکدا وەکو مەسەلەکانی گەوهەر و چییەتی و بەردەوامیی، کۆمەڵێ کار سەبارەت بە ژیان و هێزە دەروونیەکان، دواجار کۆمەڵێ کاری ناوازە و بۆ یەکەمجار لە ئاکار و سیاسەت و هونەری گوتاربێژی و ناساندنی مەسەلە ئەدەبیەکان.

**ماگی: ڕاستی سەرسوڕهێنەر ئەوەیە کە بەدرێژایی سەدان ساڵ لە سەدەکانی ناوەڕاستدا و لە سەراپای بابەتە بەرفراوان و بێوێنەکاندا قسەی ئەرستۆ وەکو بەڵگە حسابی بۆ دەکرا. تۆماس ئەکویناس، گەورەترین فەیلەسوفی کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست، لە هەر جێگەیەکدا بیویستایە ئەرستۆ بەیاد بهێنێتەوە، تەنها دەینووسی "فەیلەسوف".**

نوس باوم: بەڵێ، ڕاستە، هەر بۆیە من پێموایە بۆ پەیبردن بە بیری ئەرستۆ تووشی کێشەی لەمجۆرە دەبین. هەروەکو وتت، وەکو عادەت





ئەرستۆ لە مێشکی ئێمەدا بووە بە بەرزترین سەرچاوە و گەورەترین فەیلەسوف، یان دانتی گوتەنی "مامۆستای هەموو زانایان" و لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی دانیشتووە. من پێموایە ئەمە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم ئەوەدا کە ڕوو لەوە بکەین ئەرستۆ لەڕاستیدا یەکێك بووە لە نەرمونیانترین و بێلایەنترین فەیلەسوفەکان کە فەلسەفەی وەکو کۆششێکی لە وەستان نەهاتوو و بەردەوام لێکداوەتەوە بۆ لێکۆڵینەوەی هەموو ئاڵۆزییەکانی ئەزموونەکانی مرۆڤ و هەرگیز نەوەستاوە و هەمیشە لە لێکۆڵینەوەی ئەوەدا بووە کە بەڵکو دیسان ڕێگەی باشتر بۆ گونجاندنی ئەو ئاڵۆزیانە لە بیری خۆیدا بدۆزێتەوە.

**ماگی: بەرهەمەکانی ئەرستۆ لە سنوورێکی زۆر بەرفراواندان. ئایا لەم پانتاییە گەورەیەدا هیچ فاکتەرێ هەیە کە بەشەکان یەکبخات یان شێوە مامەڵەیەکی یەکسان هەیە کە بکرێ باسی بکەی؟**

نوس باوم: بەڵێ، پێموایە هەیە. ئەرستۆ دەڵێ کە "لە هەر بوارێکدا دەبێت فەیلەسوف، بە قسەی ئەو، یەکەم "ئاماژەکان" تۆمار بکات و پاش پشوودان لە ئەمدیو و ئەودیوکردنی ئەو نهێنیانەی کە "ئاماژەکان" پێکیان هێناوە، دوبارە بگەڕێتەوە سەر "ئاماژەکان" و ئەم جارە، دیسان بە قسەی ئەو، ئەو "ئاماژانە" بپارێزێ کە "ژمارەیان لە هەموویان زیاترە و بنچینەییترن". بۆ ئەوەی مەعنای ئەم قسەیە ڕوون بێتەوە، نموونەیەك دەهێنمەوە. با وایدابنێین تۆ فەیلەسوفێکیت و لەسەر مەسەلەی "کات" ئیش دەکەی. بە باوەڕی ئەرستۆ، یەکەم شتێ کە دەبێ بیکەی ئەوەیە کە دەبێ "ئاماژەکان"ی کات تۆمار بکەی، واتە ئەوەی ئێمە دەیبینین حەقیقەتی مەسەلەی کاتە. خودی ئەرستۆ نەك

تەنها ئەزموونی هەستکردنی ئێمە سەبارەت بە بەدوای یەکداهاتن و ڕیزبەندی و بەردەوامیی کات، بەڵکو باوەڕ و قسە ئاساییەکانیشمان سەبارەت بە کات دەخاتە ژێر هەمان ناونیشانەوە. بێگومان دەمەوێ جەخت لەم بابەتە بکەمەوە لەبەرئەوەی چەمکی "ئاماژە" هەندێ جار بە مانایەکی زۆر سنووردار بە خراپ گوزارشتی لێکراوە و هەندێ بە هەڵە وا بیریان لێکردۆتەوە کە مەبەستی ئەرستۆ تەنها دەرک پێکردنی هەستیی یان "بینین"ە. بەداخەوە ئەم بەدحاڵیبوونە چۆتە ناو زۆر لە وەرگێڕانە ئینگلیزییە کامڵەکانیشەوە بە جۆرێ کە خوێنەر ڕاست لە حەزی لە ڕادەبەدەری ئەرستۆ بۆ زمان و بیر و باوەڕی باو تێناگات. باشە، ئێستا هەموو ئەمانە تۆمار دەکەی بۆ ئەوەی ببینی ئایا ناکۆکیان لە نێواندا هەیە یان نا. ئەگەر ناکۆکیەکت بینی، دەبێ دەست بکەی بە یەکسانکردن و ڕێکخستن. ئەگەر ناکۆکیەکە چارەسەر نەکرا، دەبێ بزانی کامانە لە بیرو باوەڕەکانت لە باقی ئەوانی دی بنچینەییتر و بنەڕەتیترن. ئەوانە هەڵدەگریت و باقی ئەوانی دی کە لەگەڵ ئەمانەدا ناکۆك بوون دەخەیتە لاوە و بەمپێیە دیسان دەگەڕێیتەوە بۆ لای زمان و دەربڕینی سادە و ئاسایی، بە کورتی بە تێگەیشتن و بینایەکی باشتر.

ماگی: کات، یان هەر شتێکی دیکە، لەگەڵ ئەوەدا کە ئێمە لە بارەیەوە قسە دەکەین جیاوازە. ئایا ئەرستۆ لە نێوان جیهان و دەربڕین و گوزارشتکردنی ئێمەدا سەبارەت بە دنیا جیاکردنەوەیەکی روون و ئاشکرا دەکات؟

نوس باوم: هەروەکو وتم چەمکی ئەرستۆ سەبارەت بە "ئاماژە" چەمکێکی زۆر فراوان و گشتییە، چەمکێکە سەبارەت بەوەی جیهان





چۆن لە ئێمەوە دیارە و هەم ئەزموونە هەستیەکانی ئێمە و هەم گوتە و بیروباوەڕی ئاسایی ئێمە لە خۆی دەگرێ. مامەڵەیەکی فراوانە کە دەکرێ دابەش بکرێ بۆ بەشی لابەلا و ئەرستۆ بە تەواوی ئەوە پەسەند دەکات کە ئێمە هەندێ جار زیاتر پشت بە هەستەکانی خۆمان دەبەستین و هەندێ جاریش زیاتر پشت بە قسەو تیۆری ئاسایی دەبەستین. بەڕای من ئەرستۆ لەسەر حەقە کە پێی وایە ئەم مامەڵەیە گشتێتی تێدایەو فاکتەری یەکخەرە. بۆچوونی ئەرستۆ –کە بەباوەڕی من بۆچوونێکی زۆر ژیرانەیە– ئەوەیە کە هەستیش وەکو باوەڕ، خاسیەتی دەربڕین و هەڵبژاردنی هەیە. شێوەی تێگەیشتنی ئێمە لە هەر شتێ، بەشێکە لە تێگەیشتنی عەقڵیی ئێمەو کار لەوە دەکات، کە چ مانایەك لە جیهان بەرهەم دەهێنین.

ماگی: ئایا ئەو مەترسیە لە ئارادا نییە کە ئەم شێوە مامەڵەیە کەمێ سووك و چروك بکەوێتەوە؟ ئەگەر ئەرستۆ هەمیشە لە شتی ئاسایی و ئاشناوە دەست پێدەکات و دیسان هەمیشە دواجار دەگەڕێتەوە سەر هەمان ئەو شتانە، ئایا ناکرێ بگوترێ فەلسەفەکەی لەسەر ئاستی مەسەلەکان سنووردارە – واتە هەم لەسەر ئاستی جیهان و هەم لەسەر ئاستی ئەزموونەکانی ئێمە – لەکاتێکدا ئەوەی لای ئێمە پێویستە، شتێکە زیاتر لەوە دەچێ کە ئەفلاتوون دەمانداتێ، واتە فەلسەفەیەك کە بچێتە ئەودیوی (یان قوڵایی)مەسەلەکانەوە لەسەر ئاستێکی قوڵترو بنەڕەتیتر کە لە راستیدا ئاستی مەسەلەکان هاوڕێکی ئەو ئاستەیە؟

نوس باوم: پێم وایە تۆ راست دەکەی کە باسی ئەفلاتون دەهێنیتە ئاراوە. بێگومان وایە کە بەپێی وێنایەك کە ئەفلاتون و ژمارەیەکی زۆر

لە خاوەنی ڕێبازی فەلسەفی یونان بەر لە ئەفلاتون مەبەستیان بووە، فەلسەفە دەبێ بچێتە (پشت پەردە) وەو هەتا "ئەوسەری سنوور"بڕوات. بەپێی وێناکردنی ئەفلاتون، زەینی فەیلەسوف دەبێ بگاتە کەناری گەردوون و لەوێوە بە ڕاستیەکی بالاو بەرزو فراوانترەوە لە ئەزموونەکانی ئێمە بڕوانێ. بەڵام پێموایە رەنگە ئەرستۆ لەم بارەیەوە دوو تێبینی هەبێ. یەکەمیان ئەوەیە کە دەیگوت ئەزموونە ئاساییەکانی ئێمە بۆ خۆیان ئەوەندە سەرسوڕهێنەرو سەیرو دەوڵەمەندو جوانن کە پێویستمان بەوەیە کە بۆ ئەوەی بابەتێکی شایستەی فەلسەفە پەیدا بکەین، بچینە ئەودیویەوە. دووەمیان ئەوەیە دەیگوت بە کردەوە تێپەڕبوون لە سنووری شتە ئەزموونکراوەکان بە شێوەیەك کە مانایەکی لێدەستکەوێ لە توانای ئێمەدا نییەو تەنها کارێ کە بەڕاستی لە دەستمان دێت لێکۆڵینەوەیە لەو شتانەی تاقیمان کردوونەتەوە لەگەڵ دیاریکردنی سنورو تایبەتمەندییەکانیان. بۆ ئەوەی لەم بوارەدا پەی بە بەڵگە هێنانەوەی ئەرستۆ بەریت، نمونەیەك باس دەکەم. یەکێك لە پرەنسیپە بنەڕەتیەکانی بیری ئەرستۆ پرەنسیپێکە کە ئەو ناوی ناوە پرەنسیپی ڕێگرتن لە ناکۆکی. بەپێی ئەم پرەنسیپە، هیچ بابەتێ ناتوانێ لەیەك کاتداو لەیەك ڕووەوە، سیفەتی ناکۆکی هەبێ. بۆ نموونە، جلەکانی من لە یەك کات و شوێن و لەیەك ڕووەوە، ناتوانێ هەم شین بێ و هەم شین نەبێ. ئەو قسە ماقوڵەی ئەرستۆ کە لەم بارەیەوە دەیکات ئەوەیە کە ئەم پرەنسیپە، پرەنسیپێکی زۆر بنەڕەتیەو "دڵنیاترین پرەنسیپە"– بەڕادەیەك بنەڕەتیە کە دیارە هەمیشە لە بیرو قسەکانماندا بەکاردێ. باشە، بەڵام ئێمە چۆن ئەم پرەنسیپە بنەڕەتیە





کە بە قسەی ئەرستۆ، بنەڕەتیترین پرەنسیپە، ئاراستە بکەین؟ ئەگەر سەرنج بدەین کە ئەو چۆن لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا مامەڵە دەکات، رەنگە باشتر لە بانگەشەکەی ئەو بگەین کە دەبێ فەلسەفە لە سنووری ئەزموونەکانی ئێمەدا بێ. لە بەشی چوارەمی کتێبی "میتافیزیك" دا دەڵێت:"ئێمە ناتوانین پرەنسیپی ڕێگرتن لە ناکۆکی لەسەر بنەمای شتێك لە دەرەوەی مەیدانی ئەزموونەکان ئاراستە بکەین چونکە ناچارین لە بەدەستهێنانی هەر ئەزموونێك و بۆ ڕێکخستن و مشتومالّ کردنی شتە ئەزموون کراوەکان ئەم پرەنسیپە بەکاربێنین. پاشان دەڵێت:" وایدابنێ بەرامبەر مل بۆ قبوڵکردنی ئەم پرەنسیپە نادات. بەڵام کێشەیەك نییە، دیسان وەڵامێکمان هەیە بۆی. دەڵێت: یەکەم دەبێ ببینی ئایا بەرامبەر ئامادەیە شتێکت پێبڵێ و بیروبۆچوونێکی بێچەندوچون دەربڕێ؟ ئەگەر ئامادە نەبوو شتێ بڵێ، دەتوانیت بیخەیتە لاوە چونکە بە قسەی ئەرستۆ، "کەسێك کە شتێ نەڵێ، لەو ڕووەوە کە هیچ ناڵێ  وەکو گیایەك وایە" بەڵام وایدابنێ شتێ دەڵێ و شتێکی بێچەند و چونیش دەڵێ. بە باوەڕی ئەرستۆ، لەم حاڵەتەدا دەتوانی بۆی بسەلمێنی کە خودی ئەو کەسە– بەدەر لەوەی ژن بێ یان پیاو –کاتێ شتێکی ئامادەو بێچەندو چوون دەڵێ، لەڕاستیدا هەمان ئەو پرەنسیپە بەکاردەهێنێ کە قبوڵی نییە، چونکە لە هەموو قسەیەکی بێچەندو چوندا، تۆ بە ناچاری شتێ رەت دەکەیتەوە، واتە بەلای کەمەوە دژی ئەو شتە رەت دەکەیتەوە کە پێی قایلی.

ماگی: زۆر باشە، بەئاسانی دەکرێ ئەوە بەدیبکرێ کە ئەم جۆرە پرەنسیپە لۆژیکیانە چۆن لە گەوهەرەکانی گوتەکانی ئێمەن، بەڵام ئەوە

ڕوون نییە چۆن دەتوانن بۆ ئەو بەشەی زانینی ئەو جیهانەی کە ئەرستۆ خوازیاریێتی، بنەمایەك فەراهەم بکەن.

نوس باوم: ئەو شتەی کە ئەرستۆ دەیەوێ بیڵێ ئەوەیە کە ئێمە بۆ هیچ پرەنسیپێ ناتوانین یەکڕاست لە دەرەوەی سیستمی پەسەندکردن و وێناکردنەکانمان بنەمایەك فەراهەم بکەین. ئەگەر تەنانەت بنەڕەتیترین پرەنسیپیش بەو چەمکە لە خودو لە ناخی ئەزموونەکانی ئێمەدابێ، نەخێر، بەو جۆرەی ئەفلاتون باوەڕی پێیەتی، "لەو دیوی سنوور" ئەو حوکمە دەبێ وەکو یەکەمجاری سەبارەت بەو پرەنسیپانەش راستبێ کە بنەمایان بە پێچەوانەی پرەنسیپە بنەڕەتیەکانەوە هێندە تۆکمە نییە. پرەنسیپەکان بەپێی پێگەو شوێنیان لە تێگەیشتنی ئێمەداو ئەو ڕۆڵەی کە لە تێگەیشتنەکانی ئێمەدا هەیانە ئاراستە دەکرێن، نەك لەسەر بنەمای شتێکی تەواو دەرەکی. شتێك کە تەواو لە دەرەوە بێ مەحاڵە بچێتە ناو بیرو گوفتاری ئێمەوەو بەمپێیە لە تێڕوانینی ئێمەوە لە بنچینەدا شتێ بێ. ئەرستۆ کاتێ دەربارەی گوفتارو پەسەندکردن قسە دەکات، راڤەیەکی زیاتر لەو بارەیەوە دەدات. بە باوەڕی ئەو، ئێمە تەنها دەتوانین بۆ شتێ بە بەڵگە قایل بین کە لە بازنەی ئەزموونی بەلای کەمەوە یەکێکماندا بێو بەلای کەمەوە چووبێتە ناو بەشێ لە نەریتی هاوبەشی زمانمانەوە. دەڵێت تەنها کاتێ بۆ نموونە دەتوانین بۆ هەورە گرمە بە بەڵگەی گوتراو قایل بین کە یەکێك گرمەیەکی لە هەور بیستبێ. لەو حاڵەتەدا، لەسەر بنەمای ئەو ئەزموونەی بە دەست هاتووە، دەتوانین زاراوەی "هەورە گرمە" بە ئەنجامی ئەو گرمەیە بزانین تەنانەت ئەگەر هێشتا نەزانین کە ئەو



فەیلەسوفە مەزنەکان

گرمەیە چۆن دەنگێکەو چ شتێ هۆی ئەوە بووە. پاشان لەسەر ئەو بنەمایە دەشێ بپرسین:" ئەو دەنگەی کە بەرگوێمان کەوتووە چییە؟ و هۆکەی چییە؟" و بەهەمان شێوە درێژە بە لێکۆڵینەوە بدەین تا بزانین لە ڕاستیدا هەورە گرمە چییە. بەڵام ئێستا وایدابنێ بمانەوێ بە تەواوی لە دەرەوەی ئەزموونەکانمانەوە بوەستین و گەوهەرێ یان چەند گەوهەرێ بکەینە بنەمای قسەو لێکۆڵینەوەو بەڵگە هێنانەوەکانمان کە هەرگیز لەلایەن هیچ مرۆڤێکەوە تاقی نەکراونەتەوە. بە باوەڕی ئەرستۆ، لەو کاتەدا مەسەلەکە بەو شێوەیەی لێدێ لەبەرئەوەی ئەو گەوهەرانەی هیچ پەیوەندییەکیان بە ئەزموونەوە نییە، ناتوانین بە بەڵگەیەك قایل بین بۆیان یان بە جۆرێ لە بارەیانەوە قسە بکەین کە قسەکەمان مانایەکی هەبێ. با نموونەیەکی ئەفلاتونی لەبەرچاو بگرین — واتە ئەو گەوهەرانەی کە بوونیان یەکسەر لەسەرخۆیان وەستاوە و لەم رووەوە، لە گەوهەری پەتی خۆیاندا، هەرگیز بۆمان تاقینەکراونەتەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا، گریمان وایە کە هەموو تێگەیشتنێکی راستەقینە سەبارەت بە جیهان دەبێ لەسەر بنەمای ئەو گەوهەرانە بەرهەم بێت. ئەرستۆ لە پێناوی رەخنەدا، نموونەی سپێتی دەکاتە بەڵگە کە دەوترێ سپێتی پەتی و بێغەشە — واتە سپێتی شتێك یان رەنگی هیچ تەنێ نییە، بەڵکو سپیە بەبێ هیچ پەیوەستیەك و هەروا "خۆی لە خودی خۆیدا" لەوێدایە. ئەرستۆ دەڵێت درێژەدان بە قسەیەکی ئاوا نەك هەر سوودێکی نییە و هۆیەك نیشان نادات، بەڵکو بێ مەعناو بێبایەخە. ئێمە ناتوانین بە هۆیەك بۆ سپێتی پەتی و بێغەش بەبێ هیچ پەیوەستییەك قایل بین لەبەرئەوەی هەتا ئەو شوێنەی کە تاقیمان

کردۆتەوە، سپی هەمیشە ڕەنگی تەنێ بووە و پەیوەست بووە بەو تەنەوە. لێرەدا ئەرستۆ بە ڕیتمێکی بێئەدەبانەو تاڕادەیەك توندەوە دەڵێت: "کەواتە دەبێت ماڵئاوایی لە نموونەی ئەفلاتونی بکرێ، لەبەرئەوەی نمونەکەش وەکو ئەوەی کە یەکێك تێهەڵکاتە گۆرانی و بڵێ زەریا، زەریا، ئەمانە شتی بێبایەخن و بە هیچ جۆرێ پەیوەندیان بە گوفتار و قسەی ئێمەوە نییە."

ماگی: کەواتە ئەگەر ئەرستۆ پێی وایە کە لێکۆڵینەوەی سوودمەند دەبێ لە سنووری جیهانی ئەو ئەزموونانەدابێ کە هەن و دەکرێ بەدەستبهێنرێن، چ لایەنێکی "فەلسەفی" تایبەتی بۆ ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە دەمێنێتەوە؟ ئایا، بەمپێیە، هەموو ئەو بەرنامەیەی کە ڕێکخراوە لەو گوتەزایەوە نابێ کە ئێمە ئەمڕۆ ناوی لێدەنێین زانست؟

نوس باوم: بڕوانە، ڕاستیی ئەوەیە کە ئەرستۆ جیاوازییەکی ئاشکرا لە نێوان زانست و فەلسەفەدا ناکات. باوەڕی وایە کە بە گشتی توێژینەوەیەك بۆ دۆزینەوەی هۆ هەیە و ئەم هۆ دۆزینەوەیە ملکەچی بنەمایەکی تایبەتییە کە هاوبەشە لە نێوان هەموو توێژینەوە تیۆرییەکاندا (بەڵام بە ئاشکرا زانستی ئاکار و زانستی سیاسەت لە شمولکردنی ئەم باسە دەردەهێنێ چونکە بەڕای ئەو، ئەم زانستانە بنەماکەیان لەسەر ڕیزبەندی بنیات نەنراوە). لە یەکێك لە نووسراوەکانیدا کە ناوی ( ئانالوتیکای دووەم – Posterior Analytics –) ە، ئەوە باس دەکات کە فەیلەسوف چۆن دەبێ لەهەر بوارێکدا بەدوای تێگەیشتنی زانستی – یان بە قسەی خۆی بە دوای – episteme–دا بڕوات. لە هەر لێکۆڵینەوەیەکی تیۆریدا، فەیلەسوف





دەبێ ئەو پرەنسیپانە بدۆزێتەوە کە لە پێش پرەنسیپەکانی ترەوەن و لەوان بنەڕەتیترن و بەبێ چەند و چونیەکی زیاترەوە ئاشکرا دەبن. هەروەکو لە پێوانەدا، ئەنجام لە پێشەوە بە پێویست دەزانرێ. ئەنجامەکانی ئەو زانستەش لە هەمان پرەنسیپ یان سەرەتا بە پێویست دەزانرێن. بە باوەڕی ئەرستۆ، هێزێك لە ئێمەدا هەیە کە بە شێوەی بینین لە پرەنسیپە سەرەتاییەکان دەگەین. دەمەوێ لێرەدا هەڵوێستەیەك بکەم، چونکە بەڕای من، ئەمەش خاڵێکی دیکەیە لە ئەرستۆدا کە بە زۆری دوچاری بەدحاڵیبوون بووە. ئەو هێزەی کە گوتمان، بە یۆنانی پێی دەوترێ " نۆس – nous" نۆس یەکێکە لەو چەند واژەیەی کە لە یۆنانیدا بە مانای عەقڵ یان دەروون دێت بەشێوەیەکی ئاسایی بانگەشەی جۆرێك بینینی ڕاستەوخۆ و دەرککردنی بەرچاو دەکات لە بەرامبەر هێزی باس و بەڵگەهێنانەوەدا. ئەرستۆ دەڵێ ئێمە لە ڕێگەی ئەم هێزی دەروونەوە لە پرەنسیپە سەرەتاییەکان تێدەگەین. چەندین سەدە وادەزانرا کە "نۆس" هێزێکی تایبەتە بۆ بینینی عەقڵی بێغەش کە توانای ئەوەمان دەداتێ لە دنیای ئەزموون بچینە دەرەوە و بە کورتی بەر لە تاقیکردنەوە لە شت تێبگەین. بەڵام بە حسابکردن بۆ ئەوەی تا ئێستا وتوومە، پێموایە پەی بەوە ببەی کە بۆچی من باوەڕم وایە کە ئەرستۆ دژی بنەمایەکی لەمجۆرەیە بۆ زانست. هەتا لەم دواییانەدا ئەو کەسانەی کە سەرقاڵی ڕاڤە و لێکدانەوەی کتێبی "ئانالۆتیکای دووەم" بوون، بەڵگەی تەواو سەلمێنەریان هێنایەوە کە بنەمای ئەو گوزارشتە کۆنە، بە هەڵە خوێندنەوەی تێکستی دەستنووسی ئەرستۆ بووەو، لە ڕاستیدا

"نۆس" بەشێکی بینینە کە ئێمە بە یارمەتی ئەزموون، سەبارەت بە ڕۆڵی پرەنسیپەکان لە دۆزینەوەی هۆدا بە دەستی دەهێنین بۆ ئەوەی بتوانین لە رووی زانستیەوە کاروبارەکان ئاراستە بکەین.

**ماگی: ئەرستۆ یەکەم بیریاری سەرەکی خۆرئاوایی بوو کە هەوڵیدا بە پۆلین کردنی زانستەکان ناونیشانی هەریەکەیان دیاری بکات. لە راستیدا هەندێ لە ناوی زانستەکان کە هێشتا بەکاردێن، لە ئەرستۆوە بۆمان ماوەتەوە.**

نوس باوم: بەڵێ، پێموایە ڕاستە و پێشموایە لێکۆڵینەوەکانی ئەرستۆ هێشتا بۆ ئەو کەسانەی لەو زانستانەدا کاردەکەن گرنگە، بە تایبەتی لە بایۆلۆجیادا کە لەم دواییەدا ئەوە ئاشکرابووە لێکۆڵینەوەکانی لە رووی دۆزینەوەی هۆ و هۆکاردا، زۆر مایەی سەرنجن و گرنگن.

**ماگی: دەکرێ باسی نموونەیەك بکەی سەبارەت بەوەی کە ئەرستۆ چۆن بواری هەر بابەتێ بەشێوەی لقێکی لێکۆڵینەوە یان زانست دیاری دەکات؟**

نوس باوم: ئەو نموونەیەی کە دەمەوێ باسی بکەم لە نێو زانستەکاندا، بەو مانایەی کە ئێمە مەبەستمانە، هەڵنەبژێردراوە" بەڵکو لە لێکۆڵینەوەیەکی گشتیی ئەرستۆوە دەربارەی "دوای سروشت" یان میتافیزیك وەرگیراوە سەبارەت بەوەی ئەو ناوی لێدەنێ "گەوهەر".

**ماگی: تکا دەکەم سەرەتا روونکردنەوەیەك دەربارەی زاراوەی "دوای سروشت" یان "میتافیزیك" بدەیت چونکە بێگومان دیسان لەم باسەدا رووبەڕوومان دەبێتەوە.**






نوس باوم: عەرزت کەم، رەگی وشەکە بە ڕادەیەك فراوانبووە کە مرۆڤ تووشی سەرسوڕمان دەکا، یەکێك لەو کەسانەی کە لە ڕۆژگاری کۆندا بەرهەمەکانی ئەرستۆی ڕێکدەخست، ئەو کتێبەی کە ئەمڕۆ بە "دوای سروشت" یان "میتافیزیك" ناسراوە، خستە دوای کتێبی "سروشت" یان "فیزیك"ەوە و بەو شێوەیە ناوینا "میتافیزیك" کە بەیونانی ئەم زاراوەیە یەعنی "ئەوەی دوای" فیزیك دێت.

**ماگی: کەواتە میتافیزیك یەعنی "کتێبەکەی دوای کتێبی فیزیك" بەڵام بەهۆی ناوەرۆکی کتێبەکەوە، زاراوەی "دوای سروشت" یان "میتافیزیك" لەو کاتەوە تا ئێستا لە فەلسەفەدا مانایەکی تایبەتی پەیدا کردووە، وانییە؟**

نوس باوم: باسکردنی تەنها هۆیەك بۆ ئەم بابەتە دژوارە. پێموایە، تاڕادەیەك بەم جۆرە بتوانرێ بگوترێ کە ئامانجی دوای سروشت تەنها ئەوە نییە کە کۆمەڵێ مەسەلە دیاری بکات و بە تەنیا باس لەو مەسەلانەدا بکات، بەڵکو ئامانجی بە دواداچوونی کۆمەڵێ مەسەلەی تەواو گشتی "یان سەراپاگیرە" کە سەبارەت بە هەموو شتێ رەنگە تەرح بکرێن. کۆمەڵێ مەسەلەی چیەتی و بەردەوامی و فۆرمی لۆجیکی و لەم بابەتە.

**ماگی: هەروەها کۆمەڵێ مەسەلە دەربارەی ڕاستیە بنەڕەتیەکانی ئەزموونەکانی ئێمە وەکو کات و شوێن و مادە و هۆکار و هتد...**



ئەرستۆ (٣٨٤ ـ ٣٢٦ پ.ز)

نوس باوم: بەڵێ.. کۆمەڵێ مەسەلە سەبارەت بە هەرشتێ لە هەر بارەیەکەوە واتە هەر شتێ کە هەیە. هەڵبەتە تەوەری مەسەلەکە، مەسەلەیەکە کە ئەرستۆ پێی دەڵێت مەسەلەی گەوهەر.

دەمەوێ لێرەوە دەست پێبکەم و بپرسم ئەم مەسەلەیە یەعنی چی، چونکە پێموایە لە خۆوە و بە شێوەیەکی سروشتی تێگەیشتنێك لای ئێمە هەبێ کە پرسیارکردن سەبارەت بە "گەوهەر" بە چ مانایەکە. ئەگەر نووسینەکەی خودی ئەرستۆ بخوێنینەوە و هەوڵبدەین لای خۆمانەوە سەرلەنوێ ئەوە تەرح بکەین کە ئەو پرسیارانەی ئەو هەیەتی چین، پێموایە بگەینە ئەو ئەنجامەی کە لە راستیدا لە باسی گەوهەردا دوو مەسەلە هەن کە ئەو نایەڵێ لە یەك جیا ببنەوە. یەکەمیان، مەسەلەی گۆڕان و ئاڵوگۆڕە، دووەمیان، مەسەلەی شوناس (چیەتی)یە. مەسەلەی گۆڕان ئەوەیە کە لەو ئەزموونانەدا کە دەیکەین، هەمیشە ڕووبەڕووی ئەو شتانە دەبینەوە کە لە گۆڕاندان. گەڵا دەکرێتەوە و سەوزە، پاشان زەرد و پەژموردە دەبێ. ساوا دێتە دنیاوە، پێدەگات و پیر دەبێت و دواجار دەمرێ. باشە، ئێستا مەسەلە ئەوەیە کە ئەگەر بڕیارە دەربارەی هەموو ئەم شتانەی کە لە گۆڕاندان قسە بکەین، دواجار "ئێستایەك" یان بابەتێك دەبێ هەبێ کە دەبێ وەکو خۆی بمێنێتەوە لە کاتێکدا کە سیفەتەکانی دەگۆڕێ، دەنا لە بنەڕەتدا قسەکردن دەربارەی گۆڕان زۆر دژوار دەبێ. مەسەلەکە لە ڕووکەشدا لەگەڵ ئەوەدا ناکۆکە کە گۆڕان پێویستی بە جێگیریی هەیە. بەمپێیە، ئەرستۆ دەپرسێ ئەو شتە جێگیر و پایەدارەی کە بنەمای هەموو قسەکانی ئێمەیە دەربارەی گۆڕان، چییە؟ واتە ئەو شتەی کە خۆی جێگیرە لە کاتێکدا کە خاسیەت و سیفەتەکانی دەگۆڕێن؟





پرسیاری دووەمی ئەرستۆ، بە قسەی خۆی پرسیارە سەبارەت بە "چی بوون – What it is to be" یان "چیەتی"، یان بە قسەی من، مەسەلەی شوناس یان "هەمان ئەوەی کە هەیە". پرسیار ئەوەیە: وایدابنێ من لە بازنەی ئەزموونەکانمدا ئاماژە بۆ کەسێ بۆ نموونە ئاماژە بۆ براین ماگی بکەم و بپرسم: "لە راستیدا ئەمە چییە؟" لە راستیدا پرسیارەکەی من ئەوەیە کە لە نێو ئەو هەموو خاسیەت و سیفەتەی تۆدا کە من بە هەستەکانی خۆم دەرکی پێدەکەم، کامیان لە هەموویان بنەڕەتیترن کە ئەگەر ئەو خاسیەتانە لە دەست بدەیت، چیدی خۆت خۆت نابیت؟ ئاشکرایە کە ڕەنگە چاکەتەکەت بگۆڕیت و جلوبەرگێ لەبەرکەی کە ڕەنگێکی تربێ و هەر هەمان براین ماگی بیت. بەڵام ئەوە ئاشکرا نییە کە ئەگەر مرۆڤ نەبیت یان لە گۆشت و ئێسقان دروست نەبووبیت، دیسان خۆت بیت و لە راستیدا نەمریت. بەمپێیە، کاتێ ئەرستۆ سەبارەت بە شوناس یان چییەتی پرسیار دەکات، دەیەوێ ئەوە بزانێ لە هەر شتێکدا کام بەشانە یان کام ڕەگەزانە ڕۆڵی زۆر بنەڕەتییان هەیە، بە دەربڕینێکی دیکە "چی بوون"ی ئەو شتەن.

ماگی: هەمان ئەو بەشانە یان ئەو ڕەگەزانە دوو ڕۆڵی جیاوازیان هەیە، وانییە؟ بیهڵە با ڕێکخستنی دوو پرسیارەکەی تۆ پێچەوانە بکەمەوە. پرسیاری یەکەم ئەوەیە کە کام تایبەتمەندیانە بۆ هەرشتێ لایەنی بنەڕەتی و چاو لێنەپۆشراو و پێویستیان هەیە، بەو مانایەی کە شت دەکەن بەوەی کە هەیە؟ پرسیاری دووەم ئەوەیە کە ئەو تایبەتمەندیانە کامانەن لە شتێکدا هەن کە بە درێژایی گۆڕانکارییەکان بە جێگیریی دەمێننەوە، بەجۆرێ ئەو شتە لەگەڵ ئەوەدا کە دەگۆڕێ بە هەمان شت دەمێنێتەوە؟

نوس باوم: بەڵێ، ڕاستە. ئەرستۆ دەیەوێت ئەم دوو پرسیارە لە یەك جیا نەبنەوە و بەرای من، بەڵگەیەکی قایمی هەیە بۆ ئەم کارە. بەڕای ئەرستۆ، بۆ دیاریکردنی ئەو شتەی کە گۆڕانکاریی لە بنەمایدا ڕوودەدات و بەدرێژایی هەموو گۆڕانکارییەکان بە جێگیریی دەمێنێتەوە، دەبێ شتێك دیاری بکەیت کە شوناسێکی بێ چەند و چونی هەیە – واتە ئەو شتەی کە بە پرسیارکردن لە (چی بوون)ی دەتوانیت وەڵام بدەیتەوە و هێندە بناغەی پەیدا کردووە و سەقامگیرە کە دەتوانێت بابەتی مەسەلەیەك بێت دەربارەی گۆڕانکاریی. بەمپێیە، کاتێ دەمانەوێ سەبارەت بە پرسیارکردن لە (چی بوون) قسە بکەین، دەبێ وەڵامەکەمان شتێکی جێگیر بێ، نەك شتێ کە هێشتا قسەمان دەربارەی (چی بوون)ی تەواو نەبووە، لەناو بچێ و نەمێنێ. فەیلەسوفەکانی بەر لە ئەرستۆ هەمیشە ئەم دوو پرسیارەیان لەگەڵ یەکداو پێکەوە نەدەکرد و زۆر جار هەستیان تەنها لای یەکێ لەم دوو پرسیارە بوو، ئەنجامیش، وەڵامی سەیر و سەمەرەیان سەبارەت بە پرسیارەکەی دی دەدایەوە. بوار بدە با دوو نموونە بهێنمەوە. هەندێ لە زانا سەرقافڵەکانی سروشت لەبەرئەوەی پێیان وابوو کە مادە لە هەموو شتێ پایەدارترە، دەیانوت لە ڕاستیدا هەموو شتێ بریتییە لە مادە. چونکە دەیانبینی کە درەخت و منداڵ و گیانەوەر لە یەك بنەمای مادی لەدایك دەبن و کاتێکیش دەمرن دیسان بنەما مادیەکان دەمێنێتەوە، لەمەوە دەگەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە مادە سەرەتای بنەڕەتیی گۆڕانە و دیسان دەگەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە هەموو شتێ لە بنەڕەتدا مادەیە. ئەمە وەڵامی پرسیاری یەکەم بوو. پاشان هەمان وەڵامیان وەردەگرت و بەبێ ئەوەی زیاتر بیری لێبکەنەوە، دەیانلکاند بە پرسیاری دووەمەوە. لەولاوە ڕوونکردنەوەیەکی دیکە بوو کە لە هەندێ تیۆری ئەفلاتونیدا





بەدی دەکرا. (ناڵێم تیۆرەکانی خودی ئەفلاتون، مەبەست لە تیۆرێکە کە ئەرستۆ لە قوتابخانەکەی ئەفلاتوندا ڕووبەڕووی ببۆوە). لەم تیۆرانەدا، پرسیار سەبارەت بە چیەتی یان شوناس لەئارادایە و هەوڵ دەدرێ شوناسی هەرشتێ بەپێی نزیکی لە شتی نامادی تایبەتەوە – واتە بەپێی هەمان وێنە یان نموونەی ئەفلاتونی – بەیان بکرێ. بۆ نموونە دەگوترا براین ماگی تۆ ڕەنگت قاوەییە لەبەر نزیکیت لە وێنە یان لە نموونەی قاوەییەوە، مرۆڤی لەبەر ئەو نزیکیەی کە لەگەڵ وێنە یان نموونەی مرۆڤدا هەتە، بەمشێوەیە هەتا کۆتایی. وێنە یان نموونەی ئەفلاتونی ئەو شتانەن کە گشتیی و ئەبستراکتن و بونیان بە جیا لە کەسان و ئەو بەشانەیە کە دەبێ بەهۆیانەوە بەیان بکرێن. بۆچوونی ئەرستۆ ئەوەیە کاتێ ئێمە دەمانەوێ وەڵامی کەسی دووەم بدەینەوە واتە ئەو کەسەی پەیڕەویکەری ئەفلاتونە کە یەکەمجار سەبارەت بە ئەو قسە دەکەین و پاشان سەبارەت بە پەیڕەوانی ڕێبازی مادی قسە دەکەین – دەبێ یەکەم دوو جۆر سیفەت لە یەك جیابکەینەوە: یەکێکیان ئەو سیفەتانەی کە تۆ هەتە و ئەوی تریان ئەو سیفەتانەی کە بنەمای "چی بوون"ی تۆیە. ئەو سیفەتەی کە بەرگی قاوەییت پۆشیوە، ڕێك ئەو سیفەتەیە کە هەتە. تۆ بەرگی قاوەییت لەبەرکردووە و ئەم ڕەنگە لەگەڵ تۆدایە، خودی خۆت نییە. بە دەربڕینێکی دیکە، یەکێکە لەو سیفەتانەی کە دەتوانی بە ئاسانی لە دەستی بدەی بەبێ ئەوەی خۆت نەبیت. بەڵام سیفەتی مرۆڤ بوون بەو جۆرە نییە. شتێك نییە کە لە دەستی بدەیت و دیسان خۆت بیت. تۆ ناتوانی ببی بە مەیمون و دیسان خۆت بیت. بەمپێیە ئەرستۆ لە یەکێك لە بەرهەمەکانی سەرەتایدا بە ناوی گوتەزاکان یان کاتیگۆریەکان (Categories) دوو جۆر خاسیەت لەیەك جیا دەکاتەوە: یەکێکیان ئەوەیە کە (لەناو)

بابەتەکەدایە و ئەوی تریان بە قسەی ئەو خود یان "چییەتی" بابەت نیشاندەدات.

ماگی: دەکرێ من لێرەدا شتێ زیاد بکەم؟ پێموایە بەهای هەبێ قسەکەمان ببڕین بۆ ئەوەی روون بێتەوە کە شێوەی ئەو مامەڵەیەی قسەی لێدەکەین بە ئاشکرا ئەگەری وەسفکردنی هەموو بوونەوەرێکی تێدایە. یەکەم شتێ هەڵدەبژێری – هەرچیەك بێ: سەگ یان مێز یان کەسێك یان هەر شتێکی دیکە، پاشان ئەو شتە دیاری دەکەیت و شتێکی لەبارەوە دەڵێی – واتە یان سیفەتێکی دەدەیتە پاڵ یان وەسفی دەکەی کە چیدەکات یان چیکردووە. زۆر کەس لەو زەمانەوە تا ئێستا باوەڕیان وابووە کە ئەم مامەڵەیە لە ڕێگەی بابەت و دانە پاڵ-ەوە، وەسف کردنی هەموو شتێك دەکات بە کاری کردە –واتە یەکەمجار شتێ دیاری دەکەیت و پاشان سیفەتێکی دەدەیتە پاڵ– ماوەیەکی زۆر وا دەهاتە بەرچاو کە ئەم شێوەیە لە پێکهاتەی زمان و لۆجیکی ئێمەدا خەملیوە. دەزانم کە ئەو خاڵەی دەربارەی قسەت دەکرد ئەوە نەبوو، تەنها ویستم ئەوە بەیادبهێنمەوە چونکە ئەم بابەتە هەمیشە لەو کاتەوە هەتا ئەمڕۆ لە فەلسەفەدا گرنگی هەیە.

نوس باوم: بەڵێ، بەڵام من پێموایە ئەرستۆ دەیەوێ لێرەدا جەخت لەوە بکاتەوە کە هەموو دانەپاڵەکان لە سنوورێکدا نین. تەنها هەندێ لە دانەپاڵەکان دەدەینە پاڵ بابەتێ کە پێشان هەڵمانبژاردووە و دیاریمان کردووە، هەروەکو من تۆم هەڵبژاردو سیفەتی "قاوەیی"م دایە پاڵت. بەڵام سیفەتی تریش هەن – وەکو "مرۆڤ" یان "سەگ" یان "درەخت" – کە بۆ دیاریکردنی بابەت لە هەنگاوی یەکەمدا بایەخێکی بنەڕەتیان





هەیە. بە باوەڕی ئەرستۆ، ئێمە ناتوانین هەروا دەست بدەینە بابەتێ کە خاڵی بێ لە هەر وەسفێك و سیفەتی پێوە بلکێنین. خودی بابەتەکەش دەبێ دیاریکراوبێ و لە ژێر ناونیشانێکی دیاریکراودا هەڵبژێردرێ، کە بەناو نیشانی بدات ئەو شتە چییە. رۆڵی سەرەکی لێرەدا بە وشە سروشتییە. یەکەم دەبێ لە ژێر ناونیشانی مرۆڤدا تۆ هەڵبژێرم و پاشان بڵێم ئەو شتانە چین کە دەربارەی تۆ ڕاستن. بۆ نموونە جلی قاوەییت لەبەرکردووە، لەسەر قەنەفە دانیشتوویت و لەم بابەتە. نابێ لە خۆمانەوە سیفەتی قاوەیی یان دانیشتوو بە تەنیا و بەبێ گرێدانەوەی بە شتێکەوە لە بەشێکی دیاریکراوی وەکو مرۆڤ، لەبەرچاو بگرین.

باشە، بەڵام ئێمە هێشتا وەڵامی ئەو کەسانەمان نەداوەتەوە کە مادە بە بنەڕەتی دەزانن و هێشتا نەمانوتووە کە کام ڕاڤەی بنچینەیی وێناکردنی مرۆڤ، بەڕاستی "چیەتی" بابەتمان بۆ ئاشکرا دەکات. هێشتا ئەو ئەگەرەمان ڕەتنەکردۆتەوە کە ڕاڤەی ڕاستی "چیەتی" مرۆڤ دەبێ لەگەڵ ئەو میتۆدەدا هاوڕێکبێ کە ماتریالیستەکان بەدڵیانە کە دەڵێن مرۆڤ بوون بە مەعنای دروستبوونە لە فلان مادە. بە کورتی، هەتا ئێستا هیچمان دەربارەی مادە و نزیکی لەگەڵ باقی لایەنەکانی مرۆڤایەتی، وەکو بەرهەم و چالاکی، نەوتووە. ئەستۆ ئێستا بایەخ بەم مەسەلەیە دەدات.

ماگی: هەڵبەتە پرسیار لە (چیەتی) سەبارەت بە هەموو شتێ ڕاستە، وا نییە؟ ئەرستۆ دەیەوێ بەم پرسیارە سروشتی شوناسی شتەکان و لەوانیش خودی خۆمان، ئاشکرا بکات.

نوس باوم: بەڵێ، ڕاستە. بەڕای من، ڕۆڵی زۆر بنەڕەتی لێرەدا ڕۆڵی بوونەوەرە زیندووەکان و تاڕادەیەك هەی شتە دروستکراوەکانە کە بنەڕەتیترین و دیاریکراوترین و یەکگرتووترین و پایەدارترین بابەتن وێڕای ئەوەی لە هەر شتێکی دیکە زیاتر قابیلی دیاریکردنن و شوناسیان دیاریکراوترە. ئەرستۆ دەیەوێ ئەو پرسیارە بخاتە روو: زۆر باشە، تێگەیشتین کە ئەو چەمکانەی کە ئێمە ناومان ناون چەمکی سروشتی، وەکو چەمکی مرۆڤ یان سەگ یان درەخت، بۆ دیاریکردنی بابەتەکان لە دنیادا ڕۆڵی بنەڕەتیان هەیە. ئێستا دەبێ بە وردی بپرسین ئەمانە چین. مرۆڤبوون چییە؟ ئایا ئەوەیە کە مرۆڤ فلان جۆر مادەیە؟ یان فلان شێوەی هەیە؟ لە میتافیزیکدا، ئەرستۆ بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە کە گەوهەر لە بنچینەدا بنەما یان ڕەگەزی مادی نییە، جۆرێك ڕێسا یان شێوە یان، خۆی وتەنی، جۆرێ وێنەیە، و مەبەستی لە وێنە تەنها شێوە یان ئەندام نییە، بەڵکو، بۆ نموونە سەبارەت بە براین ماگی، مەبەست لەوەیە کە ئەو بۆ ئەوەی کار بکات، بە چ شێوەیەك دروست بووە یان پێکهاتووە. وێنەی تۆ، کۆمەڵێ پێکهاتەی تواناکانی تۆیە هەتا ئەو کاتەی لە ژیاندایت.

ئەرستۆ سێ بەڵگە دەهێنێتەوە کە بۆچی پێی وایە ئەو مادانەی کە بە تۆوەیە، ناکرێ "چیەتی" تۆ بێت.

یەکەم بەڵگە ئەوەیە کە سەبارەت بە تۆ و هەموو بوونەوەرێکی زیندووی دیکە، مادە هەمیشە لە حاڵەتی هاتن و ڕۆیشتن و گۆڕاندایە. ئەو بەشە مادیانەی تۆیان پێکهێناوە بە زۆری دەگۆڕێن بەبێ ئەوەی تۆ چیتر خۆت نەبیت. دووەم ئەوەیە، بەو گریمانەی واشنەبێ — بۆ نموونە





سەبارەت بە شتێکی دروستکراو یان دەستکرد — وێناکردنی ئێمە ئەوەیە کە تا ئەو کاتەی دروستکردنی شتەکە بۆ ئەوەی فلان کاری هەبێ، هەر ئەو شتە بێ کە پێشان بووە، دەتوانین چەند پارچەیەك لە بەدەنی مادی ئەو شتە بگۆڕین بەبێ ئەوەی ببێ بە شتێکی دیکە لەبەردەستماندا. دەتوانین بۆ نموونە تەختەکانی کەشتیەك بگۆڕین. هەتا ئەو کاتەی کەشتیەکە هەمان پێکهاتەی خۆی بهێڵێتەوە بۆ درێژەدان بە کاری پێشووی و بۆ هەمان کار بەکاربێ، بە هەمان شێوە ئەوەی لەبەردەستماندایە هێشتا هەمان شتە. دواجار سێیەم بەڵگە ئەوەیە مادەی ئەو شتە دیاری کردنی پێویستی نییە کە بەڕاستی ببێتە شتێکی دیاریکراو. مادە، گەرد یان کۆمەڵێ پێکهاتەیە بەمپێیە، ناتوانین بڵێین تۆ فلان پێکهاتەی. هەتا ئەو کاتەی دروستکراوێکمان دیاری نەکردبێ کە پێکهاتە بە دەست دێنێ، ناتوانین دەربارەی پێکهاتە شتێك بڵێین کە لەگەڵ عەقڵ بێتەوە.

ماگی: بەڵگەکانی ئەرستۆ لێرەدا ئەوەندە گرنگی بنچینەیی و پایەداریان هەیە کە من حەزدەکەم جارێکی تر بە گوتەکانیدا بچمەوە. یەکەم بەڵگەی پەیوەندی بە تاکەوە هەیە وەکو تاك و وەکو مرۆڤ سوکرات دەکات بە نموونە و دەڵێت ناکرێ سوکرات هەمان مادە بێ کە بەدەنی لێ دروست بووە چونکە ئەو مادەیە هەمیشە لە گۆڕاندایە و لە ڕاستیدا بەدرێژایی ژیانی، سوکرات، چەند جارێ بە تەواویی دەگۆڕێ، لە کاتێکدا سوکرات لە تەواوی تەمەنیدا هەمان ئەو سوکراتە بووە، کە هەیە. بەمپێیە، ناشێ سوکرات هەمان ئەو مادەیە بێ کە لێی دروست بووە. بەڵگەی دووەمی ئەرستۆ ئەوەیە کە وەکو تاکەکانی جۆرێك لە

تاکەکەس دەڕوانێ. ناشێ سەگێك لەبەر ئەو مادەیەی کە لێی پێکهاتووە، سەگ بێ لەبەرئەوەی سەگە جیاوازەکان لە مادەی جیاواز پێکهاتوون. سەگە جیاوازەکان، کێش و شێوە و قەبارە و ڕەنگی جیاوازیان هەیە و گەرچی هەریەکە لەم تایبەتمەندییانە بنەمای مادییان هەیە، بەڵام هەموو سەگەکان، سەگن. بەمپێیە، ناشێ سەگ بە هۆی ئەو مادەیەوە کە لێی دروست بووە، سەگ بێ. بەڵگەی سێیەمی ئەرستۆ ئەوەیە کە تۆپەڵێ مادە، بەبێ هەندێ چۆنێتی شێوەیی وەکو پێکهاتە یان دروستبوون، بە هیچ جۆرێ نە مرۆڤە نە سەگ و نە هیچ شتێکی دیاریکراوی ترە، تەنها تۆپەڵێکە. هەر شتێ بە هۆی پێکهاتەی جیاوازی خۆیەوە، ئەو شتەیە. ئەرستۆ ناوی ئەو پێکهاتەیە دەنێ جۆر.

نوس باوم: دووەم خاڵ کە تۆ باستکرد، بەڵگەیەکی تریش دەخاتە سەر ئەوەی کە وتمان و من باسم نەکرد بەڵام بێگومان دەکرێ بۆ پەسەند کردنی بیر و بۆچوونی ئەرستۆ سوودی لێوەربگیرێ، هەروەکو چۆن چەند بەڵگەیەکیش لەبەردەستدایە کە خودی ئەرستۆش هەمان بەڵگەی هێناوەتەوە. بەڵێ، ڕاستە، تاکە جیاوازەکانی جۆرێك هەموویان لە ڕووی مادییەوە بە جۆرێکی دیکە دروست بوون. خودی ئەرستۆ لە جێگایەکدا دەڵێت دەتوانرێ گۆ لە فلز یان لە تەختە یان لە زۆر مادەی تر دروست بکرێ. شتە دروستکراوەکان زیاتر بە هەمان شێوەن: هەتا کاتێ مادەیەك کە بەکاردێ لە ڕووی ئەو کارەوە کە فلان بەرهەم دەبێ بیکات گونجاوبێ، جۆرەکەی گرنگ نییە. دیسان بە قسەی خودی ئەرستۆ، تەختە بوون کار لە "چییەتی" سیسەم ناکات. ئەم حوکمە سەبارەت بە بوونەوەرە زیندووەکانیش بە ڕووکەش ڕاستە، دواجار بە مانای زۆر سنوردارتر. پێکهاتەی مادیی بوونەوەرە زیندووەکان، لە





تاکە جیاوازەکاندا، جیاوازە. قەت لە دوو سەگی جیاوازدا، بڕی مادە جیاوازەکان هەمان شت نییە. بەمپێیە، هیچ فەهرەستێکی مادە ڕێك پێمان ناڵێت سەگ بوون چییە. سەبارەت بە کارە تایبەتیەکانی بوونەوەرە زیندووەکانیش دەتوانین هەمان حوکم بدەین. (چییەتی) تووڕە بوون یان بیرکردنەوە دەربارەی میتافیزیکی ئەرستۆ یان ئارەزووی سوورکردنەوەی گۆشتی گا، هەرکاتێ کە لە بوونەوەرێکی زیندوودا بەدی بێت، بنەمای مادی هەیە، بەڵام فۆرمۆڵی وردی مادی هەموو جارێ گۆڕانی بەسەردا دێت بەشێوەیەك کە هیچ فەهرەستێکی دیاریکراو لە مادە پێمان ناڵێت کە لە هەموو جارەکاندا بە وردیی تووڕەبوون چییە، بیرکردنەوە دەربارەی میتافیزیکی ئەرستۆ چییە، ئارەزووی سوورکردنەوەی گۆشتی گا چییە. هەموو ئەمانە بە ڕووکەش ئەوە نیشانی ئەرستۆ دەدەن کە فلز بوون یان تەختە بوون یان هەر شتێکی دیکە بوون ناشێ بەشی خودی (چییەتی) فلان شت بێت. ئەوەی کە هەموو شتێ چییە، جۆر یان پێکهاتەی ئەو شتەیە. مادە تەنها شتەکان پێکدەهێنێ یان دروستیان دەکات.

بەڵام ئێستا دەمەوێ خاڵێکی تر بخەمە سەر دووەم بەڵگەی خۆم نەك دووەم بەڵگەی ئەرستۆ — ئەویش ئەوەیە کە هەتا کاتێ مادەی شتێکی دیاریکراو بە درێژایی تەمەنی گۆڕانی بەسەردا نەیەت — یان هەتا کاتێ هەموو تاکەکانی جۆرێکی دیاریکراو لە ڕاستیدا لە جۆرێکی دیاریکراوی مادەیەك پێکهاتبن — دیسان ئێمە بە پێی ئەو مامەڵەیەی کە لەگەڵ "چییەتی" شتێکی دیاریکراودا دەیکەین (بۆ نموونە کەشتیەك)، ئەو شتە و مادەکەی بەیەك شت دانانێین. ئەوە بێنە بەرچاوی خۆت کە پارچە مادیەکانی فلان شت بەرەبەرە گەرد گەرد بگۆڕین بەڵام لە هەمان

کاتدا توانای ئەو شتە بۆ ئەو کارەی کە دەبێ بیکات، هەروا لە شوێنی خۆی بهێڵینەوە. پێموایە ئەوەت قبوڵ بێ کە دیسان بە هەمان شت دەمێنێتەوە.

**ماگی: ئایا ئەوەی تۆ دەیڵێیت بەشێوەیەکی ترسناک ئەرستۆ لە تیۆری جۆر یان نموونەی ئەفلاتون نزیک ناکاتەوە، لە کاتێکدا کە ئەرستۆ ئەو تیۆرەی ڕەتکردۆتەوە؟ بۆ ئەفلاتون ناڵێت کە سەگ بە هۆی سوود وەرگرتنەوە لە "جۆری سەگی" دەبێ بە سەگ؟ بۆ ئەفلاتون ناڵێت کە ئەو "جۆری سەگیە" هەمان شتە کە لە نێو هەموو سەگەکاندا هاوبەشە – واتە ئەو خودەی کە هەموو سەگەکان بە هۆیەوە بوون بە سەگ؟**

نوس باوم: بڕوانە، ئەو مەسەلەیەی کە "جۆر" ڕێک چییە، مەسەلەیەکی زۆر قورسە و پێموانییە هیچ دوو فەیلەسوفێك لە دەربڕینیاندا سەبارەت بە تیۆرەکەی ئەرستۆ، ڕێك یەکدەنگ بن. ئەو تێکستەی کە ئەرستۆ نووسیوویەتی گێرمەو کێشەی زۆر دەهێنێتە ئاراوە. من تەنها دەتوانم بڵێم بیروڕای خۆم چییە. بەڕای من تەواو ڕوون و ئاشکرایە کە ئەرستۆ، بە پێچەوانەی ئەفلاتونەوە باوەڕی وایە کە جۆر لە هەر شتێکدا وەکو بەشێك شیدەبێتەوەو لەناوەوەی ئەو شتەدایە، نەك ئەوەی بۆ نموونە جودا لەهەر سەگێکی تایبەتی لە قەڵەمڕەوێك‌و لە ئاسمانی (سەگێتی) بوونی هەبێ. هەمان جۆر لە هەمان شوێندایەو لەڕاستیدا هەمان خودی سەگەکەیە، لە سەگەکە جودا نییە. پێموایە ئەگەر خاڵێك لەم بابەتەدا مشت‌ومڕ هەڵنەگرێ، ئەوەیە.





**ماگی: باشە، کەواتە جۆری سەگ لە ڕەهەندێکی ئاسمانیدا نییە کە جێگەی باقی جۆرەکانی تریش بێت.**

نوس باوم: ڕاستە. لەهەمان شوێندایە، لەڕاستیدا هەمان خودی سەگەکەیە. بەڵام خاڵی دووەم کە زیاتر جێگەی مشت‌و مڕە ئەوەیە کە، بەباوەڕی من، جۆرە ئەرستۆییەکان تاکن، بەرجەستەن، بەواتایەکی دی بەشن نەك هەموو–واتە لەگەڵ ئەوەشدا پێناسەی جۆری سەگێ بۆ هەر سەگێکی تایبەتی لەگەڵ هەر سەگێکی دیکەدا یەك شتە، بە شێوەیەك کە بۆ نموونە ئەگەر پێنج سەگ لەبەرچاو بگرین پێناسەی "چییەتی"هەر پێنج سەگەکە یەك شت دەبێ، بەڵام ئەگەر بپرسین چەند "بەڵگەمان" سەبارەت بەجۆری سەگ هەیە، وەڵامەکەی ئەوەیە پێنج دانە، واتە بەپێی ژمارەی سەگەکان. بەقسەی ئەرستۆ، ئەگەرچی هەریەکەیان لەچۆنێتی زاتیدا یان لە ڕووی جۆرەوە وەك ئەوانی ترە، "لەڕووی ژمارەوە" تایبەتە. ژمارەی جۆرەکان یەکسانە بە ژمارەی گەوهەرەکان.

**ماگی: بەڕای من، تەنانەت دوای زیاتر لە دوو هەزار ساڵ، بەڵگە بەهێزەکانی ئەرستۆ لە ڕەتکردنەوەی ڕێبازی مادیدا زۆر کاریگەرن. ئایا، بەڕای تۆ، مادییەکان توانیوویانە وەڵامی کاریگەری ئەم بەڵگانە بدەنەوە؟**

نوس باوم: نەخێر، پێموانییە. بەڕای من ئەوەی، هێزێکی ئەوتۆ بەو بەڵگانە دەبەخشێ ئەوەیە کە ئەرستۆ بۆ ڕەتکردنەوەی ڕێبازی مادی، لەلایەکەوە، بنەمای بەڵگەکە دەخاتە ناو فەلسەفەی دەروونەوەو هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی کاروباری دەروونی لەبەرچاو دەگرێ کە ئەم

کاروبارانە لەهەر شتێکی دیکە جیا دەکەنەوەو، لەلایەکی ترەوە، لەبواری میتافیزیك یان كاروباری گشتیدا چەند تیۆرێك وەك ئەوەی دیمان دەربارەی چییەتی و گەوهەر دەخاتە ڕوو کە ئەوە دەسەلمێنێ چۆن گەڕاندنەوەی هەموو شتێ بۆ مادە سەبارەت بە شتەکان بەشێوەیەکی گشتیی و تەنانەت سەبارەت بە شتە دروستکراوەکانیش، میتۆدێکی ڕاست نییە.

**ماگی: ئایا دەکرێ بەڵگەیەك بهێنیتەوە کە ئەرستۆ چۆن بە بەکارهێنانی ئەم میتۆدە لە بوارێکی تایبەتدا ئەوە دەستنیشان دەکات کام بەشانە لە شت لەو بوارەدا هەیە؟**

نوس باوم: پێم وایە خراپ نییە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یەکێك لەو زەمینانەی کە نزیکە لە میتافیزیکی ئەرستۆوە چونکە، هەروەکو دیمان، تەوەری بیری ئەرستۆ لە میتافیزیکدا چەند شتێکی وەکو مرۆڤ و سەگ و باقی بوونەوەرە سروشتیەکانە، واتە زۆر نزیکە لە زانستی سروشتی-یەوە . لە زانستی سروشتیدا، بیری ئەرستۆ ئاراستەی زۆر شتی جیاواز کراوە. کتێبێکی هەیە دەربارەی سروشت بەناوی فیزیك یان (گوێڕایەڵی سروشت) کۆمەڵێ شیکردنەوەی بەهێزی لەخۆگرتووە سەبارەت بە کاتو شوێن و ماهیەتی جوڵە، باسەکە بەشێوەیەکی گشتیی دەربارەی مەسەلەی هۆکار یان ڕوونکردنەوەو راڤەکردنە لە سروشتدا- واتە سەبارەت بەوەیە کە زانای سروشتی دەتوانێ کام بەشە لە هۆکار دەستنیشان بکاتو سوودو بایەخی نیسبی هەریەکە لەم بەشە جیاوازانەی هۆکار چییە. لە میتافیزیکدا ئەرستۆ دەڵێت لەڕاستیدا فەلسەفە بە هەستێکی سەرسوڕهێنەر لە بەرامبەر جیهانی





سروشتدا دەستپێدەکات. کاتێ تەماشای دنیا دەکەین، تووشی سەرسوڕمانو سەراسیمەیی دەبین لەبەر ئەوەی ئەو مەسەلە سەرسوڕهێنەرانە دەبینین بەڵام سەر لەوە دەرناکەین بۆچی هەموو شتێ بەو شێوەیە بەڕێوە دەچێت. دەڵێ ئەم مەسەلەیە تاڕادەیەك لە تەماشاکردنی شانۆی بووکەڵە یان نواندنی بووکەڵە دەچێت کە دەبینیت شتەکان بەڕووکەش لە خۆیانەوە دەجوڵێنو لە هەمان کاتدا دەزانیت کە دەبێ میکانیزمێ هەبێ کە ببێتە هۆی ئەو جوڵانە، بەکورتی هێشتا نازانیت ئەو میکانیزمە چییە. دەتەوێ لێکۆڵینەوە بکەیتو پەی پێبەریت. ئەو مەسەلەیەی کە دێتە ئاراوە ئەوەیە کاتێ تۆ ئەو (بۆچی)یە تەرح دەکەیت، بە شوێن چ هۆکارێکدا دەگەڕێی. پرسیاری تۆ ئەوەیە کە بۆچی مەسەلەکان بەو شێوەیە بەڕێوە دەچن. ئەرستۆ دەڵێت زاناکانی ڕابردوو بە شێوەیەکی سادە بیریان کردۆتەوە چونکە لەوە تێنەگەیشتوون کە پرسیاری بۆچی دەکرێ بەچەند شێوەی جیاواز ئاراستە بکرێ و وەڵامی بدرێتەوە. لە فیزیك و میتافیزیکدا بەدڵنیاییەوە دەڵێت وانییە کە تەنها هەندێ راڤە کردن یان هۆکار سودمەند بێ چونکە ڕەنگە فەهرەستی راڤەکردنەکان بێسنوور بێ. بەڕای ئەرستۆ، بەلای کەمەوە چوار جۆر هۆکار گرنگن و ئەمەش هەمان ئەو (چوار هۆکار)ە دیارەی ئەون . بەڕای من ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئاگامان لەوەبێ کە ئەو چوار هۆکارە لەڕاستیدا چوار جۆر راڤەکردنن.

**ماگی: یەعنی چوار جۆر"لەبەر ئەوەی".**

نوس باوم: بەڵێ، زۆر باشت وت: چوار جۆر "لەبەر ئەوەی"، چوار جۆر وەڵام بۆ پرسیاری (بۆچی)- واتە، هۆکاری مادی، هۆکاری

**ڕووکەش، هۆکاری بکەریی، هۆکاری مەبەست. وایدابنێ بپرسم بۆچی درەخت بەو شێوەیە دەڕوێ؟ ڕاڤەی مادی (هۆکاری مادی) پێمان دەڵێت لەبەرئەوەی درەخت لە فلان مادەو لەهەمان مادە دروست بووە. هەڵبەتە ئەم شێوە ڕاڤەکردنە زۆر بەسوودەو زۆر مایەی سەرنجە، بەڵام دەکرێ والێکبدرێتەوە کە ئەرستۆ دەڵێت ئەمە بەتەنیا بەس نییە چونکە هیچ فەهرەستێ لە مادەکانی خۆبەخۆ بە ئێمە ناڵێت ئەو شتەی دەمانەوێ گەشەکردنی راڤە بکەین، چییەو ئەو مادانە چ بەرهەمێ دەهێننە ئاراوە. بەهەمان شێوە دەتوانیت وای لێکبدەیتەوە، ئەرستۆ باوەڕی وایە بۆ ئەم مەبەستە، راڤەیەکی تریشمان پێویستە، کە ڕاڤەکردنی روکەش بێت (یان هۆکاری ڕووکەش). راڤەکردنی ڕووکەش پێمان دەڵێت درەخت بەو شێوەیە دەڕوێ لەبەر ئەوەی فلان شێوە پێکهاتەی بەدەست هێناوە کە ڕووکەش بێت. کەواتە لێرەدا پەیوەندییەك دەبینین لەگەڵ بەڵگەکانی پێشوودا لە میتافیزیکدا . پاشان جۆری سێیەمی راڤە دێت بەناوی هۆکاری بکەری یان راڤەی بکەری کە دەڵێت درەخت بەو شێوەیە دەڕوێت لەبەرئەوەی ئەو شتە جیاوازانەی پەیوەستن بە دەوروبەرییەوە– وەکو ئەو مادانەی دەچنە ناویەوە یان خاك یان شتی تر– لەدەرەوە بەشێوەیەکی دیاریکراو فشاری دەخەنە سەر. دواجار دوا شێوەی راڤە کردن بەقسەی ئەرستۆ هۆکاری مەبەست، بەڕای من، لە هەموویان زیاتر ڕووبەڕووی خراپ حاڵیبوون‌و بەد گوزارشت لێکردن بۆتەوەو لەسەر بنەمای مەبەست ناسی teleological explanation بەم ڕاڤەیە دەڵێین راڤەی مەبەست لەبەرئەوەی گوزارشت لەو telos (مەبەست یان نیاز)ە دەکات کە ئەو شتەی بەردەستمان بەرەو ئەو**





**مەبەستە ملدەنێ . ئەم راڤەیە پێمان دەڵێ درەخت بەو شێوەیە دەڕوێ لەبەرئەوەی کاتێ گەشەکردنی تەواو بوو، ببێ بە فلان جۆر درەخت. بە دەربڕینێکی دیکە، هەموو شتێ لە سروشتدا هەمیشە بەرەو باری کرانەوەی قۆناغی پێگەیشتن ملدەنێ.**

**ماگی: بە ڕووکەش وا دێتە بەرچاو کە لەم راڤە کردنە یان هۆکار دەستنیشان کردنەی دواییدا، رەگەزێکی رەمزیی یان ڕەنگە جادو ئامێز هەبێ کە لە بەشەکانی دیکەدا بەدی نەدەکرا.**

**نوس باوم: بەڕووکەش وا دێتە بەرچاو، بەڵام، بەڕای من، ئەمە تەنها لە بەهەڵە تێگەیشتنەوە سەرچاوە دەگرێ. یەکەم ئەرستۆ ناڵێت لە سروشتدا شتێکی جادو ئامێز هەیە کە دەست درێژ دەکات‌و درەخت بەرەو شێوەی داهاتووی بە کێش دەکات، بە کوردی، لە ئاسۆی ئایندەدا جۆرێ لە بە کێش کردنی سەبەبی بەکاردەهێنێ. بەهیچ جۆرێ وانییە. هەموو شتێ تەواو سروشتییەو لەناو خودی درەختەکەدا ڕوودەدات. مەبەست لە ڕەفتاری کارقبوڵکەرو پێچاوپێچی چارەسازی خودی بوونەوەرەکانە. دەربڕینێکە یەکسەرو گشتی سەبارەت بەوەی چەند شتێکی وەکو درەخت لە هەل‌و مەرجی جۆراوجۆری سروشتیدا هەمیشە بەشێوەیەك جوڵە دەکەن کە یارمەتی بەردەوامی ژیان‌و گەشەکردن‌و کامڵ بوونیان بدات بەرەو کامڵبوون و پێگەیشتنیان. دەربڕینێکە سەبارەت بەوەی درەخت لە ناوچەو ئاووهەوای جیاوازدا هەمیشە ڕوو لە هەتاو دەڕوێ و ڕەگەکانی هەمیشە مەیلیان بەرەو ئاوو سەرچاوەکانی ئاودا هەیە لەهەر بەشێکدا بێت. ئەمە راڤەکردنێکی تەواو گشتییە بۆ ئەوەی ئەو کارە جۆراوجۆرانەی لە درەخت دەوەشێتەوە لە ئێمە بگەیەنێ و بێگومان سادەترو گشتیتری زنجیرەیەك**

وەسفە کە لە هەموو بارەیەکەوە "دوای ڕوودان"بیەوێ شتێ ڕاقە بکات. ئەگەر بەڕاستی لەم ڕاقەکردنەیان لەم هۆکار دەست نیشانکردنە حاڵی بین، دەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە لە سەرچاوەکانی ئایندەشدا کە هێشتا نەماندیووە، دیسان درەخت بەرەو ڕووناکی و خۆر دەجوڵێ، بە چاوپۆشی لەوەی ڕووناکی و خۆراك لەکوێ بن. ئەگەر ئامانج و مەبەستێکمان باس نەکردایە، ئەو توانای پێش بینیەمان نەدەبوو. کەواتە دەبینیت کە مەسەلەکە نە کاری سەروو سروشتی و لەڕادە بەدەر لە ئارادایەو نە مەسەلەی هێزی ڕەمزیی ڕۆحی یان بوونی ئارەزوو لەخودی درەختەکەدا. درەخت بەو مەفهومە هیچ ئامانج و مەبەستێکی نییە. مەسەلەکە تەنها دەربڕینی ئێمە لە چارەساز بوونی جوڵەی سروشتیدایە.

ماگی: بەڵام زۆر لە زانایان ئەو وێناکردنەیان داوەتە پاڵ ئەرستۆ کە نەفس لە هەموو شتێکدا وجودی هەیە. ئایا پێت وایە بەڕاستو دروستی لە مەبەستی ئەرستۆ تێگەیشتبن؟

نوس باوم: نەخێر. پێم وایە بە خراپی گوزارشتیان لە شێوازی ئەرستۆ کردووە لە ڕاقەکردن یان دەست نیشانکردنی هۆکاردا لەسەر بنەمای مەبەست. ئەرستۆ چەندان جار بەڕاشکاوی نکۆڵی لەوە کردووە کە نەفس لەهەموو شتێکدایە، بەڕای من، ڕاقەکردن لەسەر بنەمای ئامانج و مەبەست تەنها سەبارەت بە بوونەوەرە زیندووەکان بەکار دەهێنێ. پێموانییە ئەم جۆرەی هۆکار دەست نیشانکردن بەهیچ جۆرێ سەبارەت بە چەند شتێکی وەکو مانگ گیران و خۆر گیران و هەورە بروسکەو هەورە گرمەو لەم بابەتە پەیڕەو بکات. تەنانەت ئەوەش ڕادەگەیەنێ کە مانگ گیران یان خۆر گیران (لەبەر) شتێ ڕووناداتە و





قابیلی ڕاقەکردنی مەبەستی نییە. سەبارەت بە بوونەوەرە زیندووەکانیش مەسەلەی نەفس بەو مانایەی ئێمە دەمانەوێ و پێویستی هێزی مێشکی و ڕۆحییە، لە ئارادا نییە، مەسەلەی خەسڵەتی گشتیی هەر شتێکە کە ژیانی تێدایە. بۆ ئەوەی بتوانین سەبارەت بەم مەسەلەیە زیاتر قسەبکەین، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ نووسینەکەی ئەرستۆ دەربارەی ژیان. ئەرستۆ کتێبێکی نووسیوە بەناوی "دەربارەی پسوخێ[٤]" کە لەڕاستیدا واتە دەربارەی ژیان یان بنەمای ژیان، ئاسایی لە زمانی ئینگلیزیدا بە (on the Soul–دەربارەی نەفس) تەرجوومە دەکرێ . بەداخەوە زاراوەی (نەفس)

بەڕادەیەك ملکەچی چەمکە گیانی و دەروونیەکانە کە ئەگەر لێرەدا بەکاربێ بە تەواوی گومڕاکەرە. باسەکەی ئەرستۆ دەبێت وەکو باسێك سەبارەت بە ژیان و بوونەوەرە زیندووەکان لێکبدرێتەوە. ئەو شتە خاوەنی (پسوخێ) یە کە زیندوو بێت، بەڕای ئەرستۆ، سەراپای گیاو گیانلەبەران، لەوانیش ئەو گیانلەبەرانەی ناویان مرۆڤە، لەو بابەتەن. ئەو پرسیارەی کە ئەرستۆ دەیەوێت لەم نووسینەدا بیکات و وەڵامی

٤– On Psuche . زاراوەی "پسوخێ" لە یۆنانی کۆندا بە مانای "نەفەس" یا "فوو" بەکارهاتووە دوایی پەرەیسەندووە و بە مانای "گیان" و "ژیان" بەکارهاتووە. زاراوەی وەکو سایکۆلۆژی "دەروونزانی" لە زمانی ئەمڕۆی ئەورووپادا لە هەمان زاراوەوە پەرەی سەندووە. بەمپێیە ئەوەی زانایانی "مشاء"ی وەکو ئیبن سینا لە ئەرستۆیان وەرگرتووە و ناویان ناوە دەروونزانی، ڕەنگە بە فارسی پێی بوترێ "جان شناسی" واتە "گیان ناسی" وەرگێڕانێکی نوێی ئەم نامەیەی ئەرستۆ بەم ناونیشانەی خوارەوە بە فارسی بڵاوبۆتەوە: ارسطو، درباره أنفس، ترجمه و تحشیه علی مراد داودی، انتشارات دانشگا تهران، ١٣٤٩ "چاپ دوم انتشارات حکمت، تهران ١٣٦٦"

بداتەوە ئەوەیە کە بنەمای گیانبەخش لە بوونەوەرە زیندووە جیاوازەکاندا، لەوانیش گیاو گیانلەبەرو ئینسانەکان، چییە؟ ئایا دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی ئەوە بەیان بکەین کە زیندوێتی چییە؟ ئەو وەڵامەی کە ئەرستۆ دەیداتەوە ئەوەیە کە ئەو بنەما گیانبەخشە بەشێوەیەکی گشتی فۆرمی هەموو بوونەوەرێکی زیندووە کە بە تۆکمەیی بەشێوەیەك ڕێکخراوە کە بتوانێ کاربکات و لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی ژیاندا سەرکەوتووبێت. هەڵبەتە مەبەستی ئەرستۆ لە فۆرم، تەنها شێوە یان روخساری دەرەوە نییە، بەڵکو، هەروەکو پێشانیش دیمان، بەشێکە لە بنەما یان پێکهاتەیەکی گونجاو بەکارکردنێکی دیاریکراوەوە. ئەرستۆ تەنانەت زاراوەیەکی تایبەتی بۆ دەربڕینی ئەم مانایە دادەنێ کە زاراوەی(entelecheia)[5] مەبەست لەم زاراوەیە بە ڕووکەش بەشێکی ڕێکخراو یان پێکهاتەیە کە هەموو بوونەوەرێکی زیندوو لەڕێگەیەوە دەتوانێ بەچەند شێوەیەکی ئاسایی لە جۆری چالاکیە ژیانیە تایبەتیەکانی خۆیدا کاربکات- واتە شێوەکارێ پەیدا بکات کە (telos)یان مەبەستی بوونی ئەوە. بۆ نموونە زیندوێتی بۆ تۆ (براین ماگی)، بەو مانایەیە کە بەشێوەیەك پێکهاتبێ کە بتوانی خواردن بخۆی بۆ ئەوەی توانای تێگەیشتن و بیرکردنەوەو جێبەجێکردنی هەموو ئەرکێکت هەبێ کە لە جۆری ژیانی تۆدا ئاساییە. مەبەستی ئەرستۆ لە ڕێکخراو یان پێکهاتەیەکە مادە یان بەدەن بەدەستی دەهێنێ و وەکو پێویست دەبێ هەنگاو بە هەنگاو لە کۆمەڵێ مادەدا بەدی بێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ژیانی تۆ بریتییە لە هەمان

٥- ئەم زاراوەیە یونانییە. زاراوە ئینگلیزییەکەی کە لە بنەڕەتدا تۆمار کراوە "entelechy"ە. پێشینانی ئێمە بە "کەماڵی یەکەم" گوزارشتیان لێکردووە. ئەو مانایەی کە ئەرستۆ خۆی لێیدەویست، (پراکتیکی) و (بەدیهێنانی تەواوەتیە). و. فارسی.





پێکهاتە، نەك ئەو مادەیەی لێی پێکهاتووە. بەمپێیە، هەر کاتێ پێکهاتەی گونجاو لەگەڵ ئەنجامدانی ئەرکەکانتدا لە دەست بدەی، ئیدی زیندوو نیت.

ماگی: ئەرستۆ ئەم پرەنسیپەی سەبارەت بە شتە نازیندووەکانیش بەکارهێناوە، وانییە؟ لەبیرمە لە جێگایەکدا لەیەکێ لە نووسینەکانیدا دەڵێت ئەگەر تەور گیانی تێدا بوایە گیانەکەی بڕینەوە دەبوو. مەبەستی لەوەیە کە تەنانەت ماهیەتی شتێکی وەکو تەوریش، کارێکە کە ئەو شتە ئەنجامی دەدات یان ئەو کاراییە کە هەیەتی، وانییە؟

نوس باوم: بەڵێ، هەڵبەتە ئەرستۆ ئەم نموونەیە بە حسابکردن بۆ پێچەوانەی ڕوودانی دەهێنێتەوە. دەڵێت ئەگەر تەور گیانی تێدا بوایە، ئاوا دەبوو. ئەم نموونەیە بۆ باسکردنی شایەتی بۆ ئەوەی من وتم، دەهێنێتەوە- بەو مانایەی کە مەبەست لە روخسار یان فۆرم یان پێکهاتە، تەنها شێوەی تەور نییە یان ئەوەی لە فلان کانزا دروست کراوە، مەبەست توانای کاراییە. ئەرستۆ بەمپێیە دەیەوێ روانینێکی قووڵتر سەبارەت بەلایەنی نهێنی ئامێزتری بوونەوەرە زیندووەکان بدات بە ئێمەو بەم وێناکردنە تێمانبگەیەنێ کە ئەوەی بوونەوەری زیندوو خاوەنی پرەنسیپێکی گیانبەخش بێت بەو مەعنایە نییە کە بۆ نموونە جەنابت (براین ماگی)، ڕێك شێوەیەکی تایبەتیت هەبێ چونکە ئاشکرایە کە ڕەنگە تۆ بەزیندوویی بمێنیتەوە بەڵام روخسارو هەیکەلت بگۆڕێ....

ماگی: ....وەك ئەوەی بەداخەوە زۆر جاریش وایەو دەگۆڕێ....

نوس باوم:.... یا بەو مانایەی کە ڕێك هەمان گەردیلەکانی مادە بپارێزی چونکە دیسان ئاشکرایە کە هیچ کەسێ توانای کارێکی وای نییە. گرنگ ئەوەیە کە خاوەنی توانای عەمەلی بیت بەشێوەی

جۆراوجۆر و ئەو توانایە بپارێزی و لەبەرئەوە ئەو توانایەت هەبێ کە بەو شێوە تایبەتیە دروست بوویت. تۆ کاتێ دەمریت کە پێکهاتەو سازبوونی پێویست بۆ بەردەوامبوونی کارایی لەدەست بدەیت.

ماگی: باشە، تا ئێرە لە زۆر بواردا قسەمان کرد بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، تەنها چاومان بە بەشێك لە بەرهەمەکانی ئەرستۆدا خشاند. بەداخەوە لەو کاتە کەمەدا کە بەدەستمانەوەیە، لەمە زیاتر هیچ ناکرێ. تەنیا ئومێدەوارم تا ئێرە بە گشتی ئەوەمان نیشانی خەڵك دابێ کە دەتوانن چاوەڕوانی چ قسەو باسێ بکەن سەبارەت بەم فەیلەسوفە سەرسوڕهێنەرە. بەر لە کۆتایی قسەو باسەکە، پێموایە خراپ نییە کەمێك کات تەرخانبکەین و کەمێك لەوە دوور بکەوینەوە کە تائێستا دەمانوت و ببینین چ ئەنجامێ لە قسەو باسەکەمان بۆ فەلسەفەی نوێ بەدەست دێت. بە باوەڕی تۆ، کام مەسەلە فەلسەفیانە کە جێگای بایەخی هاوچەرخەکانی ئێمەیە، راستەوخۆ کاریگەریی ئەرستۆیان لەسەرە؟

نوس باوم: پێموایە یەکێکیان هەمان ئەو مەسەلەیە بێ کە ئێستا قسەمان لەبارەیەوە دەکرد، واتە فەلسەفەی ژیان. لە فەلسەفەی هاوچەرخدا ئەم بوارەمان ناوناوە فەلسەفەی زیهن بەڵام جۆرێك هێزی زیهنی دەرککردنی هەستی و بیرکردنەوەمان لە باقی ئەرکەکانی ژیان جیاکردەوە کە ئەرستۆ ئەگەر ئەمڕۆ لە ژیاندا بوایە، وای نەدەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا گومان لەوەدا نییە کە ئەرستۆ لەو کارانەدا کە بەگشتی سەبارەت بە مەسەلەی ژیان ئەنجامی داوە، بەهەندێ ئەنجام گەیشتووە کە لە ڕوانگەی فەلسەفەی هاوچەرخی زیهنەوە زۆر گرنگن. لەوانەش





هەوڵیداوە ئەوە نیشان بدات کە بۆچی بادانەوە یان گەڕانەوەی هەموو شتێ بۆ مادە– یەعنی باوەڕ بەوەی بۆ نموونە دەرککردنی حسی شتێك نییە جگە لە ڕەوتێکی مادیی– ناتوانێ بۆ راڤەکردنی تایبەتمەندییە ئاڵۆزەکانی ئەرکەکانی ژیان مەبەست بەدی بێنێ. بەڵگەکانی ئەرستۆ لەم بەشەدا کە پێشان باسم کرد، هێشتا متمانەیان پێدەکرێ و وەڵام بەدەستەوە دەدەن. لە کاتێکدا، بیروبۆچوونەکانی ئەرستۆ لەم بارەیەوە ئەوەمان نیشان دەدەن کە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەوەی کە هەموو شتێ دەگەڕێتەوە بۆ مادە، پێویست ناکات بە هەندێ شتی نهێنی ئامێزی نامادی قایل بین. دەبێ بڵێین ناکرێ دەرککردنی حسی ڕێك بگەڕێتەوە بۆ ڕەوتێکی مادیی یەکەم لەبەرئەوەی لە مادەیەکدا هەمیشە جیاواز بەدی دێت و دووەم لەبەرئەوەی کە چەمکی سەرنجدان intentionality و ڕاکێشانی ئیرادی هەست بۆ دەرەوە، لەڕووی دەست نیشانکردنی ڕاست و تایبەتمەندییەکانی ئاگاییەوە گرنگی بنەڕەتی هەیە چونکە دەرککردنی حسیش جۆرێکە لە ئاگایی و سەرنجدان. لەلایەکی ترەوە، دەرککردنی حسی نە شتێکی نهێنی ئامێزەو نە جیایە لەمادە. جۆرێ کاراییەکە، بەقسەی ئەرستۆ، بنەماکەی هەمیشە مادەیەو لەبەشە جیاوازەکانی مادەدا بەدی دێت.

ماگی: لێرەدا گەیشتووینەتە وێناکردنێ کە بایەخی بنەڕەتی هەیە بەڵام وا نایەتە بەرچاو هێشتا بە تەواوی دەرکی پێکرابێ– مەبەست لە وێناکردنی بەشە جیاوازەکانە، نەك بە ئیجباری وێناکردنێك دەربارەی دەرککردنی حسی. ئەوەی کە ڕووبەڕووی دەبینەوە ئەوە نییە کە ببینین ئایا مادە بە بنەڕەتی دابنێین یان باوەڕمان بە ڕووبەرێکی رۆحانی و

ئەبستراکت هەبێ. ڕێگای سێیەمیش هەیە بۆ ڕاڤەکردنی ئەو ئەزموونانەی بە دەستی دەهێنین کە، بەقسەی تۆ، ڕێگایەکە کە ئەرستۆ تیایدا پێشڕەو بووە.

نوس باوم: بەڵێ.

ماگی: بەرلەوەی بە تەواویی باسەکە تەواوبکەین، دەبێ دەربارەی ئاکاریش لە ڕوانگەی ئەرستۆوە شتێك بڵێین. پێم وانییە زیادەڕەوی بێت ئەگەر بڵێین کە هەتا ئەمڕۆ هیچ فەیلەسوفێکی ئاکارگەرا هەرگیز تواناو کاریگەریی ئەرستۆی نەبووە. دەکرێ ئاماژەیەك بۆ ئەوە بکەیت کە توانای مەزن و بێسنووری حسابی ئەرستۆ لەم بوارەدا لە چییەوە سەرچاوە دەگرێ؟

نوس باوم: بەڵێ، هەڵبەتە. زۆر بەداخەوەم کە کاتمان بۆ قسەوباس لەم بوارەدا کە جێگای بایەخی تایبەتی منیشە، ئەوەندە کەمە. بە هەرحاڵ، پێموایە توانای ئەرستۆ لە قۆناغی یەکەمدا لەو پرسیارەوە سەرچاوە دەگرێ، کە لێیەوە باسەکە دەست پێدەکات. زۆر لە فەیلەسوفانی ئاکار وەکو یەکەم جیاوازی دیار بەوە قایل دەبن لە نێوان بواری ئاکارو باقی ژیانی مرۆڤو زانستی ئاکاردا بەم پرسیارە دەست پێبکەن کە "چ شتێ بۆ من ئەرکە؟" یان "ئەرکی ئاکاریی من چییە؟" ئەرستۆ لە پرسیارێکی گشتی ترەوە دەست پێدەکات و دەپرسێ: بەلای مرۆڤی باشەوە ژیان یەعنی چی؟ ئەم پرسیارە ئەو توانایە بە ئەرستۆ دەدات کە لێکۆڵینەوە لەچەند بوارێکدا بکات کە ئێمە ئاسایی لە پاڵ باقی کاروبارەکانی ژیانی مرۆڤ و بە بۆنەی ئەو کاروبارانەوە پەیوەندییەك لەنێوان ئەوانو بواری ئاکاردا دەبینین، لە بابەتی پەیمانی





فیکری، سۆزو خۆشەویستی بۆ کەسانی دی، خۆشەویستی و شتی دی. پاشان ئەرستۆ چەند پرسیارێکی جوان دەربارەی پەیوەندییە هاوبەشەکانی ئەم بوارانە لەگەڵ یەکدیدا دەخاتە ڕوو هەتا ببینێ بەم فاکتەرانە چۆن دەکرێ ژیانێکی باش بنیات بنرێ.

ماگی: بەمپێیە، دەبێ بگوترێ ئەرستۆ هەستێکی قووڵی هەیە سەبارەت بەوەی کە ئاکار بریتییە لەچی. خاڵی جیاوازی ئەویش لەگەڵ باقی فەیلەسوفانی ئاکاردا لەمەدایە. بۆ نموونە ئەو فەیلەسوفانەی کە سوودمەندییان بە بنەڕەت دادەنا. باوەڕیان وابوو کە بۆ هەڵسەنگاندنی هەموو ڕەفتارەکان لە ڕوانگەی ئاکارەوە لەیەك پرەنسیپ زیاتر وجودی نییەو ئەویش خۆشیو ناخۆشییەو دەتوانیت پەسەندیی یان ناپەسەندیی هەموو کارێکی ئەخلاقی بەم سیفەتە پێوانە بکەی. بەڵام ئەرستۆ بە باشی ئاگای لەوە بوو کە ئەمە کاری کردە نییە، وانییە؟

نوس باوم: بەڵێ، ئەو تەشبیهەی کە ئێستا تۆ بە بەکارهێنانی وشەی "سیفەت" بەکارت هێنا. بەلای ئەرستۆوە زۆر گرنگە. مەسەلەکە تەنها ئەوە نییە کە ئەرستۆ نایەوێ شتە جیاوازە بەبەهاکان بەیەك سیفەت بپێوێ. وێڕای ئەمە، دەیەوێ بڵێت کە لە هیچ بوارێکدا ناتوانیت کاروبارە ئاڵۆزەکان بەیەك دار لێبخوڕی. وەکو لێکچواندن دەڵێت بەهەمان شێوە کە ئەندازیاری پایەیەکی ڕازاوەی قاش قاش بەراستەی ساف پایەکە ناپێوێ، کەسێکیش کە لە پلەی داوەری ئاکاردابێ ناتوانێ کۆمەڵێ پرەنسیپی سادەو وشك لەبارێکی ئاکاریی پڕ پێچو پەنادا بەکار بێنێ. بەپێچەوانەوە، بەهەمان شێوە کە ئەندازیارەکە لە پێواندا تەلێکی نەرم بەکاردێنێ کە قابیلی چەمینەوە

بێت کە، بەقسەی ئەرستۆ، ڕەق نییەو دەچەمێتەوەو بەپێی قەبارەی پایەکە دەچەمێتەوە، منو تۆش کاتێ دەکەوینە بارێکی ئاکاریی ئالۆزەوە، دەبێ خۆمان لە دەق بەستن بەدووربگرین و ئامادەی نیشاندانی کاردانەوەی گونجاو بین و خۆمان لەگەڵ ئەو پێداویستیانەدا بگونجێنین کە هەندێ جار تایبەتن بەو بارە تایبەتەو دووبارە نابنەوە. ئەرستۆ دەڵێت دەست نیشان کردنی پەیوەستە بە (دەرککردنی) ئەو بارەو مەبەستیشی لە "دەرککردن" جۆرێکە لە هاوسەنگی لەگەڵ بارەکەدا لەڕووی تیۆریو سۆزدارییەوە بۆ نیشاندانی کاردانەوە. بەڕای ئەرستۆ، ئەم "دەرککردن"ە لەهەموو پرەنسیپەکاندا لەهەر جۆرێ بن، لە پێشەوەیە.

**ماگی: شتێکی دیکە کە لە فەلسەفەی ئاکار–ی ئەرستۆدا بە توندی من دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە ئاگادارییی تەواوی ئەوە لەو ڕاستیەی کە هەڵبژاردنی چوارچێوەی ئاکار–ی ئێمە بەدەست خۆمان نییە، بەمپێیە، نەدەتوانین، بە پێچەوانەی بۆچوونی ڕەواقیەکانەوە، چەند بوونەوەرێکی لە خۆڕازیی بین نەك بەو شێوەیەی کە دەشێ ئەبیقۆریەکان چاوەڕێ بووبن، کۆمەڵێ بوونەوەری ئاکاریی تەواو بێلایەن بین. ئەرستۆ سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ژیانی ئێمە لە چوارچێوەیەکی ئاکاردا دەگوزەرێ کە لە هەموو لایەکەوە دەوری داوین.**

نوس باوم: بەڵێ، پێموانییە هیچ فەیلەسوفێ کە لەم بوارەدا بەرهەمی نووسیوە، بەو باشیە لەو ڕاستیە تێگەیشتبێ کە ژیانی باش بۆ مرۆڤ ئەگەر بڕیاربێ هێندە دەوڵەمەندو پڕ مایە بێ کە هەموو شتە پڕ بەهاکانی وەکو میهر و خۆشەویستی تایبەتی لەخۆ بگرێ، ناچار لە





بەرامبەر زۆر فاکتەردا کە جڵەویان بەدەست ئێمەوە نییە، زیانی لێدەکەوێ و هەر هەوڵێك بۆ لابردنی ئەمجۆرە زەمینە زیان قبوڵکەرانە، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی مایەی ژیان.

**ماگی: ئایا پێت وایە لە بیری ئەرستۆدا شتێك پەیدابێ لە چەمکی "پێکدادانی ئاکار" بچێت کە فەیلەسوفەکان لەم ساڵانەی دواییدا لە بارەیەوە چەند شتێکیان نووسیووە؟**

نوس باوم: بەڵێ، پێموایە پەیدا ببێ. ڕاستی ئەوەیە کە ئەرستۆ دەپرسێ ئەو لایەنانەی ئەم ژیانە باشە کە بە دەست خۆمان نین کامانەن و چۆن دەکرێ نەك تەنها توانای ئێمە بۆ کرداری هاوشانی فەزیلەت، بەڵکو هەروەها سروشتی باش لە ئێمەدا لە قاڵبی ئەم جۆرە فاکتەرە جڵە و نەکراوانەدا فۆرمەڵە بێ یان بگۆڕێ. هەڵبەتە باوەڕی خودی خۆم ئەوەیە کە ئەرستۆ هێندە ئاگای لە وەسفی ژیانێکی باشی هاوشانی هاوئاهەنگی و هاوسەنگییە کە بە تەواوەتی لەم ئاقارەدا بەرەو پێشەوە ناچێت. ئەو وێنەیەی کە لە زەینی ئەرستۆدایە هەمیشە وێنەی ژیانێکە کە هەموو بەشە سازکەرە فراوانەکان لەخۆ دەگرێ کە زۆر لە بەها جیاوازەکان لە خۆ بگرێ، دواجار هەر شتێ لەم ژیانەدا دەبێ بەشێوەیەك داڕێژرابێ کە لەگەڵ شتەکانی دیکەدا هاوئاهەنگ و هاوسەنگ بێ. من پێموایە ئەمە دەبێتە ڕێگر لەبەردەمی ئەرستۆدا کە بەشێوەیەکی ڕاست بە دوای ئەم بابەتەدا بچێ کە هەندێ لە بەشە سازکەرەکانی ژیان ئەگەر تا ڕادەی شیاو تاقیب بکرێن، ڕەنگە لە بەرامبەر هەموو بەشەکانی دیکەدا خۆیان ئاشکرا بکەن و بیانخەنە بەردەم دوو دڵیەوە. بۆ نموونە عەشقی قووڵ هەندێ جار دەتوانێ

لەگەڵ فەزیلەتدا لە دەرگای جیاوازیی بێتە دەرێ و بیخاتە مەترسیەوە. ئەرستۆ لەم بارەیەوە تەواو بێدەنگە، لە کاتێکدا کە ئەمە هەمان مەسەلەی "پێکدادانی ئەخلاقیە" کە، بەڕای من، زۆر بایەخی هەیە و ئەو هیچ لە بارەیەوە نالێ. ڕاستی ئەوەیە کە ئەرستۆ لە بنەڕەتدا دەربارەی عەشقی هەوەسبازی شتێ نالێ و هۆکەشی پێموایە، زۆر حسابکردنی ئەوە بۆ ڕەسمکردنی وێنەی ژیانێکی هاوئاهەنگ و هاوسەنگ.

ماگی: تا ئێرە لە باسەکەدا سەرنجمان لە قۆناغی یەکەمدا ڕوو لە بەیانکردنی هەندێ لە ئەندێشە بنەڕەتیەکانی ئەرستۆ بوو، هێشتا بۆ هەڵسەنگاندنی ئەندێشەکانی ئەرستۆ نەوەستاوین. بەڵام تۆ هەر ئێستا ڕاست پەنجەت خستە لایەنێك لە ئەندێشەکانی ئەرستۆ کە بەڕای تۆ لە کەموکورتیەکانی کاری ئەوە. دەکرێ تکا بکەم باسی یەك دوو لایەنی سەرەکیتریش لەو لایەنانە بکەی کە ڕووبەڕووی رەخنە بوونەتەوە؟

نوس باوم: پێموایە یەکێك لە سەرەکیترین بوارەکان، زانستی سیاسەت–ی ئەرستۆیە کە هەڵبەتە، بەڕای من، زۆر شتی باشی تێدایە و یەکێك لەوانەش شیکردنەوەیەکە کە ئەرستۆ لەو بارەیەوە دەیکات کە حکومەت یان سیاسەت کاتێ کردەوەی ڕاستی هەیە کە هەلومەرجی پێویست بۆ ژیانێکی ئینسانی باش و پڕمایە بخاتە بەردەستی هەموو هاووڵاتیەکەوە. لە دەربڕینی ئەم باسەدا، ئەرستۆ ژیانی باش لە قاڵبی کردەوە جیاوازەکاندا باس دەکات کە بەشە پێکهێنەرەکانی ئەم جۆرە ژیانەن. من پێموایە هەتا ئەمڕۆش کە هەندێك باوەڕیان وایە حکومەت جگە لەوەی زۆرترین ڕادەی سوود بگەیەنێ ئیشێکی دیکەی نییە، تیۆرەکانی ئەرستۆ وەکو بەشێکی دیکە لە بەرامبەر ئەم جۆرە بیروبۆچوونانەدا شایانی سەرنجن. بەڵام کاتێ کێشە دێتە ئاراوە کە





ئەرستۆ ئەوە باسدەکات چ کەسانێ دەبێ وەکو هاووڵاتی قبوڵ بکرێن و لێرەدا ئەوپەڕی کورت بینی سەبارەت بە بیانیەکان و ژنان نیشان دەدات و هیچ خەوشێك لەوەدا نابینێ کە جگە لە ژمارەیەکی کەمی سیفەتی پیاوی دڵئاسوودە، باقی خەڵکەکە لە هاووڵاتیێتی بێبەش دەکات. هەتا جوتیاران و پیشەوەران و مەلەوانانیش دەخاتە لاوە. هەڵبەتە ئەرستۆ بۆ ئەم کارە بەڵگەیەکی بەدەستەوەیە چونکە پێی وایە تۆ بۆئەوەی بە باشی بژیت، دەبێ بتوانی دەربارەی بنەمای ئەم جۆرە ژیانە بیر بکەیتەوە و ئەگەر گیرۆدەی هەندێ ئیشی نزم بیت، دەرفەتی بیرکردنەوە و تێرامانت نابێت. بەڵام من وەکو خۆم پێموایە کە کاتێ ئەرستۆ دەڵێت جوتیار یان پیشەوەری لادێ خەریکی ئیشێکی نزمە کە مەحاڵە وایلێبکات بۆ سوود وەرگرتن لە عەقڵی پراکتیکی و ژیانی باش ئامادەی بکات، بەڕاستی ئەرستۆ زیادەڕەویی دەکات.

ماگی: بەڵام ئایا ئەوە پەسەند ناکەی کە ڕەخنەگرتن لە ئەرستۆ بەو پێیە، لە بەرچاونەگرتنی هەلومەرجی سەردەمەکەیەتی، لەبەرئەوە بێویژدانانەیە؟ دەکرێ لە ڕوانگەی ئێمەوە لە سەدەی بیستەمدا وا بێتە بەرچاو کە ئەرستۆ بە تەواوی بەهای بۆ ژنان و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا و بیانیەکان دانەناوە، بەڵام ئایا لەو سەردەمەدا هەر کەسێ کەمتازۆر لە جێگەی ئەو بوایە بەهەمان شێوە بیری نەدەکردەوە؟

نوس باوم: نەخێر، پێموانییە. ڕاستی ئەوەیە کە ئەرستۆ دەربارەی مەسەلەی کۆیلایەتی دژی ئەو کەسانە بوو کە لایەنگریی گۆڕانکاریی بنەڕەتیان دەکرد و باوەڕیان وابوو کۆیلایەتی دژی دادپەروەرییە. ئەرستۆ بیروڕای ئەو کەسانەی دەزانی و لە دژیان بەڵگەی دەهێنایەوە. سەبارەت بە جوتیاران و مەلەوانان، قسەی ئەرستۆ کە دەیوت ئەم گروپە نابێ هاووڵاتی بن تەنانەت دژی ئەو شێوازە دیموکراسیە بوو کە لە ئەسینا هەبوو. سەبارەت بە ژنان، چەند تیۆرێ دەربارەی بایۆلۆژی

ژن ڕەتدەکاتەوە کە لە تیۆرەکەی دەربارەی پشکی ژن و زاوزێ ڕاستترن و زانیاری ڕاستتریان لە خۆگرتووە. بیروبۆچوونی خۆی ئەوەیە کە ژن تەنها مادەی بێ شێوە دەدات و هیچ کام لە سیفەت و تایبەتمەندییەکانی منداڵ کە ڕوخسار بە (مادە) دەدات لە دایکەوە نییە. هەڵبەتە دەربارەی ڕۆڵی سیاسی و مەدەنی ژن، ئەفلاتون ئەوەی سەلماندبوو کە لە باسکردنی ئەم بابەتەدا ئازادە لە کۆت و نەریت و بڕیارە گشتیەکان و خۆی سەربەخۆ دەتوانێ دەربارەی پەروەردە و فێرکردنی ژنان سەرلەنوێ بیر بکاتەوە و گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی کە وا باشترە هەرکەسێ لە وڵاتدا بەپێی تواناکانی پەروەردە بکرێ، بەمپێیە، دەبێ ئەو بوارەش بە ژن بدرێ کە بە تایبەتی هەڵبسەنگێنرێ و بەپێی هەمان بنەما سوود لە پەروەردە و فێرکردن وەربگرێ.

ماگی: بەڵام خودی خۆت، وێڕای هەموو ئەو ڕەخنانەی کە لە بیروباوەڕی ئەرستۆی دەگری، زۆر لە ساڵانی تەمەنی خۆتت بۆ خوێندنەوەی ئەرستۆ تەرخان کردووە و کتێبێکی پڕ بایەخیشت دەربارەی بەرهەمەکانی بڵاوکردۆتەوە و تیۆرەکانی بە خوێندکاران دەڵێیتەوە و گومانی تێدا نییە کە هەست دەکەی کارێکی زۆر زۆر شایستە ئەنجام دەدەی. بۆچی؟ بۆ نموونە ئومێدەواریت خوێندکارەکانت کە تەقریبەن هیچ کامیان نایانەوێ لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەوە یان لە ڕێگەی فەلسەفەوە نان پەیدا بکەن، چ سوودێک لە خوێندنەوەی کارەکانی ئەرستۆ وەربگرن؟

نوس باوم: پێموایە بنەڕەتیترین سوودێ کە دەتوانن وەریبگرن ئاشنابوونە بە مامەڵەی گشتی ئەرستۆ لەگەڵ فەلسەفەدا هەروەها ئاشنابوون بەوەی فەلسەفە چییە و بۆچوونی ئەرستۆ سەبارەت بەوەی





فەیلەسوف کەسێکە لە بەرامبەر ئەو هەمەجۆریی و دەوڵەمەندییەدا کە لە ژیانی مرۆڤ هەیە، سەرنج و تەنانەت خاکیبوون نیشان بدات و لە هەمان کاتدا، خۆی بە ملتەزیم بزانێ بۆ بەڵگەهێنانەوە و ملکەچی ئەوە بێ کە ئەو هەمەجۆری و دەوڵەمەندییەی ژیان بەشێوەیەکی ڕوون دەربڕێ کە قابیلی تێگەیشتن بێ. ئەرستۆ لە هەر بوارێکدا لە نێوان مەسەلەکاندا هاوسەنگیی دروستدەکات: بۆ نموونە لە نێوان سادەبینی لە تیۆریزەیشندا لەلایەکەوە کە فەلسەفە لە ئاڵۆزیی و دەوڵەمەندیی و تەنانەت لە بێسەر و بەریی و گوتاری ئاسایی و تێکەڵی و پێکەڵی ژیانی ڕۆژانە دوور دەخاتەوە، لەلایەکی ترەوە ئەو بەشەی فەلسەفاندنی نێگەتیڤ و دژی بەرزەفڕیی کە دەڵێت باسی تیۆریی خانوویەکە کە بناغەکەی لەسەر ئاوە و سەبەب خوازیی و بەڵگەهێنانەوە کارێکی بێ ئەنجامە. من باوەڕم وایە کە ئەرستۆ ڕاست خاڵی هاوسەنگی بەدەست هێناوە و ڕەنگە باشترین وێناکردنێ کە دەشێ بە خوێندکار بدرێ ئەوەبێ کە سەبارەت بە ئامانجی فەلسەفە بە دەستی هێناوە.



# ئەنتۆنی کێنی

# فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست

# گفتوگۆ لەگەڵ ئەنتۆنی کێنیدا

## پێشەکی

ماگی: لە خوێندندا، واباوە کە مێژووی ئەوروپا دەکەن بە سێ قۆناغی گەورەوە واتە چاخی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی نوێ. لە فەلسەفەی خۆرئاواشدا هەروا باوە و قسە لە فەلسەفەی کۆن و فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست و فەلسەفەی نوێ دەکەن. کتێبەکانی مێژووی فەلسەفەش کە چاپ دەکرێن، زۆریان دەکرێن بە هەمان ئەو سێ بەشەوە، هەروەکو وتیشمان، لە خوێندنی زانکۆکانیشدا هەمان بەشکردن بەکار دەهێنرێ.

لە فەلسەفەی کۆندا، ئەفلاتون و ئەرستۆ باڵادەستن. ئاشکرایە نەك تەنها بەر لەم دوانە، بەڵکو دوای ئەوانیش فەیلەسوفی دیکەی گرنگ و جێگەی بایەخ لە دنیای کۆندا هەبوون، بەڵام هیچکام لەوانە چەند نووسراوێکی وایان لێ بەجێنەماوە کە بە گشتی لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی و کاریگەرییەوە لەگەڵ بەرهەمەکانی ئەو دوو فەیلەسوفەدا شایانی هەڵسەنگاندن بێت. باڵادەستی ئەفلاتون و ئەرستۆ بەڕادەیەکە کە هەرکەسێ بۆ خوێندنی فەلسەفەی کۆن بچێتە زانکۆ، تەقریبەن دەبینێ – یان ڕەنگە بە ڕاستی – هەموو کاتەکەی بۆ بەرهەمەکانی ئەم دوو فەیلەسوفە تەرخان دەکرێ.

پاشان ئەگەر کەسێکی وا بیەوێ درێژە بە لێکۆڵینەوەی فەلسەفە بدات، ڕەنگە ببینێ کە پێیدەڵێن لە ئەرستۆوە ڕاستەوخۆ بچێتە سەر فەلسەفەی تازە و بەیەك بازد یەکسەر سەدەکانی ناوەڕاست بەجێبهێڵێ. بەڵام ئەو قۆناغەی کە قسەی لەبارەوە دەکەین، زیاتر لە





هەزار ساڵ لە خۆ دەگرێ، واتە لە ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی رۆم-ەوە هەتا ڕێنیسانس. بەداخەوە نەوەکانی ئەم دواییە بە زۆری لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست بێئاگان، بەڕای من، هۆی سەرەکی ئەمەش ئەوە بووە کە تەقریبەن هەموو فەیلەسوفانی جێی متمانە لەسەراپای سەدەکانی ناوەڕاستدا زانای ئاینی و قەشە مەسیحیەکان بوون، لە کاتێکدا کە لە یەك دوو سەدەی بەر لە چاخی نوێدا، کاردانەوەی بەرفراوان بەرامبەر بە مەزهەب و بە تایبەتی دژایەتی بەر فراوانی دەسەڵاتەکەی لە فیکردا هەبووە. لە سەردەمی ئەم کاردانەوەیەدا فەیلەسوفانی سەدەکانی ناوەڕاست ڕووبەڕووی بەدگومانیی بوونەوە کە بە چاوپۆشیی لەوەی لێکۆڵینەوەکانیان بە چ ئەنجامێ بگات، شوێن ڕاستی ناکەون، بە پێچەوانەوە، بۆ ئەو شتەی پێشان باوەڕیان پێیەتی بە دوای بەڵگەی بەهێزدا دەگەڕێن. بەڵام ئەم کاردانەوەیەش وەکو زۆربەی کاردانەوەکان– لەوانەش کاردانەوە ڕاستەکان – سنووری بەزاند. جێی متمانەترین فەیلەسوفانی سەدەکانی ناوەڕاست بەراستی زانای مەزن بوون بەو مانایەی کە ئەمڕۆ ئێمە لە فەلسەفەمان دەوێ، بەڕاستی لە فەلسەفەدا کاریان دەکرد و ئێمە هێشتا دەتوانین زۆر شتیان لێوە فێر بین.

لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستیشدا وەکو فەلسەفەی کۆن، دوو فەیلەسوف لەوانی دی دیارتربوون، هەرچەندە یەکێکیان لەسەرەتای ئەو قۆناغە و ئەوی تریان لە کۆتاییدا ژیاوە. یەکەمیان (قەشە ئۆگەستین-ە St. Augustine-) کە لە ساڵی (٣٥٤)ی زایندا لە باکووری ئەفریقا هاتۆتە دنیاوە و گەرچی لە ژیانیدا سەفەری زۆری

کرد، لە هەمان شوێنی لەدایکبوونی لە ساڵی (٤٣٠)ی زایندا کۆچی دواییکرد. دوو کتێب لە نووسینەکانی بە پەسەندکردنی هەمووان لە کتێبە گەورەکانی جیهانن. یەکێکیان (دانپیانان The Confessions) و ئەویتریان (شاری خودا – The City of God)ە. کەسایەتی دووەمیش لە ڕووی پێگەوە لە یەکەم کەمتر نییە، واتە تۆماس ئەکویناس (Thomas Aquinas) کە لە ساڵی ١٢٢٥ زایندا لە ئیتالیا لەدایکبووە و لە ساڵی ١٢٧٤ زایندا کۆچی دواییکردووە. ئەکویناس بە گشتی لە ئۆگەستین تەکنیکاڵترە و ناسراوترین بەرهەمەکانی دوو کۆمەڵەی گەورەیە بۆ شاگردان. یەکێکیان (کۆمەڵەی لەڕەتدانەوەی کافراندایە – Summa Contra Gentiles) کە بە ناونیشانی (ڕاستێتی مەزهەبی کاسۆلیك – On the Truth of the Catholic Faith تەرجومە کراوە بۆ ئینگلیزی)، ئەویتریان (کۆمەڵەی زانستی کەلام* – Summa Theologiae یان کورتەی کەلام –ە – Summary of Theology).

لە دوای مردنی ئۆگەستین و ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم، قۆناغێك دەستی پێکرد کە ئەمڕۆ بە سەدەکانی تاریکی ناسراوە. لە ماوەی ئەو سەدانەدا، هێندە خوێندەوار و زانای ئەوروپای خۆرئاوا هەبوون کە پاشماوەی شارستانیەت لەناو پێکدادانی شەپۆلە یەك لە دوای یەکەکانی دەستدرێژکاریی و داگیرکاریی هۆزە بەشدارەکاندا، بپارێزن.

*دەکرا بنووسم (قسەی خودا– یان گۆتەی خودا) بەلاّم پێموایە وشەی کەلام باشتر ماناکە دەگەیەنێ. (و.کوردی)





لەو بارودۆخ و هەلومەرجەدا، کاری زانایان زیاتر لایەنی پارێزگاری و چاودێری هەبوو، ماوەیەکی دوور و درێژ تەقریبەن هیچ بەرهەمێکی گرنگ و جێی متمانە نەهاتە ئاراوە. لە ماوەی حەوت سەد ساڵی نێوان ئۆگەستین و ئەنسیلمدا –(١٠٣٣-١١٠٩)– St. Anselm)، تەنها یەك فەیلەسوفی پلەیەك سەریهەڵدا ئەویش (جۆن سکۆتلەندایی – gohn the Scot) بوو کە لە سەدەی نۆهەمی زایندا ژیاوە. بەڵام کاتێ لە سەدەی یانزەی زایندا دەگەینە سەر ئەنسیلم، زنجیرەیەك بیریاری گرنگ دەبینین کە بەخێرایی دەبنە جێنشینی یەکتری: وەکو ئەبیلارد[6] لەسەدەی دوانزەهەمدا، ڕۆجەر بیکۆن[7] و تۆماس ئەکویناس لە سەدەی سیانزەهەمدا و پاشان دەنس سکۆتس[8] و ویلیام ئۆکهام[9] کە بە دەرکەوتنی ئەمانە سەدەکانی ناوەڕاست وردە وردە دەگاتە کۆتایی.

بۆ قسە و باس دەربارەی ئەم قۆناغە دوور و درێژ و نائاشنا و سەرنج ڕاکێشە لە مێژووی فەلسەفەدا، ئەنتۆنی کێنی Anthony Kenny ڕاگری کۆلێجی بۆلیۆل – Ballil College –م بانگهێشت کردووە کە نەك تەنها یەکێکە لە فەیلەسوفە هاوچەرخە دەگمەنەکان و خاوەنی بەرهەمێکی زۆرە سەبارەت بە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست، بەڵکو بۆ خۆشی سەروەختێ قەشەی کاسۆلیك بووە.

٦– Pierre Abelard (١٠٧٩ - ١١٤٢) فەیلەسوف و پیاوی ئایینی فەرەنسایی، یەکێك بووە لە شاگردەکانی ئەنسیلم. (و. فارسی)

٧– Roger Bacon (١٢١٤– ١٢٩٤) فەیلەسوف و زانای ئینگلیزی. (و. فارسی)

٨– Duns Scotus (١٢٦٥– ١٣٠٨) پیاوی ئایینی سکۆتلەندایی. (و. فارسی)

٩– William of Ockham (١٣٠٠– ١٣٤٩) فەیلەسوفی ئینگلیزی. (و. فارسی)

**کرۆکی باسەکە**

**ماگی: بەر لەوەی باس لەلایەنە دیارەکانی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست بکەین، ئایا دەتەویٚ شتیٚ بخەیتە سەر ئەو کلێشە گشتیەی کە من بە شێوەیەکی گشتی بۆ ئەو قۆناغەم ڕەسمکرد؟**

کێنی: منیش بە دەست نیشانکردنەکەی تۆ ڕازیم کە ئەو دوو فەیلەسوفە واتە – قەشە ئۆگەستین و ئەکویناس–ت، بە مەبەستی کۆکردنەوەی دەسکەوتەکانی سەدەکانی ناوەڕاست ناوبرد. بەڵام ئەم دوانە دوو کەسی زۆر جیاواز بوون. ئۆگەستین تاکە بیریارە کە بەناوبانگترین بەرهەمی ژیاننامەکەی خۆیەتی. بنەمای دانپیانانی بیرکردنەوەی قووڵی خۆی و خوێندنەوەی تایبەتی بۆ تەورات و ئینجیل و ژیانی دەروونی خۆی. ئەکویناس جیاوازە، کەسێکی بێوێنە نییە، سوار چاکی ڕێبازێکی مەزهەبی و زانستییە. ئەکویناس ئەندامی بنەماڵەی گەورەی مەزهەبی دۆمینیکان بوو لەناو راهیبانی ئەو زنجیرەیەدا دەژیا. جگە لەوەش مامۆستای زانکۆ بوو. یەکێك لە سەرکەوتنەکانی، بریتییە لە نوسینی دوو کتێبی مەنهەجی زانکۆ. لە هەموو ئەم شتانەدا بە پێچەوانەی ئۆگەستین–ەوەیە کە زانایەکی بێوێنە بوو بە جۆرێك کە لە کۆتایی ژیانیدا ببوو بە (ئەسقەف)، جگە لەو لە هەموو شارەکەدا هیچ کەسیٚ تەنانەت یەك کتێبیشی نەبوو.

**ماگی: بەمپێیە، ئەم دوو کەسە نموونەی دیاری دوو جۆر فەیلەسوفن کە لە کۆنەوە هەتا ئێستا هەمیشە وجودیان هەبووە، لە لایەکەوە بیریارانی گۆشەگیر و تەنیا کە سەری خۆیان کز دەکەن، لەلایەکی ترەوە چەند کەسایەتییەکی ئەکتیڤن لە دامودەزگاکاندا کە مامۆستای زانکۆ نموونەی جۆرێکە لەوانە.**

کێنی: لە تەواوی مێژووی فەلسەفەدا دەبینیت کە فەیلەسوفان وەکو تاکە کەس لە یەکیٚ لەم دوو گروپەدا جێگەیان دەبێتەوە. بلیمەتانی گۆشەگیر و تەنیای وەکو دیکارت و سپینۆزا کە داوی بیریان لە قوڵبوونەوە و رامانی خۆیان دەچنن، لە قاڵبی ئۆگەستیندا فۆرمەڵە بوون. لەلایەکی ترەوە مامۆستا زاناکانی زانکۆت هەیە، وەکو کانت و هیگل، کە لە فەلسەفەدا دەزگا دروستدەکەن و ئەم دەزگایانە دەگاتە شاگردانیان و نەوەکانی دواتری فەیلەسوفان و لەسەر دەستی ئەوان ڕێکوپێك دەکریٚ.

**ماگی: قسەکانمان دەربارەی مامۆستایانی زانکۆ دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئەو بیرەی کە زانکۆ یەکەمجار لە سەدەکانی ناوەڕاستدا سەریهەڵداوە دامەزراندنی کاریگەریی گەورەی هەبوو لەسەر فەلسەفە. دەکریٚ سەبارەت بەم بابەتەش شتێکمان پیٚ بڵێی؟**

کێنی: دامەزراندنی زانکۆ یەکێك بوو لە پڕ بایەخترین خزمەتەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بە فەلسەفە. مەبەستم لە زانکۆ گروپیٚ کەسە کە کارەکتەری یاساییان هەبیٚ کە بە شێوەیەکی پیشەیی و هەردەم سەرقاڵی وتنەوەی کۆمەڵیٚ زانستبن و ئەو زانیاریانە بگوێزنەوە بۆ شاگردەکانیان و بەرنامەی دەرس وتنەوە و میتۆدی فێرکردنی پەسەندکراویان هەبیٚ و پابەندی چەند بنەمایەکی پیشەیی دیاریکراوبن. زۆر جێگەی سەرنجە کە فەلسەفە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا چەند کارێکی پیشەیی وردبووە. بەر لە هەموو شتیٚ لە

رووی قەبارەی گەورەی بەرهەمی فەیلەسوفەکانەوە، ئەکویناس تەنانەت بە پێی کەمترین خەملاندن، هەشت ملیۆن وشە بابەتی نووسیووە. هەندێ نوسینیش هەن کە مشت و مڕیان لەسەرە سەبارەت بەوەی هی ئەون یان نا، ئەگەر ئەم بەرهەمانەشی بخەینە سەر، کۆی وشەکان دەکاتە یانزە ملیۆن. هەشت ملیون وشە زۆرە. هەموو بەرهەمەکانی ئەرستۆ کە ئەمڕۆ لەبەر دەستماندایە، تەنها یەك ملیۆن وشەن. هەموو بەرهەمەکانی ئەفلاتون تەنها نیو ملیون دەبن. ئەکویناس بە درێژایی تەمەنێکی تاڕادەیەك کورت، هەشت ملیۆن وشە دەنووسێ و ئەم هەشت ملیۆنە، ئەم وشانە ئەوە نین هەر وا لە خۆڕا و بێهوودە ریزی کردبن، بەڵکو ئەو وشانەن کە زانایان هەتا ئەمڕۆ هەوڵدەدەن بگەنە مانای کۆتاییان.

قەبارەی نووسینەکان گەورەیە، بەڵام لە وردەکاریش بێبەش نین. تەکنیکی بەرهەمەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بریتییە لە دیالۆگ و ئەمە لە نووسینەکانی ئەکویناسیشدا بەدی دەکرێ. دیالۆگ یەکێك بوو لە تەکنیکە گرنگەکانی وانە وتنەوە لەو سەردەمەدا. مامۆستا یەکێك لە خوێندکارە پێشکەوتووەکانی لەلایەکەوە دادەناو یەکێك یان چەند خوێندکارێکی لە خوارتری لە بەرامبەردا دادەنا. خوێندکارە سەرکەوتووەکە دەبوو داکۆکی لە بۆچوونێکی تایبەتی بکات، لە بابەتی ئەوەی جیهان لە کاتدا سەرەتایەکی نییە (یان کۆنە) یان بە پێچەوانەوە جیهان لە کاتدا سەرەتایەکی هەیە (یان تازەیە). خوێندکارەکانی تر دژی ئەو بۆچوونە دەوەستانەوە و بۆچوونێکی تریان باس دەکرد کە دژی ئەو بۆچوونە بوو. بەڵام هەردوولا دەبوو بە پێی ڕێسا وردەکانی





لۆجیك بەڵگە بهێننەوە. دواجار، مامۆستا کێشەکەی یەکلایی دەکردەوە و هەوڵیدەدا ڕوونیبکاتەوە کە چ شتێ لە قسەکانی لایەکدا ڕاست بووە و چ رەخنەیەکی بەهێز و ڕاست لەلایەن لاکەی ترەوە گیراوە.

ئەگەر —کۆمەڵەی زانستی کەلام—ی تۆماس ئەکویناس تەماشا بکەیت، دەبینیت ئەگەر چی هیچ دیالۆگێکی ڕاستەقینەی تێدا نەنووسراوە، ئاماژەکانی ئەم میتۆدە بەرچاو دەکەوێ. هەرکاتێ ئەکویناس دەیەوێ تیۆرێ یان بۆچوونێکی فەلسەفی یان کەلامێکی تایبەتی تەرح بکات، یەکەمجار سێ بەڵگەی بەهێز باس دەکات کە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو تیۆر و بۆچوونە بە خەیاڵیدا دێت. ئەم میتۆدە، دیسپلینێکی سەیر لە فیکردا دەهێنێتە ئاراوە و نایەڵێ مەسەلەکان بەڕاست وەربگری. ناچارت دەکات لە خۆت بپرسیت: "دەمەوێ سەبارەت بە چی قەناعەت بەکێ بکەم و بەهێزترین ناڕەزایی کە لایەنی بەرامبەر ڕەنگە دەریببڕێ چییە؟"

کەواتە ئەم دوو تایبەتمەندییە خاسیەتی فەیلەسوفانی سەدەکانی ناوەڕاست بوو کە یەکێکیان زۆری نووسینەکانیان و ئەوی تر میتۆدی وردی خستنە رووی مەسەلەکان بوو. سێیەمین تازەگەریی سەدەکانی ناوەڕاست بەرنامەی خوێندن بوو. بەرنامەی خوێندن لە زانکۆ بەو مانایە بوو کە چەند مادەیەکی دیاری کراو هەبوون و هەر کەسێ دەچووە زانکۆ، دەبوو فێری ئەو مادانە ببێ. کۆمەڵێ زانیاری بوون کە دەبوو خوێندکار فێریان بێت بەر لەوەی بیەوێ بەردێکی بچووك بخاتە سەر خانووی زانست. میتۆدێ بوو کە دەبوو سەرەتا لەبەر بکرێ و

پاشان، ئەگەر بوار هەبوو، لەگەڵ هەندێ شتی تردا بە خوێندکاران بوترێتەوە.

بەرنامەی خوێندنی سەدەکانی ناوەڕاست بە تایبەتی لەسەر بنەمای بەرهەمەکانی ئەرستۆ ڕێکدەخرا. بەرهەمەکانی ئەرستۆ لە سەرەتای قۆناغی کرانەوەی سەدەکانی ناوەڕاستدا تەرجومە کران بۆ لاتینی. کەسانێکی کەم لە فەیلەسوفە مەزنەکانی سەدەکانی ناوەڕاست یۆنانییان دەزانی بەڵام وەرگێڕانی باش بەلاتینی لەبەردەستدا بوو وفەیلەسوفەکان بە زۆری هەوڵیان دەدا هەر چەند دەکرێ زانیاری لە بەرهەمەکانی ئەرستۆ دەربێنن و پاشان خۆیان زیاتر پەرەی پێبدەن و دایبڕێژنەوە.

ماگی: بەر لەوەی بگەمە گرنگترین بابەت واتە ناوەڕۆکی ئەو بەرهەمانە، دەمەوێ پرسیارێکت لێبکەم کە رەنگە کورتبینانە بێتە بەرچاو بەڵام رەنگە وەڵامێکی هەبێ کە سەرنج ڕاکێش بێ. هەر کەسێکی ئینگلیز کە دەست بکات بە خوێندنەوەی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست، بە ناچاری سەرنجی بەلای ئەوەدا ڕادەکێشرێ کە زۆر لە سیما دیارەکانی لەو سەردەمەدا، خەڵکی بەریتانیا بوون یان بەشێکی گرنگی تەمەنیان لەوێ بەسەربردووە. ئەم حوکمە سەبارەت بە زیاتر لە نیوەی ئەو کەسانەی کە لە پێشەکی ئەم گفتوگۆیەدا ناوم هێنان ڕاستە: جۆن سکۆتلەندایی، ئەنسیلم، رۆجەر بیکۆن، دەنس سکۆتس، ویلیام ئۆکهام و هتد. ئایا ئەم مەسەلەیە تەنها ڕێکەوتە یان روونکردنەوەیەکی سەرنجراکێشی هەیە؟





کێنی: هەڵبەتە ئەم ڕاستییە زۆر مایەی سەرنجە، بەڵام ئەگەر کەسێك بڵێت فەلسەفە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا تایبەتمەندیی ئینگلیزی هەبووە، بەڕای من، ئەو ڕاستییە فریویداوە.

ماگی: من بە هیچ جۆرێ مەبەستم لەوە نەبوو.

کێنی: ڕاستە کە زۆر لە فەیلەسوفان بەشێك لە تەمەنیان لە بەریتانیا بەسەر بردووە و تەنانەت هەندێکیان لەوێش لەدایك بوون. بەڵام نابێ ئەوە فەرامۆش بکەین کە ئەنسیلم ئیتالیایی بوو و دەنس سکۆتۆس و ویلیام ئۆکهام زۆربەی کاتیان لە وڵاتانی ئەورووپا بەسەر دەبرد. هەر وڵاتێکی ئەورووپای خۆرئاوا لەبەرچاو بگری، دەبینیت زۆر لە فەیلەسوفە مەزنەکان ماوەیەك لەوێ بوون. هۆکەشی ئەوەیە کە کۆمەڵگای زانکۆ لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، کۆمەڵگایەکی زۆر ئەورووپایی بوو. نەتەوەی عیسا، واتە نەتەوە مەسیحیەکان، یەك کۆمەڵگای زانکۆیان پێکدەهێنا. کەسێك کە لە زانکۆیەك بڕوانامەی بەدەست هێنابوو، دەچوو لە زانکۆیەکی تر دەرسی دەوتەوە. لە هەموو زانکۆکاندا بە زمانێکی هاوبەش قسە دەکرا کە هەمان زمانی لاتینی ئەهلی کڵێسا بوو و کۆچ لە نێوان زانکۆکاندا زۆر بوو. هەڵبەتە ئەمە پەیوەندیی بە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستەوە هەیە. پاشان، بە هۆی جەنگە نیشتمانیەکانەوە وەکو جەنگی سەد ساڵەی نێوان بەریتانیا و فەرەنسا — ئەم جۆرە کۆچ و سەفەرانە وەستانی تێدەکەوێ، لەلایەکی ترەوە، بەرەبەرە ئەدەب بە زمانە زیندووە نەتەوەیی وناوچەییەکان دێتە ئاراوە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵك تەنانەت ئەگەر وەکو رابردوو بەلاتینیش قسە بکەن، بەرە بەرە بە زمانی خۆیان، بۆ نموونە بە ئینگلیزی، بیر بکەنەوە. بەم شێوەیە جێگای، بایەخە کە دەبینین دوا

فەیلەسوفی بەڕاستی گەورەی سەدەکانی ناوەڕاست، جۆن وایکلیف[١٠]–ە کە ڕاست دوای ویلیام ئۆکهام دێت و یەکێك لە هۆیەکانی ناوبانگی ئەوەیە کە بەهاندانی ئەو، تەورات و ئینجیل بۆ یەکەم جار تەرجومە دەکرێ بۆ زمانی ئینگلیزی. لەگەڵ دەرکەوتنی وایکلیفدا، تەمەنی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی زانکۆی لاتینی زمان بەرەو کۆتایی دەچێت و ئەمەش یەکەم قۆناغی پەڕاگەندەیی بەربەری کلتورە نیشتمانییە جیاوازەکانە بە زمانە جیاجیاکان.

ماگی: با بێینە سەر خودی فەلسەفە. یەکێك لە ناڕەحەتیەکان لە سەراپای سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەوەبوو کە دەیانەویست تیۆری فەیلەسوفە مەزنەکانی یۆنانی کۆن لەگەڵ ڕێنماییەکانی ئاینی مەسیحدا بگونجێنن. لە سەرەتای قۆناغەکەدا، بە شێوەیەکی سەرەکی ئەفلاتون جێگەی بایەخپێدان بوو بەڵام پاشان، وەکو خۆشت ئاماژەت بۆ کرد، ئەرستۆ جێگەی بایەخ بوو. بەڵام، بەهەر بار، هەموو یان حەزیان بە هێنانە ئارای گونجاندنێکی لەو جۆرە دەکرد. دەکرێ لەم بارەیەوە ڕوونکردنەوەیەکمان بدەیتێ؟

---

١٠– John wycliff (١٣٢٠–١٣٨٤) پیاوی ئایینی و ریفۆرمیستی ئایینی ئینگلیزکە لە سەدەی چواردەی زایندا ڕاگری هەمان کۆلێج بوو کە ئەمڕۆ ئەنتۆنی کێنی ڕاگرێتی و دوو سەد ساڵ پێش مارتین لوسەر بە مەبەستی چاکسازی ئایینی مەسیح و پێشگیریی لە سەرەڕۆیی قەشەکان کۆمەڵێ بیر و باوەڕی تەرحکرد کە لە زۆر لایەنەوە لە ڕاکانی مارتین لوسەر دەچوون، لەبەرئەوە کڵێسای کاسۆلیك و پاپا دوژمنایەتیان کردو سێ ساڵ دوای مردنی، لاشەکەیان لە گۆڕ دەرهێناو سووتاندیان و فڕێیان دایە چەمەوە. بۆ ئەوەی کتێبی پیرۆزی مەسیحیەکان باشتر لای خەڵك قابیلی تێگەیشتن بێت، خۆی هەر چوار جۆرەکەی ئینجیل و بەشێکی لە پەیمانی کۆن تەرجومە کرد بۆ ئینگلیزی و بوو بە هاندەری کەسانی دی بۆ ئەوەی باقی ئینجیل تەرجوومە بکەن بۆ ئینگلیزی (و. فارسی)





کێنی: گونجاندنی تیۆرەکانی ئەرستۆ لەگەڵ مەسیحیەتدا، جێگەی بایەخپێدانی تایبەتی ئەکویناس و جێنشینانی بوو. بەڕای من ئۆگەستین، زیاتر لە ئەرستۆ بایەخی بە ئەفلاتون دەدا و لە بنەڕەتدا وەکو سەرچاوەی زانست و هوشیاری زیاتر لە تیۆری هەر فەیلەسوفێ بایەخی بە تەورات و ئینجیل دەدا. لە سەراپای سەدەکانی ناوەڕاستدا هەست بە ئامادەبوونی ئۆگەستین دەکرێ. فەیلەسوفەکانی دواتری سەدەکانی ناوەڕاست وا تەماشای ئۆگەستین یان دەکرد کە هەموو ئەو زانیارییە ئاینیانەی لە ترادیسیۆنی مەسیحیەوە هەڵقوڵاون کە لە ڕێگەی تەورات و ئینجیلەوە گەیشتبوون، ئەو کۆی کردوونەتەوە و تۆماری کردوون. بەڵام کاتێ لە سەدەی دوانزە و سیانزەی زایندا بەرهەمەکانی ئەرستۆ تەرجومەکران بۆ لاتینی. زانایان بینیان کە، جگە لە ترادیسیۆنی مەسیحی، کۆمەڵێ زانیاری دیکەش هەن کە باسی دنیا و مرۆڤ دەکەن و باسی ئەوەش دەکەن کە ئێمە چ جۆرە بوونەوەرێکین و چ کارێ شایستەی ئێمەیە، هەموو ئەم باس و خواسانەش لە فەلسەفەی فەیلەسوفە کۆنەکاندا و بە تایبەتی لای ئەرستۆ بەدیدەکرێ. ئەرستۆ لە زۆر لایەنەوە، یەکێك بوو لەسەرسوڕهێنەرەکانی ڕۆژگار و زۆر بوار کە پاشان بوون بە بەشی جیاوازی فەلسەفە، بە دەستی ئەو دامەزران، وەکو لۆجیك و فەلسەفەی سەرەتایی و دەروونزانی و گیاناسی و زانستی ڕووداوەکانی فەزا meteorology. ئەرستۆ دامەزرێنەری ئەم زانستانە و زانستی تر بوو کە لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا هێشتا بە کامڵترین شێوە تەنها لە نووسینەکانی ئەودا بەدی دەکران.



## قەشە ئۆگەستین (٣٥٤ ـ ٤٣٠ ز)

ماگی: نازانم ئەم پرسیارەی کە دەمەوێ بیکەم بە چ وشەیەك دەربڕم کە سووك نەیەتە بەرچاو چونکە مەسەلەکە بەڕاستی جددیە. بە حسابکردن بۆ ئەوەی فەیلەسوفانی سەدەکانی ناوەڕاست لە ناخی دڵیانەوە باوەڕیان بە ئاینی مەسیح هەبوو و باوەڕیان وا بوو کە تەورات و ئینجیل لەسەرچاوەی خوداییەوە ئیلهامیان وەرگرتووە و ئەولیای کڵێسا نوێنەری خودان لەم دنیایەدا و قسەیان مشتومڕ هەڵناگرێ، کەواتە ئیدی بۆچی بایەخیان بەوە دەدا کە زانایانی کۆن چییان وتوە؟ مەگەر رێنماییەکانی کڵێسا لە هەموو بوارێکدا باڵاترین بەڵگە نەبوون؟ مەگەر ئەو ڕێنماییانە تیۆری زانایانی دێرینی رەت نەدەکردەوە؟

کێنی: فەیلەسوفانی سەدەکانی ناوەڕاست باوەڕیان وا بوو کە ئاینی مەسیح زانینی تەواوی بۆ رزگاربوون خستۆتە بەردەستیان تەنانەت ژنێکی جل شۆری هەژار و تەواو بێئاگاش لە زانیاری زانایانی دێرین ئەگەر ئاگای لە ڕاستیەکانی مەسیحیەت بێ، ڕەنگە بە هەمان شێوە بچێتە بەهەشت و بەشکۆمەندییەوە لە نزیك خوداوە ژیان بەسەر بەرێ وەکو کەسێکی وەکو تۆماس ئەکویناس بەو هەموو زانیارییەوە. بەمپێیە، هەڵەیە ئەگەر وا بیر بکەینەوە کە کەسانی وەکو ئەکویناس کە زەینێکی چالاك و لاپرەسەنگیان "فضول" هەبوو و دەیانەویست هەتا دەتوانن دەربارەی مرۆڤ و جیهان زانیارییان زیاد بکەن، لە ژیاندا تەنها سەرنجیان لەسەر ئاین چڕ کردۆتەوە. هەڵبەتە وەکو دروستکراوی خودا حسابیان بۆ مرۆڤ و دونیا دەکرد، بەلاّم بۆچوونیان وا بوو کە خودا تەنها لە ڕێگەی کتێبی پیرۆزی وەکو تەورات و ئینجیلەوە قسەمان بۆ ناکات بەڵکو بە زمانی داهێنانیش دەربارەی جیهان قسەمان بۆ دەکات.





ماگی: من خۆم لە سەرەتادا کە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستم خوێندەوە، یەکێك لەو مەسەلانەی کەمایەی سەر سوڕمانم بوو ئەوە بوو کە شتەکان لە فەلسەفەی ئەو قۆناغەدا چەند پەیوەندیان بە ئاینیەوە نییە. زۆر شیکردنەوەی وەکو هی ئەمڕۆ هاتە بەرچاو، لە دەستەواژەو چەمك کە تا ئەوپەڕی ڕێکو پێك بوون و زۆر کاری پڕ بەهام لە لۆجیکدا بەدیکرد – ڕەنگە لە هەمووشی سەیرتر–کاری سەرنجراکێش و هەندێ جار تازە بووبێ لە هەموو زانستەکاندا لە میکانیکەوە هەتا دەروونزانی. زۆری ئەم بەرهەمانە سەر سوڕهێنەرن و زۆر بەشیان بە شێوەیەکی سەیر لە ژێر کۆنترۆڵەکانی ئەو قۆناغەدا نین.

کێنی: زۆر لەو زانستانەی کە دوای ڕێنیسانس بوون بە بواری سەربەخۆ، تۆوەکەیان لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستدا چێنرابوو ئەگەر ئەم فەلسەفەیە بەخێزانێك تەشبیهبکەین، دەبینین هەموو ئەم زانستانە لەو سەردەمەدا منداڵی ئەو خێزانە بوون و لە قۆناغی گەشەکردندا بوون. ناونیشانی هەندێ لە مامۆستایانی زانکۆی ئەو کاتە، بە تەنها حیکایەتی ئەم بابەتەی دەگێڕایەوە. لە ئۆکسفۆرد دەبینین ناونیشانی مامۆستای فیزیك، مامۆستای فەلسەفەی سروشتییە. ئەمە ئەوە نیشان دەدات کە بواری فیزیك لە دەرسی فەلسەفەی سروشتیەوە سەرچاوەی گرتووە. بەرنامەی ئەم دەرسە لە یەکێك لە کتێبەکانی ئەرستۆوە بە ناوی فیزیك یان (سماع طبيعي)[11] ەوە ئامادەکرابوو.

[11] – سماع طبيعي(بیستنی سروشتی): ئەم زاراوەیە بە پێی بەکارهێنانی کۆنی بەشێکە لە فەلسەفەی سروشتی کە باس لە کاروباری سروشتی و ئەوە دەکات کە هەموو تەنە

نوسینەوەکانی ئەرستۆ نموونەی بەرنامەی دەرس وتنەوە بوون لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کە لە لۆجیکەوە دەستی پێدەکرد. لۆجیك لە داهێنانەکانی ئەرستۆ بوو بەڵام لە سەدەکانی ناوەڕاستدا گەشەکردنێکی گەورەی بە خۆیەوە بینی و یەکێك بوو لەو مادە کەمانەی کە هەر کەسێ لەو ڕۆژگارەدا دەچووە زانکۆ، دەبوو فێری بێت. ئێمە لەم سالانەی دواییدا سەرلەنوێ زۆر مەسەلە و هونەری لۆجیکی ڕەوانمان دۆزیوەتەوە، کە لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا لای خوێندکاران تەواو ئاسایی بووە و پێی ئاشنابوون. لە سەردەمی ڕێنیسانس و ریفۆرمی ئاینیدا، گەشەی لۆجیك وەستاو تا کۆتایی سەدەی نۆزدە تەنها بەشێوەی کەموکورت و ناتەواو لە زۆربەی زانکۆکانی ئەوروپادا دەخوێندرا. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، نەوەیەکی نوێ لە زانایانی لۆجیکی بیرکاری – وەکو گۆتلوب فرگێ – Gottlob Frege" لە ئەڵمانیا و بێرتراند روسێل – Bertrand Russell و ئەلفرێد نورت وایتهید – Alfred North Whithead لە بەریتانیا لە ڕێگەی بیرکارییەوە چوونە سەر لۆجیك و ئامانجیان ئەوە بوو کە ڕەگ و ڕیشەکانی بیرکاری لە لۆجیکدا بدۆزنەوە. لۆجیك

سروشتیەکان تیایدا خاڵی هاوبەشیان هەیە وەکو مادە و فۆرم و جوڵە و وەستان و سروشت و شتی دیکە. بۆیە وایان ناوناوە چونکە یەکەم بابەت بووە کە خوێندکاری فەلسەفەی سروشتی دەیبیست. هەندێك کەس ناونانی بەو شێوەیە بۆ ئەو وانانەی فەلسەفەی سروشتی دەگێڕنەوە کە ئەرستۆ بۆ شاگردانی خۆی باسدەکرد و ئەوان گوێیان دەگرت و گفتوگۆ و مشت و مڕیان لەسەر نەدەکرد.
(فرهنگ فارسی عمید ٣ جلدی جلد دوم ص ١٤٥٧)
(و.کوردی)





دووبارە لە سەردەستی ئەم جۆرە کەسانەدا بوژایەوە و یەکێك لە بەرهەمەکانی کتێبی گەورەی پرەنسیپی بیرکاریی – Prinipia Mathematica – بوو. وایتهید و روسێل دەیانەویست لەم کتێبەدا نیشانی بدەن کە ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێکوپێك لە شتە لۆجیکیە ئاشکراکان بکۆڵینەوە، دەتوانین هەموو حسابە سەرەتاییەکان لەو پرەنسیپە ئاشکرایانەوە هەڵبهێنجین. بوژانەوەی لۆجیك لە سەرەتای سەدەی بیستدا، بوو بە هۆی دۆزینەوەی چەند لقێکی تر لە لۆجیك لە ڕۆژانی پێش و دوای جەنگی جیهانی دووەم دا کە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە تا ئەو کاتە بە تەواوی لەبەر چاو ونبوون. تا پێش نەوەی خودی خۆم، خەڵك هێشتا ئەو دوو بەشەی مێژووی لۆجیکیان بەیەك نەگەیاند بوو و نەیاندەزانی کە هەندێ لە نوێترین ئەندێشەکان لە لۆجیکدا هەمان ئەو بابەتانەیەکە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە تەواوی زانراون.

ماگی: من بۆ خۆم کاتێ یەکەمجار فەیلەسوفانی وەکو دەنس سکۆتس و ویلیام ئۆکهام –م خوێندەوە، خوێندنەوەی چەند ساڵ پێشتری خۆمم بە یاد هاتەوە لە لۆجیکی سەدەی بیستدا. وام هەستدەکرد کە چەند نووسەرێکی دوور و نا ئاشنا و تەنانەت نامۆش دەخوێنمەوە. بەڵام، بەپێچەوانەی چاوەڕوانی خۆمەوە، بینیم کە سەروکاریم لەگەڵ چەند کەسێکدایە کە سەرقاڵی کۆمەڵێ کار بوون کە تەواو ئاشنایە. هەتا ریتمی دەربڕینیشیان بە گوێم ئاشنا بوو. بەمپێیە ئایا دەکرێ بگوترێ کە میحوەری فەلسەفە – بەلای کەمەوە بەو شێوەیەی کە لە ئەوروپای خۆرئاوا دەخوێندراو لێیدەکۆڵرایەوە – لە

**سەدەکانی ناوەڕاستدا لۆجیك بووە و لە حاڵی حازریشدا هەم لۆجیکە، بەڵام لە بەشی زۆری ماوەی جیا کەرەوەدا، وانەبووە؟**

کێنی: بەڵێ، دەکرێ بوترێ. هەر بۆیە کەسێك کە فەلسەفەی تازەی خوێندووە، کاتێ تێکستەکانی کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست دەخوێنێتەوە، هەندێ جار هەستێکی وا سەیری ئاشنایی و قایل بوونی لا دروست دەبێت. بەڵام پاش سەدەکانی ناوەڕاست، خەڵك ئەو حەز و ئارەزووەی کە بۆ لۆجیك و خوێندنەوەی فەلسەفەی زمان هەیانبوو، لە دەستیاندا. هەڵبەتە بە زۆری بایەخیان بە خوێندنەوەی زمان دەدا لە رووی هونەری حیکایەتخوانی و لە رووی ئەدەبییەوە. بەڵام ئارەزووی پێشوویان سەبارەت بە پەیوەندیی زمان لەگەڵ لۆجیکدا لە دەستدا. لە دیکارت بە دواوە، بایەخی فەیلەسوفەکان بەر لە هەر شتێ لەسەر ئەپستمۆلۆجیا –epistemology– چڕ کرایەوە. بنچینەی ئەپستمۆلۆجیا ئەو پرسیارەیە کە ئێمە چۆن مەعریفە لەسەر ئەو شتانەی کە دەیزانین بە دەست دەهێنین؟ چۆن ئەو شتانەی کە دەیزانین، لە بنچینەدا دەتوانین بیزانین؟ ئەپستمۆلۆجیا، زمان و لۆجیکی خستە دواوە. بەڵام لە ڕۆژگاری فیرگێ و روسێلەوە تانەوەی ئێستا، لۆجیك و زمان، بە تایبەتی لە بەریتانیاو ئەمریکا، دووبارە لە فەلسەفەدا کەوتنە پێشەوە. پرسیاری گەورەی فەیلەسوفەکان لەم سالانەی دواییدا ئەوە بووە کە "مانای ئەوەی دەیڵێت چییە؟" نەك ئەوەی "چیدەزانی؟" تایبەتمەندیی فەلسەفە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەوە بوو – و ئەمڕۆش هەمان شتە – کە هەر پرسیارێ لە زانست یان لە بیرکاریدا یان لە هەر شتێکی تردا دەبێ ئاگایی ئەوەی لەگەڵدا بێ کە مانای ئەو پرسیارەی دەیکەین چییە.





**ماگی: هەروەکو لە پێشەکی ئەم دیالۆگەدا باسمکرد، باوترین تۆمەت لە دژی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست بەشێوەیەکی گشتی ئەوە بووە و ئەوەیە کە فەیلەسووفەکان لەو سەردەمەدا، بەر لە دەستبەکاربوون، یەکەم ملکەچی کۆمەڵێ بیروباوەڕی دوور و درێژ دەبوون دەربارەی بوون بە گشتی، بەمپێیە، لە جیاتی ئەوەی بێلایەنانە دەست بە لێکۆڵینەوە بکەن، بە دوای بەڵگەی بەهێزدا دەگەڕان بۆ سالماندنی بیرو باوەڕەکانیان. تۆ ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارە بدەیتەوە، چۆن وەڵامی ئەو تۆمەتە دەدەیتەوە؟**

کێنی: ئەمە وەك پێویست تۆمەتێکی گرنگ نییە لە دژی هیچ فەیلەسوفێ کە بڵێن بۆ سەلماندنی ئەوەی پێشان باوەڕی پێی بووە، بە دوای بەڵگەی بەهێزدا دەگەڕێ. دیکارت بە نموونە دەهێنمەوە کە بە جلی فەرەحەوە لای ئاگرەوە دانیشتبوو و بۆ سەلماندنی ئەو بابەتە بە شوێن بەڵگەی بەهێزدا دەگەڕا و دەزانیت چەند درێژەی پێدا تا دواجار ئەو بەڵگانەی دەیەویست بە دەستی هێنا. بێرتراند روسێل، ئەکویناس بەوە تاوانبار دەکات کە بەڕاستی فەیلەسوف نەبووە چونکە ویستوویەتی بە هەر حاڵ ئەوەی باوەڕی پێی هەبووە، بیسەلمێنێ. بەڵام سەیرە کە روسێل تۆمەتێکی وا بداتە پاڵ ئەکویناس کە خۆی لە (پرەنسیپەکانی ماتماتیك)دا بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ دوو کەڕەت دوو دەکاتە چوار – واتە ئەو شتەی کە لە هەموو تەمەنیدا باوەڕی پێبووە – سەدان لاپەڕە دەنووسێ.

**ماگی: ئەو بابەتەی کە ئێستا فەرموت زۆر زۆر بایەخدارە بەڵام لەبەرئەوەی پێموانییە کە بۆ خەڵك بە ئاسانی قابیلی تێگەیشتن بێت.**

ئەو بەهایەی هەیە کە جەختی لێبکرێتەوە. هەر فەیلەسوفێکی شایەنی بایەخپێدان و گرنگ دەبێ چەند بیر و بۆچوونێکی جیاوازی لەوانی دی هەبێت، دەنا کەسێکی جێگای بایەخ و گرنگ نابێ. بە درێژایی هەزاران ساڵ، تەقریبەن هیچ جۆرە بیروبۆچوونێکی فەلسەفی نەبووە کە لە خەیاڵدا بەرجەستە و جێگیر بوو بێ و لەلایەن یەکێك لە فەیلەسوفەکانەوە پەسەند نەکرابێ. بەڵام ئەوەی کە فەیلەسوفێکی خۆشناو لە چاو فەیلەسوفێکی ناوناخۆشدا پایە بەرزتر دەکات ئەوە نییە کە یەکەمیان پابەندی کۆمەڵێ بیر و بۆچوونی "ڕاست" و بنەڕەتیە، خاڵی جیاوازییان ئەوەیە کە یەکەمیان، بە چاوپۆشی لەوەی چ بیر و باوەڕێکی هەبێ، ئامادەیە چەند بەڵگەیەك بۆ ڕاستی بیر و بۆچوونەکەی بهێنێتەوە و ئەو بەڵگانە بخاتە بەردەم قورسترین و وردترین پشکنینەوە و تەسلیمی ئەنجامی ئەو پشکنینە بێت. ئەو بیرو بۆچوون و بەڵگە و میتۆدانەی کە هەیەتی دەیخاتە بەردەم شیکردنەوەی ڕەخنەگرانەی خۆی و کەسانی ترەوە و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان پەسەند دەکات. هەتا کاتێ ئەم کارە بە ڕاستگۆیی فیکری تەواوەوە ئەنجام بدات، بە مانا ڕاستەقینەکەی فەیلەسوفە، بە چاوپۆشی لەوەی مەسیحی یان هندۆس یان بێدین یان هەر شتێکی دیکە بێت. میتۆدی شیکاریی ئەوەی سەلماندووە کە هەندێ بیروباوەڕ هێندە بیمارن — واتە بۆ نموونە لاواز و نەگونجاون یان پڕن لە ناکۆکی — کە ئەمڕۆ ئیدی بە پێچەوانەی رابردووەوە ناکرێ هیچ کەسێکی خاوەن ڕاستگۆیی فیکری و هۆشیار بە بیروبۆچوونی لەو جۆرە قایل بێت. فەرامۆشکردنی ئەم جۆرە بیروبۆچوونانە بۆ خۆی بەشێکە لە پێشکەوتنی فیکری.





کێنی: ڕاستی ئەوەیە کەس ناتوانێ فەیلەسوفێکی زۆر باشبێ و بەو پێیە، باوەڕی بە شتی زۆر سەیر و سەمەرە هەبێ. کاری سەرەکی فەیلەسوف ئەوەیە کە بەڵگەی بەهێز لە بەڵگەی لاواز جیا بکاتەوە و جیاوازی ئەم دوانە پەیوەندیی بەوەوە نییە کە لە کوێوە دەست پێدەکەیت و دەگەیتە کوێ. من و تۆ ئێستا جیاوازیمان کرد لە نێوان بیروبۆچوونی کەسێك و بەڵگەکانی ئەو کەسە لەسەر ئەو بیرو بۆچوونانە. ئەم جیاوازییە لەگەڵ فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستدا پەیوەندیی نزیکی هەیە و ڕەنگە لە بەرهەمی هیچ فەیلەسوفێکدا هێندەی تۆماس ئەکویناس ئاشکرا نەبێت. ئەکویناس مەسیحیەکی ئیماندار بوو، بەو پێیە پابەندی کۆمەڵێ بیرو باوەڕ بوو. بەڵام باوەڕی بە زۆر شتی دیکەش هەبوو لەبەر ئەوەی کتێبەکانی ئەرستۆ و بەڵگە هێنانەوەکانی خوێندبۆوە. بەو پێیە، دەیویست بە وردی جیاوازیی لە نێوان ئەو دوانەدا بکات: واتە لە نێوان بیرو باوەڕەکانی وەکو واعیزێك و بیر و بۆچوونەکانی وەکو فەیلەسوفێك. وەکو واعیزێ ئەرکی خۆی دەزانی کە ئەوەی لە گۆتەی بەسەرهاتی دنیا و رزگاری مرۆڤ و ئایندەی دنیادا لە کتێبی ئاسمانی مەسیحی و ڕێنماییەکانی کڵێسادا بە وەحی ئاشکرا ببوو، ڕاڤە بکات و ئاراستەی بکات. وەکو فەیلەسوف، دەیویست بە پێی توانای خۆی لەوە تێبگات کە دنیا چۆن شوێنێکە و ئەو ڕاستیە پێویستانە کامانەن کە پەیوەندییان بەم دنیایەو بە بیرکردنەوەی خۆمانەوە هەیە و بە بێ پەنابردنە بەر وەحی خودایی وتەنها بە یارمەتی عەقڵ، بۆ ئێمە قابیلی زانینە.



تۆماس ئەکویناسی قەشە (دەوروبەری ١٢٢٥ـ١٢٧٤ ز)

ماگی: یەکێك لە نموونەکانی ئەم خۆناسینە زۆر پەسەندە سەبارەت بەو جیاوازییەی کە لە بیری مندا ماوەتەوە لە یەکێك لە نووسینەکانی ئەکویناسدا بەناونیشانی (سەرمەدیەتی جیهان – On the Eternity of the world) بە دی دەکرێ. ئەکویناس دەڵێت لەسەر بنەمای تێبینی فەلسەفی ڕووت، هیچ هۆیەك نییە بۆ ئەوەی وا بیر نەکەینەوە کە جیهان هەمیشە هەبووە و هەتا هەتاشە هەر دەبێت. بەڵام خودی خۆی وەکو مەسیحیەکی ئیماندار باوەڕی بە شتێکی وا نییە، بەڵکو باوەڕی وایە کە خودا دنیای لە نەبوونەوە دروست کردووە و دواجار ڕۆژێکیش کۆتایی پێدەهێنێت.

کێنی: بەڵێ، ئەمە نموونەیەکی زۆر باشە. هەندێ فەیلەسوفی مەسیحی لەو ڕۆژگارەدا وا بیریان دەکردەوە کە دەکرێ ئەوە بسەلمێنرێ کە جیهان سەرەتایەکی هەبووە (یان تازەیە) و لەبەرئەوە بۆچوونێکی وایان هەبوو کە باوەڕیان بە هەندێ بەشی کۆمەڵە ناکۆتاکان نەبوو. ئەکویناس خەوشی ئەم بەڵگە هێنانەوەیە نیشان دەدات و بەڵگە دەهێنێتەوە کە، بە پێچەوانەی باوەڕی ئەرستۆوە، هیچ ناکۆکییەك لەو فیکرەدا نییە کە جیهان لە کۆنی کۆنەوە هەبووە و هەتا هەتاشە بەردەوام دەبێت بە باوەڕی ئەکویناس، کەس ناتوانێ بە تەنها لەسەر بنەمای عەقڵی مرۆڤ و (بەبێ پەنابردنە بەر وەحی) بیسەلمێنێ کە جیهان سەرەتایەکی هەبووە یان نەیبووە (تازەیە یان کۆنە)، ئەرستۆ کە کارێکی وای بە مومکین زانیووە، جێگای ڕەخنەیە. ئەکویناس فەیلەسوفێکە لە ئەرستۆ زیاتر گومانی هەیە و دەڵێت هیچ کام لەم لەو دوو مەسەلەیە قابیلی سەلماندن نین. ڕەنگە بپرسیت کەواتە خۆی چۆن





باوەڕی وا بوو کە جیهان سەرەتایەکی هەبووە؟ ئەگەر ئەو بیویستایە وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە پشتی بە (سفر تکوین- کتێبی دروستبوون) دەبەست لە تەوراتدا. بە دەربڕینێکی تر، وەکو مەسیحییەك و وەکو واعیزێك باوەڕی بە شتێکی وا هەبوو، نەك وەکو فەیلەسوفێك.

لە پێشەکی ئەم باسەدا، تۆ ئاماژەت بۆ دوو کتێبی گەورەی ئەکویناس واتە "کۆمەڵەی لە ڕەتدانەوەی کافراندا و کۆمەڵەی زانستی کەلام" کرد. کۆمەڵەی لە ڕەتدانەوەی کافراندا بە مەبەستی نووسینی بەرهەمێکی فەلسەفی نووسراوە و ڕووی لە کەسانێکە کە مەسیحی نین وەکو موسوڵمانان و جولەکەکان و بێدینەکان. ئەکویناس دەیەوێ کۆمەڵێ بەڵگە بۆ ئەم جۆرە کەسانە بهێنێتەوە – کۆمەڵێ بەڵگە کە هەموو مرۆڤێ دەتوانێ بە نیاز پاکیەوە ئەوە دەستنیشان بکات کە تۆکمەن – و لە سەر ئەوە بنیات نراون کە خودا هەیە و خودی مرۆڤ نەمرە و شتی تر. کۆمەڵەی زانستی کەلام زۆر جیاوازە: ئاراستەی مەسیحیان کراوە و ئەو مەسەلانە قبوڵ دەکات کە لە تەورات و ئینجیل داهاتوون و دەیانکات بە بنەمای بەڵگە هێنانەوە، بەڵام وێڕای ناونیشانەکەی کە گوزارشت لەوە دەکا کتێبەکە دەربارەی کەلامە، بڕێکی زۆریش بیری فەلسەفی لە خۆ دەگرێ.

ماگی: بوار بدە تەرکیز بکەینە سەر مەسەلەیەکی فەلسەفی تایبەتی و مەسەلەیەك وەربگرین کە هەم بنەڕەتیە و هەم لە سەراپای سەدەکانی ناوەڕاستدا جێگەی بایەخی فەیلەسوفەکان بووە. با ئەو مەسەلەیە هەڵبژێرین کە ئایا دەکرێ بوونی خودا بە بەڵگەی لۆجیکی بسەلمێنرێ

و ئەگەر دەکرێ ئەو بەڵگەیە چییە؟ بەڵام جارێ بوار بدە بامنیش شتێ بخەمە سەر قسەکانی تۆ دەربارەی ئەو گروپەی ئەهلی کڵێسا کە رووی دەمیان دەکردە کافران هەندێ لەوانە ئەو کارەیان بە ئەرکی ئاییینی خۆیان دەزانی، بەڵام دەیانبینی کە لە قسە و باس لەگەڵ کافراندا، پشت بەستن بە مەرجەعیەتی کڵێسا یان بەڵگەهێنانەوەکانی ئینجیل بێهوودەیە لەبەرئەوەی بەرامبەر ئەو مەرجەعیەت و بەڵگەهێنانەوەیەی قبوڵ نییە. لەبەرئەوە، ئەم گروپە تەنها پشتیان بەو بەڵگە هێنانەوانە دەبەست کە خۆی لە خۆیدا گوێی لێبگیرێ و ئەوەیان دەستنیشان دەکرد کە نابێ بێهوودە خۆیان دەربارەی توانا و مکۆمی بەڵگەکان فریو بدەن چونکە ئەگەر بەڵگە هێنانەوەکە لاواز بێت، لەبەرامبەر گومانکارە زیرەکەکاندا خۆی ناگرێ و تێکدەشکێ. بەمپێیە، دەبینین کە فەیلەسوفە مەسیحیە بالا دەستەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، تەنانەت بەڵگەکانی خۆشیان سەبارەت بە سەلماندنی بوونی خودا دەدەنە بەر رەخنەی توند، هەڵبەتە هەروەکو تۆزێ پێش ئێستا وتمان، ئەمە کارێکە کە هەر فەیلەسوفێکی مەسیحی دەبێ بیکات.

بەڕای من، ناسراوترین بەڵگە بۆ سەلماندنی بوونی خودا لە مێژووی فەلسەفەدا، ئەوەیە کە پێی دەوترێ "بەڵگەی بوون " ontological argument" کە نەک تەنها چەندان جار لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەمدیو دیو کراوە و شیکراوەتەوە، بەڵکو سەر لە نوێ لەبەرهەمەکانی دیکارت و سپینۆزا و لایبنیتس و کانتدا سەرهەڵدەداتەوە و هەتا ئەمڕۆش جێگای بایەخە. ناسراوترین روخسار ئەنسیلم لە سەدەی یانزەی (زایندا) بە بەڵگەی بوون-ی بەخشیووە. دەکرێ ئەوە روون بکەیتەوە کە ئەو روخسار بەخشینە چی بووە؟





کێنی: بەڵێ، بەڵام بەر لەوە، دەبێ ئەوە بۆ ئەو کەسانە روون بکەمەوە کە موتابەعەی ئەم باسەی ئێمە دەکەن کە لە بنەڕەتدا بەڵگەی بوون چییە، چونکە رەنگە وشەی (بوون)، ببێتە هۆی سەر لێشێوان. لە سەدەکانی ناوەڕاست و قۆناغەکانی دواییدا، ئەو بەڵگانەی بۆ سەلماندنی بوونی خودا دەخرانەڕوو دوو بەش بوون. لە بەشی یەکەمدا کە دیارترین نموونەی (پێنج رێگاکە)ی تۆماس ئەکویناسی قەشەیە، یەکێك لە خاسیەتەکانی جیهان دەکەیتە سەرەتاو لە خاسیەتێکی زۆر دیارەوە دەست پێدەکەیت، لە بابەتی ئەوەی کە هەندێ شت لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر دەجوڵێن یان هەندێ شت دێنە بوون و دوایی لەناو دەچن. تۆماس ئەم جۆرە مەسەلانە لەگەڵ چەند راستیەکی گشتی فەلسەفیدا دەکاتە پرەنسیپ و ئەوە دەسەلمێنێ کە شتێك لە دنیادا هەیە کە قابیلی دەستنیشانکردنە و مرۆۋ ناوی دەنێ خودا. بەم بەشەی بەڵگە دەڵێن "بەڵگەی جیهانناسی – cosmological orgument" چونکە لە جیهان یان لە هەمان جیهانی دەورو بەرمانەوە دەست پێدەکات. بەڵام بەڵگەی بوون لە بەشێکی ترە چونکە خودی وێناکردن یان چەمکی خودا خۆی لە خۆیدا دەکاتە پرەنسیپ. بەمپێیە، لە بەڵگەی بووندا پێویست نییە بۆ ئەوەی خاڵێکی دەستپێکردن بە دەست بێنی، لە سنووری فیکر و وێناکردن بچێتە دەرێ.

قەشە ئەنسیلم، ناسراوترین روخساری بەم بەڵگەیە بەخشیووە و وادیارە خۆشی داهێنەری بووە، چونکە بەڵگەکانی تر لە راستیدا لەو ئەندێشانەوە سەرچاوە دەگرن، کە لەبەرهەمەکانی ئەرستۆدا بە دیدەکرێن. بەڵگەی ئەنسیلم زۆر داهێنەرانە و هۆشمەندانەیە و

پێناسەی وشەی (خودا) دەکاتە بنەما. ئەنسیلم دەڵێت خودا شتێکە کە لەو گەورەتر قابیلی وێناکردن نییە. باشە، ئەم پێناسەیە خەوشێکی تێدا نییە و تەنانەت ئەو کەسەی کە باوەڕیشی بە خودا نییە، ڕەنگە لە قبوڵکرنیدا کێشەیەك نەبینێ، چونکە تۆ هەرچەندە باوەڕت بە شتێکیش نەبێ، بە هەرحاڵ پێویستت بە پێناسەیەکی ئەو شتە دەبێ کە باوەڕت پێ نییە. کەواتە ڕەنگە تەنانەت کەسانی بێدینیش بەو پێناسەیە قایل بن کە دەڵێ خودا شتێکە کە لەو گەورەتر قابیلی وێناکردن نییە. بەڵام پاشان ئەنسیلم بە کەسی بێدین دەڵێت: "باشە، ئێستا کە وایە، وایدابنێ کە خودا تەنها لە زیهندا هەیە و لە دەرەوە نییە. بە هەرحاڵ ناچاریت بوونی خودا لە زیهندا قبوڵ بکەیت چونکە لەم ساتەوەختەدا دەربارەی خودا بیر دەکەیتەوە و ئەوەی کەشتێ لە زەیندا هەبێ، واتە ئەوە، بەڵام ئەگەر خودا تەنها لە زیهنی ئێمەدا هەبوایە و لە دەرەوە نەبوایە، تۆ دەتتوانی شتێکی گەورە تر لەو وێنا بکەی، واتە شتێك وێنا بکەی کتومت وەکو ئەو خودایەی کە ئێستا دەربارەی بیر دەکەیتەوە، بە کورتی هەم لە دەرەوە دەبوو هەم لە زیهنی تۆشدا دەبوو، بەمپێیە، گەورەتریش دەبوو. کەواتە، شتێکی گەورەتر لە خودا وێنا دەکرا. بەڵام ئێمە ئەوەمان قبوڵ کرد کە خودا شتێکە کە هیچ شتێ لەو گەورەتر وێنا ناکرێت، لە کاتێکدا کە تۆ ئێستا شتێکی گەورەتر لە خودات وێنا کرد. ئەمەش مەحاڵە. واتە شتێکە دەبێتە هۆی ناکۆکی و ئەوەی ئێمەی بەرەو ئەو ئەنجامە برد کە ناکۆکی حەتمیە، گریمانەی ئێمە بوو کە وتمان خودا تەنها لە زیهندا هەیە و لە دەرەوە نییە. کەواتە دەبێ ئەوەش پەسەند بکەین کە خودا لە دەرەوەش هەیە."





ماگی: ئەم بەڵگەیە زۆر پەرێشانکەرە، لەبەرئەوەی بەلای کەمەوە لەم ڕۆژانەدا، هەرکەسێ دەیبیستێ، بە ناچاری هەست دەکات خەوشێکی تێدایە. بەڵام کاتێ دەتەوێ پەنجە بخەیتە سەر ئەو خەوشە و بڵێیت کێشەکە چییە، دەبینیت ئەم کارە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەرانە قورسە.

کێنی: بە تەواوی لەگەڵ تۆدا هاوڕام. من بۆ خۆم یەکێکم لەو کەسانەی کە پێموایە ئەو بەڵگە هێنانەوەیە خەوشێکی تێدایە. بەڵام پێت وانەبێ ڕەوتێکی تازە لە فەلسەفەدا بۆتە هۆی ئەوەی کە خەڵك وا بیر بکەنەوە کە بەڵگەی بوون خەوشی هەیە. ئەم بەڵگەیە بەلای ئەکویناس-یشەوە سەلمێنەر نەبوو بۆ سەلماندنی خەوشداریەکەی زۆری زەحمەت کێشا. ئەوەی لە هەمووی زیاتر مایەی سەرنجە ئەوەیە زۆر فەیلەسوفی گەورە بە درێژایی مێژوو بیریان لەوە کردۆتەوە کە ئەم بەڵگەیە خەوشێکی تێدایە، بەڵام ئەو بەڵگانەی کە سەبارەت بە هەر کامیان هێناویانەتەوە شتێکی دیکە بووە. هەتا ئەمڕۆش تەنانەت تا ئەو ڕادەیەش یەکدەنگی نییە کە خەوشی بەڵگەی بوون لە کوێدایە. تەنانەت یەکدەنگیی نییە سەبارەت بەوەی کە ئایا لە بنەڕەتدا خەوشێك هەیە یان نا. لەمدواییەدا کۆمەڵێ فەیلەسوفی ئاین لە ئەمریکا سەریان هەڵداوە کە بە سوود وەرگرتن لە دوا تەکنیکی لۆژیکی بیرکاریی، سەر لە نوێ بەڵگەی بوونیان زیندوو کردۆتەوە و هەوڵیانداوە ئەم بەڵگەیە بە جۆرێ بخەنە ڕوو کە لە سیاقی بنەماکانی لۆژیکی هاوچەرخدا قایلکەر بێت. بەمپێیە، ئەو بەڵگەیەی کە بیست ساڵ بەر لە ئێستا وێناکراوە و

حەوت کفنی ڕزاندووە، ئەمڕۆ زیندوو خۆشحاڵ لە ویلایەتی ئیندیانا و کالیفۆرنیا سەری دەرهێناوە.

ماگی: تۆ پێشان بە چەند خاڵێ هاوبەشی بەرچاو قایلبوویت لە نێوان فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست و فەلسەفەی ئێمە لەم سەردەمەدا و وتت کە لە هەر دووکیاندا، بە پێچەوانەی ماوەی جیاکەرەوەوە، لۆجێك لایەنی میحوەریی هەبووە و دیسان لە هەردوو قۆناغەکەدا، بە پێچەوانەی ماوەی جیاکەرەوەوە کە لای لە زمان نەدەکردەوە، میتۆدی کارکردن شیکردنەوەی زمان بووە. ئێستاش دەفەرموویت کە هەردوو قۆناغەکە بایەخیان بە بەڵگەی بوون داوە. کەواتە ئاشکرا دەبێت لێکچوونێکیش کە شایانی جەخت لێکردنەوەیە لە نێوانیاندا هەیە و ئەوەیە کە لە هەردوو قۆناغەکەدا، بایەخ بە کێشە پلە یەکەکان –first- order problems واتە کێشەکانی ژیان کە ڕاستەوخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین دراوە و بایەخ بە کێشە پلە دووەکانیش second- order problems واتە چەمك و بەڵگە و میتۆدەکان و شتی تر – دراوە، کە لە قسە و باسی زاریدا دەربارەی کێشە پلەیەکەکان دێنە ئاراوە.

کێنی: ئەمە تاڕادەیەك یەکێکە لەو گۆڕانانەی ئەم دواییە لە فەلسەفەی بەریتانیا و ئەمریکادا. لە کاتێکدا کە من و تۆ تازە دەمانەویست بچینە ناو فەلسەفەی شیکارییەوە، پێیان دەوتین کاری فەیلەسوفی ئاکار ئەوە نییە بە کەسێ بڵێت ئایا درۆکردن ڕەوایە یان زیناکردن ناشیرینە یان بە کام بنەما دەبێ ئەوە هەڵبسەنگێنرێ کە فلان شەڕ شەڕێکی ڕەوایە. هەڵبەتە کەس سەبارەت بە گرنگی ئەم جۆرە





مەسەلانە گومانی نەبوو، بە کورتی دەیانوت کاری فەیلەسوف بایەخدان نییە بەم مەسەلانە: کاری فەیلەسوف، پەیوەندی بە پلەی دووەمەوە هەیە، واتە شیکردنەوەی زمان و ئەو چەمکانەی کە لە حوکمکردن بە کێشە پلە یەکەکاندا بەکاردێن. لەم دەساڵەی دواییدا، دووبارە بایەخ بە مەسەلە ئاکارییە زیندووەکان دەدرێ و ئەمڕۆ باوەڕ وایە کە ئەمجۆرە مەسەلانە لە ڕووی فەیلەسوف بوونەوە پەیوەندیی بە فەیلەسوفانەوە هەیە نەك تەنها لە ڕووی هاووڵاتیبوون یان ئینسانبوون یان ئاکارییبوونەوە. بۆ نموونە، فەیلەسوفەکان لە بواری ئەو مەسەلانەی پەیوەندییان بە ئاکاری پزیشکییەوە هەیە خزمەتێکی گەورەیان کردووە و دەربارەی مەسەلەی پاراستنی گیانی نەخۆش و ئەوەی لابردنی ئامێری دەستکردی درێژەدان بە ژیان سەبارەت بە هەندێ نەخۆش لە چ کاتێکدا ڕاستە، پرس و ڕایان پێدەکرێ. لە بەریتانیا فەیلەسوفێ سەرۆکی ئەو کۆمیسیونە بوو کە دەبوو دەربارەی ئاکارییبوونی تاقیکردنەوە لەسەر کۆرپەلە لێکۆڵینەوە بکات. لەمەش بترازێ، لەم دواییەدا بایەخێکی زۆر بە پەیوەندیی فەلسەفەی ئاکار لەگەڵ جەنگدا دەدرێ.

ماگی: بوار بدە ئەو مەسەلەیەی دوایی وەکو نموونە هەڵبژێرین. تۆ لەم دواییەدا کتێبێکت سەبارەت بە هێزی قەدەغەکردنی ئەتۆم نووسیووە و سەبارەت بەو بابەتە قسەت کردووە کە ئایا لە هیچ هەلومەرجێکدا دەکرێ جەنگی ئەتۆم لە ڕووی ئاکارەوە قابیلی ئاراستەکردن بێت؟ لەم باسەدا، تۆ هەموو ئەو باکگراوندەت خستۆتە ڕوو کە لە سەدەکانی ناوەڕاست بە دواوە سەبارەت بە تیۆری (جەنگی

ڕەوا) یان (جەنگی ئاراستەکراو) هەبوون و بەڕاستی ئەو خاڵەت باسکردووە کە هەموو کەسێکی عاقڵ دەبێ پەیوەستبێ بەو بەڵگانەوە کە لەو بارەیەوە خراونەتە ڕوو. دەکرێ پێمانبڵێی ئەو بەڵگانە چی بوون؟

کێنی: تیۆری جەنگی ڕەوا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، لە قۆناغی کۆرپەلەییدا لای ئەکویناس هەبوو، لە بەرهەمی مامۆستاکانی دوای سەدەکانی ناوەڕاستدا زیاتر خەملّی. مەسەلەکە دوو لایەنی هەیە. لە چ هەلومەرجێکدا شەڕکردن لە ڕووی ئاکارەوە ڕاستە؟ و ئەگەر کەسێك بچێت بۆ شەڕ، لە ڕووی ئاکارەوە چ سنورێ بۆ شێوازی پرۆسەی جەنگی هەیە – بۆ نموونە ئەو شتانە چین کە دەکرێ بکرێن بە ئامانج یان دەبێ چ ڕەفتارێ لەگەڵ دیلدا بکرێ؟

کێنی: تیۆری جەنگی ڕەوا، تیۆرێکی مام ناوەندییە، لە نێوان دوو جەمسەری دژبەیەکدا. لە جەمسەرێکدا، تیۆری ئاشتیخوازان هەیە کە دەڵێن لە بنچینەدا شتێك نییە، بە ناوی جەنگی ڕەواوە و هەموو جەنگێ پێچەوانەی ئاکارەو شتێکی ناشیرینە، چەند ئامانج و پرەنسیپیش هەبێ کە لەبەر ئەوانە جەنگ بەرپا کرابێ. لە جەمسەرەکەی تردا تیۆری ئەو کەسانە هەیە کە دەڵێن سەبارەت بەوەی جەنگ شتێکی ترسناکە قسەمان نییە، بەڵام کاتێ یەکێك دەچێتە جەنگەوە، ئیتر هیچ بنەمایەکی ئاکاریی بوونی نییە و تەنیا بنەمای ئاکاریی سەرکەوتنە لەو جەنگەدا بە کاریگەرترین وەسیلەی شیاو. گرووپی نەریتی جەنگی ڕەوا دەڵێن هیچکام لەو دوو بیرو بۆچوونە ڕاست نین. هەندێ بەها لە خودی ژیانیش بایەخیان زیاترە و شەڕکردن لە پێناوی ئەو بەهایانەدا ڕەوایە،





بەڵام ڕەوایی جەنگیش سنوورێکی هەیە. دەبێ هۆیەکی مکۆم و ئاراستەکەر بۆ شەڕکردن هەبێ و دەبێ ئەو بەهایانەی شەڕیان لەسەر دەکرێ، بۆ ئەم جۆرە بەرگرییە بایەخی تەواویان هەبێ. ئەو کاتە، لە جەنگیشدا سنوورێك بۆ هەڵبژاردنی ئامانج هەیە: کەسانی بێگوناه نابێ بە دەستی ئەنقەست بکوژرێن، ئیدی مەبەست لە کەسانی بێگوناه خەڵکی مەدەنی بێت کە لە جەنگدا نین یان جەنگاوەرانی پێشوو کە بە فیعلی دیلن. چەمکی سەدەکانی ناوەڕاستی (جەنگی ڕەوا) بنەمای دوو بەرهەمی پڕ مەعنایە کە لە کاتی قسە و باسی ئەم دواییەدا سەبارەت بە چەکی ئەتۆم نووسراون. کتێبێکیان لە بەریتانیا بڵاوکرایەوە لە ژێر ناونیشانی (کڵێسا و بۆمب (ئەتۆمی) The Church and the Bomb کڵێسای بەریتانیا بڵاوی کردەوە. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش نامەی ئەسقەفەکانی ئەمریکای کاسۆلیك دەربارەی چەکی ئەتۆم و هێزی قەدەغەکردنی ئەتۆم بڵاوکرایەوە.

ماگی: هەندێ لەو بابەتانەی ئێستا فەرمووت لە ئەکویناسەوە سەرچاوە دەگرن. دەکرێ ئەمڕۆ ئەکویناس، وەکو فەیلەسوفی ڕەسمی کڵێسای کاسۆلیك حسابی بۆ بکرێ، وا نییە؟

کێنی: ڕاستی ئەوەیە کە ئەو قۆناغەی دەکرێ قسەیەکی ئاوای لە بارەیەوە بکرێ. تازە تەواو بووە. تا پێش سەدەی نۆزدە، ئەکویناس لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕێزێکی زۆری لێدەگیرا، بە هیچ جۆرێ وەکو فەیلەسوفی ڕەسمی کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆم حسابی بۆ نەدەکرا. ڕەنگە فەیلەسوفی ڕەسمی بنەماڵەی دۆمینیکان بووبێ بەڵام بنەماڵەی دۆمینیکان بەشێکی بچووکە لە کڵێسای کاسۆلیك. لە سەدەی نۆزدەدا،

پاپا لیڤی سیانزەههم فەتوایەكی دەركرد و جێگایەكی تایبەتی بۆ ئەكویناس تەرخانكرد لە وتنەوەی فەلسەفەو كەلام لە كەنیسەو زانكۆكانی كاسۆلیكدا. ڕای من ئەوەیە كە لەسەردەمی دووەم ئەنجومەنی ڤاتیكانەوە، دەسەڵاتی ئەكویناس لە دەزگاكانی مەزهەبی كاسۆلیكدا كەمتر بۆتەوە و بە پێچەوانەی ئەمەشەوە لەبەرئەوەی چیتر وەكو گوتەبێژی هیچ هێڵێكی حزبی تایبەتی حسابی بۆ نەكراوە، ناوبانگ و متمانەی لە جیهانی ناكاسۆلیكدا زیادی كردووە. بایەخدان بە بەرهەمەكانی ئەكویناس بە تایبەتی لە ئەمریكا ڕوو لە زیادبوونە كە كەسانی ناكاسۆلیك و نامەسیحی لەم دواییەدا بە قورسی كەوتوونەتە ژێر كاریگەریی بلیمەتی فەلسەفیی ئەوەوە.

ماگی: بوار بدە بابەتێكی بنچینەیی تر بۆ دەربڕینی بیرو بۆچوون بخەمە ڕوو كە ئەمڕۆش بە قەدەر سەدەكانی ناوەڕاست جێگای بایەخە. لای هەموو كەسێكی هۆشیار ئەو مەسەلەیە جێگای بایەخە كە ئازادی ئیرادە (یان ئیختیار)ی ئێمە تا كوێیە. دیارە كە لە ڕووی پراكتیكیەوە ئەنجامی زۆر گرنگ لەسەر ئەم مەسەلەیە هەڵدەچنرێ. یەكێك لە هۆیەكانی بایەخی تایبەتی فەیلەسوفانی سەدەكانی ناوەڕاست بەم مەسەلەیە، پرەنسیپی فەزڵی ئیلاهـ Divine Grace بوو لە ئاینی مەسیحیدا كە دەیوت مرۆڤ تەنها بە هەوڵی خۆی ناتوانێ ڕزگار بێت و پێویستی بە فەزڵی (كۆمەكی) خوداییش هەیە. بەڵام ئەگەر وابێ، ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە كە ئێمە تا چ ڕادەیەك و لە كام لایەنی بەڕاستی گرنگەوە، لە كارەكانماندا خاوەنی ئیرادەی خۆمانین؟





كێنی: لە سەدەكانی ناوەڕاستدا دوو مەسەلەی تێكچڕژاو لە ئارادا بوون: یەكێكیان فەلسەفی و ئەویتریان كەلامی بوو. مەسەلەی فەلسەفی ئەوە بوو كە چۆن زانستی ئەزەلی خوداوەند لەگەڵ موخەییەر بوونی مرۆڤدا بگونجێنین. نەك تەنها فەیلەسوفانی سەدەكانی ناوەڕاست، بەڵكو زۆر لە فەیلەسوفانی یۆنانی و ئیسلامیش كە دەربارەی زاتی خودا قووڵدەبوونەوە، بەو ئەنجامە گەیشتبوون كە یەكێ لەو شتانەی ئێمە دەربارەی خودا دەیزانین — هەڵبەتە ئەگەر لە بنەڕەتدا شتێك دەربارەی بزانین — ئەوەیە كە خودا ئاگای لە ئایندەیە و دەزانێت لە داهاتوودا چیی ڕوودەدات. باشە، بەڵام ئەگەر من و تۆ خاوەنی ئیرادەی خۆمان بین، وادێتە بەرچاو كە ئەوەی ئەمڕۆ بڕیار لە ئەنجامدانی دەدەین ئەوە دیاری دەكات كە سبەینێ چۆندەبێت، لە كاتێكدا كە ئەگەر خودا لە پێشدا بزانێت كە من و تۆ سبەینێ چیدەكەین، ئاشكرا نییە چۆن ئەمڕۆ دەكرێ لە بڕیارەكانماندا ئازادبین. ئەمە مەسەلەیەكە بۆ هەركەسێ كە باوەڕی بە زانستی ڕەهای خودایی هەیە تەرحدەكرێ، بەچاوپۆشی لەوەی كە باوەڕی بە گۆتەكانی تەورات و ئینجیل دەربارەی خودا هەبێ یان نا.

بەڵام بەلای مەسیحیەكانەوە — بە تایبەتی ئەو مەسیحیانەی پەیڕەوی ڕێبازی قەشە ئۆگەستین دەكەن — مەسەلەیەكی تریش لە ئارادا بوو كە تایبەتبوو بە خۆیان، چونكە ئۆگەستین، بە تایبەتی لە كۆتایی تەمەنیدا، زۆر جەختی لەو پرەنسیپە كردبۆوە كە هیچ كەسێ ڕزگار نابێ و ناچێتە بەهەشتەوە مەگەر خودا لە ئەزەلەوە ئەوەی لە چارەی نووسیبێ. كەواتە ئەمە شتێكی سەربار بوو بۆ مەسیحیەكان.

پیاوە ئاینیەکان و فەیلەسوفەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بە پشوو درێـژیی و حەوسـەڵەوە بـۆ یەکالاکردنـەوەی دوو چـەمکی ئـیرادە و زانستی ئەزەلی زەحمەتیان دەکێشا بۆ ئەوەی ئەوە نیشان بدەن کە دەکرێ ئەم دوانە پێکەوە بگونجێنرێن. خاڵی جێگەی بایەخ لە رووی فەلسەفیەوە ئەوەیە کە تا ئەمڕۆ ئەو کەسانەی کە بە هیچ جۆرێ بایەخ بە خودا نادەن و تەنها پەیوەستن بە شتە بڕیار لێدراوەکان یان پەیوەستن بە (جەبری) زانستیەوە – scientific determinism– هەمان ئەو هەوڵ و کۆششانە وەکو خۆی دووبارە دەکەنەوە. هەنگاوی لۆجیکی کەسێك کە بیەوێ لە سەدەی بیستدا بڕیاری فیزیکی لەگەڵ هەستی ئێمەدا سەبارەت بە ئازادی ئیرادە بگونجێنێ، زۆ جار دەبێ هەمان ئەو هەنگاونانە بێ کە لەسەدەی چواردەی زایندا بۆ گونجاندنی قەدەری خودایی لەگەڵ موخەییەر بوونی مرۆڤدا هەڵدەگیران.

ماگی: ئەگەر، بە هەمان شێوە کە من ئومێدەواربووم، باسەکەی ئێمە هەندێ خەڵك هانبدات کە بۆ یەکەمجار بەرهەمی فەلسەفیی سەدەکانی ناوەڕاست بخوێننەوە. تۆ پێشنیاز دەکەی لە کوێوە دەست پێبکەن؟

کێنی: ئەو بەرهەمانەی بۆ تازە کاران ئاسان بن زۆر نین. هۆکەی ئەوەیە، هەروەکو وتم، زیاتر بەرهەمە فەلسەفیە گەورەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بە پێی نەریتی زانکۆ دەنووسران و کتێبی دەرسیو زۆر ئەکادیمین. بەڵام دووکتێبی کورت هەن کە دەکرێ بۆ خوێندنەوە دەستنیشان بکرێن. یەکەمیان ئەو کتێبەیە کە خۆت لێیەوە دەستت پێکرد واتە (دانپیانان)ی ئۆگەستین.



فەیلەسوفە مەزنەکان

ماگی: دانپیانان بەراستی کتێبێکی بەنرخە و شایانی خوێندنەوەیە و ئێستا بە تەجلیدکراویش دەستدەکەوێ.

کێنی: دانپیانان یەکێکە لە ژیاننامە مەزنەکان کە تا ئێستا کەسێك لە دنیادا دەربارەی خۆی نووسیوویەتی و رەنگە یەکەم ژیاننامە بێ بە مانای ئەمڕۆی وشەکە کە خاوەنەکەی لە مەڕ خۆیەوە نووسیوویەتی. کتێبەکە پڕە لە فلاشباگی تایبەتی ئۆگەستین و یاداشتی جوان و ناسکی خێزانی و تێڕوانینی قووڵ سەبارەت بە منالیی و گەشەکردن و پێگەیشتنی، پاشان باس لە بالاترین بیری ئەبستراکتی فەلسەفی دەکات و دواجار دێتە سەر ماهیەتی کات کە هێشتا بە شێوەیەکی زیندوو لە باسە فەلسەفیەکاندا لە ئارادایە.

کتێبی دووەم کە پێشنیازی خوێندنەوەی دەکەم، کورتەی ئاسانکاریی The proslogion ئەنسیلم-ە. ئەو بەڵگە هۆشمەندانەیەی کە ئەنسیلم بۆ سەلماندنی بوونی خودا دەیخاتە ڕوو و من لە قاڵبی چەند دەربڕینێکی جیاوازدا باسمکرد، لەم کتێبەدا هاتووە. بۆ کەسانی تازەکار ڕەنگە مایەی سەرنجبێ یەکەمجار کتێبەکەی ئەنسیلم بخوێننەوە کە خوێندنەوەی لە پاشنیوەڕۆیەك زیاتر ناخایەنێ، پاشان ببینن ئایا من بە ڕاستی ئەو بەڵگەیەم باسکردووە و ئایا وەکو پرەنسیپ قەناعەت بە بەڵگەکەی ئەنسیلم دەکەن یان نا.

ماگی: لە پێشەکی ئەم باسەدا وتم لای نەوەکانی ئەم دواییە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست کەوتۆتە بۆتەی فەرامۆشیەوە و چۆتە ئاستێکی نزم و سووکەوە. بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێم کە هەست دەکەم بارەکە سەرەنجام ڕوو لە گۆڕانە. ژمارەی ئەو فەیلەسوفە دیارانەی کە

لەبەر چاوی هەمووان بایەخ بە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست دەدەن –خۆشت یەکێکیت لەوان– رۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێ. ئایا بەڕای تۆ، نوێبوونەی بایەخدان بە رادەیەکی فراوان سەبارەت بەو فەلسەفەیە لە حاڵەتی دروستبووندایە؟

کێنی: هەڵبەتە تەنها لە قوتابخانەی فەلسەفی بەریتانیاو ئەمریکادا فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست دوچاری فەرامۆشی و نزمی بووە. لە وڵاتەکانی دیکەی ئەوروپا ماوەیەکی زۆرە ئەم فەلسەفەیە بابەتی خوێندنەوەی پڕ ڕەونەقە. بەڵام لە ئەمریکاش حاڵی حازر بایەخێکی نوێ نەك تەنها بەفەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست بەڵکو بە هەموو شتێ دەدرێ کە پەیوەندیی بەو قۆناغەوە هەبێ.



بێرنارد ویلیامز

# دیکارت

## گفتوگۆ لەگەڵ بێرنارد ویلیامزدا



فەیلەسوفە مەزنەکان

## پێشەکی

ئاسایی هەرکاتێ زاراوەی "فەلسەفەی نوێ Modern philosophy" لە زانکۆکاندا بەکاردێ، بۆ جیاکردنەوەی ئەم فەلسەفەیەیە لە فەلسەفەی کۆن و فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست. بەمپێیە فەلسەفەی نوێ بە مانای فەلسەفەیە لە قۆناغی ریفۆرمی ئایینیەوە (لە سەدەی شانزەهەمدا) هەتا ئەمڕۆ، نەك فەلسەفەی سەدەی بیست. ئەو کەسەی کە بە گشتی-و بە ڕای من، بەڕاستی- بە بنیاتنەری فەلسەفەی نوێ لە قەڵەم دەدرێ، دیکارت-ە. کەواتە، بە دەربڕینێکی ڕوونتر، زاراوەی "فەلسەفەی نوێ" واتە "فەلسەفە لە دیکارتەوە بۆ دوای ئەو".

ڕینێ دیکارت – Rene Descartes – ساڵی ١٥٩٦ لە فەرەنسا لەدایکبووە و زۆر باش خوێندوویەتی، هەڵبەتە فیکرێکی زۆر سەربەخۆشی هەبوو. هێشتا خوێندکار بوو کە دەرکی بەوە کرد کە ئەو کەسە مەزنانەی کە قسەکانیان بە بەڵگە لە قەڵەم دەدرێ، زۆرجار بەڵگەهێنانەوەکانیان ناڕاستە. بە لاویی چووە بواری سەربازییەوە و سەفەری بۆ زۆر شوێنی ئەوروپا کرد بەڵام لە هیچ شوێنێ نەچووە بەرەی جەنگەوە. بەزوویی ئەو ڕاستیە سەرنجی ڕاکێشا کەمەیدانی ژیانیش وەکو جیهانی کتێب، پڕە لە دژایەتی و ناکۆکی و ئەو مەسەلەیەی کردە جێگەی بایەخی خۆی کە ئایا ڕێگایەك هەیە کە ئینسانەکان بتوانن لەوێوە بەشتێ یەقین پەیدا بکەن و ئەگەر هەیە، ئەو ڕێگایە چۆنە. لەو کاتە بەدواوە دیکارت وازی لە سەفەر هێناو لە هۆڵەندا کە ژیانی فیکریی لەوێ لە هەموو شوێنێ ئازادتر بوو،





گۆشەگیریی هەڵبژارد و لە ماوەی بیست ساڵدا لە ١٦٢٩ تا ١٦٤٩ چەند بەرهەمێکی لەبیرکاریی و فەلسەفەدا خوڵقاند کە لە ڕووی قووڵی و ڕەسەنێتیەوە بێوێنەبوون، هەروەها لێکۆڵینەوەی زۆری لە زانستدا ئەنجامدا. (فەلسەفە و زانست بە دوو شتی جیا لە قەڵەم نەدەدران و هەروا تا سەدەی هەژدە لە یەك جیا نەکرابوونەوە) ئەو لقەی لە بیرکاریدا بە ئەندازەی شیکاریی ناسراوە لە داهێنانەکانی دیکارتە کە بە بیریدا هات باری هەر خاڵێك بەپێی دوورییەکەی لە دوو هێڵی جێگیرەوە بپێوێت. بەمپێیە، هەر کاتێ نیشاندەرێ دێتە بەرچاومان، لە ڕاستیدا لە شتێك دەڕوانین کە دیکارت دایهێناوە. بەو دوو هێڵە ستوونەی کە هەمیشە لە هەموو نیشاندەرێکدا بەرچاو دەکەون، بە یادی دیکارتەوە دەڵێن "میحوەرەکانی کارتزین" Cartesian axes، (کارتزین) سیفەتێکە لە ناوی دیکارتەوە دروست بووە. بەناوبانگترین بەرهەمی فەلسەفی دیکارت دوو کتێبە یەکێکیان (گوتارێك لە بارەی میتۆدەوە -Discourse on the Method) (پەیبردنی عەقڵ) و ئەوی تریان (وردبوونەوەکان -Meditations)ە (لە فەلسەفەی سەرەتاییدا) کە یەکەمیان ساڵی ١٦٣٧ و دووەمیان ساڵی ١٦٤٢ بڵاوبۆوە.

دیکارت قەت ژنی نەهێنا بەڵام کچێکی ناشەرعی هەبوو کە لە تەمەنی پێنج ساڵیدا مرد و مردنی گەورەترین گورزی عاتیفی لە دیکارت وەشاند. دیکارت هەمیشە شیك پۆش بوو وا خۆی دەردەخست کە ئەفسەری سوپایە و بە گشتی هاوڕێیەتی و هەمنشینی پیاوانی ئەهلی کار و مامەڵەچی لە هی زانایان پێخۆشتر بوو. بەڵام لەو ساڵانەدا کە سەرگەرمی کاری داهێنەرانە بوو، تێکەڵاویی کەسی نەدەکرد و بە

گۆشەگیریی دەژیا. لە تەمەنی پەنجاو سێ ساڵیدا بە جەخت و سوور بوونی شاژن کریستینا Christina شاژنی سوید، بە پێچەوانەی ئارەزووی خۆیەوە، چوو بۆ ستۆکهۆڵم بۆ ئەوەی وانەی فەلسەفە بە شاژن بڵێتەوە. ئەم کارە هەڵەیەکی مەرگ هێنەر بوو. دیکارت لە زستانی تاقەت پڕوکێنی سویددا تووشی نەخۆشی سیل بوو و ساڵی دوای ئەوە لە ١٦٥٠دا مرد.

بۆ قسە و باس سەبارەت بە یەکەمین فەیلەسوفی فەیلەسوفانی مۆدێرن، بانگهێشتی پرۆفیسۆر بێرنارد ویلیامز Bernard Williamsم کردووە کە مامۆستای فەلسەفەیە لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە بارکلی و خاوەنی یەکێ لە کتێبە بەناوبانگەکانە دەربارەی دیکارت.





## کرۆکی باسەکە

ماگی: پێموایە باشترین ڕێگەی دەستپێکردنی باسەکە ئەوەیە کە یەکەم زەینمان دەربارەی ئەوە ڕوونبکەینەوە کە دیکارت لە کوێوە دەستیپێکرد. بفەرموویت دیکارت کاتێ دەستیپێدەکرد، مەسەلەی سەرەکی ئەو بەپێی دەستنیشانکردنی خۆی چیبوو؟

ویلیامز: دیکارت بەهۆی ئەو خوێندنەوە کە خۆت ئاماژەت بۆ کرد هەروەها بەهۆی ئەو ئەزموونانەوە کە لە ژیاندا کەڵەکەی کردبوو، ئەو فیکرە لەلای جێگەی بایەخ بوو کە هیچ ڕێگایەکی دڵنیا بۆ بەدەستهێنانی مەعریفە لە ئارادا نییە. وادیار بوو کە هەندێ بەشی مەعریفە لە ئارادایە بەڵام هیچ میتۆدێکی جێگەی متمانە نییە کە خەڵك لە ڕێگایەوە زانین بەرەو پێشەوە بەرن و تیایدا سەرکەوتووبن. بۆ ئەوەی لە ڕوانگەی مێژوویی سەردەمی خۆمانەوە تەماشای بابەتەکە بکەین، پێویستە ئاگامان لەوەبێ کە زانست (science) بەو مانایەی کە ئەمڕۆ لە زەینمادایە، لەو ڕۆژگارەدا بەڕاستی لە ئارادا نەبوو. زانست بە مانای کارێکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لە تەك چەند میتۆدێکی لێکۆڵینەوەی دیاریکراوو تاقیگە و شتی لەو بابەتە، لە کاردا نەبوو. تەنانەت بوار بۆ دەربڕینی بیروڕای زۆر جیاواز ڕەخسا بوو کە لە بنچینەدا چ ئەگەرێ بۆ بوونی زانست هەیە. لە لایەکەوە، هەندێ کەس (کەسانی زۆر خاوەن هەست) باوەڕیان وابوو کە ئەگەر کەسێ میتۆدی ڕاست بدۆزێتەوە، زۆرنابات کە لە چارەسەرکردنی هەموو کێشە بنەڕەتیەکانی دەرککردنی سروشتدا سەرکەوتوو دەبێت. بۆ نموونە فرانسیس بیکۆن-ی سیاسەتمەداری ئینگلیز، پێیوابوو کە دەکرێ لە

ماوەیـەکی زۆر کەمـدا زانـست بخرێتـە سـەر شـاڕێی ڕاسـت. لەلایـەکی ترەوە کۆمەڵێ کەسی بە گومان هەبوون کە پێیانوابوو مەعریفەیەك لە ئارادا نییـە و ڕێکخستنی توێژینـەوە و لێکۆڵینـەوە بـە هـیچ ڕێگایـەکی عەقڵی کاری کردە نییە.

یەکێك لە هۆ گرنگەکانی ئەوەی بۆچی ئەو هەموو گومانە لە ئارادا بوو، ڕێنیسانسی ریفۆرمی ئاین بوو. لە قۆناغی دوای ئەو ڕێنیسانسەدا بانگەشەی هەمەجۆر دەخرایە ڕوو کە دۆزینەوەی ڕاستیی ئایینی چۆن چۆنیی کاری کردەیە. ئەم بانگەشانە زۆربەیان لەگەڵ یەکدا ناکۆکبوون و هیچ ڕێگایەك نەبوو بۆ بەرزکردنەوەی یەکێکیان بەسەر ئەوی تریاندا و ئەمـەش دەبـووە هـۆی مـشتومڕێکی زۆر. یـەکێك لـەو شـتانەی کـە بەتایبـەتی دوژمنـانی ئـایین دەیـانوت ئـەوە بـوو کـە ڕێگایـەك بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم کێـشانە لـە ئـارادا نییـە: دەیـانوت هـەموو ئـەم جیاوازی بیر و بۆچوونانە هەن بەڵام هیچ ڕێگایەك بۆ چارەسەرکردنیان نییـە. مەزهەبییـەکانیش لای خۆیانـەوە کاردانـەوەیان نیـشان دەداو دەیـانوت لـەم ڕووەوە ئـایین لەگـەڵ بـاقی شـتەکاندا جیـاوازیی نییـە، بەمپێیە، هیچ ڕێگایەك لە ئارادا نییە بۆ ئەوەی هیچ شتێك بتوانێ کەسێ لەسەر بنەمایەکی مکوم جێگیر بکات. کەواتە گومانکردن یەکێك بوو لە ڕەوەتە گرنگەکان لە فەزای فیکریی سەردەمی دیکارتدا و بەشێوەیەکی سەیر لەگەڵ هیوا دوورەکاندا هاوژیانیی پەیداکردبوو دەربارەی ئەوەی زانست ڕەنگە بەتایبەتی بە یارمەتی ئەوەی ئەمڕۆ بە تەکنەلۆژیا ناو دەبرێ، چ کارێکی لە دەست دێت. بۆ نموونە ئومێدی گەورە بە توانای سەرهەڵدانی پزیشکیی زانستی و پیشەسازیی





زانستی و لەو بابەتە پەیدابیوو، بەڵام کەس چۆنیەتی ئەم کارەی نەدەزانی.

ماگی: بێگومان بۆ کەسێکی لە بنەڕەتدا داهێنەری وەکو دیکارت، بوونی هەندێ دەزگا لەو سەردەمەدا کێشەی گەورەی دەخوڵقاند. تەقریبەن هەر دەزگایەکی گرنگی زانستی یان فێرکاری لە دەستی کڵێسای مەرجەعیەت خوازدابوو کە ڕێبەرە فیکرییەکانی بۆ خۆیان شەیدای سەرچاوە کۆنەکان بوون.

ویلیامز: بەڵێ، بێگومان وایە. هەڵبەتە هەروەکو وتم، کۆمەڵێ کاریگەریی مەزهەبیی جۆراوجۆر لە ئارادا بوون. یەکێك لەو کاریگەرییانەی کە ڕێنیسانسی ریفۆرمی ئایین داینابوو ئەوەبوو کە هەندێ لە کڵێساکان زیاتر مۆرکی پرۆتستانتیان پێوەبوو کڵێساکانی تر – وەکو کڵێسای پاریس لە سەردەمی دیکارتدا کاسۆلیك بوون. بەڵام هەڵبەتە گومان لەوەدا نییە کە ئەو خاڵەی دەربارەی مەرجەعیەت باست کرد، زۆر بایەخی هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا زۆر لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەوەی ئەمڕۆ بە زانستی میکانیك ناسراوە، واتە جۆرێك لە فیزیای بیرکاری ئەنجام درابوو (نابێ بە هیچ جۆرێ ئەم خاڵە لە یادبکرێ) دیسان بڕێکی زۆر لەوەی بە زانست ناو دەبرا بە شێوەی ڕاڤە و شیکردنەوە لەسەر کتێبی نووسەرە کۆنەکان، مابۆوە – بەتایبەتی ئەرستۆ بەڵام نەك بە تەنها ئەو – یەکێك لەو شتانەی کە دیکارت و هاوتەمەنەکانی بەڕاستی دەیانزانی ئەوە بوو سەرچاوەی مێژوویی لێکۆڵینەوەی یەکەم دەست و یەکلاکەرەوە نییە.

ماگی: ڕەنگە بکرێ لە مشتوماڵکردنی بابەتەکەدا ئاوا بگوترێ کە کێشەی دیکارت دۆزینەوەی ڕێگایەکی سەلامەت بوو بۆ دەرچوون لەو

بارودۆخە. پرسیاری بنەڕەتی و هەستیار ئەوە بوو ئایا هیچ میتۆدیٚ – تەنانەت بەپێی پرەنسیپ– بۆ وەدەستهێنانی مەعریفە و کەڵەکەکردنی مەعریفە هەیە یان نا. ئەگەر هەیە، ئەو میتۆدە چییە؟ بە زمانی ئەمڕۆ، دیکارت بە شوێن بەرنامەیەکی لێکۆڵینەوەدا دەگەڕا، لە پێش ئەوەشدا بە دوای میتۆدێکدا دەگەڕا بۆ لێکۆڵینەوە.

ویلیامز: بەڵیٚ، پێموایە ئەمە شەرحێکی راست و دروستە سەبارەت بە بارودۆخی ئەو رۆژگارە. بەڵام راستیەکی دیکەش لە ئارادا بوو کە هەموو کارەکانی دیکارت پابەندی بوون و زۆر گرنگ بوو. خەڵك لەو رۆژگارەدا، بە پێچەوانەی ئەمڕۆوە، زانستیان وەکو یەکێك لە کارە هاوبەش یان رێکخراوەکان وێنا نەدەکرد. ئەمڕۆ ئێمە بێچەند و چون ئەوەمان قبوڵە کە زانست یەکسانە بە کۆمەڵیٚ زانا، واتە کۆمەڵیٚ کەس کە لەگەڵیٚ یەکتریدا بیر و ڕا ئاڵوگۆڕ دەکەن و کاری فیکری لە نێوانیاندا دابەش دەبێت. لەو رۆژگارەدا، لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەدا، هێشتا ناماقوڵ نەبوو کە یەکێك بە تەنیا بیر لە داڕشتن و دامەزراندنی هەموو زانستەکانی داهاتوو بکاتەوە. لە ڕاستیدا دیکارت باوەڕی بەم مەسەلەیە هەبوو فیکرێکی وا لەو رۆژگارەدا، بە پێچەوانەی دنیای ئەمڕۆوە، وەکو شێتی خۆ بە گەورەبینی لێکنەدەدرایەوە.

ماگی: من لە پێشەکی باسەکەدا وتم کە دیکارت ئەو مەسەلەیە سەرنجی ڕاکێشا بوو کە ئایا شتێك هەیە کە ئێمە بتوانین بە (یەقین) بیزانین؟ و لە سەرەتاوە بەلایەوە روون بوو کە (یەقین)[١٢] و ڕاستی دوو

---

١٢– (یقین) یەقین: بریتییە لە زانست و زانیارییەك کە دوای لێکۆڵینەوە و سەلماندن و نەهێشتنی شك و گومان بەدەستدێت، یان مەسەلەیەك کە روونبیٚ و سەلمێنرابیٚ (فرهنگ عمید جلد ٣ ص ٢٥٣١) وشەیەکی گونجاوی کوردیم بۆ نەدۆزرایەوە بۆیە وەك خۆی دامنایەوە. (و. کوردی)





شتی جیاوازن. بۆ ئەوەی بابەتەکە بە زمانێکی سادە و ساکار دەربڕین دەبیٚ بڵێین (یەقین) یەکێکە لە حاڵەتە زەینیەکان لە کاتێکدا کە راستی سیفەتی گوزارەکانە و ئاسایی پەیوەستە بەوەوە کە شتەکان لە دەرەوە چۆنن. بەڵام دیکارت باوەڕی وابوو تەنها بەو مەرجە یەکێك دەشیٚ بگاتە ڕاستی کە بنەما و بەڵگەیەکی بۆ بەیەقین گەیشتن هەبیٚ و بەمپێیە، گەڕان بە دوای ڕاستیدا خۆی لە خۆیدا گەڕانە بەدوای یەقیندا. بە دەربڕینێکی تر، دیکارت هەر لە سەرەتاوە پێیوابوو ئەو میتۆدەی کە دەیەویٚ بیدۆزێتەوە، دەبیٚ هەم ئەنجامی بەهادار بەدەستەوە بدات، و هەم لە بەرامبەر رەخنەی گومانکاراندا بە چاکی قابیلی بەرگری لێکردنبیٚ. ئێستا بفەرموو دیکارت چۆن ئەم دوو مەرجەی دیاریکرد؟

ویلیامز: دیکارت بۆ لێکۆڵینەوە باوەڕی بە چەند مەرجیٚ هەبوو. هەندیٚ لەو مەرجانە ڕێك چەند بنەمایەکی عاقڵانە بوون دەربارەی ئەوەی کە دەبیٚ مەسەلەکان بکرێن بە چەند بەشێکەوە کە قابیلی لێکۆڵینەوە بن، دەبیٚ کاریٚ بکریٚ کە بۆچوونەکان ڕوون و ئاشکرابن و شتی لەم بابەتە. بەڵام دیکارت بنەمایەکیشی دانابوو کە لە تایبەتمەندییەکانی بیرکردنەوەی بوو سەبارەت بەوەی کە هەرگیز نابیٚ یەکێك ڕاستی شتیٚ قبوڵ بکات کە بچوکترین گومانی هەبیٚ دەربارەی. ئەم بنەمایە بە ڕووکەش بنەمایەکی عاقڵانە نییە چونکە گەرچی ئێمە لە ژیانی رۆژانەدا دەمانەویٚ بیروبۆچوونی ڕاستمان دەربارەی مەسەلەکان هەبیٚ، وەکو پێویست بە نیازنین و ناتوانین هەرچەندی دەکریٚ ئەو بیر و بۆچوونانەمان بگەیەنینە پلەی یەقین چونکە ئەگەر بمانویستایە دەست بدەینە کارێکی وا، دەبوو هەوڵ و کۆششێکی زۆرمان خەرجبکردایە.

بەڵام ئامانجی دیکارت گەیشتن بوو بە قوڵایی و بنەمای زانست – واتە نەك تەنها بنەمای یەکێ لە زانستەکان بە مەفهومی هەندێ ڕاستیی گشتیی و بنەڕەتی دەربارەی جیهان، بەڵکو بنەمای لێکۆڵینەوەش. دیکارت دەیویست بنەمایەك فەراهەم بکات کە بکرێ بەهۆیەوە درێژە بە لێکۆڵینەوە بدرێ و پەی بە شتی زیاتر ببرێ، دەیویست ئەوە بسەلمێنێ کە مەعریفەی زانستی بەڕاستی مومکینە"کاری کردەیە" ، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، هەستیدەکرد کە دەبێ گەڕان بە دوای ڕاستیدا لە گەڕان بەدوای یەقینەوە دەست پێبکات.

دەیویست کاری زانستی والێبکات کە لە ئایندەدا گومانکاران نەتوانن هێرشی بکەنە سەر. بەمپێیە، دەکرێ یەکەم کار کە دیکارت کردی بە (دەستپێشخەریی لە گومانکردن)دا (Pre-emptive scepticism) ناوبەرین. دیکارت بۆ ئەوەی بنەمای زانست لە ڕەهەندی گومانکردن بەدوور بگرێ، لەبەرخۆیەوە وتی: "هەرکارێ کە گومانکاران بتوانن بیکەن، خۆم دەیکەم، باشتریش دەیکەم. هیوادارم لێکۆڵینەوە شانبەشانی گومانکردن بە شوێنێ بگەیەنم کاتێ کارەکە تەواو دەبێ، شتێکی تەواو بنەڕەتیی و وەك بەرد تۆکمەم لەبەردەستدابێ".

دیکارت گەڕان بە دوای ڕاستیدای بەهەڵە لەگەڵ گەڕان بەدوای یەقیندا لێك نەدابۆوە. تەواو ئاگاداری ئەوە بوو کە ئەم دوانە لەیەك جیان. بەڵام باوەڕی وابوو کە ڕێگەی ڕاست بۆ دۆزینەوەی ڕاستیی – لەسەرروو هەمووشیەوە– گۆڕینی دۆزینەوەی ڕاستی بۆ ڕەوتێکی مەنهەجی و سیستماتیك – ئەوەیە کە یەکەمجار بە دوای یەقیندا بڕوات.





ماگی: ئەمەش ئەو گومانەی لێکەوتەوە کە بە گومانی دیکارتی ناسراوە – واتە گومان وەکو میتۆد. هەڵبەتە ئەمە لەوە جیایە کە لەناونیشانی کتێبەکەیدا واتە (گوتارێك لە بارەی میتۆدەوە) مەبەستی بووە. هەرچەندە بێگومان بەشێکی گرنگە لەو کتێبە. دەکرێ ئەوە ڕوونبکەیتەوە کە "گومانی میتۆددار doubt– methodological"ی دیکارت چۆن چووە قۆناغی پراکتیکیەوە؟

ویلیامز: دیکارت بە دوای یەقیندا دەگەڕاو، بەمپێیە، هەر لە سەرەتاوە هەر شتێ کە دەیتوانی بچوکترین گومانی لێبکات خستیە لاوە. خۆی لە وتەیەکی بەناوبانگدا وتوویەتی ئەم کارە وەکو ئەوە وایە کە سندوقێ سێومان هەبێ و هەندێ لە سێوەکان عەیبدار بن و ئەوانی تر ساغ بن و بمانەوێ ساغەکان جیابکەینەوە. یەکەم شت هەموو سێوەکان لە سندوقەکە دەردەهێنین و یەکەیەکە تەماشایان دەکەین و ئەوانەی گومانمان لێیەتی دووریان دەخەینەوە و تەنها سێوە تەواو ساغەکان دەکەینەوە ناو سندوقەکە. بەمپێیە، دیکارت یەکەمجار هەموو بیرو بۆچوونەکانی لە زەینی دەرکرد و هەرشتێ کە کەمترین گومانی لێی هەبوو خستیە لاوە.

ئەم کارەی بەسێ قۆناغ ئەنجامدا. یەکەم ئەو شتانەی خستە لاوە کە ڕەنگە تەنها بەهۆی هەستێکی ئاسایی و باوەوە گومانی لێکردبن، بۆ نموونە بۆ خۆی ئەم جۆرە ڕاستیە زانراوانەی باسکردووە کە داری ڕاست لە ئاودا بە چەوتی دێتە بەرچاو یان ڕەنگە شتەکان لە ئەنجامی هەندێ ناتەواویی لە بیناییدا، ڕەنگیان سەیر بنوێنێ و لەم بابەتە. بەڵام دەیەویست لە گومانی ڕۆژانە و هۆی ئەم جۆرە گومانانە کە سەبارەت بە

هەندێ شتی هەستپێکراو ڕاست دەردەچن، زیاتر بڕوات. هەنگاوی دووەم ئەوە بوو کە گومان بکات کە ئایا لە هیچ ساتە وەختێکدا بە ڕاستی بێدارە و بە هەست دەرك بە شتێ دەکات یان نا، گەیشتە ئەو باوەڕەی کە لە ڕابردوودا زیاتر خەوی دیووە کە لە ڕێی هەستەوە دەرك بە کۆمەڵێ شت دەکات و لە دنیای خەوندا، ڕاست وەکو ئێستا، بیری کردۆتەوە کە کەسێك یان مێزێك یان شتێکی دیکە دەبینێ بەڵام هەڵبەتە کاتێ خەبەری بۆتەوە، پەی بەوە بردووە کە هیچ کام لەوانە جگە لە خەون و خەیاڵ شتێکی دیکە نەبوون. بەمپێیە چۆن دەیتوانی لەو ساتەوەختەدا بگاتە یەقین کە خەون نابینێ؟ ئەم بەشەی گومانکاریی بە تەواوی مایەی پەرێشانییە. لە رابردووشدا گومانکاران پەنایان بۆ ئەم ڕەخنەیە بردبوو بەڵام دیکارت لە لێکۆڵینەوەکانیدا جێگایەکی ڕێکوپێك و سەقامگیریی بۆ تەرخانکرد. دواجار گومانێ کە بنەماکەی خەون بینین بێ پێویستی بەوەیە کە ئەو کەسە بەلای کەمەوە هەندێ شت بزانێت، پێویستی بەوەیە کە لە رابردوودا هەندێ جار بەخەبەر هاتبێ و هەستی بەوەکردبێ کە خەونی دیووە، پێویستی بەوەیە کە بیر لەوە بکاتەوە کە هەندێ جار دەخەوێ، جاریوایە بەخەبەردێ، جاریوایە خەون دەبینێ، هتد. بەمپێیە، پێویستی بەوەیە کە شتێ لە بارەی دنیاوە بزانێ.

پاشان دیکارت هەنگاوێکی تری هەڵگرت و گەیشتە بەرزترین ڕادەی مومکینی گومان. لە خەیاڵیدا ئەوەی وێناکرد کە (ڕۆحێکی ناپاك – malign spirit) (یان وەکو ئەوەی کە هەندێ جار لەو نووسینانەدا کە سەبارەت بەم بابەتەن بە شەیتانی ناپاك – malicious demon





گوزارشتی لێدەکەن) تەنها نیازی فریودانی ئەوی هەیە و لە خۆی پرسی: گریمان ڕۆحێکی وا هەبوو، ئایا شتێك هەبوو کە نەیدەتوانی من دەربارەی ئەمە گومڕا بکات؟ هەڵبەتە ئەمە تەنها وەرزشی فیکرییە. دیکارت هەرگیز مەبەستی ئەوە نەبوو کە یەکێك لە ژیانی ڕۆژانەدا گومانی فەلسەفی ئەو بەکاربهێنێت و چەندین جار ئەم خاڵەی ڕاگەیاندووە. میتۆدی گومان –بەتایبەتی ڕۆحی ناپاك خەیاڵیی–جگە لە بەشێك ڕەخنەی عەقڵی شتێکی دیکە نییە، بۆ ئەوەی بیرو بۆچوونەکان لە بێژنگ بدات و ئەوە دیاری بکات کە ئایا هەندێکیان زیاتر نزیکە لە یەقینەوە یان نا؟

ماگی: هەڵبەتە مەبەستی کۆتایی دیکارت –واتە ستراتیجی درێژخایەنی دیکارت بۆ لە بێژنگدانی هەرشتێ کە ئەگەری ئەوە هەبوو ڕەنگە لە هەموو باروودۆخێکدا گومانی لێبکرێ– بەدەستهێنانی چەند مەسەلەیەکی گومان هەڵنەگر و وەك بەرد تۆکمە بوو کە پاشان بشێ وەکو سەرەتای بەڵگەهێنانەوە بەکار بهێنرێن و بنەمایەکی سەقامگیر بهێننە ئاراوە و بینای مەعریفە لەسەر پایەکانیان دروست بکرێ.

ویلیامز: ڕاستە. لە ڕاستیدا دوو مەسەلە لە ئارادا بوون. یەکێکیان ئەوە بوو کە دیکارت بە نیازی بەدەستهێنانی چەند مەسەلەیەکی گومان هەڵنەگر و تۆکمە بوو وەکو بەرد کە بە مانایەکی تایبەتی لە ئەگەری گومان بەدووربن و لەبەرامبەر زۆرترین گومانیشدا خۆیان ڕابگرن. دیکارت لەلایەکەوە دەیویست وەکو پێشەکی بەڵگەهێنانەوە ئەم جۆرە مەسەلانە بەکاربێنی و لەلایەکی ترەوە، وەکو زەمینەیەکی گشتی

کەزامنی ڕاستی و متمانەی میتۆدی لێکۆڵینەوە بێت. ڕەنگە خراپ نەبێت شتێکیش لەمبارەیەوە بڵێین.

**ماگی: بەڵام با ئەوەمان لەبیر نەچێت کە بەڕاستی تۆپەکە هێشتا لە گۆڕەپانی شەیتانی ناپاکدایەو دەبێ هەرچۆنێ بێت وەریبگرینەوە. دیکارت پاش ئەوەی یەکە یەکە ئەو مەسەلانەی خستەلاوە کە قابیلی گومان بوون. بەم ئەنجامە گەیشت کە دەربارەی هەندێ شت مەحاڵە نەگەیتە یەقین. دەکرێ بفەرمووی ئەو شتانە چیبوون؟**

ویلیامز: سەرەنجام گومان دەگاتە خاڵی سەرنگون بوون. کاتێ کۆتایی دێت. دیکارت پێچ دەکاتەوە و دەگەڕێتەوە و لە کاتی گەڕانەوەیدا سەر لە نوێ مەعریفە بنیات دەنێتەوە. گومان کاتێ دەوەستێ کە دیکارت دەبینێ بیری سەرقاڵدەکات، بە قسەی خۆی، دەڵێت شەیتانی ناپاك هەر چەندە فریوم بدات، لەمبارەیەوە هەرگیز ناتوانێ فریوم بدات کە کاتێ بیرناکەمەوە، قەناعەتم پێبکات کە بیردەکەمەوە. تەنانەت ئەگەر بیرێکی ناراست و درۆشم هەبێ، خودی ئەوەش دیسان بیره. تەنانەت بۆ ئەوەی بیرێکی فریودەریش بە خەیاڵمدا بگوزەرێ، دیسان دەبێ بیرێکم هەبێ. کەواتە بەناچاری دەبێ ڕاستبێ کە بیردەکەمەوە. دیکارت لەم بابەتەوە ئەنجامێکی دیکەشی بەدەست هێنا –یان بەلای کەمەوە ئەم بابەتەی بەڕاستییەکی دیکەوە گرێدا– ئەویش ئەوەیە کەواتە من هەم. بەمپێیە، یەکەم یەقینی بنەڕەتیی کە بەدەستی هێنا ئەوە بوو "من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم" یان بە زمانی لاتینی (Cogito ergo sum) (کۆگیتۆ ئێرگۆ سوم) کە بەم بۆنەیەوە زۆر کەس بەم بەڵگەهێنانەوەیە دەڵێن (Cogito).





**ماگی: ئەو خاڵەی کە دیکارت خۆشی پێیدواوە، شایانی جەخت لێکردنەوەیە کە مەبەستی دیکارت لە (بیرکردنەوە) تەنها بیری ئەبستراکت نییە، بەڵکو هەموو وێنە جۆراوجۆرەکانی هەڵچوونەکانی هەستە، لەوانیش هەست و دەرك پێکراوە هەستیەکان و ئازار و شتی تر. بەحسابکردن بۆ ئەم مەسەلەیە، جێی خۆیەتی کە بڵێین لە ڕاستیدا دیکارت دەیویست بڵێت "من ئاگام لێیە کە هوشیارم، بەمپێیە دەزانم کە دەبێ هەبم"**

ویلیامز: ڕاستە. دیکارت لە بەرهەمە گەورەکەیدا واتە کتێبی (وردبوونەوەکان) کە تیایدا ئەم بابەتە بە وردی و بە درێژی تەواوەوە باسکراوە، هەنگاو بە هەنگاو و بە شارەزاییەکی زۆرەوە سنوورەکانی Cogito بە ئەزموونی جیاجیای زەینی یان بەشتی ویژدانی جۆراوجۆر دەگەیەنێ. بەڵام هەڵبەتە بەرهەمی مەسەلەکە ئەوەیە کە وتت.

**ماگی: ئاشکرایە دەبێ ئاگاداری ئەوەبین کە دیکارت هاوزەمان لەگەڵ بەدەستهێنانی ئەم مەسەلە بنەڕەتی و بێگومانانەدا، ئەوەشی نیشانداوە کە ئەگەرچی ئێمە دەتوانین سەبارەت بەم مەسەلانە یەقینمان هەبێ، هەر ئەنجامێ کە لێیان بەدەست بێنین قابیلی ئەوەیە هەڵەبێ، بەمپێیە، هیچ شتێکی بێگومان لەم مەسەلانە بەدەست نایەت. بۆ نموونە بەلای منەوە جێگای گومان نییە کە لەم ساتەوەختەدا دەبینم کە تۆ بێرنارد ویلیامزیت، شتێکی مادیت لە جیهانی دەرەوەی من، بەڵام لەم مەسەلەیەوە پێویست نایەتە بەرچاو کە جیهانێ هەیە لە دەرەوەی من بە شتە مادیەکانیەوە کە بوونیان سەربەخۆیە لە ئەزموونی من (واتە بینینی من). ئەم بەڵگەهێنانەوەیە سەبارەت بە هەموو شتێکی تریش**

ڕاستە. من هەمیشە دەتوانم یەقینم هەبێ کە ئەوەی ڕاستەوخۆ بە هەست یان بە دەرککردنی من دەگات هەمان ئەو شتەیە کە هەیە، بەڵام هەرگیز ناتوانم سەبارەت بە راستی و متمانەی ئەو ئەنجامەی کە لەسەری دەستم دەکەوێ و ئەنجامەکەی شتێکی دیکە دەبێ، بگەمە یەقین.

ویلیامز: هەتا ئەوەی ئەنجامەکە چۆن ئەنجامێ بێت. بۆچوونی دیکارت ئەوە بوو کە خودی ئەو ڕاستیە کە من ئەزموونێ بۆ نموونە لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم مێزەدا حاسڵ دەکەم، گرەنتی بوونی مێزەکە نییە لە دەرەوەی من. یەقین لەم مەسەلەیەدا تەنانەت لە حاڵەتێکدا کە خەون بینین بنەمای گومان بوو لە ناوچوو و کاتێ دیکارت مەسەلەی شەیتانی ناپاکی هێنایە ئاراوە، بابەتەکە لە جاران روونتر بۆوە. کاتێ دیکارت نموونەی شەیتانی دەهێنایەوە، ئاگای لەوە بوو کە رەنگە ئەزموونێکی وا حاسڵ بکات، بەو پێیە، هیچ شتێ لە واقیعدا وجودی نەبێت. کەواتە کەس ناتوانێ بوونی جیهان لە دەرەوەی خۆی راستەوخۆ و بەبێ هۆ و نێوەند لە ئەزموونێکەوە کە لێی ڕوودەدات هەڵێنجێ. دیکارت ئێستا ئیدی بە نیازە چەند تێبینیەکی نوێ بهێنێتە ئاراوە بۆ ئەوەی بتوانێ دووبارە جیهان لە شوێنی خۆی دابنێتەوە. هەڵبەتە دەبێ خێرا ئەوەش بگوترێ کە ئەو جیهانەی دووبارە لە شوێنی خۆی دادەنرێتەوە بەشێوەیەکە جیاوازە لەو جیهانەی کە سەرەتا هەستی ئاسایی وێنای دەکرد. دوای ئەوەی تەواوی کەلوپەلەکانمان لە ئەنجامی گومانەوە لە گەنجینە هێنایە دەرەوە، ئیتر نابێ دووبارە هەموو شتەکان بەبێ هیچ چاکسازیەك





بخەینەوە شوێنی خۆی. لە کاتێکدا کە جیهان چاکسازیی دەکەین. بیروبۆچوونمان سەبارەت بە دنیا جیاوازە لەوەی کە لەگەڵ ئەزموونی بیر لێنەکراوەی سەرەتاییدا هەمانبووە و ئەمەش بۆ خۆی یەکێکە لە راستیە زۆر گرنگەکان دەربارەی میتۆدی گومانکردن. دیکارت بە بەڵگەی پۆزەتیڤ لە تەك گوماندا بەرەو پێشچووە و کاتێ دووبارە جیهان دەخاتەوە شوێنی خۆی، بە رەخنە و هەڵسەنگاندنی عەقڵیی دەربارەی ئەوەی چۆن دەکرێ سەبارەت بە مەسەلەکان مەعریفە بەدەست بێنین، گۆڕانکاریی ورد و شارەزایانەی تێدا بەدیهێناوە. بەڵام بەڕاستی مەسەلەکە ئەوەیە کە دیکارت چۆن جیهان دەخاتەوە سەر جێگای خۆی.

ماگی: وا دێتە بەرچاو کە دیکارت لە کاتی بەدەستهێنانی ئەو مەسەلە گومان هەڵنەگرانەدا کە بەشوێنیاندا گەڕاوە، خۆی بە بنبەست گەیاندبێ. ڕاستە کە مەسەلە گومان هەڵنەگرەکانی بەدەست هێناوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوەی نیشانداوە کە ناکرێ لەو مەسەلانە هیچ بەدەست بهێنرێ.

ویلیامز: با وابڵێین تەنها شتێ کە دیکارت لە قۆناغی پێشوودا تێبینی کردبوو ئەوە بوو کە تەنانەت ئاشکراترین ڕێگەی ئەنجامگیریی بوونی جیهان لەسەر بنەمای ئەزموونە تایبەتییەکانی خۆی، راست نییە و جێی متمانە نییە. ئێستا دەیەوێ ڕێگایەك نیشان بدات کە بە ئیدیعای خۆی جێگەی متمانەیە. چونکە گەیشتۆتە خاڵێك کە چیتر جگە لە ناوەرۆکی خود ئاگایی یان (هەستی) خۆی هیچ شتێکی قبوڵ نییە، دیارە کە ئەگەر بیەوێ دووبارە دنیا بخاتەوە شوێنی خۆی، دەبێ

تەنها لەسەر بنەمای ناوەڕۆکی خود ئاگایی (یان هەستی) خۆی ئەم کارە بکات، چونکە هیچ شتێکی دیکەی لەبەردەستدا نییە. کەواتە دەبێ لە نێو ئەو هەستانەی کە هەیەتی شتێ پەیدا بکات کە لە ناخی خۆی بیباتە دەرەوە. دیکارت ئیدیعای ئەوە دەکات کە ئەمە هەمان وێناکردنی خودایە. وێناکردنی خودا لە ناوەڕۆکی خود ئاگاییەوە خۆی ئاشکرا دەکات و دەڵێت ئەم وێناکردنە لە نێو هەموو ئەو وێناکردنانەدا کە هەیەتی بێهاوتایە، لە نێو هەموو ئەو شتانەی کە لە زەینیدایە، تەنها ئەو وێناکردنە بە جۆرێکە کە ڕێك بەرهەمەکەی ئەوە دەسەلمێنێ کە بەراستی خوڵقێنەرێکی هەیە، بە دەربڕینێکی دیکە، بەڕاستی خودا هەیە.

**ماگی: بەلای خوێنەرانی ئەمڕۆوە —تەنانەت بەلای ئەو کەسانەوە کە باوەڕیان بە خودا هەیە – هەرسکردنی ئەم بەڵگەیە قورسە.**

ویلیامز: بەڵێ. لە ڕاستیدا دیکارت دوو بەڵگە دەهێنێتەوە و لە کتێبی (وردبوونەوەکان)دا هەردوو بەڵگەکە بۆ ئەم مەبەستە بەکار دەهێنێ. یەکێکیان پەیوەندی بە سەدەکانی ناوەڕاستەوە هەیە و بە بەڵگەی بوون ناسراوە و ڕەنگە پێویستی بەوە نەبێ کاتەکەی پێبکوژین چونکە لە ڕاستیدا نهێنیەکی لۆجیکی یان میتافیزیکی تەرح دەکات و ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندیی بیری دیکارت نییە. بەڵگەکەی تریان زیاتر تایبەتمەندیی بیری دیکارت دەگەیەنێ، ئەگەرچی لەمەشیاندا دیسان کەرەستەی سەدەکانی ناوەڕاست بەکارهاتووە. بنەمای ئەم بەڵگەیە پرەنسیپێکە کە دەوترێ پێویستە سەبارەت بەوەی کە ناشێ گەورەتر لە بچوکتر پەیدابێت یان هۆکاری بێت. دیکارت گەیشتۆتە یەقین کە





وێناکردنێکی هەیە سەبارەت بە خوداوەند و ئەم وێناکردنە، وێناکردنی مەسەلەیەکی ناکۆتایە. ئەم وێناکردنە بۆ خۆی لە وێناکردنێ زیاتر نییە، بەڵام لەبەرئەوەی وێناکردنی مەسەلەیەکی ناکۆتایە، پێویستی بە ئاشکراکردنێکی تایبەتی هەیە. دیکارت دەزانێت کە بوونەوەرێکی سنووردارە و ئیدیعای ئەوە دەکات کە وێناکردنێکی وا مەحاڵە —واتە وێناکردنی بوونەوەرێکی ناکۆتا— لە بوونەوەرێکی سنووورداری وەکو خۆی پەیدابووبێ. تەنها ئەگەری ئەوە هەیە کە خودا خۆی ئەو وێناکردنەی تێدا دروستکردبێ. دەستەواژەی لەبیرنەکراوی دیکارت لە دەربڕینی ئەم مانایەدا ئەوەیە کە خودا ئەم وێناکردنەی وەکو نیشانەیەك کە دروستکەر لەسەر دورستکراوەکەی خۆی دایدەنێ، لە من دا داناوە، بە کورتی خودا بە دانانی وێناکردنی ناکۆتای خۆی لە من دا، ئیمزای خۆی لەسەر من کردووە. کاتێ بیر دەکاتەوە کە بچوکتر ناتوانێ بەدیهێنەری گەورەتر بێ، پەی بەوە دەبات کە تەنها لەبەر ئەم هۆیەیە خاوەنی وێناکردنێکە سەبارەت بە خودا کە خودایەك هەیە کە ئەوی خوڵقاندووە.

**ماگی: پاشان لەسەر بنەمای ئەوەی کە هۆشیاریی خۆی پێیدەڵێت، سەبارەت بە بوونی خودا دەگاتە یەقین، دەچێتە سەر ئەوەی کە لە یەقین سەبارەت بە بوونی خوداوە بگاتە یەقین سەبارەت بەبوونی جیهان.**

ویلیامز: راستە. ئەوەی دەربارەی خودا دەیزانێ، هەڵیدەسەنگێنێ و دەڵێت: دەزانم خودا وجودی هەیە و دەسەڵاتداری رەهایە و منی دروست کردووە، هەروەها دەزانم کە خودا خێرخوازە (هەڵبەتە هەموو

ئەمانە لەبیروباوەڕە باوەکانی مەسیحیەکانە) لەبەرئەوەی خودا منی دروست کردووە و خێرخوایە، هەم نیگەرانی باشی ئاکاریی منە و هەم نیگەرانی چاکی عەقڵیی و فیکریی منە، بەو مانایەی کە ئەگەر منیش ڕۆڵی خۆم ببینم و (ئەم خاڵە زۆر بایەخدارە)، بەشێوەیەکی باش بیر و بۆچوونەکانم ڕوون بکەمەوە و بەخێرایی باوەڕ بەو شتانە نەکەم کە هێشتا سەرو ژێریانم هەڵنەسەنگاندووە، بەکورتی ڕۆڵی خۆم ببینم، ئەوسا خوداش متمانە و قورسایی بۆ ئەو مەسەلانە دادەنێ کە من زۆر حەزدەکەم باوەڕیان پێبکەم. لەلایەکی ترەوە، هەرچەندەش بە توندیی ڕەخنە لە بیرو بۆچوونەکانی خۆم دەگرم و هەرچەندە بە وردی هەڵیاندەسەنگێنم کە بیرو باوەڕەکانم دەربارەی جیهانی مادی چییان لەخۆگرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە بە گومانکردن حوکمدان بە هەڵواسراوی دەهێڵمەوە (هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەگەر وامنەکردایە نەدەگەیشتمە ئێرە) دیسان دەبینم کە زۆر حەز دەکەم باوەڕم بە بوونی دنیایەکی مادی هەبێ. لەبەرئەوەی ئەم حاڵەتە یان ئەم ڕەغبەتە لە مندا هەیە و هەرچیەکم لە توانادا بووبێ بۆ دڵنیابوون لەم مەسەلەیە سەرفمکردووە کە بیرو بۆچوونەکانم لەسەر هەڵە بنیات نەنرابن، کەواتە دەگەمە ئەو ئەنجامەی کە سەرئەنجام خودا گرەنتی ئەوە دەدات کە لە ڕەگوڕیشەوە بەشێوەیەکی سیستماتیک بە هەڵەدا نەچووبم. بە دەربڕینێکی تر، ماف ئەوەم هەیە باوەڕم هەبێ کە جیهانێکی وا هەیە.

**ماگی: ئەمە بەلای دیکارتەوە دەبێ بە ڕێگایەک کە دەکرێ لەو ڕێگایەوە قسەی هەر کەسێک کە دەربارەی ئەگەری بوونی فەلسەفە یان زانست گومانی بنەڕەتیی هەیە، بەتاڵ بکاتەوە. وانییە؟ دواجار دیکارت**





**بەوەی کە دەڵێ ئەو جیهانەی کە سەروکاریمان لەگەڵیدا هەیە دیاری خودایە –ئەو خودایەی کە بوون و خێرخوایی ئاشکرایە– زیاتر لەوەی وەڵامی گومانکاران بداتەوە، هەوڵیداوە دەستپێشخەرییان لێبکات.**

ویلیامز: بڕوانە، ئەوەی کە سەبارەت بە پێگەی دیکارت بایەخی بنەڕەتیی هەیە ئەوەیە، کە بە باوەڕی ئەو، هەر کەسێ بەنیاز پاکیەوە سەبارەت بەخودا، بە تەواوی حساب بۆ بەڵگەکانی بکات، ڕاستی ئەو بەڵگانە دەسەلمێنێ. گرنگی ئەم خاڵە تەواو بنەڕەتییە. ئەگەر دیکارت ئەوەی قبوڵ بکردایە کە باوەڕی تۆ پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە لە ڕووی دەروونییەوە لە چ کلتوورێکدا یان لە چ هەلومەرجێکدا گەورە بوویت و ئەوەشی قبوڵ بکرایە کە کەسانی تەواو خاوەن هەست دەتوانن، هەرچەندەش قووڵ ببنەوە، دیسان دەربارەی بوونی خودا جیاوازیی بیروبۆچوونیان هەبێ، هەڵوێستی یەکسەر دەگۆڕا. بەڕای دیکارت، نکوڵی کردن لە بوونی خودا دوای بیستنی ئەم بەڵگانە، بە قەد نکۆڵی کردن لە دوو کەڕەت دوو دەکاتە چوار پێویستی بە کەللەڕەقی و لاسارییە. بەڕای دیکارت، ئەگەر تۆ ئەم بەڵگانە بخەیتە بەر دەستی کەسێکی گومانکار و هەنگاو بە هەنگاو ڕێنمایی بکەیت و ئەگەر ئەو گەرموگوڕ و ڕاستگۆبێت و ئامانجی گەمەی زمانی و خەڵك خستنە ژێر کاریگەریی نەبێت، دواجار بەناچاریی باوەڕ دەکات. هەندێ خەڵك باوەڕیان نەکردووە لەبەرئەوەی بە تەواوی قوڵ نەبوونەتەوە و بە دیسپلینی پێویستەوە بە شوێن مەسەلەکاندا نەچوون. بێگومان زۆر لە گومانکاران فێڵبازن و بەبێ ئەوەی بە ڕاستی بیر بکەنەوە و تەنها بۆ ئەوەی قسە بکەن هەڵوێست وەردەگرن. بەڵام ئەگەر کەسێك نیازپاکی

هەبێ و بەڕاستی قوولْ بێتەوە، بێگومان ئاگای لە راستی مەسەلەکە دەبێت و چیتر ناتوانێت بێئەوەی رووبەڕووی ناکۆکی بێتەوە، نکۆڵی لە بوونی جیهانیی دەرەوە بکات. ئەوەی دیکارت باوەڕی پێی هەبوو، ئەمە بوو.

ماگی: یەکێك لە ئەنجامەکانی ئەم بەڵگانە کە بایەخی مێژوویی هەبوو، بەڕاست وەرگرتنی ئەوە بوو کە جیهان لە دوو بەشی خود پێکهاتووە. یەکێکیان جیهانی دەرەوەیە خودا پێیداوم کە دەتوانم پشتی پێیبەستم. بەڵام منیش هەم کە ئەو جیهانە دەبینم. لە ڕەوتی گەیشتن بە دەستەواژەی "من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم"دا بینیم کە دەشێ هەر شتێ کە لە جیهانی ئەندێشەدا سەبارەت بەو وێناکردنەی دەربارەی خۆم هەمە بیهێنمە ئاراوە جگە لە پرۆسەی بیرکردنەوە، ئەمە بە قسەی دیکارت، مانای ئەوە بوو کە لەدوا شیکردنەوەدا من خودی (بیر) ئەندێشەم. دەتوانم وێنای ئەوە بکەم کە بەبێ (بەدەن)یش هەم، بەڵام ناتوانم وێنای ئەوە بکەم کە بەبێ ئەوەی هۆشیاربم هۆشیارم و هەم. کەواتە ئەو مادەیەی کە بەدەنی منە، بەشێك نییە لەچڕکراوەی بوونی من. ئەم باوەڕە لەگەڵ بیرو بۆچوونی ئایینی مەسیحیدا دێتەوە (بەڵام هەڵبەتە مەسیحییەکان لەبەرهۆی تر پەسەندیان کردووە)و راستەوخۆ ئەو تیۆرەی لێدەکەوێتەوە کەجیهان دابەش بووە لەنێوان زەین و چاودا کە یەکەمیان ئەندێشەی رووتەو دووەمیان رەهەند یان ماوەی رووتە. دوانە یان دوالیزمی ناسراوی دیکارت یەعنی ئەمە، واتە دابەشبوونی سروشت بۆ دووبەش واتە رۆح و مادە، تەماشاکەرو تەماشاکراو، ناسێنەرو ناسێنراو، زەین و عەین (چاو). ئەم دوالیزمە





لەگەڵ تەواوی روانینەکانی مرۆڤی خۆرئاواییدا سەبارەت بەمەسەلەکان و سەراپای زانیارییەکانی ئێمە هەڵشێلراوە.

ویلیامز: ئەم قسەیە لەزۆر لایەنەوە راستە. دەکرێ وا بگوترێ کە دیکارت کاتێ دەگاتە دوا سنووری گومان، وا بیر دەکاتەوە کە دەشێ جیهانی دەرەوە وجودی نەبێ، بەڵام لەدەستەواژەی سادەی "جیهانی دەرەوە"دا زۆر شت هەیە. (جیهانی دەرەوە) واتە لەدەرەوەی چی؟ واتە لەدەرەوەی من. بەڵام (لەدەرەوەی من) ماناکەی "لەدەرەوەی بەدەنی من" نییە. بەدەنی من بەو مانایەی کە دیکارت مەبەستێتی، بەشێکە لەجیهانی دەرەوە، بۆ خۆی یەکێکە لەشتەکان لەدەرەوەی من. بەڵام سەرئەنجام کاتێ جیهان دوبارە لەڕێگەی زانینی خوداوە دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی، منیش دوبارە دەبمەوە بەخاوەنی بەدەن و ئاشکرا دەبێ لەراستیدا بەدەنێکم هەیە. بەڵام هەرگیز ئەو ئەنجامەی لێناکەوێتەوە کە من بەدەنم. ئەوەی بەشێوەیەکی ئاسایی ناوی لێدەنێم "من"، لەراستیدا بەڕای دیکارت دوو شتە: لەلایەکەوە، نەفس یان رۆحێکی نامادییە– دیسان بەباوەڕی دیکارت–بێمەرگ و نەمرە، کە هەر وەکو وتت، فکر یان نەفس یان زەینی رووتە بەبێ هیچ رەهەندێکی مادی. لەلایەکی ترەوە بەدەنە (جەستە). لەئەنجامدا، لەژیانی رۆژانەدا هەرکاتێ بەشێوەی یەکەم کەس (واتە من) سەبارەت بەخۆمان قسە دەکەین، لەراستیدا دوو جۆر گوزارە پێکەوە کۆدەکەینەوەو بەبێ ناڕەحەتی و نیگەرانی بەوی دی دەڵێین، "من شەرمەزارم، من بیر لەپاریس دەکەمەوە، من کێشم حەفتاو پێنج کیلۆیە" لەروانگەی دیکارتەوە، ئەمە راست بەمانای ئەو

شتەیە کە زمانەوانەکان پێیان دەوت "مەبەستی دوو مانا"[١٣]، واتە ئەوەی کە دەربارەی دوو شتی تەواو جیاواز قسەبکەین. کاتێ من دەڵێم بیر لەپاریس دەکەمەوە، گوزارشت لەناخ یان دەروونی خۆم-واتە بەڕای دیکارت گوزارشت لە "من"ی راستەقینە خۆم-دەکەم. بەڵام کاتێ دەڵێم کێشم حەفتاو پێنج کیلۆیە بەمەجازی قسەدەکەم.

ماگی: واتە دەربارەی بەدەنت قسەدەکەی کە لەڕاستیدا بەهیچ شێوەیەك خودی خۆت نییە.

ویلیامز: راستە. یەکێك لەفەیلەسوفە ئەمریکاییەکان زۆر باش ئەم مانایەی دەربڕیووە، کە بەڕای دیکارت، کاتێ یەکێك بڵێت "من کێشم حەفتاو پێنج کیلۆیە" وەکو ئەوە وایە کە بڵێت "کاتێ دەهاتم تایەیەکم پەنجەر بوو".

ماگی: لەسەرەتادا وتمان کە ئامانجی درێژخایەنی دیکارت ئەوە بوو کە بوونی ئەوەی کە ئێمە ئەمڕۆ بەزانست ناوی دەبەین بەدەستبێنێ‌و تۆ ئەوەت نیشاندا کە دیکارت لەڕێگەی چ بەڵگەیەکەوە ئەم تێڕوانینە تایبەتیەی دەربارەی جیهانی دەرەوە حاسڵکرد. دەکرێ بفەرمووی کە دەکرێ چۆن چۆنی بەشێوەیەکی زانستی مامەڵە لەگەڵ جیهاندا بکرێ؟

ویلیامز: پێشان باسی ئەوەم کرد کە ئەو دنیایەی بەیارمەتی خودا دوبارە خستمانەوە شوێنی خۆی هەمان ئەو دنیایە بوو کە تورمان دابوو چونکە لەو بارەیەوە کەوتبووە بەر رەخنەو هەڵسەنگاندن. لە

١٣- zeugma (قصد المعنين) واتە کرداری یان سیفەتێ لە رستەیەکدا دوو مەفعول یان دوو مەوصوف وەربگرێ و لە بارەی هەر یەکێکیانەوە مانایەکی دیکە بدات و تەنیا پەیوەستێ بێت لە نێوان ئەو دوانەدا (و. فارسی).





(وردبوونەوەکان)دا خۆمان دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە نەك تەنها جیهانێ لەدەرەوە وجودی هەیە، بەڵکو بەهەمان شێوە کە ماهیەتی من ماهیەتی بوونەوەرێکی بیرکەرەوەو خاوەن عەقڵ‌و ئەندێشەیە، جیهانی دەرەوەش ماهیەتێکی هەیە کە رەهەند یان دووراییەو خاسیەتی زاتی ئەوەیە کە شوێنی داگیرکردووەو قابیلی ئەوەیە کە ببێتە بابەتی ئەندازەو زانستی بیرکاری. هەموو لایەنە رەنگاو رەنگەکانی دیکەی-واتە ئەو راستیەی کە رەنگی هەیەو تامی هەیەو دەنگ دەداتەوە-لەراستیدا زەینیە، واتە لەلای زەینەوەیەو دیاردەی زەینیە کە لە هۆشیاریی ئێمەدایەو مەعلولی هەمان جیهانی مادیی‌و رەهەندو ئەندازەییە.

ماگی: دیکارت بۆ ئەوەی بەڵگەیەك بۆ ئەوە بهێنێتەوە کەناوەڕۆکێکی پەیوەست بەتەواوی خاسیەتەکانی خۆیەوە کە وابەستەیە بەهەستەوە بۆ خۆی جیایە، نموونەیەکی زۆر کاریگەر دەهێنێتەوە کە بێگومان شایانی ئەوەیە لێرەدا باسی بکەین. دەڵێت مۆمێك بگرە بەدەستتەوە. دەبینیت ئەندازەو شێوەیەکی دیاریکراوی هەیە، کاتێ دەستی لێدەدەی سفتە، پێکهاتەو گەرمی‌و رەنگ‌و بۆنێکی تایبەتی هەیە، و وا دێتە بەرچاو کە پێکهاتەیەکە لەو خاسیەتانە. بەڵام ئەگەر بخرێتە بەرئاگر، یەکسەر ئەم خاسیەتانەی دەگۆڕێ. مۆمەکە دەتوێتەوە، شێوەیەکی تر بەخۆیەوە دەبینێ، گەرمتر دەبێ، رەنگەکەی دەبێ بەقاوەیی تێر، بۆنێکی تری لێدێت‌و هتد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا حەزدەکەین بڵێین کە ئەمە هەمان مۆمە. چ شتێکی هەمان شتی جارانە؟ وەڵام ئەوەیە چۆن شتێکی دیکە هەیەو ئەوەیە کە مۆم بەردەوام

شوێنێکی داگیرکردووەو ئەم مەسەلەیەش قابیلی پێوانە کردنە بەپێی شوێن‌و قابیلی پێوانەکردنە بەپێی کاتیش، ئەم دوو پێوانەکردنەش هەردووکیان ماهیەتی بیرکارییان هەیە.

ویلیامز: بەڵێ. هەڵبەتە ئەو بابەتە جێگای مشتومڕە کە دیکارت تەسەوری کردووە بەڵگەهێنانەوە سەبارەت بەمۆم خۆی لەخۆیدا ڕێك چ شتێ دەسەلمێنێ. بەڵام گومان لەوەدا نییە کە دیکارت ئەم نموونەیەی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی بەڵگە بۆ ئەو وێناکردنە بهێنێتەوە کە بەلای خۆیەوە وێناکردنێکی بنەڕەتییە سەبارەت بەوەی کە شتی مادی ڕێك ئەو شتەیە کە جێگایەك داگیردەکات‌و بەمەفهومێك، لەبنەڕەتدا بەشێکە لە شوێن. دیکارت پێیوابوو کە خودی شتی مادی بەشێکە یان قەبارەیەکە لەشوێن، نەك ئەوەی تەنها جێگایەکی داگیرکردبێ. یەکێك لەهۆیەکانی ئەم بیرکردنەوەیە ئەوە بوو کە دیکارت باوەڕی بە بۆشایی نەبوو و باوەڕی وابوو کە جیهانی مادی سەراپای شتێکی درێژکراوەیەو شتەکان بەجیا، وەکو ئەم مێزە یان هەر شتێکی دیکە، چەند بەشێکن لەدەوری شتە گەورەکە لەهەندێ حاڵەتی دیاریکراوی جوڵەدا. ئەم باوەڕە بنەمای فیزیای بیرکاریی سەدەی حەڤدە بوو بەڵام بەجێگری نەمایەوەو دواجار زانستی دینامیکی نیوتن جێگای گرتەوە کە مامەڵەیەکی دیکەی لەخۆی دەگرت بۆ جیهانی مادی. بەڵام بەهەرحاڵ، ئەو وێنەیەی کە دیکارت ڕەسمی کرد لەسەقامگیرکردنی ئەو وێناکردنە دا زۆر کاریگەر بوو کە جیهانی مادی لەبنەڕەتدا خەسڵەتی بیرکاریی هەیەو بوونی فیزیای بیرکاریی دەکاتە کاری کردە. ڕاستی گرنگ‌و پڕ مانا دەربارەی شۆڕشی زانستی ئەو چاخەی جێی باسی ئێمەیە ئەوەیە





کە یەکەم زانستی مەزن کە لەژیانی دیکارتداو بە بەرەکەتی لێکۆڵینەوەکانی ئەو کەوتە ڕێ فیزیای بیرکاریی بوو. کیمیا کەزانستێکە دەربارەی بەشە جیاوازەکانی مادە لەگەڵ بایەخدانی زیاتردا بەتایبەتمەندییەکانی مادە لەمادە دەدوێ، بەشێوەیەکی سەرەکی کیمیا بەرهەمی سەدەی هەژدەو نۆزدەیە نەك سەدەی حەڤدە.

ماگی: ئایا بۆ ئەوەی بەویژدانەوە داوەریمان کردبێ، دەتوانین بڵێین کە دیکارت لەسەردەمی خۆیدا لەهەر کەسێکی دیکە زیاتر –بێجگە لە بیکۆن– بۆ سەقامگیرکردنی ئەگەری بوونی زانست‌و جێگیرکردنی ئەم فیکرە لای خەڵکی ئاسایی دەرچووی ئەوروپای خۆرئاوا زەحمەتی کێشا؟

ویلیامز: وای بۆ دەچم وابێ. هەڵبەتە کەسێکی دیکەش هەیە کە ناوبانگێکی گەورەی هەیەو فیزیاکەی لەفیزیای کلاسیك نزیکترە هەروەکو دواجار وا دەرچوو، ئەو کەسەش گالیلۆیە. بەڵام گالیلۆ بەدناوبوو ڕێزی لێنەگیرا چونکە لەدادگای پشکنینی بیروباوەڕدا دادگایی کراو حوکمدرا. دیکارت وێڕای ئەوەی زۆر لەبەشەکانی فیزیاکەی دواجار ڕەتکرایەوە، لەم بوارەدا نفوزێکی زۆر زۆری بەدەست هێنا.

ماگی: لەباسەکەماندا هەتا ئێرە، دیکارت هێشتا فیزیای نەخستۆتەڕوو، تەنها ئەوەی نیشانداوە کە ئەو فیزیایەی بنەمای بیرکاریی هەبێ لەتوانادایەو دەشێ– واتە هەم لەبازنەی توانای عەقڵی ئێمەدایەو هەم سەبارەت بەجیهانی دەرەوە ڕاستە. دەکرێ لەم بارەیەوە قووڵتر قسەبکەیت کە چ جیاوازییەك هەیە لەنێوان ئەوەدا کەیەکێك

لەبوارێکی زانستیدا کار بکات لەگەڵ ئەوەدا کە ئەگەری بوونی ئەو زانستە نیشان بدات؟


ویلیامز: بەڵێ. دیکارت ئومێدەوارە بەو ڕێوشوێنانەی کە دیمان، ئەوە نیشان بدات کە جیهان بەشێوەیەك دروستکراوە، کە مرۆڤ دەتوانێت شتی لەبارەوە بزانێت. بەدەربڕینێك خودا مرۆڤ و جیهانی بۆ یەکتری دروستکردووە. بەڕای دیکارت، وەکو ماهیەت مرۆڤ بەشێك نییە لەسروشت لەبەرئەوەی جەوهەرێکی عەقڵیو نا ماددییەو ئەم جەوهەرە نە بەشێکە لەجیهانی سروشتو نە پاشکۆی یاسا زانستیەکانە. کەواتە بەم مانایە مرۆڤ بەشێك نییە لەسروشت بەڵام هێزو توانای بەباشی لەگەڵ سروشتدا دەگونجێ. بەمپێیە. ئێمە لەتوانامانداهەیە کە فیزیای بیرکاریمان هەبێ. دواجار دیکارت باوەڕی وابوو دەکرێ بەوەی کە دەشێ ناوی لێ بنێین بیرکردنەوەی قووڵی فەلسەفی، هەندێ پرەنسیپی بنەڕەتی فیزیا بزانین، بەتایبەتی باوەڕی وابوو کە دەتوانین لەڕێگەی ئەم جۆرە بیرکردنەوە قووڵەوە پەی بەوەبەرین کە فیزیا دەبێ یاسایەکی هەبێ کە چاودێری مانەوەی (چەندایەتی) بکات. لەبەرئەوەی، دەبێ چەندایەتیەك هەبێ بۆ ئەوەی بمێنێتەوە. ئەو چەندایەتییەی کە دیکارت پێیوابوو دەمێنێتەوە، جووڵە بوو کە مانەوەی نەبوو لەفیزیای کلاسیکی دوای ئەوەدا تەنانەت بەراستیش پێناسە نەکرا. بەڵام بەهەر حاڵ، ئەو بۆچوونە هەبوو گریمانە لەسەر ئەوەبوو کە (رابردوو) سەربەخۆیە لەهەست و ئەزموون بەبیرکردنەوەی قووڵ ئاشکرا دەبێ. دیکارت باوەڕی وابوو کە هەندێ پرەنسیپی بنەڕەتیی دیکەش لەفیزیادا هەن کەزانینیان بەشێوەی (رابردوو) ئاسانە، بەڵام ئەگەر لەمە بترازێین، دەبێ بەڕێگەی ئەزموون راستیە فیزیاییەکان بدۆزینەوە.





ئەم خاڵە بایەخی تایبەتی هەیە چونکە بەڕاستی دەگوترێ کە دیکارت ئەهلی عەقلانیەت یان فەیلەسوفێکی عەقلانی بووە. ئەو شتەی کە دەبێ لەبەرچاومان بێت ئەوەیە کە بەبۆچوونی ئەو، دەکرێ بەبیرکردنەوەی قووڵ خاسیەتە بنەڕەتییەکانی جیهانو نەفس بدۆزرێتەوەو هەموو شتێ بەرهەمی ئەزموون نییە. دواجار هەندێ کەس پێیانوایە کە دیکارت ئەوەندە پابەندی ڕێبازی عەقڵی بوو کەپێیوابوو دەکرێ تەواوی زانست بەڕێگەی پێوانەکردنو ڕێك بەهۆی بەڵگەی بیرکاریی یان لۆجیکیەوە لەمیتافیزیك یان لە فەلسەفەی سەرەتاییەوە هەڵبهێنجرێتو باوەڕی وابوو کە ئەگەر کەسێك دابنیشێو بەتەواوی دەربارەی (منم بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم) و مادەو خودا قووڵ ببێتەوە، سەراپای زانستی چنگ دەکەوێت. دیکارت بەهیچ جۆرێ وێناکردنێکی واینەبوو هەمیشە بەبێ ئەوەی قسەکانی یەکتری ڕەتبکەنەوە دەیوت ئەزموون پێویستە بۆ ئەوەی لەنێوان ڕێگا جیاوازەکانی بەڵگە هێنانەوە لەسروشتدا جیاوازیی بکات. باوەڕی دیکارت ئەوە بوو کە دەکرێ تۆ مۆدێلی جیاجیا دروستبکەی. ئەمە ڕەنگدانەوەی لایەنی زۆر مۆدێرنی بیرکردنەوەی دیکارتە. دەتوانیت لەچوارچێوەی یاساکانی دیکارتدا مۆدێلی فیکریو عەقڵی جیاواز سەبارەت بەجیهان بینابکەیت یان دابڕێژیت، بەڵام بۆ ئەوەی پەی بەوە ببەیت کام مۆدێلە بەراستی نیشاندەری سروشتە، پێویستیت بەئەزموون هەیە.

ماگی: ئایا، بەڕای دیکارت، ئەزموون بەو مەبەستە دەخرێتە ڕوو کە تیۆرەکانی ئێمە دەربارەی سروشت تاقیبکاتەوە یان بەو مەبەستەی کە چەند دراوێك بۆ ئێمە فەراهەم بکات تا بەو دراوانە تیۆر دابڕێژین؟



رینێ دیکارت (١٥٩٦ ـ ١٦٥٠ ز)

ویلیامز: بۆ چەند شتێکی جیاواز دەخرێتەڕوو، بەڵام خاڵی بنەڕەتی ئەوەیە کە ئەگەر یاسا بنەڕەتییەکانی سروشت لەبەرچاو بگریت –واتە ئەو پرەنسیپانەی کە مادە لەسەر بنەمایان دەجوڵێت– دەبینیت دەتوانیت زۆر میکانیزمی جیاواز وێنابکەیت کە بەڕووکەشی هەموویان هەمان شت بەرهەم دێنن. پاشان ئەزموونی جیاواز ئەنجام دەدەیت و ڕێوشوێنێك دەهێنیتە ئاراوە کە ئەگەر بۆ نموونە ئەم مۆدێلە لەگەڵ واقیعدا بێتەوە فلان شت ڕوو دەدات و ئەگەر مۆدێلێکی دیکە لەگەڵ واقیعدا بێتەوە، شتێکی دیکە ڕوودەدات، بەمپێیە، یەکێك لە مۆدێلەکان هەڵدەبژێریت. لەڕاستیدا ئەمە وەسفێکی شایستەیە بۆ ئەوەی فیزیازانەکان ئەنجامی دەدەن.

ماگی: واتە وەکو ماهیەت بەهەمان مەفهومی ئەمڕۆی ئەزموون هەستیار یان چارەنووسسازە؟

ویلیامز: دیکارت زۆر جەختی لەم خاڵە دەکردەوە. یەکێ لەو شتانەی کە بەشێوەیەکی پەسەندکراو پێی لەسەر دادەگرت ئەوە بوو کە بێسوودە یەکێك گێژو سەرگەردان تەنها بۆ ئەوەی ببینێ چ شتێکی دەستگیر دەبێت، لەڕێگەی تاقیکردنەوەوە، دەست بەئەزموونی جیاواز بکات. گرنگ ئەوەیە کە پرسیاری ڕاست تەرح بکات. لەراستیدا ئەمە یەکێکی ترە لە بەڵگە سەرەکیەکان کە پێشان باسمان کرد. بەو مانایەی کە خودا لەگەڵ تۆدایە بەو مەرجەی تۆش ڕۆڵی خۆت ببینیت. خودا نایەڵێت تۆ بەردەوام هەڵبخەڵەتێیت ئەگەر تۆش بەردەوام خۆت هەڵنەخەڵەتێنیت. بەمپێیە، ئەو کارەی کە دەبێ بیکەی ئەوەیە کە





پرسیاری ڕاست بکەیت خودا بە شێوەیەك هەلومەرجەکانی ڕێکخستووە کە سروشت وەڵامت بداتەوە.

ماگی: پێموایە لە جێی خۆیدایە ئەو خاڵە ڕابگەیەنین کە بە بۆچوونی دیکارت، ئەگەرچی بوونی خودا بۆ بەدەستهێنانی (میتۆد) پێویستە، بەڵام پاش ئەوەی کەسێك میتۆدەکەی بەدەستهێنا، ئیتر پێویست نییە بۆ بەکارهێنانی ئەو میتۆدە باوەڕی بە خودا هەبێت.

ویلیامز: ڕاستە. حسابکردن بۆ ئەم خاڵە زۆر گرنگە کە دیکارت دەیویست کاری زانستی لە فشاری کۆتوپێوەند و دەستێوەردانی دەقی ئاییني ڕزگار بکات. ئەگەر بڕیار بوو تەنها پیاوە ئاینییەکان بنەمایەك بۆ کاری زانستی فەراهەم بکەن، دەیەویست کاری زانستی لە کۆتی بنەمایەکی لەو جۆرە ڕزگار بکات. بەڵام هەروەکو بینیمان، خودا پایەی سیستمی فیکری ئەوی پێکدەهێناو دیکارت لەڕادەبەدەر پێی لەسەر ئەو خاڵە دادەگرت کە لێکۆڵینەوەکانی جیهانێکی بێخودامان بۆ ناهێڵێتەوە. دنیای دیکارت دەسکردی دەستی خودا بوو، خودا خۆی زانینی ئێمەی لە بارەی دنیاوە دابین دەکرد. واتە ئەو جێگایەی کە تۆ دەبێ لە ژیانی عەقڵیدا پەنا بۆ خودا بەریت. وەکو خۆشت ئاماژەت بۆ کرد، لە ناواخنی کاری زانستیدا نییە، لەوێدایە کە دەتەوێت توانای کاری زانستی بۆ گومانکاران بسەلمێنیت. جگە لەمەش، دیکارت عاقڵانە ڕای وابوو کە پێویست ناکات هەموو جارێ کە نیازی کاری زانستیت هەیە، توانای کارێکی وا بۆ گومانکاران بسەلمێنیت. تەنها جارێك بەسەو دیکارت پێیوابوو ئەو کارەی کردووە.

دیکارت زۆر جەختی لە بوونی خودا دەکردەوە و باوەڕی تایبەتی من ئەوەیە کە لەم کارەدا تەواو ڕاستگۆ بوو و بە هیچ جۆرێك کارەکەی بە ڕووکەش نەبوو، هەرچەندە هەوڵی دەدا لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە دڵی قەشەکان رازیبکات چونکە تاقەتی کێشەی نەبوو لەگەڵ کڵێسادا. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەگەرچی خۆی راستگۆبوو، بەو دەربڕینەی کە دای بەدەستەوە، ئامادەکاریی خودای سەبارەت بە جیهان و تێگەیشتنی خەڵکی سەبارەت بە جیهان، ئاسانتر کرد.

ماگی: هەندێ کەس ئیدیعای ئەوەیان کردووە کە دیکارت بە هیچ جۆرێ لە باوەڕیدا بەخودا ڕاستگۆنەبووە بۆ پەسەندکردنی ئەم ئیدیعایە، چەند بەشێکیان لە نووسینەکانی هێناوەتەوە کە بێگومان تیایاندا هەندێ خۆگێلکردن بەدیدەکرێ. بەڵام بەبۆچوونی من، ئەم ئیدیعایە قابیلی سەلماندن نییە، هۆی ئاسانیشی ئەوەیە کە ئەگەر راست بوایە، شتێك لە کاری کلتووری دیکارت نەدەمایەوە. رەنگە دیکارت مەسیحیەکی خاوەن باوەڕ نەبووبێ و من ئاگام لێنەبێ. بەڵام ئەمە بابەتێکی ترە. گومان لەوەدا نییە کە ئەو بەخۆش خەیاڵیەوە تەماشای کڵێسای نەدەکرد، بەڵام گومانم نییە کە بە ڕاستگۆییەوە باوەڕی بە بوونی خودا هەبوو، پێموایە کەسانێك باوەڕیان بە پێچەوانەی ئەمەی منەوەیە، باوەڕنەبوونی دیکارت بە کڵێسا بەهەڵە بە باوەڕ نەبوونی دیکارت بەخودا لێك دەدەنەوە، هەروەکو زۆر لە مەسیحیەکان بەداخەوە هەم لەو رۆژگارەدا و هەم ئەمڕۆش، مەیلیان بەلای ئەم هەڵەیەدا بووەو هەیە.





بەڵام ئێستا دەمەوێ بچمە سەر شتێکی تر. پێشتر وتمان کە دیکارت باوەڕی بە دوالیزم هەبوو، واتە دابەشکردنی بوون بۆ مادە و رۆح. لەو کاتەدا نەمانتوانی درێژە بە باسەکە بدەین. دەکرێ ئێستا درێژەی بدەینێ؟ روونترین مەسەلەیەك کە ئەم باسە دەیهێنێتە پێشەوە، بریتییە لە بەیانکردنی چۆنێتی کاروکاردانەوە لە نێوان ئەو دوانەدا. بفەرموو کە دیکارت چۆن ئەم مەسەلەیەی روونکردۆتەوە کە رۆح دەتوانێت شتە مادییەکان لە شوێندا جێگۆڕکێ پێبکات.

ویلیامز: وەڵامی پوخت ئەوەیە کە دیکارت هەرگیز ئەو کارەی نەکردووە. لایبنیتس دەربارەی مەسەلەی کاروکاردانەوەی نێوان رۆح و مادە بەڕیتمێکی کەمێك سووك تەماشاکردنەوە دەڵێت "دیارە تا ئەو شوێنەی کە دەتوانرێ بەدیبکرێ مسیو دیکارت مەیدانەکەی چۆڵکردووە" دیکارت ڕاست پێش سەفەری بۆ سوید، کتێبێکی نووسی و بەشێوەیەکی سەیر جێگای کارو کاردانەوەی نێوان رۆح و بەدەنی بەغودەی سنەوبەری pineal gland لە بەشی ژێرەوەی مێشکدا ناساند. بەڵام ئەو قسەیە تەقریبەن بێمانایە. بیری ئەوەی کە شتێکی نامادی و پەتیی وەکو رۆح، ئەو شتەی کە تەقریبەن بە تەواوی لە گۆتەی عەدەد نییە، بتوانێت بە گۆڕینی ئاراستەی رۆحی هەندێ گیانەوەری دیاریکراو، لە دنیای مادیدا گۆڕانکاریی بکات —واتە ئەو بۆچوونەی کە دیکارت باوەڕی پێی بوو— ئەوەندە وێناکردنی تەنانەت بەپێی پرەنسیپیش دژوار بوو کە هەمووانی تووشی سەرگەردانی کرد. بەشێکی زۆری فەلسەفەی سەدەی حەڤدە —دوای ئەویش— لە دەوری

ئـەو مەسـەلەیە دەخولایـەوە کـە چـۆن پەیوەنـدی نێـوان رۆح و بـەدەن بەشێوەیەکی باشتر لەوەی لە دیکارت بە میرات مابۆوە، بەیان بکات.

مـاگی: لەگـەڵ ئـەوەدا دەبـێ ئـەوە پەسـەند بکـەین کـە دوا لیزمـی دیکـارت بەشـێوەی جیـاواز لـەم سـێ سـەد ساڵەی دواییـدا لـە بـیری خۆرئاواییدا ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە.

ویلیامز: بەهەرحاڵ، بەڕای من، هیچ چارەیەکمان نییە جگە لەوەی بەشێوەیەك لە شێوەکان جیاوازیی لە نێوان زەین و عەین یان عالەم و مەعلومدا بکەین. لە هەندێ سیستمی فەلسەفیدا هەوڵدراوە ئەوە بوترێ کە ئێمە هیچ وێناکردنێکمان سەبارەت بە مەعلوم بە جیا لە عالەم نییە و بە کورتی ئێمەین کە جیهان دروست دەکەین. بەڵام باوەڕکردن بەم بۆچوونە تەنانەت بەشێوە جوانتر و زانایانە ترەکەشی، زۆر دژوارە. هەم لەبیرکردنـەوەی ئاسـایی ئێمـە و هـەم بـە شـێوازی سـەرەتایی لـە بیرکردنەوەی زانستییدا، هەمیشە شێوەیەك لە دوالیزم لە نێوان عالەم و مەعلومدا بەکاردێت، واتە ئەو وێناکردنەی کە جیهان بەجیا لە مەعریفە حاسڵکردنی ئێمەیە لە جیهان. ئەو شتەی کە ئیتر کەمتر کەسێ باوەڕی پێدەکات، دوالیزمی ڕەها لە نێوان رۆحی تەواو پەتی و بەدەندایە. ئەمڕۆ بێگومان دەبێ مامەڵە ئەوەبێ کە جیهان وەکو ماهیەت بوونێکی بەرجەستەو خاوەن بەدەنە، نەك تەنها رۆحێکی دەگمەن. ئەم مەسەلەیە تەنانەت پێش دیکارتیش لە فەلسەفەدا لای کەسانی وەکو تۆماس ئەکویناسی قەشە و ئەرستۆ پەسەند بوو.

مـاگی: ئایا بەڕاستی خەوشی بنەڕەتیی دیکەش لە سیستمی فەلسەفی دیکارتدا هەیە؟



فەیلەسوفە مەزنەکان

ویلیامز: هەرچەندە کات زیاتر تێپەڕی، زیاتر دەرکەوت کە بەڵگەی دیکارت بۆ سەلماندنی بوونی خودا لاوازترین بەشی فەلسەفەکەی ئەوە. ئـەم مەسـەلەیە لـە ڕووی مێژووییـەوە کاریگەرییـەکی گرنگـی هـەبوو، چونکە هەروەکو خۆشت پێشان وتت، وا دەهاتە بەرچاو کە دیکارت بە بەکارهێنانی میتۆدی گومانکردن خۆی بە بنبەست گەیاندووە. بۆچوون لەسەر ئەوە وەستا کە ئەگەر دیکارت بەڕێوشوێنی ئاینیش نەتوانێت لە بنبەستەکە بێتە دەرێ، ڕێگایەکی دیکە بۆ ئەو کارە وێنا ناکرێ، بەمپێیە، هەرکەسێ لە ڕێگای گوماندا هاوڕێی بێت، سەرئەنجام بە هەڵوێستێکی ئایدیالیستی یان مەعنەوی وا دەگات کە جگە لە ناوەڕۆکی هۆشیاریی خۆی هیچ شتێکی بۆ نامێنێتەوە.

خاڵێکی دیکە کە شایانی باسە ئەوەیە کە سیستمی فەلسەفی دیکارت تەنانەت لە ژیانی خۆشیدا لەبەرئەوەی کە دەیانوت بۆ قۆناغێکە، ڕووبەڕووی ناڕەزایی بۆوە. گریمان وایە کە ڕاستی و متمانەی هەموو شتی لە خوداوەیە. پێشان لەم باسەدا تەئکیدمان لە دەوری خودا کردەوە، بەتایبەتی بۆ بەڕاست زانین و متمانە بەخشین بە بیروباوەڕەکانمان سەبارەت بە جیهان. ئەوەی کە پێویستە بیخەینە سەری ئەوەیە کە دیکارت باوەڕی وا بوو کە خودا لە متمانە بەخشیندا بە بیر و باوەڕی گشتی ئێمە بە بەڵگەو دەلیلیشەوە دەورێکی گرنگی هەیە. بەڵام لەوێوە کە دیکارت لە ڕێگەی بەڵگەهێنانەوەوە باوەڕی بە خودا پەیداکردبوو، کاتێ نووسینەکەی بڵاوبۆوە خەڵکی ناڕەزاییان دەربڕی کە دیکارت گیرۆدەی سەردەم و زەمانە بووە.

ماگی: دیکارت تەنها لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی "روون و جیاواز" دەرك بەوە دەکات کە خودا وجودی هەیە، دەتوانێت لە قۆناغی "من بیر

دەکەمەوە کەواتە من هەم" هەنگاوێ بەرەو پێشەوە هەڵبگرێ و بچێتە پێشەوە. لەلایەکی ترەوە، تەنها لەبەرئەوەی کە دەزانێت خودا وجودی هەیە و هەڵخەڵەتێنەر نییە دڵنیایی پەیدا دەکات کە ئەوەی بەشێوەیەکی "روون و جیاواز" هەستی پێدەکرێ ڕاستە.

ویلیامز: وردەکاریی ئەم بابەتە تەنها لە خوێندنەوەی فەلسەفەی دیکارت لەلایەنێکی زۆر تایبەتییەوە سەرنج ڕادەکێشێ. بەڵام مەسەلەی زۆر گشتی کە ئەم بابەتەش لەخۆدەگرێ ئەوەیە کە چ پەیوەندییەك لە نێوان فەلسەفە و بوونی خودادا هەیە. ئەوەی کە ناویان لێناوە سەردەمی کارتزین یان (دیکارتی) – Cartesian circle یەکێکە لە راستیە جوزئیەکانی ئەم کێشە گشتییە کە فەلسەفە دەبێ چۆن ئەگەری بوونی خۆی بەیان بکات، چۆن دەبێ دامەزراندن و متمانەی خۆی و باقی ئەم جۆرە مەسەلانەش حساب بکات و ئەم کارە بەبێ دووركەوتنەوە لەسەردەم circle یان ریزبەندیی regress قورسە.

ماگی: بایەخی گشتی ئەم خاڵە بەڕادەیەکە کە بەهای ئەوەی هەیە کەمێ لەبارەیەوە قووڵبینەوە. هەر چوارچێوەیەکی بەیانکردنی گشتی کە ئیدیعای ڕاستی و متمانە دەکات، دەبێ نەك تەنها ڕاستی و متمانەی خۆی، بەڵکو چۆنیەتی بەدەستهێنانی خۆشی بەیان بکات. نموونەیەك دەهێنینەوە کە زۆر لە فەلسەفەی دیکارتەوە دوورە. ئەگەر پەیڕەوانی فەلسەفەیەك بڵێن بیروباوەڕە فەلسەفیەکان هیچ پەیوەندییەکیان بە مەسەلەی ڕاستی و درۆوە نییە و تەنها یارمەتی بەرەو پێشەوە بردنی بەرژەوەندی چینایەتی ئەو کەسانە دەدەن کە باوەڕیان پێیانە، مانای قسەکەیان ئەوەیە کە فەلسەفەکەی خۆشیان هیچ پەیوەندییەکی بە مەسەلەی ڕاستی و درۆوە نییە و تەنها یارمەتی بەرەوپێشەوەبردنی بەرژەوەندیی چینایەتی ئەو کەسانە دەدات کە باوەڕیان بەو فەلسەفەیە





هەیە. کەواتە فەلسەفەیەکی ئاوا خۆی ئەو دەسەڵاتە لە خۆی دەسێنێتەوە کە بە فەلسەفەیەکی جدیی و شایانی بایەخپێدان لە قەڵەم بدرێ. یان بەپەیڕەوانی شێوە مامەڵەیەکی تر بڵێن، بەپێی پرەنسیپی ناوەندیی ئەم شێوەیە، تەنها گوزارەیەکی مەعنادارە لەبەرئەوەی دووبارەکردنەوەی زانراوو هەمان شتە ڕاستە یان لەبەرئەوەی بە تاقیکردنەوە قابیلی بەدیهاتنە، شێوەیەکی وا یەکسەر دەسەڵاتی خۆی لەدەستدەدا چونکە خودی ئەو گۆتەیە نەدووبارەکردنەوەی زانراوە کە راستبێ و نەبەتاقیکردنەوە قابیلی بەدیهاتنە. زۆر لە سیستمە فکرییەکان خۆبەخۆ لەم جۆرە کێشانە بۆخۆیان دەهێننە پێشەوە. واتە ئەگەر ڕاست بن، چیتر ناتوانین بە ڕاست لە قەڵەمیان بدەین و لە هەندێ حاڵەتدا تەنانەت توانای ڕەسمکردنیشیانمان نابێت. کەواتە هەر تیۆرێك دەبێ حساب بۆ خۆشی بکات. دەبێت بەشێوەیەك کە بۆ خۆی نەبێتە پێویستی (مەلزومی) ناکۆکیی، هەم شەرعیەتێك بۆ بوونی خۆی فەراهەم بکات و هەم بۆ ڕێگای گەیشتن بە خۆشی. ئەگەر لەم کارەدا سەرکەوتوو نەبێ، یان بۆ خۆی مەلزومی ناکۆکییە یان نامەفهوم و بێمەعنایە و لە هەردوو حاڵەتەکەدا قابیلی بەرگری لێکردن نییە.

بابگەڕێینەوە سەر دیکارت: دەسەڵات و کاریگەریی دیکارت لەسەر فەلسەفە گەورە بووە. ئایا دەکرێ لەم بارەیەشەوە بدوێی؟

ویلیامز: ئەگەر بمانەوێ بابەتەکە تەنها لە شتێکدا کورت بکەینەوە، دەبێ بڵێین ئەو کەسەی کە لەم سێ سەد ساڵەی دواییدا باسی مەعریفەی کرد بە میحوەری فەلسەفەی خۆرئاوا دیکارت بوو و تەقریبەن جگە لەو کەسێکی دیکە نەبوو. دیکارت بووە هۆی ئەوەی کە فەلسەفە لە جیاتی ئەوەی لەم پرسیارەوە دەست پێبکات "چیی وجودی هەیە؟" یان "جیهان چۆن چۆنییە؟"، ئەم پرسیارە بکات بە

پرەنسیپ "دەتوانم چیی بزانم؟" سەرنج بدە کە پرسیارەکە ئەمەیە "من دەتوانم چیی بزانم؟" نەك ئەوەی "دەتوانرێ چیی بزانرێ؟" یان تەنانەت "دەتوانین چیی بزانین؟" — واتە فەلسەفە لە پرسیارێکەوە بەشێوازی کەسی یەکەمی تاك دەستپێدەکات کە میحوەرەکەی (من)ە. لە سەرەتادا باسی ئەوەم کرد کە لەسەردەمی دیکارتدا هێشتا ئیمکانی ئەو فکرە هەبوو کە ڕەنگە کەسێك بە تەنیا بتوانێت کاری زانست بە ئەنجام بگەیەنێ. بەڵام ئەگەر تەنانەت ئەو واقیعە مێژووییەش بخەینە لاوە، خودی ئەو هەنگاوە گەورەیەی دیکارت لە قاڵبی ژیاننامەیەکدا کە خۆی نووسیوویەتی هەڵیگرتووە، بەشێکی زۆر گرنگە لەوە.

بەڕێکەوت نییە کە هەردوو بەرهەمە گەورەکەی دیکارت (وتارێك لە بارەی میتۆدەوە — و وردبوونەوەکان) بەشێوازی کەسی یەکەمی تاك نووسراون و کارێکن لە لێکۆڵینەوەی فەلسەفی خودیدا. کاریگەریی سەرەکی دیکارت لەمەدا جەخت بووە لەسەر ئەپستمۆلۆجیا (مەعریفەزانی) بەشێوازی یەکەم کەسی تاك.

**ماگی: لە دوای دیکارت تا پێش ئەم سەدەیە (مەبەستی سەدەی بیستە)، کەمتر یەکێ لە فەیلەسوفەکان لەو بارەیەوە جیاوازیی دەکرد کە پرسیاری میحوەریی لە فەلسەفەدا ئەوەیە "دەتوانم چیی بزانم؟"**

ویلیامز: هەڵبەتە ئەو مەسەلەیەش هەیە کە لەم بارەیەوە دەبێ چ مامەڵەیەك لەگەڵ فەلسەفەی هێگڵدا بکەین. دەکرێ سەبارەت بە هێگڵ مامەڵەی جیاواز بکرێ. یەکێکیان ئەوەیە کە هێگڵ هەوڵیدەدا بگەڕێتەوە بۆ هەندێ مامەڵەی ئەرستۆیی کە ئەو پرسیارەی جێگەی باسەکەمانە کەمتر بایەخی هەیە. بەڵام بێگومان ئەوەی بایەخی هەیە ئەوەیە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو لەم سەدەیەدا (مەبەستی





سەدەی بیستە)، خەڵك لەو جەختەی هێگڵ دوورکەوتنەوە کە لە ئەپستمۆلۆجیای دەکردەوە و زیاتر جەختیان لەسەر لۆجیك و زمان کردەوەو لەوە بەدواوە هەوڵیاندا لە جیاتی باسی مەعریفە، فەلسەفەی (شیکاریی) زمان بکەنە میحوەری فەلسەفە.

**ماگی: بەو گریمانەی فەلسەفەی دیکارت چەند خەوشێکی هەبووە کە باسمان کرد — و هەندێ خەوشی دیکە کە باسمان نەکرد — دیسان بەو گریمانەی فەیلەسوفەکان بەهەرحاڵ لە مەسەلەی مەعریفە دوورکەوتوونەتەوە، بۆچی خوێندنەوەی دیکارت هێشتا ئەوەندە پڕ بایەخە؟ ڕێمبدە بابەتەکە بەشێوەیەکی شەخسی بەیانبکەم. تۆ بیست ساڵ ناوبەناو بۆ نووسینی کتێبێ دەربارەی دیکارت زەحمەتت کێشاوە. بۆ پێتوابوو کە ئەم کارە بەهای سەرمایەگوزارییەکی گەورەی وای هەیە لە تەمەنتدا؟**

ویلیامز: پێموایە لەبەر دوو هۆ. لە ڕاستیدا کارمان بە پێویستیی تێگەیشتنی مێژوویی ئەو دەورە نییە کە دیکارت لە گەیاندنی ئێمەدا بە بارودۆخی ئێستا دیویەتی. هەر ئەوەندەی کە کەمێ بە وردەکارییەوە بزانین چیی وتووە، بەڕای من لە ڕوانگەی تێگەیشتنی ئەوەوە کە ئێمە کێین و لە کوێوە هاتووین زۆر گرنگە. ئەگەر کەسێك حەزی لە فەلسەفە بێت، ئەمڕۆش دەیەوێت کارەکانی دیکارت بخوێنێتەوە "هەڵبەتە مەبەستم لە (کارەکانی) زیاتر (وردەکارییەکان)ە". پێموایە هۆی ئەم مەسەلەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەم بەرهەمەدا ڕێگایەك گیراوەتەبەر — واتە پرسیاری لەم بابەتە (چی دەزانم؟) و (دەتوانم گومان لە چ شتێ بکەم؟) و لەم بابەتە بەشێوەیەك خراونەتە ڕوو کە ناتوانی لێیان

دابڕێیت. بەڕێگای ڕێکەوت نەبووە کە جەخت کردنەوە لەم بابەتە بایەخێکی وا گەورەی هەبووە لە فەلسەفەدا. مەسەلەکە ئەوە نییە کە دیکارت لەبەرئەوەی قەڵەمێکی وا جادویی و داڕشتنێکی ڕەوانی هەبووە، توانیوویەتی زەینی ئەوروپا لە ڕێگەی دوورەوە بەو جۆرە سەرسام بکات. هۆیەکەی ئەوە نییە. هۆیەکەی ئەوەیە کە ئەو شتەی ئەو کەشفی کرد خۆی لە خۆیدا ئەندێشە وروژێن بوو: یەعنی نەك ئەوەی من بۆ خۆم بڵێم هەموو ئەو بیروبۆچوونانەم هەیە، بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە کە چۆن بتوانم بچمە ئەودیو ئەو بیروبۆچوونانەوە و بزانم ئایا بەڕاستی بیروبۆچوونەکانم ڕاستن یان نا؟ چۆن دەتوانم لە بیروبۆچوونەکانم دوور بکەومەوە و بزانم کامیان لایەنی پێشداوەرییان تێدایە. چەندە ئیمکانی گومانکاریی هەیە. ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە بەڕاستی ئەندێشە وروژێنن و مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێ لەناو ئەم تۆڕە زۆر سروشتیەی بیرکردنەوەی قووڵەوە ڕێگایەك بۆ دەرەوە بکاتەوە، پێویستی بە خەیاڵی فەلسەفی بەهێز و کاری زۆرە هەروەکو خودی دیکارت وتوویەتی، دوای ئەوەی ئەم ڕێگایەت بڕی ئیتر لە کۆتاییدا نایەیتەوە سەر جێگای یەکەمجار. مەسەلەکە ئەوە نییە کە لەو نەخۆشیە فەلسەفیە قوتار بیت کە بەدەستی خۆت تووشی بوویت.

پرسیارێکی دیکە کە دیکارت بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو تەرحی دەکات ئەمەیە "من کێم؟" ئێمە دەتوانین بەغەیری ئەوەی کە هەین وێنای خۆمان بکەین. ئەو توانایەمان هەیە کە لە دنیای خەیاڵدا خۆمان لە شێوە و حاڵی ئێستا بەرینە دەرەوە. دەتوانین خەیاڵ بکەینەوە کە لە چاوی بەدەنێکی دیکەوە تەماشای جیهان دەکەین. دەتوانین لە دنیای





خەیاڵدا ئەوە بهێنینە بەرچاوی خۆمان کە تەماشای ئاوێنە دەکەین و روخسارێکی دیکە دەبینین و لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە بەبینینی ئەو روخسارە سەراسیمە نابین. ئەم مەسەلەیە ئەو وێناکردنە بەهێزە لای من دروست دەکات کە لە بەدەن و رابردووم جیام. بنەمای فیکری دیکارت کە من بەشێوەیەك لە شێوەکان لە هەموو مەسەلە مادییەکان جیام (سەربەخۆم)، هەمان ئەزموونە. ئەگەر لەناوەوە وەکو تیۆرێك تەماشای دوالیزمی دیکارت بکەین، باوەڕپێکردنی لەبەر ئەو هۆیانە بە جوانی وتمان، زۆر دژوارە. بەڵام لە هەمان کاتدا دەبینیت کە ئەگەر لە ریگەی زنجیرەیەك قووڵبوونەوەوە پێیبگەیت. بەربەرەکانیی لەبەردەمیدا زۆر سەختە. ئەو زنجیرە قووڵبوونەوەیەی کە دیکارت بەو روونی و توانا بێهاوتایەیەوە دەیخاتە بەردەمت و بەرەو ڕێگایەك وەکو دیمان —بەڕای من هەڵە— ڕێنماییت دەکات، هەم زۆر کاریگەر و بەرچاوە و هەم دەچێتە قووڵایی وجودتەوە. هەروەکو وتمان، تەنانەت ئەگەر هەوڵبدەیت قووڵبوونەوەو فیکری دیکارت ڕەتبکەیتەوە، دیسان ناتوانی بەبێ گۆڕان لەم زۆر کارییە وەکو یەکەمجار بێیتە دەرەوە. یەکەم ئەرکی فەلسەفی تۆ ئەوەیە کە هەوڵبدەیت دەربارەی ئەوەی دەشێ چیی بیت؟ تێگەیشتنێ لە بارەی خۆت و خەیاڵت و وێناکردنەکانتەوە حاسڵ بکەیت و لەم ڕێگەیەوە لە کۆتی ئەم مۆدیلەی دوانەی (رۆح و بەدەن) رزگار بیت.



ئەنتۆنی کوینتۆن

# سپینۆزاو لایپنیتس
# گفتوگۆ لەگەڵ ئەنتۆنی
# کوینتۆندا

## پێشەکی:

ماگی: لەماوەیەکی زۆر بەر لە ئێستاوە ئەوە باو بووە کەلەسەدەی حەڤدە و هەژدەدا فەلسەفەی خۆرئاوا بۆ دوو قوتابخانەی دژ بەیەك دابەش بکەن – واتە قوتابخانەی ئەزموونگەرایی لە بەریتانیا و قوتابخانەی عەقڵگەرایی لەوشکانی ئەوروپا – و لۆك و بارکلی و هیوّم بەگەورەترین ئەزموونگەراو دیکارت و سپینۆزا و لایبنیتس بەگەورەترین عەقڵگەرا بناسێنن. گرنگترین مەسەلە لەو مەسەلانەی کە ناکۆك بوون لەسەری ئەوە بوو کە (ئەگەر بمانەوێ مەسەلەکە بەسادەترین و ئاسانترین شێوە دەرببڕین) عەقڵگەراکان باوەڕیان وابوو کەمرۆڤ تەنها بەبەکارهێنانی زەینی – واتە بەبیرکردنەوە یان عەقڵی پەتی – دەتوانێ زانیاری گرنگ دەربارەی بوون بەدەست بێنێ. ئەزموونگەراکان نکۆڵیان لەم بابەتە دەکرد و سووربوون لەسەرئەوەی کە ئەزموون هەمیشە یەکێکە لەڕەگەزە پێویستەکان و هەر زانینێکی ئێمە سەبارەت بەوەی بەڕاستی هەیە، وەکو پێویست دەبێ دواجار بەشێوەیەك لە ئەزموونەوە سەرچاوە بگرێت. جگە لەمەش، هەروەها لەدەمێکەوە بیروڕا وابووە کە ئەم دوو قوتابخانە دژ بەیەکە دواجار لەکۆتایی سەدەی هەژدەدا بەرەولای یەکتری چوون و لە فەلسەفەی ئیمانۆیل کانتدا چوونە پاڵ یەك.

لەم باسەدا دەمانەوێ لەسپینۆزا (Baruch "Benedict" Spinoza) و لاییبنیتس (Gottfried Wilhelm von Leibniz) برۆێین کە لەدوای دیکارت، گەورەترین فەیلەسوفی عەقڵگەرابوون. سپینۆزا لەڕووی کاتەوە دەکەوێتە پێش لایبنیتس–ەوە





لەساڵی ١٦٣٢ لە ئەمستەردام هاتۆتە دنیاوە. خێزانەکەی جولەکەی خەڵکی پرتوگال بوون کە لەدوای سەردەمی پشکنینی بیروباوەڕ لە ئیسپانیا، بەدوای ئازادی ئایینیدا هاتبوونە هۆڵەندا. سپینۆزا لەگەڵ ئەوەشدا لەناو کۆمەڵگایەکی داخراوی جولەکەدا گەورە ببوو و خوێندبووی، لەبەرامبەر ترادیسیۆن پەرستیی ئایینیدا یاخیبوو و لەبیست و چوار ساڵیدا مەرجەعەکانی جولەکە تەکفیریان کرد. بەڵام خۆشبەختانە لەبەرئەوەی هەم بەپێی خووڕەوشت و هەم بەحوکمی هەلومەرج، حەزی لەتەنیایی بوو، بۆئەوەی بپەرێژێتە سەرکارەکەی گۆشەگیریی هەڵبژاردو تەنانەت پێشنیازی زانکۆی هایدلبورگیشی بۆمامۆستایی لەوێ ڕەتکردەوە و بەتاشین و چاکردنی عەدەسەوە بۆ چاویلکە و میکرۆسکۆب و تەلەسکۆب ڕۆژگاری بەسەردەبرد. باوەڕوایە کەئەم پیشەیە و هەڵمژینی ڕۆژانەی وردە شووشە سەرەنجام نەخۆشی سیی سپینۆزای قورس کردو بووە هۆی مردنی لەتەمەنی چل و چوار ساڵیدا. بەپێی پەسەندکردنی هەمووان شاکاری سپینۆزا کتێبێکە بەناوی ئاکار –Ethics– کەلەڕاستیدا باسی سەراپای فەلسەفە دەکات و لەساڵی ١٦٧٧دا – واتە لەساڵی مردنی نووسەردا و سەرەنجام دوای مردنی بڵاوبۆوە. کتێبەکە ئەو تایبەتەتمەندییەی هەیە کەڕاستەوخۆ بەشێوازی ئەندازەی (ئەقلیدس) نووسراوە و مایەی سەرنجە، واتە لەچەند پرەنسیپێکی باوو چەمکی سەرەتاییەوە دەست پێدەکات و لەرێگەی لۆجیکی قیاسییەوە، زنجیرەیەکی درێژ لەکۆمەڵێ مەسەلەی یەك لەدوای یەك دەسەلمێنێ کەهەموویان ژمارەیان لێدراوە و بەیەکەوە بەگشتی نەخشەیەك بۆ سەراپای بوون دروست دەکێشن. زۆر کەس ئەم

کتێبە بەباڵاترین نموونەی سیستمێکی فەلسەفەی پشت بەخۆ بەستوو وتێروتەسەل دەزانن کەئامانجی بەیانکردنی هەمووشتێکە.

ساڵێك بەرلەمردنی سپێنۆزا، کۆمەڵێ دیدار لەنێوان ئەو و لایبنیتسدا ڕوویدا واتە لەنێوان ئەو دوو فەیلەسوفەدا کە ئێمە دەمانەوێ لەم باسەدا لێیان بدوێین، کەیەکێکە لەحاڵەتە دەگمەنەکانی دیدار و گفتوگۆی ڕووبەڕوو لەنێوان دوو فەیلەسوفی گەورەدا. لایبنیتس ڕێك کارەکتەرێکی پێچەوانەی سپینۆزای هەبوو: کەسێکی دەربار و دیپلۆمات بوو کەهەمیشە لەسەفەردا بوو و لە زۆر وڵاتدا شانازیی بەدەست هێنا. جگە لەوەش، یەکێك بوو لەکەسە مەزنەکان لە ڕوناکبیریی ئێمەدا (مەبەستی لەڕووناکبیریی ئینگلیزە– و ، کوردی) کەبەسەر زانیارییە جیاوازەکاندا زاڵبوو. چەمکی جووڵە وزە یان ( سینیتیك –Kinetic energy) ئەو داینا. بەبێ ئەوەی ئاگای لێبێت کە نیوتن – یش دەستی داوەتە کارێکی وا، حسابی جیاکارییو تەواوکاریی یان (ئینتگرال و دیفرانسیل –Calculus) ی داهێنا و نووسینەکەی لەم بوارەدا پێش نووسینەکەی نیوتن بڵاوبوۆوە. لەڕاستیدا ئێمە هێشتا هەتا ئەمڕۆ نیشانە داهێنراوەکانی ئەو بەکاردەهێنین نەك نیشانەکانی نیوتن. سەرەڕای هەموو ئەمانەش، لایبنیتس یەکێك بوو لەفەیلەسوفە مەزنەکان.

لایبنیتس لەساڵی ١٦٤٦ لەلایبزیك هاتۆتە دنیاوە و لەساڵی ١٧١٦ لەهانۆڤەر کۆچی دوایی کردووە. لەکاتی خوێندندا ئەوەندە زیرەك و بەتوانا بوو کە لەبیست و یەك ساڵیدا داوای لێکرا ببێ بە مامۆستای زانکۆ. بەڵام ئەویش وەکو سپینۆزا داواکەی ڕەتکردەوە، بەڵام





بەپێچەوانەی بیانووی سپینۆزاوە، واتە لەبەرئەوەی دەیویست ببێ بەپیاوی ڕۆژگار. زیاتر تەمەنی لەدەرباری هانۆڤەر لەخزمەتی خانەدانەکانی ئەوێدا بەسەر بردو یەکێك لەم خانەدانانە بەناوی جۆرج– ی یەکەم، پاشان بوو بە پاشای بەریتانیا. لایبنیتس هەرکارێك کە لەهەرکەسێ کەلەو پلەیەدا بێ بوەشێتەوە، دەیکرد بەمپێیە، وەك دەڵێن بەرهەمە فەلسەفیەکانی لەکاتی دەست بەتاڵیدا دەنووسی. نووسینەکانی زۆر زۆرن، هەرچەندە زیاتر بەشێوەی وتاری کورت ڕیزبەندی کراون. تەقریبەن هیچ کام لەبەرهەمەکانی لەکاتی ژیانی خۆیدا بڵاونەبۆوە. وێرای ئەمە، نامەی بۆ کەسانی جیاجیا لەوڵاتە جیاجیاکان دەنارد. هەم قەبارەی ئەم نامانە مایەی سەرنجە و هەم لەڕووی فەلسەفیەوە بایەخدارن. لە بەرهەمە دیارەکانی مۆنادۆلۆجی (Monadology) و گوتارێك لەبارەی میتافیزیك–ەوە – The Discourse on Metaphysics– لەگەڵ کتێبێك بەناوی (چەند باسێکی نوێ دەربارەی تێگەشیتنی مرۆڤ ( New Essays Concerning Human Understanding) کەتیایدا خاڵ بەخاڵ لەگەڵ جۆن لۆکدا دیالۆگی کردووە کەتەقریبەن هاوچەرخی بووە.

بۆ قسە و باس دەربارەی سپێنۆزا و لایبنیتس، بانگهێشتی ئەنتۆنی کوینتۆن–م (Anthony Quinton) کردووە کەسەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەرێتی کتێبخانەی بەریتانیایەو هەم وەکو فەیلەسوف بەناوبانگە و هەم وەکو نووسەری مێژووی فەلسەفە.

## کرۆکی باسەکە

**ماگی: بێگومان دەمانەوێ بەشێوەیەکی جیا قسە لەسەر ئەم دووفەیلەسوفە بکەین. بەڵام پێش ئەوە، ئایا شتێك هەیە کە دەربارەی هەردووکیان بمانەوێ بیڵێین و باسکردنی سوودمەند بێ؟**

کوینتۆن: بەڵێ، پێموایە هەیە، هەمان ئەوشتەی کەخۆت لە سەرەتادا وتت: جۆرێك لەڕیزبەندی خاوێن و ئاسان و دیار، دوو گروپی جیاوازمان لەبیریاران دەدەنێ، هەر گروپەی لەسێ کەس پێکدێ، سێ ئینگلیزی ئەزمونگەرا، لۆك و بارکلی و هیوّم، و سێ ئەوروپایی عەقڵگەرا، دیکارت و سپینۆزا و لایبنیتس. هەم قەدەری هاوبەشی سێ بیریاری عەقڵگەرا، شێواز و ئامانجییان بوو، هەم قەدەری هاوبەشی سێ بیریاری ئەزمونگەرا. هەلومەرج و فەرمانی کارکردن دیکارت بۆ گروپەکەی خۆی دیاری کرد. ئەو مامەڵەیەی کەدیکارت بەخستنەگەڕی عەقڵی پەتی سەبارەت بەدنیا بەدەستی هێنا، تاڕادەیەك سەرڕاست بوو. دیکارت (خود)ی مرۆڤی بەگشت گەورەیی و شکۆمەندیی و جیاوازی و سەربەخۆییەکەیەوە بەشێوەیەك پاراست کەقابیلی زانین بێت و وەکو خودای خۆی لەوێنەی کەس نەبوو، بەدەربڕینێك کەبەهەرحاڵ لای هاوچەرخانی زانراو بوو، باوەڕی بەبوونی خودا هەبوو ئیدیعای ئەوەی دەکرد کەدەتوانێ بوونی خودا بسەلمێنێ. وێڕای ئەوەی دنیای مادیشی بەشێوەیەك هێشتەوە کەقابیلی زانین بێت -ئەگەر چی هەندێ سیفەتی زیندوو و ڕەنگاوڕەنگ و بۆن خۆشی ئەم دنیایەشی زەوتکرد- . لەمامەڵەیەك لەگەڵ دنیادا کەتۆ لەڕێی میتۆدی عەقڵیەوە پێیدەگەیت، چەشنی کەسێك کەبیەوێ ئامێرێکی تەواوی هەندەسە بهێنێتە ئاراوە،





لەچەند مەسەلەیەکی بەڕووکەش ئاشکراوە دەست پێدەکەیت و پاشان لەسەر بنەمای ئەم پێشەکییە ئاشکرایانەو بەشێوەی پێودانی لۆجیکی، چەند ئەنجامێك بەدەست دێنیت. سپینۆزاو لایبنیتس بەم میتۆدە چەند ئەنجامێکیان بەدەست هێنا کە لە زۆر لایەنەوە و زیاتر دژی تێگەیشتنی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی بوو سەبارەت بە جیهان. دیکارت بەبەراورد لەگەڵ ئەم دوانەدا، تەنها سەرقاڵی پاراستنی ڕووکەش بوو، سپینۆزا و لایبنیتس دەیانوت حەقیقەتی وەزعی دنیا زۆر لەوە جیایە کەدێتە بەرچاوی کەسانی ئاسایی.

**ماگی: بەدەربڕینێکی دیکە، هەردووکیان دەیانوت جیهان خاوەنی ڕاستییەکی بنەڕەتییە کەبەبینین و ئەزموونی ئاسایی قابیلی تێگەیشتن نییە و تەنها بە میتۆدی فەلسەفی ئاشکرا دەبێت.**

کوینتۆن: ڕاستە. دنیای هەردوو فەیلەسوفەکە دنیایەکی زۆر سەر سوڕهێنەرە، بەڵام هەریەکەیان بەتەواوی جیاوازە لەوی تریان. هەردوکیان ئیدیعای ئەوە دەکەن کەبەپەیڕەوی کردنی قاعیدە گشتیەکانی دیکارت، یەك میتۆد بەکاردەهێنن. دنیای سپینۆزا تاك و تاکپەرستییە"وحدانیە" چونکە دەڵێت تەنها بوونەوەری ڕاستەقینە، هەموو جیهانە کە هەم خاوەنی ڕەهەند یان درێژکراوەیە — واتە لەوشوێنەدا فراوانتر بووە- و هەم لەهەمان کاتدا ڕۆحیە، واتە کۆمەڵێ بۆچوون یان مانای پێکەوە گرێدراوە. بەڵام بەڕای لایبنیتس، دنیای ڕاستەقینە لەناکۆتا شتی تەواو ڕۆحانی پێکهاتووە. هەموو شتێکی مادی — تەنانەت خودی شوێن، واتە شوێنی مادە- ڕێك دیاردە (Phenomenon)یان دەرکەوتە واتە یەکێکە لەبەرهەمە لاوەکیەکانی —

جیهانی ڕاستەقینە. کەبۆخۆی لەژمارەیەکی بێسنووری ناوەندی ڕۆحانی پێکهاتووە.

ماگی: جیهان بۆخۆی جێگایەکی زۆر سەر سوڕهێنەرە، بەمپێیە حەقیقەتەکەشی بەناچاریی دەبیٚ سەرسوڕهێنەر بێت. بیرتراند روسێڵ B. Russell لەکتێبی کێشەکانی فەلسەفەدا ( The problems of Philosophy) دەنووسێت: ((ڕاستی مەسەلەکە سەبارەت بەشتەمادییەکان دەبێت سەیر بێت، ڕەنگە قابیلی بەدەست هێنان نەبێت، بەڵام ئەگەر فەیلەسوفێ باوەڕی وابێت کە بەدەستی هێناوە، سەیر بوونی ئەوشتەی کەئەو وەکو ڕاستی دەیخاتە ڕوو، نابێت بەبەڵگەیەك حساب بکرێت بۆ بەرپەچدانەوەی بیرو باوەڕەکانی)). من زۆر باوەڕەم بەم وتەیە هەیە.

باشە، بواربدە بەجیا دەست بەقسە و باس بکەین سەبارەت بەسپینۆزاو لایبنتس با یەکەم جاریش لەسپێنۆزا بدوێین. فەلسەفەی سپینۆزا، هەروەکو خۆت کەمو زۆر لەناو قسەکانتدا باستکرد، نیزام یان یەك دەزگای زۆر ئاسانو دوور و درێژە بریتییە لەومانا یان وێناکردنانەی کەدەوترێ لەگەڵ حەقیقەتی جیهاندا بەرامبەرن. سەرەنجام کاتیٚ کەسیٚ بیەویٚ هەر نیزامیٚ یان هەر دەزگایەك شەرح بکات. بەتەواوی ئاشکرا نییە کەدەبیٚ لەکوێوە دەست پێبکات چونکە هەرشتیٚ تیایدا لەسەر شتێکی تر وەستاوە. تۆ لەکوێوە دەست پێدەکەیت؟

کوینتۆن: پێموایە بەرلەوەی کەسێك بچێتە ناو وردەکاری ماهیەتی سیستمی فەلسەفی سپینۆزاوە، باشترە شتێك دەربارەی میتۆدەکەی





بلێت. بۆخۆی دەڵێت بابەتەکانی کتێبەکەی (ئاکار) ((بەپێی شێوازی ئەندازە، بەبەڵگە سەلمێنراون)) خۆشت لەسەرەتادا ئەوەت باسکرد کەسپینۆزا بابەتەکانی بەیارمەتی کۆمەڵیٚ ئامراز کە لەئەندازەی کۆن بەمیرات ماوەتەوە، بەیاندەکات: واتە پرەنسیپە باوەکان و پرەنسیپە بابەتیەکان و پێناسە و مەسەلەکان، لەکۆتایی هەر پەرەگرافێکیشدا بەڵگەهێنانەوە، نیشانەی (QED) = فهو المطلوب ڕێك وەکو بەڵگەوایە لەئەندازەدا. بەڵام سەیرە کەفەیلەسوفەکان بە شێوەیەکی گشتی بایەخیان بەبەڵگەکانی سپینۆزا نەدا. کەس کارەکەی ئەو وەکو کانگای ئەنجامگیریی سەرنجڕاکێش لێکنەداتەوە، لەکاتێکدا کە سەبارەت بەلایبنیتس وێناکردنێکی لەو جۆرە هەیە، بەمپێیە، ڕەنگە میتۆدی سپینۆزا – واتە ئەو شێوازەی کەبەشێوەیەکی ئاشکرا و سەرەکی ئەندازەییە – لەگەڵ ئەوەشدا کەلەڕووی شێوازەوە ئاشکراترین تایبەتمەندی کاری ئەوە، بەڕاستی لایەنی گرنگی ئەو کارە نەبێت. ئەوەی بایەخی هەیە بینینێکی عارفانەیە کەتیایدا جیهان بوونێکی ڕەها پەیدا دەکات و هەر جۆرە پەرت کردنێکی جیهان – ئایا بۆ بەشی وەکو ڕۆح یان شتی مادی یان بۆ بەشی، وەکو کاروباری ڕۆحی و مادی بە بەها شکاندن و بیٚ ئەندام کردنی تەواو دەبێت و بنەماکانی لەسەر بەدحاڵیبوون وەستاون.

ماگی: تێگەیشتن لەم وێناکردنە بۆ زۆر کەس زۆر ئاڵۆزە کەسەراپای بوون (وجود) هەمووی یەك شتەو هەموو شت و کاروبارەکان، لەوانیش مرۆڤ، تەنها لایەن یان ڕوخسار یان حاڵەتە جیاوازەکانی ئەوەیە. دەکریٚ کەمیٚ زیاتر ئەم بابەتەمان بۆ ڕوون بکەیتەوە؟

کوینتۆن: پێموایە لێرەشدا دیسان دەبێت ساتێك بگەڕێینەوە بۆ لای دیکارت، بەڵام بەڵێن دەدەم کەچیتر وانەکەم. پێناسەی دیکارت بۆلای گەوهەر (ناوەڕۆك) نفوز و ڕەواجێکی زۆری پەیداکرد. وێناکردنی گەوهەر لەفەلسەفەدا بەمانای وێناکردنی شتێکە کەبەڕاستی بوونی هەیە: واتە بەشە پێکهێنەرە ڕاستەقینەکانی جیهان، بەجیاکردنەوەیان لەمەسەلە لاوەکیەکان یان لەبەشەکان کە ڕێك دەبێ بەسیبێریان شوێن پێی بوونی ڕاستەقینە حساب بکرێن. دیکارت گەوهەری بەوشتە پێناسەکرد کە (بۆئەوەی هەبێ جگە لەخۆی پێویستی بەهیچ شتێکی دیکە نییە) ئەگەر بەمانای ڕاستەقینە ئەم پێناسەیە وەربگرین، وەك پێویست دێتە بەرچاو کەتەنها گەوهەری ڕاستەقینە خودایە — هەڵبەتە بەوگریمانەی شتێك هەیە بەناوی خودا (دیکارت باوەڕی وابوو دەتوانێ ئەوە بسەلمێنێ کەوەکو پێویست دەبێ هەبێ) — چونکە جگەلەخودا، هەموو شتەکانی بەردەست، وەکو ڕۆحی مرۆڤ و شتە مادیەکان (لەوانیش، بەدەنی مرۆڤ)، لەپلەی بووندا پێویستیان بەخودا هەیە کەدروستکەریانە. بەمپێیە، هیچ شتێ جگە لەخودا ناتوانێ بەتەواوی ئیدیعای ناونیشانی گەوهەر بکات، دیکارت باوەڕی وابوو کەخودا تاکە گەوهەری ڕەهایە، بەڵام بەپێچەوانەوە سپینۆزا، ئەم مەسەلەیەی وت و بەسەریا تێپەڕی و جەختی لێنەکردەوە. بەو ئەگەرە قایل بوو کەڕۆح و بەدەن بەلای کەمەوە دەتوانن بەشێوەیەکی نیسبی گەوهەر بن و بەچاوپۆشی لەپشت بەستن بەخودا، سەقامگیربن و بۆخۆیان بڕیار بەدەست بن و لەم لایەنەوە لەگەڵ ئەندێشە و هەست و باقی شوێنەوارەکانی ڕۆح یان شێوە و قەبارەی بەدەن جیاواز بن کە بەهیچ





مانایەك گەوهەرێتیان نییە. بەڵام سپینۆزا ئەوخاڵەی زۆر بەجدی وەرگرت کەدیکارت وتبووی سەبارەت بەوەی خودا تاکە گەوهەری ڕاستەقینەیە و سوور بوو لەسەرئەوەی کەتەنها گەوهەرێکی ڕاستەقینە هەیە و تەنیا یەك شتە کە — ئەگەر بمانەوێ دەربرینەکەی ئەو بەشێوەیەکی تەقریبی تەرجومەکە بکەین — سەبەب خۆیەتی و ماهیەتیش سەبەبی بوونێتی و سروشتی زاتی ئەوەیەکە بوونی هەبێ. ئەو ئەنجامەی کەسپینۆزا بەپێچەوانەی دیکارتەوە بەدەستی هێنا ئەوەبوو کەتاکە شتێ کەئەم حوکمە لەبارەیەوە ڕاست دێتەوە، بوونە بەگشتی، واتە بەرەهایی هەموو شتێ، نەك خودایەکی خوڵقێنەر کەلەجیهانی دەسکردی خۆی جیاواز و جودا بێت. تاکە ڕەگەزی تەرحی مەزنی سپینۆزا کە بەشێوەیەکی شاراوە لەگەڵ هەستی ئاساییدا دێتەوە ئەو ئیدیعایەیەتی کەئەم گەوهەرە یەکتایە، ئەم گشتە ڕەهایەی هەموو شتێ لەخۆدەگرێ، لەڕاستیدا، سروشتە، واتە دنیای مادی کات و شوێنە کە لەهەمان کاتدا (ئەم بەشەی کەمتر لەگەڵ هەستی ئاساییدا دێتەوە) خودایە.

ماگی: ئەمە یەکێکە لەو بەڵگانەی سپینۆزا بۆ سەلماندنی یەکێتی زات و خودایی خودی هەموو شتێکی وەرگیراو لەمەفهومی زاتی ناکۆتای خودا بەکاری هێناوە. ئەگەر خودا ناکۆتا بێت، هیچ شتێك نییە کەخودا ئەو نەبێت. یان بۆئەوەی باشتر مەبەستەکەم دەربڕیبێ، ئەگەر جیهان لەخودا جیابێت، خواد دەبێتە خاوەن سنوور و سنووری دەبێت و لەو حاڵەتەدا دەبێت بوترێت کۆتایە نەك ناکۆتا. ئەگەر خودا ناکۆتابێت، سنووری ڕاستەقینەی یەکسانە بەهەموو شتێك.

کوینتـۆن: بـەڕای مـن، ئەمـە قەناعـەت پێهێنـەرترین شـێوەی بەڵگـە هێنانەوەیـە بۆداکـۆکی کـردن لـەتیۆری سـپینۆزا کـە بـەر لـەویش لەفەلسەفەدا پێـشینەی هـەبووە، سپینۆزا پـەنا بـۆ زۆر بەڵگـەی تـریش دەبات بۆ سەلماندنی ئەوشتەی ئیدیعای دەکات، بـەڵام بەرهـەمی هـەموو بەڵگە هێنانەوەکان ئەوەیە کەتەنیا یەك شت وجودی هەیـە کەهۆیەکـەی لەخۆیدایـە. هـۆی هەرشـتێکی دیکـە لـەدەرەوەی خـودی ئـەوە، ئـەوەش شتێکە، هـەروەکو وتم، سپینۆزا گشت بەسروشـت دەزانێـت و لـەوەش سەر سوڕهێنەرتر ئەوەیە کەدەڵێت ئەوەش هەمان خودایە.

ماگی: ئایا پێت وانییـە ماوەیـەکی زۆر لـەنێوان ئـەم دوو بۆچوونەدا هەبێت؟ ئەوەی کەسێك هەموو بوون بە یەك زات بزانێ و بزانێ یەك شتە و یـەکێکی تـر ئـەو زاتـە بـەخودا دەسـت نیشان بکـات، شـتێکی تـەواو جیاواز، بـەڕای تـۆ سـپینۆزا ئـەم هـەنگاوەی دوایـی بۆبـەجێ هێشتنی ئەوسنوورە هەڵگرت؟

کوینتـۆن: پێموایـە، بـەڕای سـپینۆزا، لەبەرکـەماڵی خـودایی نـاتوانین وەکـو بەرهـەمێکی لاوەکـی کـارتێ کـراوو بێکاردانـەوەی کـاری خـودا لەسروشـت تێبگـەین. سروشـت، کـۆی هەرشـتێکە کەهەیـە و هۆیەکـەی لەخۆیدایـە، بەمپێیـە، لـەم ڕووەوە بوونـەوەرێکی کامڵـە، واتـە لەڕاسـتیدا کـامڵترین بوونـەوەرێ کـە مومکینـە هـەبێ شـایانی نـاوی خودایـە. تـەنها خودایەك کەسپینۆزا ئامادەی قبوڵکردنی بوو، خودایەك بوو کـەخۆی لـە خۆیدا کۆی شتە سروشتیەکان بێت.

مـاگی: وتـت شـتێکی بەڕاسـتی گـرنگ کەلەسـپینۆزاوە دەسـتمان دەکـەوێ تێڕوانینێکـی عارفانەیـە دەربـارەی چـۆنێتی جیهـان، نـەك





زنجیرەیەك بەڵگە، بەڕای من، دەکرێ بەم شێوەیە ئەم تێڕوانینە لەقاڵبی وشـەدا باسـبکەین کـەبڵێین ئەگـەر کـۆی ئـەوەی کەهەیـە نـاوبنێین (سروشـت)، دەتـوانین لـەوە ئاگـادار بین کـە، بـەپێی زاراوەکـانی ئێمـە، نـاکرێ شـتێك هـەبێ لەسـەروو سروشـتەوە یـان قەڵـەمڕەوێك هـەبێ لەسـەروو سروشـتەوە و دەتـوانین بەدڵنیاییـەوە بـزانین کـەناکرێ خـودا لەدەرەوەی سروشت بێت.

کوینتـۆن: بـاوەڕی سـپینۆزا ئەوەیـە. بەپێچەوانەی ڕێوشـوێنە کۆنـە ئایینییەکانـەوە، نـاتوانرێ وەکـو دووشـتی جیـاواز وێنـای خـوداو سروشـت بکـرێ چونکە لـەو حاڵەتـەدا هەریەکـەیان ئـەوی تریـان لـەقاڵب دەدات. خـودا دەبێتـە بوونـەوەرێکی ناتـەواو (نـاقص) کەئـەم فیکـرەش خـۆی لەخۆیـدا ناکۆکـە و جیهـانی دروسـتکراویش ناتـەواو دەبـێ لەبەرئەوەی دروستکەری جیهان کەموکورت و ناتەواوە.

مـاگی: سـپینۆزا لەبـەر قـایلبوونی بـەم بۆچـوونە، سـەبارەت بەئاڵۆزترین کێشە کە لە دیکارتەوە بەمیرات ماوەتەوە – واتە مەسەلەی کاروکاردانـەوە لـەنێوان ڕۆح و مـادەدا– وەڵامێکـی دەمـودان شـکێنی پەیداکرد لەپێگەیەکدا وەستا کەبڵێت بە مانای پێویست مومکین نییە کـارو کاردانـەوەی هـەبێ لەبەرئـەوەی رۆح و مـادە لەڕاسـتیدا یـەك شتن کەلە دوولایـەنی جیاوازەوە دەبینـرێن. هەربۆیـە ئـەو نەزمانـەی کەئێمـە دەرکیـان پێدەکـەین دەبنـە هـۆی پووچـەڵ بوونـەوەی ئەوخەیاڵـەی کـە لەپەیوەندی نێوان عیلەت و مەعلوولدا هەیە.

کوینتـۆن: گومـان لـەوەدا نییـە کەپەیوەنـدی نێـوان رۆح و بـەدەن کێـشەیەکی تایبـەتی بـۆ دیکـارت دروسـت کـرد و ئـەویش وەڵامێکـی

دلێرانەی دایەوە، هەرچەندە وەڵامەکەی تەواو دڵخۆشکەر نەبوو. دیکارت ئەم دوو قەڵەمڕەوەی بوون–ی وەك جۆر بەجیاواز دەزانی بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەیزانی لەگەڵ یەکتریدا لەکار و کاردانەوەدان و دەیوت رۆح گەرچی بۆخۆی بەتەوای نافیزیکییە، دەتوانێت ڕێڕەوی رەوتە فیزیکیەکان لەمێشکدا لەڕێ لابدات. سپینۆزا، وەکو زۆر لەو کەسانەی دوای دیکارت هاتن، بەهیچ شێوەیەك ئەم بۆچوونەی قبوڵ نەبوو و بەشێوەیەکی تەواو تایبەت بەخۆی ئەوەی دیکارت دابەشی کردبوو، کردی بەیەکێك. نووسەرانی مێژووی فەلسەفە زۆربەیان لەو باوەڕەدان کەباشترین ڕێگە بۆ تێگەیشتن لەسپینۆزا، وێناکردنێتی وەکو کەسێك کەدەیویست هەمان کێشەی دیکارت، واتە پەیوەندەی نێوان ڕۆح و بەدەن چارەسەر بکات. بەڵام بەڕای من، وێناکردنێکی واسەبارەت بەئامانجی سپینۆزا کەمێك ناکامڵە. سپینۆزا بەدوای ئامانجێکی گەورەتردا ویڵە، واتە مامەڵەیەکی ڕاست و سەرتاپاگیر لەگەڵ مەسەلەکاندا. کاتێ ئەم گریمانە بنەڕەتییە دەخاتە ڕوو و متوربەی دەکات کەیەکگەوهەر، ناکۆتایە، دەڵێت ئەم گەوهەرە هەموو شتێك لەخۆی دەگرێ و هیچ شتێ لەدەرەوەی ئەم گەوهەرە نییە – ئەم وێنا کردنە کە ئەگەر یەکسان نەبێ بەوێناکردنێکی بێسنوور یان ناکۆتا، بەهەرحاڵ لەوەوەنزیکە– درێژەی دەداتێ کە خودا یان سروشت، واتە هەمان یەکگەوهەرەکەو کە سەراپای ئەوەی هەیە، سیفاتی (attributes) بێکۆتای هەیە. ئەم قسەیە سەرلێ تێکدەرە. سەرلێتێکدەرە چونکە ئاشکرا دەبێ کەتەنها دوو سیفەت لەم سیفەتانە بۆ ئێمە قابیلی تێگەیشتنە و باقیەکەی دەبێ تەنها وەکو نیازپاکیی





قبوڵ بکەین. دەبێ بەهەر شێوەیەك بێت ئەو وێناکردنە بێ فۆرمە هەرس بکەین کەئەوەی کەهەیە، ئەوەندە سیفەتی بێشوماری هەیە کەبۆ ئێمە قابیلی وێناکردن نییە، ئەو دوو سیفەتەی کەئێمە دەیزانین، یەکێکیان زانین (thought)یان ئاگاییە (consciousness)و ئەوی تریان ڕەهەند یان درێژبوونەوەیە (extension)، واتە داگیر کردنی شوێن. سپینۆزا ئەوەش دەڵێت کەلە پێکهاتەی سەرتاپاگیری ئەم تاکە گەوهەرەدا، هەندێ شێوەی خۆماڵی و کاتیی، وەکو لۆچی قوماش، دێتە ئاراوەو ناوی ئەم لۆچانە (حالاتێ– modes ) نیشان دەدات کەسروشتی ڕاستەقینەی ئەوشتەیە کە ئێمە بەشێوەیەکی باو وێنای دەکەین بۆخۆی جێگیر و سەقامگیرە، لەبابەتی ئەم مێزە یان کورسی یان ئێمە یان هاوڕێیانمان یان شاخی هێمالایا. هەریەك لەم شتانە، بەنیسبەت ئێمەوە لەژیانی ڕۆژانەدا، مەسەلەیەکە و خاوەن شوناسێکی دیارکراو و سنوور ڕۆشن و دیارە بەڵام، بەڕای سپینۆزا، یەکێکی ترە لەو شێوانەی کەپێکهاتەی سەراپای بوون لەخۆی دەگرێ لێرەو لەوێ.

ماگی : وەکو شەپۆلەکانی دەریا .

کوینتۆن: کتومت وایە، شەپۆلەکانی دەریا یان لۆچی قوماش. هەریەکە لەم حاڵەتانە، هەم لە خاوەنی هۆشیارین و هەم خاوەنی ڕەهەند یان درێژبوونەوەن. بەمپێیە، قۆناغ یان لۆچەکانی بوون هەموویان لەیەك کاتدا دوولایەنیان هەیە: یەکێکیان ڕۆحی و ئەوی تریان بەدەنی. ئەوەی لێرەدا شایانی باسە بەهیچ جۆرێ مەسەلەی دوو شتی تەواو جیا نییە کە بەڕێکەوت هاوشان بووبن یان شانبەشانی یەکتری بەرەو پێشەوە بچن. هەردووکیان یەك شتن کە لە دوولای

جیاوازەوە تێبینی دەکرێن. یەکێك لەئەنجامە تایبەتیەکانو شایانی باسی مەسەلەکە ئەوەیە کەبەڕای سپینۆزا، ڕۆح و بەدەن جیاناکرێنەوە یان لەجیابوونەوە نایەن، هەروەکو چۆن سپینۆزا رۆحی مرۆڤ بە وێناکردنی بەدەنی ئەو مرۆڤە وەسفدەکات، ئەم بۆچوونە جێگایەك بۆ نەمریی یان مانەوەی رۆح ناهێڵێتەوە. هەروەها مانەوەی رۆح بەپێی ئەم تیۆرە ئاسایی ڕەتدەکرێتەوە کە رۆح یەکێکە لەحاڵەتەکان و هەموو حاڵەتەکان لەناو دەچن و ڕاگوزەرن.

ماگی: ئێمە هەردووکمان لەم باسەدا بایەخێکی زۆر بەو ڕاستیە دەدەین کە یەکەم سپینۆزا لەدەربڕینی فەلسەفەکەیدا ئەندازەی ئەقلیدسی کردووە بەنموونە و دووەم باوەڕی وایە کەسیستمی ئەندێشەکانی ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی سیستمی جیهانە. ڕوخساری مەسەلەکە ئەوەیە کەلە سیستمێکی قیاسیدا جێگایەك نییە بۆ ناحەتمی (Indeterminism) یان (ئیختیار). دەکرێ بفەرمووی سپینۆزا سەبارەت بەم مەسەلەیە کەئایا مرۆڤ خاوەنی ئیختیارە یان نا، (مُخیر)ە یان (مُسیر) چ بیروڕایەکی هەیە؟


کوینتۆن: بەڕای سپینۆزا، چەمکی ئاسایی ئازادی یان ئیختیار کەشعوری گشتی بڕیاری لەسەردەدات — واتە ئەو بۆچوونەی کەتاکە کەس جاربەجارێ بتوانێ خۆبەخۆ کار بکات، بەبێ ئەوەی کارەکەی ئەنجامی هۆیەکی تر بێت بۆخۆی ببێ بەهۆ بۆ کاروبارەکان و بەخۆبەخۆیی رووت خاوەنی ئیختیار بێت — لەشتە مەحاڵەکانە، خەیاڵێکی پووچە کە بەهۆی بێئاگایی ئێمەوە لەهۆی کارەکانمان سەرهەڵدەدات. لەلایەکی ترەوە، سپینۆزا دەڵێت کەشتێك هەیە بەناوی دیلی یان بەندەیی مرۆڤەوە. بەڵام لەبەرئەوەی ئینسانەکان تا ئەبەد و





بەشێوەیەکی بێچەندوچون بەبەندەیی مەحکوم نین و دەتوانن لەوبارە ڕزگار بن، دەستیان بەهەندێك ئازادی ڕادەگات. بەندەیی بریتیە لەوەی کەمرۆڤ لەبەر هەندێ هۆی جیا ناچاری کارکردن بێت. هەندێ هۆ هەن کەڕەنگە لەژێر ناونیشانی گشتی سۆزە کارتێکراوەکان یان کارقبوڵکەرەکاندا (Passive emotions) ناویان بەرین، لەبابەتی کینەو تووڕەیی و ترس، هۆکاریشیان لەسەر ئێمە کاریگەریی نائومێدکەری هەندێ لەبەشەکانی دنیای دەرەوەیە. بەڵام، بەباوەڕی سپینۆزا، وێڕای ئەمانە ئێمە خاوەنی سۆزە چالاکەکانین (active emotions) کەلەئەنجامی تێگەیشتنی ئێمە لەهەلومەرجمان لەدنیادا، واتە لەئەنجامی پەیبردن بەڕاستی ڕووداوەکان، دێنە ئاراوە. هەرچەندە کارەکانی ئێمە زیاتر ئەنجامی سۆزە چالاکەکان بن و کەمتر هی سۆزە کارتێکراوەکان، کەمتر لەبەندەیی و دیلیداین و زیاتر خۆمانین. ئەمە تەنها جۆری ئازادی ئەو مرۆڤەیە کە سپینۆزا ئامادەی پەسەندکردنێتی.

ماگی: پێموانییە پێش سپینۆزا هیچ کام لەبیریارە ئەوروپاییەکان ئەم بیرەی هێنابێتە ئاراوە کەپەیبردنی تۆ بەوەی کە کانگا یان سەرچاوەی نادیاری کار و هەستت چییە، لەگەڵ ئەوەشدا کە بە مانای ڕاستەقینە، ئازادی یان ئیختیاری تۆ زیاد ناکات، بەمانایەکی گرنگی دیکە کاریگەریی ڕەهایی بەخشت لەسەر دادەنێ چونکە لەکۆتی ناکامی-و — و بەمپێیە، لەشەڕی ناشادمانی و ئەو تووڕەییەی کەلە ئەنجامی ناکامییەوە سەرهەڵدەدات — ڕزگارت دەکات و ناکامی بۆ خۆی مەعلوولی ئەوەیە کە دەبینیت دیلی چەند هێزێکی کە سەر لەکاریان دەرناکەی. پەیبردن بەسەرچاوەی شاراوەی هەست و کارەکان دەبێتە



**باروخ (بندیکت) سپینۆزا (١٦٣٢ ـ ١٦٧٧ ز)**

**هۆی قبوڵکردن و ڕازیبوون و ڕازیبوونیش بۆخۆی دەبێتە هۆی هەستکردن بەڕزگاربوون لەکۆت و بەند و ناڕەحەتییەکان و ئەمەش نەك تەنها بەختیاری و خۆشیت زیاد دەکات، بەڵکو بۆخۆشی ڕەمزی بەختیارییە. ئەم ئەندێشەیە بەشێوەی جۆراو جۆر چەندان جار لەسەردەمی سپینۆزا بەدواوە تەرحکراوەو لەوانەش، ئەندێشەی میحوەری بووە لەبیری فرۆید و دەروونشیکاریدا.**

**کوینتۆن: پێموایە ڕاست دەکەی. یان دەشێ تێروانینی سپینۆزا سەبارەت بەوەزعی مرۆڤ لەجیهاندا، وا لێکبدەینەوە کە لەسەر بایەخنەدان بەلەزەت و ئازار بنیات نراوە، واتە ئەوەی کە دنیای دەوروبەرمان بایەخێکی تایبەتی بەئێمە نادات، بەمپێیە، ئەوەمان لەسەرە کەبەجڵەوکردنی ئەوسۆزانەی کە لەئەنجامی کاریگەریی دنیاوە دێنە جۆش، هێزی جیهان کەمبکەینەوە بۆئەوەی ئازارمان پێنگەیەنی. هەڵبەتە ڕاستدەکەی کە قسەی سپینۆزا تەنها لەم قاڵبەدا نییە. سپینۆزا ناڵێت کە ئێمە دەتوانین بەهەوڵێکی گەورە و ترسناك ئەم سۆزە هەژێنەرە خەمهێنەرانە سەرکوت بکەین یان بەسەریاندا زاڵ بین. دەڵێت لەرێگەی عەقڵەوە بەتێگەشیتن لەجیهان دەتوانین کاریٚ بکەین کەئەو سۆزانە کەم کەم بسڕێنەوە و سۆزی چالاك جێگایان بگرێتەوە. باڵاترین جۆری ئەم سۆزانە، بەقسەی خۆی (( عەشقی عەقڵانییە بۆخودا) کەپێویستی بەتێگەیشتنی فەلسەفیەو بریتیە لە تێگەیشتنی هەمە لایەنەی سروشتی هەموو جیهان.**

**ماگی : بەدەربڕینێك، هەندێك سەیر دێتە بەرچاو کەخەڵکی ئاسایی پێیانوایە سپینۆزا بیریارێکی دینی یان نیمچە دینیە، لەکاتێکدا**





**کەبەڕاستی ئەو نە باوەڕی بەبوونی خودایەك هەبووە کەسیفەتی تایبەتی هەبێ و نەباوەڕی بەمانەوەی ڕۆح هەبووە نەبەئازادی ئیرادە یان ئیختیار. زیاتر وا وەسفی دەکەن کەباوەڕی بەیەکێتی بوون (Pantheist) هەبووە و تەنانەت باوەڕ وایە کەلەنێو فەیلەسوفەکاندا بەهەمان شێوە کەهیچ کەسیٚ وەکو شۆپنهاوەر رەشبین یان وەکو هیوم بەگومان یان وەك لۆك ئازادیخواز نەبووە، هیچ کەسێکیش لەباوەڕ بەیەکێتی بووندا بەتۆزی پێی سپینۆزا نەگەیشتووە. ئایا بەڕای تۆ، ئەم بۆچوونە لەبارەی ئەوەوە ڕاستە؟**

**کوینتۆن: بەڕای من، ئەو کەسانەی کەسپینۆزا بەوە دەزانن کەباوەڕی بەیەکێتی بوون هەبووە بێگومان زۆر ڕاست بیردەکەنەوەو ئەم بیرکردنەوەیە بەهیچ جۆریٚ بەمانای ئەوە نییە کەبەڕاستی سپینۆزا مرۆڤێکی مەزهەبی نەبووە. بۆ ئەوەی سەرەتا بە میتۆدێکی نەرێکەر بەم ئەنجامە بگەین، تۆماس هۆبزی[١٤] فەیلەسوفی ئینگلیزی کەتەقریبەن هاوچەرخی سپینۆزا بووە لەبەرچاو دەگرین کەزۆر لەبیر و بۆچوونەکانی تاڕادەیەکی زۆر لەگەڵ تیۆرەکانی سپینۆزادا هاوڕێك بوون، هۆبز ئینسانیٚ بوو کەهیچ شتیٚ دڵ وریایی و چالاکی لەناو نەدەبرد، لەگەڵ ئەوەشدا، ئاسایی سەبارەت بەگەردوون بەگشتی و سروشتی مرۆڤ بەتایبەتی ڕەشبین بوو، ئەگەر چی لەرووی ئەدەبەوە یان بۆ یەدەگ جار بەجاریٚ ناوی خودای دەهێنا، بەئاشکرا باوەڕی بەخوانەبوو، جیاوازی گەورەی لەگەڵ سپینۆزادا لەوەدا بوو کەتێڕوانینێکی دنیایی جێگریی هەبوو و نیشانەیەکی دینداری**

---

[١٤]- (Thomas Hobbes) (١٥٨٨ – ١٦٧٩) فەیلەسوفی ئینگلیزی (و. فارسی).

وسڵمینەوە و ڕێزگرتن لەشتە پیرۆزەکان لەکاریدا نەبوو. سپینۆزاش بۆچوونی زۆر لە هی هۆبز دەچوو سەبارەت بەسروشت و واقیعی جیهان بەڵام مامەڵەی لەتەکیدا بەتەواوی جیاوازبوو. مامەڵەی سپینۆزا مامەڵەیەکی دینییە، ئاوێتەیە بەهەستی هەیبەت و ڕێز شانبەشانی خاکێتی و ملکەچی و نقومبوون لەچاودێری و بیرکردنەوەدا. ئێمە لەبەرئەو شێوازە بیرکردنەوە تەسك و سنووردارەی کەسەبارەت بەمەسیحیەت بەدەستمان هێناوە لەبەردەم تێگەشیتنی حەقیقەتی دینی مامەڵەی سپینۆزادا بێدەسەڵاتین و چەند مەرجێك دادەنێین کەلای گشت جێگەی باوەڕنین. ئەو مامەڵەیەی کەلەنەریتی رۆشنبیری ئێمەدا سەبارەت بەوخودایە هەبووە کەخاوەنی سیفەتی تایبەتیەو بەدەسەڵات و بە توانایە، سەبارەت بەسپینۆزاش دەربارەی سیستمی گشتی گەردوون هەیە، بەمپێیە، نابێ سپینۆزا وەکو بێدین وێنابکەین. دینداری سپینۆزا تاڕادەیەك لەدینداری (ویلیام وۆردزورث)[15] دەچێت.

ماگی: سپینۆزا لەیەکێ لەنووسینەکانیدا لەبەیانکردنی ئەوەدا کەخودا و سروشت بەیەك دەزانێت، دەربڕینێکی کاریگەری بەکارهێناوە کەزۆر دەچێتە دڵەوە. دەڵێ تێگەیشتنی ئەو مەسەلەیە بۆ هیچ کەسێ قورس نییە کەکەسێ عەشقێکی بەجۆشی هەبێ بۆ سروشت، بەڵام ئەگەر ئەو کەسە چاوەڕوانی ئەوەبکات کەسروشتیش لەبەرامبەردا عەشقی هەبێ بۆی، دەڵێین شێتە. باشە، لەوێوە کە سروشت خودایە و جگە لەو کەسێکی دیکە نییە، کەواتە ئەوەی کە وتمان سەبارەت بەخوداش ڕاستە. عاشقبوون بەخودا بەبەختەوەریمان

١٥- (William Wordsworth)(١٧٧٠- ١٨٥٠) شاعیری ئینگلیزی (و. فارسی).





دەگەیەنێ، بەڵام پووچ و بێمانایە کەچاوەڕێی ئەوە بکەین خوداش عاشقی ئێمە بێت.

کوینتۆن: تەواو ڕاستە. هاوشێوەی ئەم بیروبۆچوونە دەربارەی پێگەی مرۆڤ لەگەردووندا، لەهەندێ شوێنی باڵاو ناسکی کەشی بوداشدا بەدیدەکرێ. دەبێ ئەوە پەسەند بکرێ کەلەسیستمی سۆزداریی ژیانی مرۆڤدا بەشێوەیەکی گشتی، ئەم جۆرە مامەڵانە بەڕاستی چۆنایەتیەکی ئاینییان هەیە ئەگەر چی بابەتەکەشیان لەگەڵ بابەتی باوی مامەڵەی دینی جیاوازبێ لە رۆشنبیریی ئێمەدا.

ماگی: ئایا بەڕای تۆ، پەروەردە و فێرکردنی سپینۆزا بەپێی ڕێوشوێنەکانی جولەکەی ئەرسەدۆکس، کاریگەریی هەبووە لەسەر قایلبوونی بەو جۆرە تیۆرانە؟

کوینتۆن: بیروبۆچوونی سپینۆزا سەبارەت بەدوان لەسێ بابەتی گەورەی فەلسەفی کەکانت بەم شێوەیە ڕیزی کردوون – واتە خودا و ئیختیار و نەمریی رۆح – لەبیروباوەڕەکانی جولەکەوە نزیکە. خودای جولەکە بەپێچەوانەی خودای سپینۆزاوە، بەشێوەیەکی چەوسێنەر خاوەنی سیفەتی تایبەتییە. بەڵام مانەوەی رۆح لەئاینی جولەکەدا ئەوەندە شتێکی سەرەکی نییە. سەبارەت بەئیختیار ، ئاینی جولەکە لەبازنەی پەیوەندی ئەخلاقی مرۆڤ لەگەڵ خودا، جێگایەك بۆ بانگ کردنی خودا و داواکردنی شتێك لێی، تەرخان ناکات. هەرچی خودابیدات، دەبێ ئەوە قبوڵ بکرێ و شوکری خودا بکرێت، بەپێچەوانەی شێوازی بیرکردنەوەی مەسیحیەتەوە کەمەیلی بەلای زەلیلکردن و گەدایی کردندا هەیە. لەیەهودیەتدا، دەبێ بەوپەڕی سەبر

و ملکەچی و کۆیلەییەوە ئەوەی کەخودا دەیدات قبوڵی بکەی. ئەم بۆچوونە تەواو لەگەڵ بۆچوونی سپینۆزادا دێتەوە.

**ماگی: پێموایە ئەگەر بمانەوێ لەباسی کورت و سەرپێیی دەربارەی لایبنیتس دووربکەوینەوە، کاتی ئەوە هاتووە کەبێینە سەر لایبنیتس. ئەمیش وەکو سپینۆزا سیستمێکی فەلسەفی گەورە و پێکەوەگرێدراوی هێنایە ئاراوە بەڵام، بەپێچەوانەی سپینۆزاوە کەهەمووی لەتەنیا کتێبێکدا بەیانکرد. بیری فەلسەفی لایبنیتس لەکۆمەڵێ وتار و نامەی پەراگەندە پێکهاتووە و خوێنەر دەبێ خۆی ئەم بەشانە لەگەڵ یەکدادابنێ بۆئەوەی سیستمی فەلسەفی لایبنتیسی دەستبکەوێ. بەڕای تۆ بۆ شەرحکردنی ئەم سیستمە دەبێ لەکوێوە دەست پێبکرێ؟**

کوینتۆن: ئەگەر یەکێك بیەوێت نامەیەکی تایبەتی و جدی دەربارەی لایبنیتس بنووسێت، دەبێ لەهەندێ تیۆریەوە سەبارەت بەلۆجیك دەست پێبکات. بەڵام بۆئەوەی بەکورتی ببینێ لایبنیتس چیکردووە و ئامانجی چیبووە، واباشترە لەو وێناکردنەوەکە ئەو لەژێر ناونیشانی (Monad) یان (گەوهەری تاکەکەس)دا تەرحی کردووە دەست پێبکات. (مۆناد) گەوهەرە دواجار بەقسەی لایبنیتس بەڵام، وەکو پێشتر وتم، بەگشتی خاڵی بەرامبەری بۆچوونی سپینۆزایە دەربارەی گەوهەر. مۆنادەکان ژمارەیان ناکۆتایە و جێگایەك داگیر ناکەن. چەند شتێکی رۆحی و بێ ڕەهەند یان درێژبوونەوەن — واتە پێیان دەوترێ خاڵە فەلسەفیەکان. خودا مۆنادە، رۆحی هەر مرۆڤێ مۆنادە، باڵاترین بەشە پێکهێنەرەکانی جیهانیش هەموویان مۆنادن.

**ماگی : دەکرێ زیاتر شەرحی بکەیت کەمۆناد چییە؟**





کوینتۆن: ((مۆناد)) وشەیەکە کەلایبنیتس بە(گەوهەر)ی دەڵێت. یەکەیەکی تاك و تەنیایە و دابەش نابێت و ڕەگەزێکە کۆمەڵێ خاسیەتی جیاجیای هەیە بەڵام لەبەرئەوەی سادەیە، لەتی نییە. لەسەرەتای کتێبەکەی لایبنیتسدا کەناوی (مۆنادۆلۆجی)ە، باسێك دەربارەی مۆناد هاتووە کە ئەگەر چی وادێتە بەرچاو بنەمای زۆربەی شتەکان بێت، بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بۆکەسێکی هۆشیاری وەکو ئەو، ناکامڵەو شارەزایی و زیرەکیی تێدانییە. دەڵێت هەر شتێکی لێکدراو، لەشتی سادە دروست بووە و باڵاترین بەشەکانی شتی سادە، بەشە ڕاستەقینەکانی پێکهێنەری جیهانن، لەکاتێکدا کەلێکدراو (ئاوێتە)، بەرهەمی لاوەکی کۆبوونەوەی سادەکانە لەگەڵ یەکتریدا. لەلایەکی ترەوە، هەرچی جێگایەك داگیربکات، خاوەنی ڕەهەندیان درێژبوونەوەیە، و بەمپێیە، قابیلی بەشکردنە و لێکدراوە، کەواتە سەرەنجام بەشەکانی جیهان بەناچاری قابیلی درێژبوونەوە نین و ڕەهەندیان نییە و لەبەرئەوەی وان، مادی نین. لەئەنجامدا، جیهانی ڕاستەقینە لە ناکۆتا خاڵی فەلسەفی دروست بووە و لەبەرئەوەی ئەم خاڵە بێ ڕەهەند و لەبەشکردنی نەهاتوانە مادی نین، کەواتە بێگومان دەبێ رۆحی بن. کەواتە جیهان بریتییە لەناکۆتا مەسەلەی خاڵ وەکو رۆحێك یان — بەقسەی هەندێك و جاربەجارێ بەقسەی خودی لایبنتیس — بریتیە لەرۆحی بێشومار. هەموو شتێك بەهەمان شێوەیە: لەخوداوە بیگرە کەهەموو شتێ لەسەر ئەوبەندە، تا رۆحی مرۆڤ کەمۆنادێکی تایبەتە کە سەرچاوەی یەکەم وێناکردنی ئێمە

لەگەوهەرەوەیە، هەتا دوابەشی پێکهێنەری ئەو شتەی کەبەشێوەیەکی ناڕوون پێمانوایە مادەیە.

ماگی: بۆئەوەی خەڵك بتوانن بەیەکجار ئەمە هەرس بکەن زۆرە، بەمپێیە، بواربدە بۆ دڵنیابوون لەڕوونکردنەوەی بابەتەکە، جارێك من بەسەر ناونیشانی بابەتەکاندا گوزەر بکەم. لایبنیتس دەیوت هەر شتێکی ئاوێتە لەجیهاندا دەبێ قابیلی بەشکردن بێت بۆ ڕەگەزی سادە. ئەگەر ڕەگەزە سادەکانیش دیسان ئاوێتە بن، دەبێت دیسان زیاتر قابیلی بەشکردن بن. سەرەنجام دەگەینە ڕەگەزی تەواو سادە کە لەوەزیاتر قابیلی بەشکردن نین و دوابەشی پێکهێنەری جیهانن. ئەم ڕەگەزە سادانە ناکرێ مادی بن چونکە مادە بەپێی پێناسەکەی دوورایی و ڕەهەندی هەیە، بەپێی پێناسەکەی قابیلی بەشکردنە. کەواتە دوا بەشە پێکهێنەرەکانی جیهان بێگومان نامادین و مومکین نییە شوێن داگیر بکەن یان بۆشاییەك پڕ بکەنەوە.

باشە، پێموایە ئێستا حەزبکەی ڕەخنە لەم بەڵگە هێنانەوەیە بگریت.

کوینتۆن: جارێ پێویست ناکات یەکێك بڵێت کە هەرچەندە درێژە بەبەشکردنی شتێك بدەیت، دواجار دەبێ بگەیتە جێگایەك کەچیتر ئەوشتە لەبنەڕەتدا قابیلی بەشکردن نەبێت. بۆچی نابێ شتێك هەتا ناکۆتا قابیلی بەشکردن بێت تەنانەت ئەگەر بگەینە خاڵێك کەلەوە زیاتر بەکردەوە ئەو شتە زیاتر بەشبکەین؟ بەڵام با ئەم خاڵە بەجێ بێڵین. چاپووکی سەیر و نائاسایی لایبنیتس کاتێ دەست پێدەکات کەدەڵێت هەموو شتێ لەخاڵی لەدابەشکردن نەهاتوو و بێ ڕەهەند دروست بووە.





ئەم خاڵانە بەو مانایەی کەجێگایەك داگیر ناکەن و لە بەشێك لەفەزادا بڵاونابنەوە، نامادین. بەڵام ئەم خاڵە نابێ بەهیچ شێوەیەك وافەرزبکرێ کەئەو خاڵانەی جێگەی باسن نامادین بەومانایەی کەماهیەتیان وەك ماهیەتی ڕۆح وایە.بە تەواوی دەشێ لەفەزادابن بەبێ ئەوەی هیچ بەشێکی لێداگیربکەن. لەبەرئەوەی لایبنیتس بێچەندوچون ئەو پرەنسیپەی دیکارتی قبوڵکردبوو کەهەر بوونەوەرێ یان دەبێ شوێنێ داگیر بکات یان هۆشیار بێت، وای گریمان کرد کەمۆنادەکان یان خاڵەکانی کۆتایی، ڕۆحن. هەڵبەتە لایبنیتس نەیدەوت کەمۆنادەکات لەبەرئەوەی هۆشیارن، هەموویان خود هۆشیارییان هەیە. پێیوابوو مۆناد تێگەیشتنی هەیە و ئاگای لەشتەکانی دەرەوەی خۆشی هەیە، بەڵام بەتێگەیشتنی خود (apperception) قایل نەبوو بۆ مۆناد، واتە توانای ئاگاداریی لەوەی لەناخیدا چی دەگوزەرێ، بەتایبەتی ئاگاداریی لەبایەخدانی خۆی بەشتەکانی دەرەوە.

ماگی: بۆ ئەوەی بێویژدانی لەگەڵ لایبنیتسدا نەکرێ. دەبێ ئەوە بەیاد بهێنینەوە کەئەو زاراوانەی لەم باسەدا بەکاریان دەهێنین، لەڕادەی پێویست زیاتر بیر و باوەڕەکانی غەریب و ناباو نیشان دەدەن. ئەوەمان لەیاد نەچێ کەیەکێ لەتیۆرە بنچینەییەکان لەفیزیای سەدەی بیستدا ئەوەیە کە مادە دواجار قابیلی گۆڕینە بۆ وزە و جیهانی مادی لەبەرزترین سنووریدا لەوزە پێکدێت. بەبۆچوونی من، ئەوەی لایبنیتس دەیەوێ بیڵێت، بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لەهەمان ماناوە نزیکە. دەیەوێ بڵێت مادە لەتوانا پێکهاتووە بۆ چالاکی بەڵام خودی ئەم توانایە مادی نییە و ئێمە ئەمڕۆ دەزانین کەئەم قسەیە ڕاستە. بەڵام

لەسەدەی حەڤدەدا، تەنها ئەو زاراوانەی کەبۆ قسەکردن دەربارەی ناوەندە نامادییەکانی چالاکی لەبەردەستی خەڵکدابوون، لەزەین و نەفس و ڕۆح پێکدەهاتن. لایبنیتس ئەم زاراوانەی بەکارهێناوە.

ئایا پێتوایە بۆئەوەی بیر و بۆچوونەکانی ڕزگار بکەم، لەزیادە ڕەوییەوە کەوتوومەتە ناو کەمتەرخەمییەوە؟

کوینتۆن: نەخێر، بەهیچ جۆرێ. پێموایە بەم شێوەیە بتوانرێ بگوترێ کەسەبارەت بەم بەڵگەهێنانەوەیە، بەختی باش بوو و ئایندە سەلماندی کەئەو لەسەر حەقە. هەڵبەتە ناڵێم ئەو بیرەی کەلە قوڵایی زەینیدا بوو و تۆ دەیدەیتە پاڵی بایەخی نەبوو، واتە ئەو بیرەی کەسروشت بابەتی زانستە سروشتیەکانە، لەبنەڕەتدا بریتیە لەبارێکی چالاك و یەکێك لەتایبەتمەندییە زاتیەکانی جووڵە یان چالاکیە و دەزگایەکی وشك و مردوو نییە کە پێویست بێ لەدەرەوە فشاری بخەنە سەر. زۆربەی خەڵك لەو سەردەمەدا و تەنانەت لەسەردەمەکانی دواییشدا ئەوەیان قبوڵبوو کە سروشت لەو مادەیە پێکدێت کەلەحاڵەتی جووڵەدایە، بەڵام باوەڕیان وابوو کەجووڵە لەخودی مادەدانییە و دەبێت لەسەرچاوەیەکی دەرەکیەوە بهێنرێتە ناو دنیای مادییەوە. لایبنیتس بەگریمانێکی وا قایل نەبوو وتی جووڵە یان وزە یان چالاکی – کەڕەنگە شایستەترین وشەی گشتی بێت بۆ گەیاندنی ئەم مەبەستە – لەخودی بەشە پێکهێنەرەکانی دنیادایە.

ماگی: لایبنیتس لەزۆر لایەنی بەرچاوەوە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بیریارێکی ئەم ڕۆژگارەیەو ئێمە هێشتا ئەم خاڵەمان بەڕاستی ئاشکرا نەکردووە. خوێندنەوەی بەرهەمەکانی بەدەگمەن وەکو





خوێندنەوەی نووسینەکانی کەسێکی سەر بەسەردەمەکانی ترەو زیاتر وەکو خوێندنەوەی نووسینی کەسێکە کەتەقریبەن هاوچەرخی ئێمەیە. ئاوێتەی هێزی لۆجیکی نائاسایی لای لایبنیتس شانبەشانی دەربڕینی ڕوونی ناوازە و توانای بیرکاریزانێکی گەورە، بەیادهێنەرەوەی کەسانی وەکو (فیرگێ و ڕوسێل)ە.

بوار بدە سەبارەت بەوەی کە بەڕای من لایەنی هاوچەرخی کاری ئەوە نموونەیەکی تازە بهێنمەوە. لایبنیتس یەکەم کەس بووە کەئەو تیۆرەی کەلە ڕۆژگاری ئەوەوە هەتا ئەمڕۆ لەفەلسەفەدا ڕۆڵی سەرەکی هەبووە، بەڕاشکاوی و بە دووردرێژی داڕشتووە. بەڵگە هێنانەوەی لایبنیتس ئەوەبوو کە هەر هەواڵ یان گوزارەیەکی ڕاست بێ یان درۆ دەبێ سەربەیەکێ لەم بەشە بێت. یەکەم دەکرێ گوزارەکە ڕاست بێت بەشێوەیەك کەپێناسەکە تاڕادەیەك ڕاستە. ئەگەر بڵێین (( هەموو سەڵتەکان لەبەریتانیا ژنیان نییە)) پێویست ناکات یەکێك بێت بۆ دیاری کردنی ڕاستی یان ناڕاستی ئەم مەسەلەیە دەست بداتە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی . یەکێك بەبێ ئەوەی بیەوێ واقیعی دەرەوە لەبەرچاو بگرێ، دەتوانێت بڵێت کەئەم هەواڵە ڕاستە چونکە ڕاستیەکەی پێویستە بەحوکمی ئەو مانا لەفزیەی کەتیایدا بەکارهاتووە. بەڵام هەندێ گوزارەی تر هەن کەتەنها لەدوای پشکنینی وئەو واقیعەوە کە پەیوەستە پێیانەوە ڕەنگە بتوانرێ حوکم لەسەر ڕاستی یان ناڕاستییان بدرێ. ئەگەر من بڵێم (( ژوورەکەی تەنیشتمان مەیموونێکی تێدایە)) ڕەنگە ئەمە ڕاست بێت یان ڕاست نەبێت و تەنها ڕێگەی دیاریکردنی ڕاستی مەسەلەکە ئەوەیە کەبچین و تەماشا بکەین.

کەواتە ئەم جیاوازییە زۆر گرنگە بەدەست دێت لەنێوان ئەو گوزارانەی کەڕاستی یان ناڕاستییان دەبێ شیکردنەوەی خودی گوزارەکە فەراهەمی بکات – کە لە سەردەمی (لایبنیتس)ەوە بە ((گوزارە شیکارییەکان)) ناسراون – ئەو گوزارانەی کەڕاستی یان ناڕاستیان تەنها بەتێپەڕاندنی خودی گوزارەکان و هەڵسەنگاندنیان بەشتێك لەدەرەوەی خۆیان فەراهەم دەبێ. بەم جۆرە گوزارانە دەوترێت (گوزارەی لێکدراو).

ئایا پێتوانییە لایبنیتس یەکەم کەس بوو کەئەم مەسەلەیەی بەشێوەیەکی گشتی و بەڕوونی باسکرد؟

کوینتۆن: تەواو ڕاستە. پێشتر خۆت ئەوەت باسکرد کە جۆن لۆك تەقریبەن هاوچەرخی لایبنیتس بوو. لۆك–یش بەگشتی ئاماژە بۆ جیاوازی نێوان ڕاستیە عەقڵییەکان (truths of reason) و ڕاستیە واقیعیەکان (truths of fact) دەکات، دواجار شێوەی ئەم جیاوازییە لای ئەو بەتەواوی دیاریکراوو ڕوون نییە، لای لایبنیتس راست و ڕەوانە. لایەکی ڕاستیەکان عەقڵییە، واتە ئەوشتانەی کەلەبنەڕەتدا پێویستیان بەناکۆکیە، بەمپێیە، بەپێی پرەنسیپی نەبوونی ناکۆکی و تەنها بەهۆکاری لۆجیکی ڕاستن. لاکەی تر، ڕاستیە واقیعیەکانە، واتە ئەو هەواڵە یان ئەو گوزارەیەی کەنکۆڵی لێکردنی پێویستی بەناکۆکی نییە و باس لەبارێك دەکات کەدەکرێ بەشێوەیەکی تر بێت. کێشەکە لەوەدایە کە لایبنیتس بەکۆمەڵێ مەسەلەی فەلسەفیەوە بەندە کەئەم جیاوازییە، لەژێر فشاری ئەو مەسەلانەدا تەقریبەن دەسڕێتەوە. دوای ئەم جیاوازییە، لایبنیتس دووبارە جیاوازی لەنێوان ڕاستیە عەقڵیە





ناکۆتاکاندا دەکات کەئێمەش دەتوانین ببینین نکۆڵی لێکردنیان پێویستی بەناکۆکیە، و ڕاستیە عەقڵیە ناکۆتاکان، واتە ئەوشتانەی کە بە بۆچوونی ئێمە ڕەنگە ڕاست بن (contingent) یان (ڕاستییان پێویست نییە) بەڵام لای عەقڵی ناکۆتا لەبنەڕەتدا خودا قابیلی نکۆڵی لێکردن نییە. گۆڕانی فیکری ناوبراو لەو بۆچوونەی لایبنیتسەوە سەرچاوەی گرتووە کەهەرشتێك، بەقسەی ئەو، مەفهومێکی تاکەکەسی کامڵی هەیە هەموو ئەو مەسەلانە لەخۆدەگرێ کە دەربارەی ڕاستن و هەموو ئەو خاسیەتانەش کەنزیکیان لەوشتەوە ڕاستە. هەرشتێك کەمەفهومێکی تەواو جیاوازی هەبێ، وەك پێویست لەشتەکانی دیکە جیایە. کەواتە وەك پێویست دێتە بەرچاو کەهەر خاسیەتێ لەشتێکدا وەکو پێویست هی ئەو شتە بێت. تەنها یەك خاسیەتە کەمەفهومی کامڵی لایبنیتس بەگشتی ئەوە ناگرێتەوە.

ماگی : هەڵبەتە مەبەستت لە ((بوون)ە. بەبۆچوونی لایبنیتس، تەنها خودا وەکو پێویست بوونی هەیە یان (پێویستە بوونی هەبێت). بوونی هەرشتێکی دیکە پەیوەندی بەوەوە هەیە کەخودا بیەوێ بوون بەوشتە بدات یان نەیداتێ کەمومکینە بوونی هەبێ.

کوینتۆن: کتومت وایە. ژمارەی ئەو تاکانەی کەدەشێ بوونیان هەبێ ناکۆتایە، واتە هەرشتێ کەمەفهومی تەواوی ناکۆکی لەخۆیدا هەڵنەگرتبێ. هەردنیایەکی مومکین، کۆمەڵێکە لەوجۆرە تاکانەی مومکینە بوونیان هەبێ کەبوونی هیچ کامیان لەگەڵ بوونی ئەوانی تردا ناکۆك نییە. لێرەدا لایبنیتس دەگاتە مامەڵەی تایبەتی خۆی سەبارەت بەپەیوەندی خودا لەگەڵ جیهانی دروستکراودا. خودا لەکەرەسەی

بێسنووری دنیاو هەسارە مومکینەکان و ئەوشتانەی کەلەگەڵ یەکتریدا ناکۆك نین، دەڕوانێ . ئەوسا، لەوێوە کەخۆی کامڵە، باشترین جیهان هەڵدەبژێرێ.

ماگی: هەمان بەڵگە هێنانەوە بوو بەهۆی ئەوەی کەڤۆلتێر وەها گاڵتە بەلایبنیتس بکات و دایبشۆرێ کەهەرگیز ناوی لەبیرنەچێتەوەو لەکتێبەکەیدا واتە (کاندید–Candide) لایبنیتس بەتوندی بخاتە ناو دەستەی فەیلەسوفانێکەوە کەناوی (پانگلۆس–ە Pangloss)و وێردی سەر زمانی ئەمەیە (لەم باشترین دنیای مومکینەدا، هەموو شتێك بەباشترین شێوە مومکینە).

کوینتۆن: بەڵێ، هەروەها بووە هۆی ئەوەی کە فەیلەسوفی ئینگلیزی (برادلی –F.H. Bradley)کە لەکۆتایی سەردەمی شاژن ڤیکتۆریادا دەژیا، بڵێت: ((ئەمە باشترین جیهانی مومکینە وهەمووشتێك تیایدا، شەڕێکی پێویستە بەڵام لەڕاستیدا ئەو خاڵە سەرەکیەی لایبنیتس مەبەستێتی ئەوەیە کەخودا باشترین جیهانی مومکین لەڕووی بەشەری و پراکتیکی و سۆزدارییەوە هەڵنابژێرێ بەڵکو لەڕوویەکی ئەبستراکتترو فەلسەفی ترەوە هەڵیدەبژێرێ، واتە ئەو جیهانە مومکینەی کەئەگەر بمانەوێ بەشێوەکی تەقریبی بڵێین، زۆرترین ڕادەی بوونی تێدایە. پێشان لایبنیتس ئەوەی لەبەرچاو گرتبوو کەهەموو شتێ جگە لەخودا، مومکینە بوونی هەبێ. بەڵام ئێستا وا دێتە بەرچاو بەو بەڵگە هێنانەوەیەی کەدیمان، تەنانەت دوا ڕەگەزی بوونی مومکینی سڕیوەتەوە، چونکە بەڕووکەش وا پێویست دەکات کەهەرچی بوونێکی بابەتی هەیە، پێویستە هەبێت. پێویستە کەخودا وجودی هەبێ





لەبەرئەوەی خودا ڕەهای تەواوە، پێویستە باشترین جیهانی مومکین هەڵبژێرێ. بەڵام ئەوەی کە باشترین جیهانی مومکین، باشترینە، بۆخۆی یەکێکە لەڕاستییە پێویستە عەقڵییەکان هەرچەندە عەقڵی سنووردار و کۆتای مرۆڤ نەشیگاتێ. کەواتە ئەمە یەکێکە لەڕاستیە پێویستەکان یان پێویستیە عەقڵیەکان کەباشترین جیهانی مومکین بوونی هەیە.

ماگی: هەندێ لەفەیلەسوفانی ئەمڕۆ بایەخ بەوە دەدەن کەبە (دنیا مومکینەکان) ناودەبرێ. بەڵام چوونە ناو ئەم بابەتەوە بوو بەهۆی ئەوەی کەئێمە لەپرەنسیپی باسەکەی خۆمان دووربکەوینەوە، واتە جیاوازی ئەوەی ئەمڕۆ بەگوزارە شیکارییەکان و گوزارە لێکدراوەکان ناودەبرێ. پێموایە دەبێ کەمێ زیاتر دەربارەی ئەم جیاوازییە قسەبکەین کەلەوزەمانەوە هەتا ئێستا لەباسە فەلسەفیەکاندا بایەخێکی بنەڕەتیی هەیە. لەڕاستیدا ڕەنگە هیچ تیۆرێکی فەلسەفی تر نەبێت کەلەم دووسەد سێسەد ساڵەی دواییدا کاریگەرییەکی وای بەجێهێشتبێ.

کوینتۆن: ڕاستدەکەی. کانت ئەم جیاوازییەی بەشێوەیەکی بەسوود و سەرنجڕاکێش باسکرد بەڵام بەڕای من، سەرەنجام بەهەڵە، لەگەڵ شتەکانی تردا تێکەڵی کرد و لەسەرهەمان بنەما، مەسەلە سەرەکیەکانی مەعریفەی تیۆری خۆی لەکتێبی (ڕەخنە لەعەقڵی پەتی)دا دیاریکرد. کانت باوەڕی وابوو کەوێڕای ڕاستیە عەقڵی و ڕاستیە واقیعیەکان کەلایبنیتس باسیکردوون، بەشی سێیەمی ڕاستیەکانیش هەن. کەبریتین لە مەسەلەکانی بیرکاری و هەندێ لەگریمانە ئیدیعاییەکانی زانستە سروشتیەکان (وەکو پرەنسیپی مانەوەو قانوونی عیلەت بوون)

و پرەنسیپە بنەڕەتیەکانی ئاکار. بەدرێژایی بەشێکی گەورەش لەم سەدەیەی خۆمان (مەبەستی سەدەی بیست-ە.و. کوردی)، جیاوازیی لەنێوان ڕاستییە عەقڵی و ڕاستیە واقیعیەکاندا بایەخێکی زۆر میحوەریی هەبووە لەفەلسەفەدا. کاتێ من گەنجتر بووم، مامۆستایانی فەلسەفە دەیانوت بەچاوپۆشی لەهەرشتێکی دیکە مامۆستا دەبێ بتوانێ خوێندکارەکانی تێبگەیەنێ، ئەگەر بتوانێ ئەم تاکە جیاوازییە بەڕاستی بگەیەنێ شایانی ئەوەیە کەخوێندکار فەلسەفە بخوێنێ هەڵبەتە تەواو ڕاستت وت کەئەوکەسەی کەبەڕاشکاویی و بەڕوونی ئەم جیاوازییەی بەیانکرد، لایبنیتس بوو.

ماگی: ئەوەی کەلایبنیتس داهێنەری ئەم جیاوازییە بوو دەبێ بەتایبەتی لەخوێنەرە ئینگلیزی زمانەکانی ئێمە بگەیەنرێ چونکە ئێمەی (ئینگلیز) بەئاسۆی بیرکردنەوەی خۆماڵی و سنووردارمان، سوورین لەسەرئەوەی مەسەلەکە بدەینە پاڵ دەیڤید هیوم. هەڵبەتە ئەم بۆچوونە لای هیوم -یش بەدیدەکرێ و ڕەنگە هیوم لەسەربنەمای هەندێ ئاماژە لای جۆن لۆك بۆ خۆی بەو ئەنجامە گەیشتبێ. بەڵام لەڕاستیدا لایبنیتس نیو سەدە پێش هیوم قسەیەکی وای کرد و بابەتەکەی نەك تەنها ڕۆشنتر لەهیوم بەیانکرد، بەڵکو دوبارەشی کردەوە.

کوینتۆن: بەڵێ، وایە. لای هیوم، ئەم جیاوازییە بەشێوەیەکی هەرەمەکی و بەزمانی دیالۆگ قسەی لێکراوە لەبەربۆچوونی پڕ لە سووکایەتی هیوم سەبارەت بەلۆجێکی فۆرمالیزم، بنەماکەی بەوردی





بەیان نەکراوە، بەڵام لای لایبنیتس بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی بنەما لۆجیکیەکانی ئەم جیاوازییە چییە، وزەیەکی زۆر خەرجکراوە.

ماگی: لایبنیتس-یش وەکو سپینۆزا ڕێگە چارەیەکی بۆ مەسەلەی چۆنیەتی کاروکاردانەوەی نێوان گیان (ڕۆح) و مادە خستە ڕوو کە لەدیکارت-ەوە بەمیرات مابۆوە، دواجار بەشێوەیەکی تەواو جیاواز لەگەڵ سپینۆزادا. ئەم ڕێگەچارەیە چیبوو؟

کوینتۆن: هەڵبەتە لەحاڵەتێکدا کەبکرێ ناوی ڕێگەچارەی لیبنرێ، چونکە زیاتر وەکو ئەوە وایە کەیەکێك بۆئەوەی لەشەترەنجدا نەدۆڕێ، بەلەقە مێزی شەترەنجەکە ژێرەو ژوور بکات. پوختەی قسەکەی لایبنتیس ئەوەیە کەمادە وجودی ڕاستەقینەی نییە و تەنها دەرکەوتە یان نیشانەیە، بەمپێیە، لە ڕاستیدامادەیەك نییە کەنەفس بیەوێ لەگەڵیدا بکەوێتە کاروکادانەوەوە. هەرشتێك وجودی ڕاستەقینەی هەبێ، مەسەلەیەکی رۆحی یان زەینیە، دواجار بەتوندی و بهێزییەوە: لەکۆتاییەکەوە لەسروشتدا بەشێوەیەکی زۆر خاوو سەرەتایی، تاکۆتاییەك لای ئێمە بەشێوەیەکی زۆرناسك، هەڵبەتە سەبارەت بەخودا بەشێوەیەکی کامڵ. خودا بوونێکی ڕۆحی تەواوە، نەك وجودێکی درێژکراوە و خاوەن ڕەهەند و سەرتاپاگیرو مادی، بەپێچەوانەی ئەوەی لەلایەنێکەوە لەسیستمی فەلسەفی سپینۆزا بەدیکرا.

ماگی: لایبنیتس بۆچوونی وابوو، هەروەکو پێشان سەبارەت بەمەسەلەیەکی تر ڕوونمان کردەوە، هەرشتێکی مادی قابیلی ئەوەیە کەبگۆڕێ بۆ شتێکی نامادی یان بگەڕێنرێتەوە بۆ شتێکی نامادی، بەمپێیە، دواجار جیهان لەبەشی نامادی پێکهاتووە. ئەمە مەسەلەیە لای ئەو ولای سپینۆزاش بەو مانایە بوو کەمەسەلەی کارو کاردانەوە

**لەبنەڕەتدا ڕەتکراوەتەوە نەك ئەوەی دەبێ چارەسەربکرێ، بەمپێیە، ئەو پرسیارەی کەبەحساب بۆئەم مەسەلەیە دێتە ئاراوە ئەوەیە کە لایبنیتس دەتوانێ چ وەڵامێکی مەسەلەی (عیلەت بوون)بداتەوە؟ چونکە، بەهەرحاڵ، وادێتە بەرچاو کەجیهان بەشێوەیەکی سەرەکی لەوشتانە پێکهاتووە کەلەگەڵ شتەکانی دیکەدا لەکاروکاردانەوەدان.**

کوینتۆن: بیەڵە با بە کورتی وەڵامت بدەمەوە کەڕەنگە ببێ بەهۆی پرسیاری زیاتر. دنیای سیستماتیکی بوونە بێشومارەکان وەکو ڕۆح وایە کە هەریەکەیان دەرك بەهەموو بوونەوەرەکانی دیکە دەکات، دواجار زۆرجار بەشێوەیەکی تەمومژاویی و نادیار و سنووردار. هەر بوونێك لەڕوانگەی خۆیەوە هەست بەسەراپای جیهان دەکات. هەریەکە لەم جیهانە هەست پێکراوانە – واتە وێنەیەکی جیهان کە هەر مۆنادێك بەتەنیا لای خۆیەوە دروستی دەکات – وەکو فیلمێك وایە کەلەگۆشەی جیاواز لەسەحنەوە وێنەیان گرتبێ. ئەگەر ئەم فیلمانە لەسەر پەردەی جیاواز نیشان بدەن، بەشێوەیەکی سیستماتیك ناوەڕۆکیان لەیەك دەچێ، بەڵام لەڕاستیدا هیچکامیان کار لەوی تریان ناکات. هەرمۆنادێك سەبارەت بەجیهان ڕوانگەی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام، بەڕای لایبنیتس، هیچ کار و کاردانەوەیەك لەنێوان مۆنادەکاندا نییە، تەنها ناوەڕۆکیان لەیەك دەچێ. کورتە مێژووی هەرمۆنادێك لەخودی مۆنادەکەدایە و بریتییە لەو ڕەوتی گۆڕانەی کەهەر چۆنایەتییەك تیایدا شوێنی چۆنایەتییەکی تر دەگرێتەوە. ڕەوتی مێژوویی مەفهومی تاکێکی کامڵ کەپێشان قسەمان لەبارەوە کرد، بەمشێوەیە ڕوودەدات. بەشی سەرەکی ناوەڕۆکی هەرمۆنادێك، بریتیە لەهۆشیاریی سەبارەت بەمۆنادەکانی تر. لایبنیتس باوەڕی وایە کە مۆنادەکان لە ڕێگەی





**ئەوەوە کەئەوناوی دەنێ ((هاوئاهەنگی لەپێشدادامەزراو Pre-esablished harmony )، لەگەڵ یەکتریدا هاریکاریی یان هاوکاریی پەیدا دەکەن. لایبنیتس هەندێ جار لەسەر بنەمای ڕاستیی بانگەشەیی ئەم هاو ئاهەنگییە، هەوڵدەدات بوونی خودا بسەلمێنێ و بوونی خودا واتە هۆی ئەم مەسەلەیە وەکو ئەگەرێکی سەیر و نائاسایی دەناسێنێ.**

**ماگی : وێناکردنێکی تایبەتی سەبارەت بەخودا هەیە کەئەگەر کەسێ پێی قایل بێت، باوەڕ بە (عیلیەت ) دەبێتە شتێکی زیاد. ئەگەر خودا هەموو شتێکی دروست کردبێ و بەمپێیە ماهیەت و ڕەوتی گۆڕانی ئایندەی هەموو شتێکی لەسەرەتاوە دانا بێ، جێگایەك بۆئەوە نامێنێتەوە کەشتەکان یان ڕووداوەکان کار لەیەکتری بکەن. ڕووداوەکان یەکتری ناخوڵقێنن، خودا هەموو شتێ دەخوڵقێنێ. ئەوە خودایە کەلەهەموو ساتێکدا دەبێتە هۆی ئەوەی کاروبارەکان بەوشێوەیە بن و ڕەوتی هەموو شتێ بەهەمیشەیی دەپارێزێ. ئەگەر لەڕوانگەی ئێمەوە کاروبارەکان پێکەوە پەیوەندی عیلەت و مەعلوولیان لەنێواندایە لەبەر ئەوەیە کە سەراپای جیهان لەسەرەتاوە و لەسەراپای مێژوویدا، تاکە دروستکراوی یەکپارچەی خودا بووە و ئەو پەیوەندییە بەرامبەرانە ڕووکەشن لەڕاستیدا ڕستێ هاوئاهەنگین کەلەپێشدا بڕیاریان لێدراوە، نەك پەیوەندیی هۆکاریی پێکەوە چنراو.**

**بەڵام ئێستا ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە کەئەگەر وایە، لایبنیتس چۆن دەیەوێ ئەوە بەیان بکات کەمرۆڤ خاوەنی ئیختیارە؟ بۆیە ئەمە دەپرسم چونکە لایبنیتس بەڕاستی باوەڕی بەوە هەبوو کەئێمە هەموومان بەمانایەکی گرنگ خاوەنی ئیختیار یان ئازادی ئیرادەین.**



## گوتفرید ڤیلهلم لایبنیتس (١٦٤٦ ـ ١٧١٦)

کوینتۆن: بەڵگە سەرەکیەکانی لایبنیتس بۆ سەلماندنی بوونی خودا، جگە لەوەی کەبەپێی پێویستیەکانی ڕۆژگار کەمێك تیمارو دەسکاری کراون، کەمو زۆر هەرئەوانەن کە لەکۆنەوە هەبوون، وێڕای ئەمەش زۆر لەبەڵگەکانی دیکارت و ئەنسیلم دەچن. بەمپێیە، سەروکاریی ئێمە لەم بوارەدا لەگەڵ کۆمەڵێ وێناکرندایە کەپێشان پێیان ئاشنابووین. خاڵی زۆر بەرچاو، شێوەی مامەڵەکردنی لایبنیتس–ە لەگەڵ وێناکردنی خودادا کەبەمیتۆدی ترادسیۆنی بەدەست هاتووە. لایبنیتس بەخێرایی باسی مەفهومی هێزی ڕەهای خودا دەکات و دەڵێ خودا خولقێنەری هەموو مۆنادە پێکهێنەرەکانی جیهانە و هەریەکەیان بەزات یان سروشتێ تەیار دەکات کەتایبەت و بێوێنەیە و دەبێتە هۆ و پاڵنەری هەرشتێ کەئەو مونادە لەئایندەدا دەیکات. بەدەربرێنێکی دیکە، هەموو ڕووداوەکان خودا ئامادەیان دەکات بەرنامەی هەموو شتێ لەپێشدا دەرخواردی بوونەوەرەکان دراوە. بەمپێیە، تۆ ڕاست دەکەی کەبەپێی ئەم تیۆرە، پەیوەندی بەرامبەری عیلەت ومەعلوول ڕەت کراوەتەوە. ئەوەی بەڕووکەش بەپەیوەندیی (عیلیەت) دێتە بەرچاو، لەڕاستیدا ئاشکرا دەبێت کەجۆرێکە لەبەرامبەریی یان هاوڕێکی لەنێوان ڕستێ ڕوودا و لەشتێکدا و ڕستێ ڕووداوی ترە لەشتێکی تردا. لایبنیتس بەشێوەیەك ئەم تیۆرە لەگەڵ باوەڕ بەئازادی ئیرادە یان ئیختیاردا دەسازێنێ کەلەسەرەتادا بەتەواوی سەرکەوتوانە دێتە بەرچاو. چونکە دەشێ وا وێنابکرێ کەخاوەنی ئیختیارنەبوون بەو مانایەیە کەئەو کەسە لەژێر کاریگەریی هۆکاریی کاروبارەکانی دەرەوەی خۆیدا بێت و لەدەرەوە





ناچار بێ هەندێ کاربکات کەپێچەوانەی سروشتی خۆیەتی، لایبنیتس دەڵێت: هێزی پێویست لەهەر کەسێکدا، خودا دەیخاتە گەڕو ئەم هێزە بەگەڕخراوە هەمان سروشتی تاکەکەسە کەخودا پێی بەخشیووە. بەمپێیە، ئەگەر بەپێی مشت و مڕ و قەناعەت پێکردنی بەرامبەر بێت، لایبنیتس دەتوانێ بەڵگەی ئەوە بهێنیێتەوە کەتاکەکان لەهیچ سیستمێکی جیهاندا لەسیستمەکەی ئەو ئازادتر نین و هێندە خاوەنی ئیختیار نین. هەر کەسێك بۆخۆی پاڵنەری کارەکانی خۆیەتی و لەمەش زیاتر ئازادی مومکین نییە. کەواتە لەتیۆرەکەی لایبنیتسدا هەرچەندە کەئەگەر مەلایانە بیر بکەینەوە، تەواوی مەخلوقات – واتە سەراپای خەڵك و دەوروبەری سروشتی – بێبەشیەك بۆمن دروست ناکەن، بەڵام ئەو سیستمی بەراوردکارییەی کەخودا لەنێوان هەموو شتەکاندا دایناوە ئەو سروشتەی کەخودا بەمنی بەخشیووە و خۆشی یەکێکە لەلایەنەکانی ئەو سیستمە، بەتەواویی بێبەشم دەکات. وێڕای ئەمەش، قوتابخانەی عەقڵگەرایی لەبەرئەوەی سوورە لەسەرئەوەی کەدەتوانێ هەموو شتێ بەیان بکات، زۆر بەقورسی دەتوانێ ئەگەرێ بۆ ئەوەی کەزۆربەی خەڵك پێی دەڵێن ئازادی ئیرادەی مرۆڤ لەبەرچاو بگرێ. ئەگەر هەموو شتێ قابیلی بەیانکردن بێت، وادێتە بەرچاو کە ئەم بەیانکردنە دەبێ عیلەت بەیانبکات و هەر ڕووداوێ تەنها دەتوانێ وەکو بەشێك لەتێزێ یان لەنەخشەیەکی گەورە و یەکپارچە قابیلی تێگەیشتن بێت.

ماگی: مەبەستی تۆ ئەوەیە کە هەر فەیلەسوفێکی پەیڕەوی قوتابخانەی عەقلگەرایی – نەك تەنها سپینۆزا یان لایبنیتس –

کەسیستمێکی فەلسەفی تەواو بۆ بەیانکردنی هەموو شتێ بخاتە ڕوو، ڕەنگە نەتوانێ جێگایەك بۆ ئیختیار لەم تێزەدا بکاتەوە.

کوینتۆن: لەدنیادا بەو شێوەیەی کەعەقڵگەراکان وێنای دەکەن، وا نایەتە بەرچاو جێگایەك بۆ تەگبیری تاکە کەسی هەبێ.

ماگی: تۆ لەسەرەتای باسەکەدا بەشێوەیەکی هاوبەش بابەتێکت دەربارەی سپینۆزا و لایبنیتس باسکرد. کاریگەریی هەریەکەیان لەمێژووی فەلسەفەدا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

کوینتۆن: هەریەکەیان لەڕەوتێکی مێژووی فەلسەفەدا کاریگەرییان هەبووە. سپینۆزا لە ژیانیدا هۆی غەمگینی زۆر کەسی فەراهەم دەکرد. مەسەلەی ڕاستگۆیی یان ناڕاستگۆیی سپینۆزا لەباوەڕی مەزهەبیدا، بیری هاوچەرخانی زۆر سەرقاڵدەکرد. هیوم دەربارەی ((گریمانەی ترسناکی سپینۆزای بێدین) زۆری دەنووسی، لەکاتێکدا کەخۆشی بێدین بوو، هیوم و بیل[١٦] بۆئەوەی سەرنجی خەڵکی لەخوانەناسی خۆیان دووربخەنەوە، سپینۆزایان بەدناو دەکرد لەکاتێکدا کەخۆیان لەو زیاتر شایانی بەدناویی بوون. هەتا پێش ڕێنیسانسی ڕۆمانتیزم لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدە و دەرکەوتنی کەسانی وەکو هێردێر[١٧] و گۆتە[١٨]، سپینۆزا قەدری نەزانرابوو، لەو زەمانە بەدواوە، سپینۆزا هەمیشە لەبەرنەفسبەرزی و پشت کردنی لەپلە و پایە خوازیی و

---

١٦ - (Pierre Bayle) (١٦٤٧ - ١٧٠٦) فەیلەسوف و زانستنامە نووسی فەرەنسی کەلە دامەزرێنەرانی ڕێبازی عەقڵگەراییە لەسەدەی هەژدەدا (.،فارسی).

١٧ - (J.G .Herder) (١٧٤٤-١٨٠٣) فەیلەسوف و ئەدیبی ئەڵمانی (و.فارسی)

١٨ - (J.W.von Goethe) (١٧٤٩ - ١٨٣٢)شاعیر و نووسەری ناوداری ئەڵمانی (و.فارسی).





بێزاریی لەخۆ دەرخستن، لای زۆربەی خەڵك ڕێز و حورمەتی هەبووە، کەمترین ئارەزوو لەناخی سپێنوزادا نەبوو بۆئەوەی سەرێ لەناو سەراندا دەربێنێ و ناو دەربکات. پیاوێك بوو تا ئەوپەڕی ڕاستگۆ و سەر ڕاست، ژیانی بەتەواویی شانبەشانی ڕێنماییە فەلسەفیەکانی دەگوزەرا، هەر بۆیە ئەمڕۆ جێگای ستایش و خۆشەویستییە. بەکورتی ئەو فەیلەسوفانەی سەرقاڵی مەسەلە تەکنیکیەکانی فەلسەفەن، هێندە پێشوازی لەسپینۆزا ناکەن، بەڵام بەڕای من، لەنێو فەیلەسوفانی گەورەی پاش سەدەکانی ناوەڕاستدا، هیچ کەسێ نەبووە وەکو لایبنیتس یەکسەر مایەی سەرنج و خۆشەویستی فەیلەسوفە تەکنیکیەکان بێت، بەلای کەمەوە لەدنیای ئەنگلۆساکسۆنی سەدەی بیستدا.

ماگی: وەکو نموونە، دەکرێ بێرتراند ڕۆسیل بە شایەت بهێنینەوە کەلەگەڵ ئەوەشدا کەزیاتر لەشەست کتێبی نووسیووە، تەنها یەکێ لەو کتێبانە دەربارەی فەیلەسووفێکی دیکە بووە و ئەو فەیلەسوفەش لایبنیتس–ە. وای بۆ دەچم لەگەنجیدا، خۆی لەقاڵبی لایبنیتسدا دیبێ.

قسەکەی ڕۆسێل خاڵێکم دەهێنێتەوە بیر کەلایبنیتس و سپێنۆزا لە فەیلەسوفانی ئەم ڕۆژگارە و ئەهلی (شیکاریی) زمان جیادەکاتەوە، ئەوەش بایەخدانی هەردووکیانە بەبیرکاریی، هەڵبەتە لایبنیتس هەم هەڵکەوتووی بیرکاری بوو هەم سەرسوڕهێنەر بوو لەفیزیکی بیرکاریدا و ئەمەش خاڵێکی دیکە دەهێنێتە ئاراوە، هەم لایبنیتس و هەم سپینۆزا مێشکیان پێش هەرشتێکی دیکە بەمەسەلەی پێگەی خوداوە لەسەراپای سیستمی جیهاندا مژۆڵ بوو. هیچ کام لەو فەیلەسوفانەی

جێی متمانەن لەدوو سەد ساڵی ڕابردوودا لەکانت بەدواوە ئاوانەبوون، مەگەر ئەوەی بڵێین تەنها کیرکەگۆرد[١٩] لەم قاعیدەیەدا شازە کەئەویش گومان هەیە لەوەی کەفەیلەسوفی عەیار بیست و چوار بێت. لە لایەکی دیکەوە، لەم دووسەد ساڵەی دواییدا ئە م مەسەلەیەی جێی باس و لێکۆڵینەوەی ئێمەیە پێویستی بەقووڵ بوونەوە نەبووە لەزانستی بیرکاریدا.

بەبۆچوونی من، ئەو فەلسەفەیەی کەلەبارەیەوە گفتوگۆ دەکەین بەشێویەکی سەرەکی بەپێی فەرمانی کارێکی ڕانەگەیەنراو بەرەو پێش چووە. سپینۆزا و لایبنیتس بەقووڵی دەرکیان بەبیرکاریی نوێ و فیزیکی نوێ دەکرد کە لەسەدەکەی خۆیاندا گەورەترین پێشکەوتنیان بەخۆیانەوە دیبوو، هەورەها دەیانزانی کەهەر تیۆرێك دەربارەی جیهان کە کەسێك بتوانێ بەشێوەیەکی بەردەوام پێی قایل بێت، دەبێ بەهەر شێوەیەك بێت لای خۆی جێگایەك بۆ ئەم زانستانە بکاتەوە. بەڵام هەردووکیان لەهەمان کاتدا لەسەر ئەوە وەستا بوون کە، بەلای کەمەوە لەڕووکەشدا، سازاندنی ئەم زانستانە لەگەڵ کۆمەڵێ بیروباوەری بۆماوە دەربارەی خودا و ڕۆح و ئیختیارو شتی تر کارێکی ئاسان نییە، بەمپێیە، زۆرکات لەوبیرکردنەوەیەدا بوون کە تیۆرێکی گشتی سەبارەت بەسەراپای بوون بخەنە ڕوو کە هەم زانستە بیرکارییەکان و هەم خودا لەخۆی بگرێ. ئایا پێتوایە ئەم بیرو بۆچوونە ڕاستبێ؟

١٩ – (S.Kierkegaard) (١٨١٣ – ١٨٥٥) فەیلەسوفی دانیمارکی کەیەکێکە لەدامەزرێنەرانی فەلسەفەی نوێی بوونخوازیی (و.فارسی).





کوینتۆن: بەڵێ، بەباوەڕی من بەدڵنیاییەوە ڕاستە. شتێك کەدەبێ وەکو ڕستەیەکی دژ بیخەمە سەری ئەوەیە کەسپینۆزا وێڕای ڕووکەشی بیرکاریانەی ئەو ئامرازەی کەلەنووسینەکانیدا بەکاری دەهێنا، بەڕاستی بیرکاریزان نییە. هەڵبەتە بەرهەمی بیرکاریی هەبووە بەڵام بەهیچ شێوەیەك ناکرێ بەبیرکاریزانێکی هاوشانی لایبنیتس حسابی بۆ بکرێ، کە هەروەکو بەڕاستی ئاماژەت بۆ کرد یەکێك بووە لە بیرکاریزانە گەورەکان لەمێژووی بیرکاریدا. قاڵبی بیرکاری لای سپینۆزا تاڕادەیەك لەو پیشەیە دەچێت کە بەشاعیری (شوانی) ناسراوە. (ئەو شاعیرەی کەشیعری (شوانی) دەنووسێ لەڕاستیدا پسپۆر نییە لەبواری مەڕداری و بەخێوکردنی بەران و ئاژەڵی لەم بابەتە نییە). بەڵام لەمە بترازێین، پێموایە ڕاست دەکەی کەسپینۆزا و لایبنیتس هەردووکیان مێشکیان گەلێ سەرقاڵی شتێکە و هەریەکەیان بەرێگایەکی زۆرجیاواز ئەم مەسەلەیە چارەسەر دەکەن. مەسەلەکە ئەوەیە کەگالیلۆ و فیزیکزانەکانی سەدەی حەڤدە دەربارەی سروشتی جیهانی مادی کۆمەڵێ دۆزینەوەی گەورەیان کردبوو، دەبوو لەو دنیایەدا کە لەبەر ڕۆشنایی ئەم دۆزینەوانەدا بەدیدەکرا، جێگایەك بۆ دین بکرێتەوە. میتۆدی دیکارت کەموزۆر ئەوەبوو کەلەبەرامبەر ئەم هێزە هێرشبەرەدا پاشەکشە بکات و بڵێت جیهانی مادی سەراپا لەمادە پێکدێت کەعەقڵو بیرکردنەوە دەوری نییە تیایدا و پرەنسیپ و ڕێساکانی گالیلۆ لەجیهانێکی وادا فەرمانڕەوان (باڵادەستن)، بەڵام وێڕای جیهانی مادی، بوونەوەری تەواو ڕۆحانی تریش هەن– واتە ڕۆحی تاکەکەسەکان و ڕۆحی ناکۆتای خودا – کە ئەگەرچی بەرێگەی جۆراو جۆر بەجیهانی

مادییەوە بەستراون، بەتەواوی جیان و جیاوازن لێی. دەکرێ میتۆدی گشتی دیکارت بەدابەشکردنی وڵاتێ، بۆ نموونە ئەڵمانیا، بۆ دووبەشی جیاواز بچوێنرێ (دیارە ئێستا ئەڵمانیا یەکپارچەیە- و. کوردی) کەیەکێکیان بۆ زانست تەرخان دەکرێ و ئەوی تریان بۆ دین. سپینۆزا و لایبنیتس بێگومان لەو شێوازە دوو لەتکردنەی منالێکی شیرە خۆرە کەناوی بوونەوەرە بەشێوازی حەزرەتی سلێمان ناڕازین و لەبیری ئەوەدان کەزانست و دین بەشێوەیەکی هاوئاهەنگ تر پێکەوە کۆبکەنەوە. سپینۆزا بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، ئەو وێنەیەی کە زانستە سروشتییەکانی سەدەی حەڤدە بۆ جیهانیان کێشاوە، لادەبات و تێڕوانینی مەزهەبی دەداتە پاڵی. لایبنیتس، بەپێچەوانەوە، باوەڕی وایە کە جیهان زیاتر بەو شێوەیەیە کە دین دەڵێت زیاتر لەوەی کەزانست وێنای دەکات ماهیەتێکی ڕۆحانی هەیە، و بەمپێیە، مەفهومی زانستیی دیاردەکان سەراپا دەکرێ لەسەر تێگەیشتنێکی زاتی دینی بۆ جیهان دابڕێژرێ وەکو بەدیهێنانی ئیرادەی ڕۆحێکی لەرادەبەدەر عاقڵ کەناوی خودایە.

## سەرچاوەی ئەم کتێبە:

فلاسفه بزرگ – آشنایی با فلسفه غرب
نوشته بریان مگی – ترجمه عزت الله فولادوند
چاپ دوم، آذرماه ۱۳۷۷ ه.ش –تهران ص ۱ – ۱۸۸.

## سەرچاوەی ئەسڵی:

Bryan Magee
The Great Philosophers
An Introduction to Western Philosophy

چاپی یەکەمی دەقە ئینگلیزیەکە:
چاپ وپەخشی زانکۆی ئۆکسفۆرد، ١٩٨٧





## *بەرهەمەکانی تری وەرگێڕ

* سێ دڵۆپە خوێن.١١ چیرۆکی سادقی هیدایەت، وەرگێڕان، ١٩٩٩.
*باڵە سیاسیەکان لە ئێرانی ئەمڕۆدا، نووسینی: حجت مرتجی وەرگێڕان، ٢٠٠١ .
* بەرەو مەدەنیەتی نوێ . نووسینی: ئەلڤین تۆفلەرو هایدی تۆفلەر، وەرگێڕان، ٢٠٠٢ .
*کافکا.. کتێبی گیرفان، نووسینی: سادقی هیدایەت و یوسف حاجی میرزایی، وەرگێڕان، ٢٠٠٢ .
* تیۆری رۆمان، نووسینی: کۆمەڵێ نووسەر، وەرگێڕان، ٢٠٠٣ .
* ساڵی ئاشووب، رۆمانی عەباسی مەعروفی، وەرگێڕان، ٢٠٠٥.
*عەقڵ و هەست، کۆمەڵە وتار، وەرگێڕان، ٢٠٠٥.